بەو ڕێیانەدا تێپەڕیم...

کۆبەرهەمی شیعری

دەزگای فام
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
FAMpublication
بەڕێوەبەری گشتی: سەنگەر زراری

مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی بۆ **دەزگای فام** پارێزراوە.

چاپی یەکەم - 2023

بەو ڕێیانەدا تێپەڕیم ...

نووسینی
نەژاد عەزیز سورمێ

بابەت: کۆبەرهەمی شیعری

پێوانە

13.5*21سم (688) لاپەڕە

ISBN: 978-9922-9878-9-7

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارە سپاردنی (882)ی ساڵی 2023ی پێ دراوە.

ئەدەب عەزیز سوروری

بەو ڕێیانەدا تێپەڕیم...

کۆبەرهەمی شیعری

ئەی شیعر..!
ئەی دادڕەسی زەمانی بەدنیهادی ؛
زەمانی ژەهر
زەمانی دژواری و
هەموو زەمانەکان..

ئەی شیعر..!
ئەی سیلەی هەموو ڕووگەکان..!
ئەوەتا دەمبینی ڕوو لە تۆ دەکەم
هەموو کۆشک و باڵەخانە بەرزەکان
بەچوارداخێکی تۆ نادەم..

ئەی شیعر... سیلەی هەموو ڕووگەکان!
من لە ڕۆژێکی ڕەشانگی گوڕەی هاوین لەدایک بووم
تۆ نەبای ،
لە چزووی غەمزەیەکدا دەمردم..
ئەی تەمەنی هەڵوەدا !
سیلەی ڕووگە و پەرستگاکان
دادڕەسی زەمانی بەدنیهادی..
ئەی شیعر...!

شەوبا

(1)

پێکەنە!
پێکەنینت کەژە خەمە و
چەپەر بە ڕووی خەما ئەکا..
پێکەنینت سێبەری دارتەڕاشێکەو
شوانێکی چۆغەمەرەزی (سەکری سەکران)
بێرییەکی تیا ماچ ئەکا..
ـ (تۆ بە تیری کام فریشتە بوورایەوە؟
دەم بۆ پێکی کام کچ دەبەی؟!
شەنگەبی لە داخی سێبەر یاخود شەماڵ..
هەڵدەلەرزێ؟)

(2)

ببە بە خەم!
تاکو شۆخێ بتچنێت و
بتخاتە تووڕەگەی مازوو
ببە بە بەرخێ بەهاری
تا لە ئامێزی گەرمۆکەی کابانێکدا
لە خەوێکی کەسک و سوورا لاڵ و پاڵ بیت..
ببە بە چەپکێ نهێنی؛
تا نازدارێ
وەک نامەیەکی دڵداری
لە درزی مەمکەکانی هەڵتگرێت..

(3)

شەو ڕاشکاوە و
کیژۆڵەیێ چاوگەلاوێژ چاوەکانی ناچنە خەو..
شەو ڕاشکاوە و
کیژۆڵەیێ ئەستێرەکان ، وەک پوولەکە،
یەک یەک دەچنێت..
دەگاتە سەد.. هەزار.. ملیۆن..
شەوبایەک دێ و
نەرمۆکە خەوی لێ دەخات!!
شەوێکی تر

لە یەکەوە.. بۆ دوو.. بۆ سێ..
ئەمجارەیان ئەستێرەکان
یەک یەک ،
بەسەر باڵی پەریزادێ ئەڕژێنە خوار..

ـ (تۆ پێکەنە!
پێکەنینت گریانی تیا هەڵئەواسرێ..
بزەی تێدا دەکرێ بە بووک..
تۆ
پێ
کەنە!)

بەغدا
15/12/1975

گارنیکا

بۆ خەباتکارانی چیلی

(1)

تۆ پێم ناڵێی،
چۆن دەگری و پێدەکەنی؟
پێم ناڵێی چۆن کۆرپەکانت دەلاوێنی؟
تۆ پێم ناڵێی، ئازیزەکەم
کە برووسکەکان وەکو تەزرە،
دەپڕژانە سەر قژەکەت
چۆن خێوەتی بێدەنگیت بەخۆتا ئەدا و
لەگەڵ کوڕژنی ئەسپەکان،
بەرەو ئاسمان هەڵدەفڕی؟
تۆ بەڵەکت لە کامە قەدیفە دەگرت
کە لافاو گوێزینگەکانتی، تەڕ نەدەکرد؟!

(2)

وەرە خوارێ!
لە لاملەی کێوی نوستوو.. وەرە خوارێ!

وەرە خوارێ!
سێبەری هەوارەکەمان هەڵبەستێکە
لە تۆش زیاتر لە کۆڵ ئەنێ..
وەرە خوارێ..!
ـ نسێی ماڵمان
هۆنراوە بوو..
(فیکتۆر گارا) ویستی بیکاتە گۆرانی..
لەپڕ کەنار بوو بە ڕووبار..
بەفر سوور بوو پڕیشکەی ئاگری داباران!!
(گارا) تۆراو،
دەستی وشەی شیعری منیش
لە گەردنی یەکتر پچڕان..

بیکاسۆ لە کوێی؟
بەژێی خەمە سوورەکانم
هۆنراوەیەکی بێ وشە بهۆنیەوە؟
نیرۆدا! لە کوێی؟
باڵی زیندووی (سانتیاگۆ) بکەیتە بەر
بارەکەوێکی بێ باڵی ئەم شاخانە..

(3)
شەپۆلەکان،
وەکو ڕەوە کۆترێ بوون
نامەی هەموو عاشقانیان دەگەیاند..

شەپۆلەکان،
لە هاوینا تاڤگە بوون
زستانانیش،
ئاورینگیان بەسەر خاکی سڕ دەباران..
ئازیزەکەم!
شەپۆلەکان
هاواری خاپووری سەدان
(دێر یاسین) و (گارنیکا)یان
لەبەر سێبەری مێژوودا هەڵدەواسی..
شەپۆلەکان،
دەنگ بوون.. ڕەنگ بوون
کوا دەنگ؟
کوا ڕەنگ؟
ک..و..ا؟
ـ گیانەکەم دەنگ؟
دەنگ بوراقە کوا پەیامبەر؟!
ڕەنگ فرمێسکە
تک تک بەسەر
سیمای ماندووی (نیرۆدا)دا دێتە خوارێ..
ڕەنگ بارانە..
کوا ئەو کێڵگەی پاچ دەپسێنی و
لە گاسنەکان یاخی دەبێت؟!

(4)

ـ (من گریانم بە ڕوومەتی منالان و
لە جریوەی باڵندانا نەدیوە!)

منالەکان ئەمجارە خۆیان گریانن
باڵندەکان چۆن ئەتوانن
بۆ چەقۆ گۆرانی بڵێن؟!
گیانە باڵدار چۆن ئەتوانێ؟
بۆ چەقۆ گۆرانی بڵێ؟
گیا..نە.. با..ڵ..دا..ر ،
چۆن ئەتوانێ؟!

(5)

براکانم (هانۆی) لە دووکەڵدا سووتا
بۆیە ئێستاکە وا سەوزە.

نەجەف
7/6/1976

بـەفـر

کە ئاسمان دەتپرووشێنێ،
مینای پەنجەرەی کۆڵیتی کوێستانان
دادەپۆشی و
لەگەڵ خۆتدا خەو دەهێنی!!
کە وەک گەڵاکانی درەخت
بە هێمنی دەڕژێیتە خوار
لووتکەکانم لێ ون دەکەی!!
کە وەک تەزرەیش،
بەخوڕ بەسەر چیاکاندا گوزەر دەکەی
بەرزاییەکان لە بەفری کۆنەساڵانا دەشۆیتەوە و
هەزاران باڵندەی کێوی
لە خەودا وەخەبەر دێنی..
دە ئەی بەفرەکە!
سنگ بدە سنگی زریانێ و
بەهێمنی مەڕژێرە خوار
ئەی بەفرەکە!

نەجەف
21/9/1976

ئاواییـە خەمبارەکەم

ئەی ئاواییە خەمبارەکەم!
من غەریب نیم؟
یا تۆ نەفرەت لە غەریب دەکەی؟!!
من عاشق نیم؟
یا تۆ عاشق لە باوەشی خۆت ناگری؟
من چۆلەکەی باڵکراو نیم؟
یا هێللانەی ژێر سواندەی مزگەوتەکەت
پەڕەندەی بێ باڵ داڵدە نادا؟
ئاواییە خەمبارەکەم؟!

نەجەف
29/9/1976

لێت نـابمەوە

لێت نابمەوە..
چەندە دووربم..
چەندە سۆزی نازەکانم..
لە تەنیایی و لە غەریبیدا بمرێنن،
سۆزگ وەکو،
تینووی وێڵی بیابانێ
کە لە گوڵ و لە گوڵاو و
بۆنی گەردنی کچی جوان..
تەنها بۆنی، دڵۆپەی بارانی لە بیرە..
گیانە منیش
هەر سەیری چاوی تۆ دەکەم..
من هەر بۆ لای تۆ دێمەوە..
دەزانی چۆن خۆشم ویستی؟
تۆ دەزانی کەی بوو خوێنمان،
تێکەڵاوی یەکتری بوو و
لە خۆشەویستیدا سووتاین؟
گیانە بولبول لەکەیەوە چڵ دەناسێ؟

شاخ و بەفر..
خاک و باران..
لە کەیەوە یەک دەناسن؟
من هەر بۆ لای تۆ دێمەوە..
تۆ پاوان نیت..
کێ ئەتوانێ سێبەر لە لەش پاوان بکا؟
کێ
ئە
توا
نێ؟
بم بە سپێدە،
لە باوەشی ساماڵی تۆ ئارام دەگرم..
بم بە سێبەر
خۆم بە بنارەکانی تۆدا هەڵدەواسم..
گەر جریوەی ئەستێرەکانیش کپ بکەن
گلێنەی چاوم وەکو فەنەر..
بە ئاسماندا پەرش دەکەم

لێت نابمەوە..
من هەر بۆ لای تۆ دێمەوە..
کێیە دەڵێ گڵۆپەکان
لە برینەکانم گەشترن؟!

لێت نابمەوە..
کێ ئەتوانێ سێبەر لە لەش بکاتەوە؟

بەغدا
24/12/1976

بێپەروایی

(من لەو دیوی شتە سادەکان دام
خۆم دەشارمەوە بمدۆزیەوە..
ئەگەر منیش نەدۆزیەوە شتەکان دەدۆزیەوە...)

یانیس ڕیتسۆس

دەنوویەوە؟
لە ئاژاوە و سەرگەردانی ئاسۆی لێڵ بوو و،
ڕۆژگاری تووش و بابردووی
تەمەنی تارماییبەند و شکۆفەڕێژت..
کەی لە شەوی پڕ ئەستێرە و هێمنی وا هەڵدەنگوی؟

دەنوویەوە؟
سبەی کە ڕۆژ دەبێتەوە
ئەم تەنیاییەت

لە کوێ دەست ئەکەوێتەوە؟
(تۆ و ئەستێرە و دنیای کپ بوو
تۆ و گڵۆپە چاوزیتەکانی سەر شەقام
تۆ و هەوای خوا و
بۆنی گوڵەکانی بەهەشت..
تۆ و خۆت و
تونێڵە گوشادەکانی
خوێنی گڕگرتووی بێ پەروات..
تۆ و غوربەتی دوانەهاتوو..
تۆ و تۆ و.. و.
.....
.....)
بەڕۆژ لە کوێ؟
لە ئاسمانی بەرتەنگ و
زەوی هەوەسبازی سوڵتان..
یا ڤڕەڤڕی فڕەی داڵە زیوکفتەکان
سمکۆڵ و
سەرەسم و
تیلاکی خوار و سمێڵی بریقەدار
چی دەبینی و
چی دەبییەی؟!
سبەی کە ڕۆژ دەبێتەوە
ئەم تەنیاییەت

لە کوێ دەست دەکەوێتەوە؟
دەنوویەوە؟
(نوستن
مردن)
لێ ڕامینە!
بەینیان تاڵە موویێکە
لە شەوی ئەم ڕۆژگارەدا
هەموو شتێک وەکو یەکە
مرۆڤ لە چۆلەکە دەکا
چۆلەکەیش وەک مرۆڤ وایە،
تنۆکێکی نەڕژاوە
لە چاوی ئەوانەی تەنیا بە دڵ دەگرین.
لێ ڕامینە!
لە خۆشبەختی شەوە یا
بەدبەختی ڕۆژ
گزنگی خۆر بەسەر تاوانەکانی شەو دادەڕژێ؟

دەنگ: (کلیلی ژیانت بە خۆتە پێ نازانی
پێ نازانی
پێ
نا
زا
نی..!

لە قسان ئاڵی زەنگان و
لە کارانیش....)
ـ: کار دەترازێ
دەترازێ..
دە
ترا
زێ....
تێر نەبووی..!؟
دەنوویەوە..
سبەی کە ڕۆژ دەبێتەوە
جارێکی دی
دەبێ لە خۆت جیابییەوە..
پشت لە دەرگای کراوە بکەی
ڕوو لە ڕێگایێ بێ ئاسۆ و دنیای گومان..
دەنگ: (کێن ئەوانەی شەو بەهیوای سبەینێ
بەڕێ دەکەن؟
کێن ئەوانەی ڕۆژ بە ئومێدی شەوی وا
دەگوزەرێنن؟
ئاپۆرەی شاری خامۆشان
لە کوێڕا گوریسی کورتی خەونەکانتان
دەپچڕێنن؟)
تەنیا ون نەبوون بەس نییە،
تۆ بە تەمای هەلێکی

كە نە ڕەنگ و
نە دەنگ و
نە ناونیشانی دەزانی!
هەڵێ ، كە دێت و نایێ..
تەنیا ون نەبوون بەس نییە.

1984/9

توانەوە

(1)

ئێوارەیێ قرمزی بوو
لە هەیوانە خماوییەکە
تۆم دی بە (مەرگ) پێدەکەنی
گاڵتەت پێ ئەکرد..
ئێوارەیێ قرمزی بوو.
تۆم دی:
عاشقانە کۆچت ئەکرد
لە (ماڵئاوایی)دا ،
زیاتر دەسووتای
زیاتر سۆزت ئەکرد..
تۆ دەزانی (عەشق) هەرگیز دوایی نایێ
بۆیە ئاوا پڕشنگی خۆر دەکەیتە (ڕێ) و
بەرەو (لووتکە) ملت ناوە..
دەزانی هەزاران خونچە
سەریان ناوەتە باوەشی خەمەکانت

بۆیە بەرگی نیوەڕۆییێکی هاوینت
لەبەر (سڕە)ی شەوێکی زستان کردووە.
دەماڵئاوا!
خۆشە مردن
» خۆشە بە عاشقی مردن «.

(2)

ئێوارەیێ قرمزی بوو
تۆ (بەرد) بووی ، سۆزیشت ئەکرد!!
دەسووتای.. سۆزت ئەکرد.. دەسووتای..
تا دەبوویەوە خوێن و گۆشت..
ئەمجارەشیان ماڵئاوا!
ئای چەند خۆشە
(مرۆڤ) بە عەشق بسووتێ.

(3)

بەفر ئەتوێتەوە، (بەهار) دێنێ.
تۆیش سۆز ئەکەی...
ئەوە نییە بەرگی نیوەڕۆی هاوینت
لەبەر سڕەی شەوانی زستان کردووە؟
ئەوە نییە دەسووتێی و بەهار دێنی
نەورۆز دێنی؟

1979/2

هەیـوە شەوێ

شەوگارێ بوو
تۆ چراخان بووی، شکابووی
هەیوە شەو بوو
تازە خونچە بووی دەپشکوایت
ورشەت دەدا.. دەت جریواند
ئەستێرەی گەش و جوانت
لە بەرزایی ئاسمانەوە
بۆ باوەشی خۆت دەڕژان.
منیش ببووم بە شنەبایێ
سواری باڵی خۆمم کردی
هەموو گۆشە و قوژبنێکی
ڕێگای بەتۆ گەیشتنم پێ ڕوون کردی.

(خۆم لە غەریبیا دەبینم
شوانێکم ئاوارەمە
بە شمشاڵەکەم شەیدایی و
غوربەتی چاوی جوانی تۆ

بۆ چیای چۆل و
بنەدارە بڕاوەکان باس دەکەم.
هەر من نیمە بە تیشەی گڕ
بەربوومەتە ئەم تاریکییە
سەد (فەرهاد) و (مەم)ی تریش بەڕێوەنە
داستانی تر دەنووسنەوە.)

پێت گەیشتم
ماچم کردی.. بۆنم کردی
کارەساتی ماندوویێتی و برسییەتی
ڕێگام بۆ دەگێڕایەوە..
تۆ دەگریای
زەنگۆڵ زەنگۆڵ فرمێسکت هەڵدەباران
فرمێسکی تۆ
دەبووە ئاونگی سەرپەڕەی
گوڵی ژیانی دڵداران..

ئای گیانەکەم لە شەوێکی مانگەشەوا
ژوانی عاشق چەند دژوارە
خەونی شاعیر چ دونیایەکی ساکارە.

1979/11

پەلکەگیای نەورۆز

تۆ لەبەر پێی عیشقی خۆتا
کڕنۆش ئەبەی
بە پشەبایێ شەپۆل ئەدەی
تۆ نێرگزی زۆزانانی
لە زەردەخەنەی منالێ ساکارتری..
هەوای عەشقی
لە هەموو دڵێ دەخزێی
بەڵام لە خاکی نەورۆزا نەبێ ناڕوێی
پەلکەگیای عەشق و سووتان..

1978/3

ئـاودەنگی

پێش ئەوەی بێی
دنیا چۆلە
سپێدە غەریب.
هەمیشە درەنگ دێی.
کە دێی گۆنات پشکۆیێ ئەرخەوانیی
بەهارت کردووە بە تۆقەی ؛
تاڤگەی هێمنی پرچت..
لە دەرگا دەدەی ،
لە دڵەکەم دەدەی ..

(ئاگر، ئاگر خەفە دەکا..
ڕووبار دەریا دەخنکێنێ
تۆیش من..)

ئەو ئاپۆرەیە بشکێنە
ئەو تاڵە مووە بپسێنە..!
من کەی دەتوانم خۆم لەبەر

سپێدەیەکی بارانیی وا شۆخ بگرم؟

هەمیشە درەنگ دێی
پێش ئەوەی بێی
دنیا چۆلە
سپێدە غەریب..
کە پێ دەنێیە هۆڵەکە
پێ لە دڵی منیش دەنێی..
ئاخ.. دڵم.. ئاخ!
بە خێرایی لەرینەوەی چڵێ نێرگز تێدەپەڕی
شیعر لاڵە
نمەی باران
ڕوونایی چاو
قوڕگی گیراوی سپێدە دەکاتەوە..
من دەزانم
بە چاوی تۆ و
تەزووی گەرمی لەشی خۆمڕا دەزانم
ئەو تاڵە مووەی نێوانمانت
لێ بووە بە کێوێ سەخت
بە غوربەتی هەموو دونیا..
تۆ گەردوونێکت لە چاوت هەڵگرتووە
کچی شەفەق!
خوا..

نیگاکان..
خەوی بەرسێبەری درەخت
بەغدا..
ڕۆژانی ئومێد و خەم..

من ناتوانم ببم بە شتێکی دی.
لەوەتەی هەم
شەو لە ئەسپی سەرکەشی ڕۆژ دەبەستم
چاوم بڕیوەتە ئایندە..
من ناتوانم ببم بە شتێکی دی
تۆ دەتوانی..
تۆ دەتوانی ببی بە ئاودەنگی ڕێگەم
بە تارمایی و شوێنەواری
ڕۆژانی عەشق..
تۆ
دەتوانی
کچی
شەفەق..!
لەگەڵ ئەوەی کە نابێ خۆشم بوێی،
خۆشم دەوێی.
خۆشم دەوێی، کچی شەفەق!

کارەساتە، تاڵەموویەک
بەقەد هەموو غوربەتی دونیا ئەستوور بێ.
کارەساتە.. کچی شەفەق!
کا
ر ە
ساتە..

1983/12

دەربەند

کێ وەکو من
بە تەلانی خەمی تۆدا هەڵئەزنا
کێ وەکو من لە ساتەکانی دڵتەنگیت
ئاوەسۆی لە چاوان دەڕژا؟

با خەمی تۆش ببێتە
بسکێ تری ئەو تاڤگەیە و
با بە خوڕتر
بەسەر چەمی چاوەکانما بێتە خوارێ..
با ڕەنگ زەردبم و لە گەڵای
نوقمی سپییەڕۆژێکی تەماوی بکەم
بەڵام با هەور خەستتر بێ و
بەسەر دڵمدا بباریێ.
باران بیابانی دڵەکەم
خاکی ڕەقی وڵاتەکەم دەکا بە مێرگ.
هۆگرت بووم، بەخۆم نەبوو.

ئەو بەیانیەی ،
لە نێرگز دەچووی، لە ڕیحانت ئەکرد..
نازانم چی بووی،
وەک چەپکە بۆنی ئەستێرەیێ دوور
بەناو سییەکانما پژای
من نەمزانی بۆنی ژەهر ئەوەندە خۆشە!
ئەو ئێوارەی،
تارایێکی وەنەوشەییت پۆشیبوو
خۆت خستە باوەشی دڵم..
نەمزانی ڕۆژێ تەمێکی وەنەوشەیی
بەر ڕوونایی چاوم دەگرێ و کوێر دەبم!
من نەمزانی
چاوی مەند و
باڵای مەند و
لەنجەی مەندیش
وەکو (ئاوی مەند) مۆتەکەن..

کێ وەک من بوو..؟
کێ زاتی کرد قۆڵ بکاتە قۆڵی تاوان،
لە سێبەری نیگایەکتا:
خوڕەی ئاو و
ترپەی باران و
شنەی با

فەرامۆش کا..؟
کێ زاتی کرد.. کێ زات دەکا؟

ئێستاکە تۆ بیر دەکەیەوە (نەژاد)
تەنیایەک بوو
دەریایەک بوو
هەموو جۆگە و ڕووبارەکانی خەمی تۆی
لە باوەشی لاڵی دەگرت؟

من نەمزانی
هۆگرت بووم ، بەخۆم نەبوو..

1978/11

(.....)

ـ بۆ ڕەحمان ـ

بوویت بە گریانی هەورێک و
وەک شەپۆلی ڕووبارێکی دڵ بریندار ، غوربەت ئامێز
خورپەت خستە دڵی من.
ئەم دڵەی من،
ئەگەر لەبەر دەسڕێژیشدا پێکەنیبێ
ئەمڕۆ بە نیگای غەریبیت لەت لەت ئەبێ.
بۆ کۆچت کرد؟

دوو خونچە بووین لەبەر نسێی چیلەمێوێ
سەرمان بەیەکەوە نابوو..
ڕەگمان لە عەشقی ئەم خاکە داکوتابوو
دوو خونچە بووین پێکەوە دەگریاین و پێدەکەنین
ئەدی گیانە بۆچی پێکەوەش نەسووتاین؟
بۆ هەر ئەوسا هاواری بێدەنگی منت نەخواردەوە؟
نەتخنکاندم!!؟
خۆ من ملم لە تاڵەمووی بسکەکانت زراوتربوو
بۆ هەر ئەوسا.. بۆ کۆچت کرد..؟
ئەی ئێستاکە لە کوێی گیانە..
خەون بە چییەوە دەبینی؟
دەتوانی کە خۆشت بوێم؟

حەزت لە باوەشی منە؟
ئەی بۆچی خۆت بە پشەبایێ هەڵناواسی؟
گیانە ئاسمان بێ سنوورە بۆ باڵ ناگری؟
دە باڵگرە!
ئەم ئاسمانە تەی بکە!
دڵی من گەر لەبەر دەسرپێژیشدا پێکەنیبێ
بە نیگاییێکی غەریبت لەت لەت دەبێ.

1977

هەڵایـسان

خەمی تۆ زرێبارێکە
لە چاوی لە خەو تۆراوی هەژارانە..
چیای سەختی خۆشەویستی
مێژووی نهێنی و حیکمەتی داگیرسانە..
تۆ لە دڵی هەمیشە خوێن لێ تکاوی
ئەو دنیایەی کە ناویان ناوە هۆنراوە
چیرۆکێکی تەواو نەبووی..
تەواو نابی..
(.....
.....)
ئێمە یەکترمان خۆش دەوێ
تۆ ئەوە دەزانی و منیش.
ئەوەندەیش بەسە.
ئەوەندە بەسە،
لە نهێنی تاڵی و شیرینی یەک دەگەین.
لە سەرچاوەی سۆزی یەکتر دەخۆینەوە..
.....

.....

(باران

باران

ئای باران..)

باران لە کوێوە دەبارێ؟

گوڵ لە کوێدا چرۆ دەکا؟

خۆشەویستی ئێمە نەبێ

چیا لەسەر چی خۆی ڕادەگرێ

ڕووبار بەسەر چیدا دەڕوا؟

ئەمەیان ئەفسانە نییە.

باران ئەفسانە نییە.

ئەم دونیایەش بە خۆشەویستی ئێمەوە ڕاوەستاوە

ئێمە نەبین

بەسەر یەکدیدا دەتەپێ.

1984/2

ڕێبوارێ

ڕێبوارێ
بە پێخواسی، بێ جانتا
بێ ژن.. بێ منداڵ
ئەو باسکانەی داوەتە بەر
بەناو دڵی ملیۆنەهادا دێ و دەچێ و
هەست بە پێخوستی ناکرێ!
ڕێبوارێ
خەمی هەزاران هەزارە
بەڵام غەریبە و نایناسین!
ئای لەم سات و لەم ڕۆژگارە
کە دڵ لە خۆی بێ ئاگایە!

چاوەکانم لە خەمی تۆ
لە خەمی دڵێ کە لە خۆی بێ ئاگایە
ژیلەمۆی بن ئاگردانن..
بەڵام من هەر دەڕوانمە
هەنگاوە گەورەکانی تۆ

گیانەکەم تۆ خەمی منی.
ئەی نابینی بەهەر لایەکدا دەڕۆی
خۆت لە باوەشی شەکەت و
ماندووی مندا دەبینیەوە؟
ئەی نابینی چاوەکانم
لە خەمی بەژن و باڵای تۆ
ڕەنگی ئاسمان و زەوییان بیرچووەتەوە؟
جارێکی دی
هەر دەڕوانمە هەنگاوە گەورەکانی تۆ.
چاوم لێتە..
چونکە ئەتۆ دڵی منی، خەمی منی.

1979/8

تاڤگەی مەند

(نامەکانتم خوێندەوە.. پەیام بوون.
بەڵام شتێک لە هیچی ئەم دونیایەی نەدەکرد
ناکاو گۆلە فرمێسکی پەنگ خواردووی دیدەمی سمی..
لەو ساوە بینایيم کوێر بووە..
لەو ساوە نەدەتبینم و نەتێت دەگەم.
ئەمە ، چڵێکی ئەو تروسکاییەیە
تا دوێنێ بەرپێی خۆمم پێ دەدی ..)

(1)

دونیا شەو بوو
کیژۆڵەیێ گۆنای گوڵی سپێدە بوو.
کیژۆڵەیێ چاوی گەشی
هێشتا ئاشنای تۆز و گەردی غوربەت نەبوو
لە شەوستانەوە دەهات،
دڵی گەورەی
خەمی گەورەی
دابووە کۆڵ و
بۆ شاری چراخان دەچوو..

دونیا شەو بوو
من بێ ئاودەنگ ، بێ مەئوا
شەویش لەبەر گۆنای ئاڵی ئەم کچەدا
بێ پەنابوو..

(ڕێگای سەختی غەریبی خۆی گرتۆتەبەر
نازانێ کە لەم دونیایە بێ ئەنوایە
بێ دەنگی دەبێ بە پەنای بێ پەنایان..
نازانێ کە ڕێگای سەختی
غەریبی خۆی گرتۆتە بەر
دوای سێبەری خۆی کەوتووە!)

چ سوود کە شار
دەبێ بە دەریای چراخان؟
چ سوود کە کەس ئاگاداری
سووتانی دڵی کەس نییە؟
چ سوود کە تۆ
لە سپیەڕۆژێکی وادا
دوای سێبەری خۆت دەکەوی؟
چ سوود.. چ سوود..؟

(2)

من دەمدیتن
گوێم لێیان بوو
من دەمدیتن لە باڵەخانەی خەسرەودا
هەڵئەتووتێن..
من دەمدیتن پێکی خەمەکانی فەرهاد دەخۆنەوە
(هەزارە زیلەی مێروولەن
بەتەلانی شیعرەکانم هەڵئەگەڕێن)
من دەمدیتن دونیای ڕوونیان لێ کردین
بە شەوی ئەنگوستەچاو و
دەرگای سێبووریان بەستین..
من دەمدیتن.. گوێم لێیان بوو،
لە ترسانا:
چاوی زەق و
دەستی قامچی و
زمانی جوێن و
زاری تف بوون..
(بە چی چووە و
بە چی دەچێ؟
مێژوو لە ڕۆژگاری تاڵ و
شەوگاری خۆشەوە بەدەر
چی تیابوو؟
بەچی چووەو بەچی دەچێ؟)

کیژۆڵەیێ گۆنای گوڵی سپێدە بوو
هەوازەدەی سەمای نێرگزی کوێستان بوو..
بۆ شاری چراخان دەچوو..
بەچی دەچێ؟
شاری چراخان لە گوڵ دەترسێ..
شاری چراخان خامۆشە خامۆش
چووەتە ژێر باری خەوی دێوەوە
پاماڵی کەنیزەکانی
حەرەمسەرای سوڵتانە.
بەچی دەچێ؟
کەسێ ڕێگای غەریبی خۆی بگرێتەبەر..
دوای سێبەری خۆی بکەوێ؟

(3)

مەزڵم ، هەوارم ، سێبەری پەڵەهەوری
بەهارێکی قات و قڕ بوو!
تاکە پەنای غەریبی و غوربەتیم تۆ بووی
تۆ مێرگی سەوزی کوێستان بووی
من بێزار بووم
تۆ پەنام بووی..
(لەم بەهارەیش قات و قڕتر؟
لەم ڕووخۆشیەش تووڕەتر؟

لەم هەرایەش کڕ و کپتر؟)
ڕێگای سەختی غەریبی خۆتت گرتووە
تۆ دوای سێبەری خۆت کەوتووی
بۆ
چی
دەگری؟
ئەم شۆرەزارە بە فرمێسک ناڕوێتەوە.
مێژوو لە ڕۆژگاری تاڵ و شەوگاری خۆشەوە بەدەر
چی تیابوو؟!
تۆ کە لەم سپیەڕۆژەدا
دوای سێبەری ڕەشەوەبووی خۆت کەوتووی
بۆ، چی، دەگری؟
سەرهەڵئەگرم
دەڕۆم بەدوای پەنجەرەیەکدا دەگەڕێم
سەرهەڵئەگرم
جارێکی دی ناچمەوە ژێر
لێفەکەی خەوی منالێم...
دەڕۆم بەدوای کولانکەیەکدا دەگەڕێم
دەڕۆم.. دەڕۆم.. سەر هەڵئەگرم
ئەم شۆڕەزارە بە فرمێسک ناڕوێتەوە.

1983/6

پووشی بەرهەتاو

(1)

لەگەڵ ترپەی دڵی ڕووخاوی ترسنۆکێ بووی
دەڕۆیشتی گوڵی ئومێد لە بەرۆکی یەئس بدەی..
ئاوی حەیاتت دەدایە مردوو
تەوێڵی خۆت خوێندبووەوە:
(ئەم پاییزەش دوایی دێ).
ئەو بەهاریش دوایی دێ!
تۆ خۆتت لەبیر چۆتەوە..
پاییز هێمای وێران بوونی
ئەم سرووشتە دڵئاوێز و شۆخە نییە.
تۆ نازانی
تۆ خۆتت لەبیر چۆتەوە..

(2)

ڕێگا دوور بوو، قۆناغ دوورتر

پێیان وتی:
بۆ نایێی ئەمە بکەی بڕۆی
لەناو خۆتدا بێیە دەرێ..
تۆش لەلایێک قەڵەمی ئەژنۆت شکابوو
لەلایێکیش داگیرسابووی..
لە غەیری ئەستێرەی سرکی بەربەیانیش
کەس یاوەری ڕێگای سەرگەردانیت نەبوو..
(تۆ خۆتت لەبیر چۆتەوە
تۆ لە نهێنی خەڵوەتی
ئەم پەردەنشینە ناگەی..
ئێستا (دیمترۆس) ئەوە نییە
وەک ئەکتەرێ ئەم شانۆیە جێ بهێڵێ
ئێستا گورگێکی بریندارە
بایەقۆشی سەرەخۆرەیە،
دەخوێنێ تا خوێن سەر دەکا
دەخوێنێ تا زمانی دڵان لە گۆ دەخا
تۆ خۆتت لەبیر چۆتەوە..)

(3)
لەگەڵ ترپەی دڵی ڕووخاوی ترسنۆکێ بووی
ئەمجارەیان
زاتت کرد بڕۆی ئەم ئەڵقە بەتاڵە جێ بێڵی
بەڵام ئەفسووس..

پاکی زەویت لەخۆ کردبوو بە زڵکاو
نەتدەتوانی پەی بکەی!
تۆش دەهاتی پێت لە دڵی خۆت دەنایەوە و
جارێکی دی
جەستەی لەرزۆکت دەچووەوە
داڵانەکانی قەڵای شەو..
نەتدەزانی سەردەمی هەڵات هەڵاتە
نەتدەزانی کە خۆتت لەبیر چۆتەوە
چونکە لەگەڵ ترپەی دڵی ڕووخاوی ترسنۆکێ بووی
چونکە پووشی بەر هەتاو بووی.

1982/9

پـاردە

تەڵەزمێکی کێشەکە بوو
لە شیعرێکی تەواو نەبوودا هەڵببوو.
فرمێسک بوو
ڕەنگ و دەنگی نزایێ
کە پۆڵاش دەتوێنێتەوە..
لێ ئەفسووس ،
درەختێکە لە ڕەگی خۆیدا پچڕاوە
تانەیەکە بەچاوی هەورەکانەوە
ناهێڵێ باران دابکا
چڵەکان تەرزی نوێ بدەن..
تەڵەزمێکی کێشەکە بوو
بەڵام ئەفسووس..
1986/6

ئەم زریانە شێتە

(1)

هەناسەی من کزەبایە و قژی تۆش
ڕەوێ وشەی سرک
وەک ڕووبارێ گڕ تێبەربوو،
خۆزگەی لووتکە بەفرینەکان
دەوروووژێنێ و ناورووژێنێ!

(چراکان هەڵایساون
شەقام وەکو چاوی ئەستێرەکان ڕوونە
عەشقی هەتاو
گیان لە خوێندا شەڵاڵ دەکا..)

من بە هەناسەم.. هەناسە
قژ لەسەر ڕووتا لائەدەم
خوێن لە عەشقی ڕووباردا ئەتوێتەوە..

بەتەلانی خەمی خۆیدا هەڵدەگەڕێ

خلۆر دەبێتەوە..
تل ئەداتەوە،
تاودان.. هەناسەبڕکێ.. تاودان..
هە.. نا..سە.. بڕ.. کێ.. تا.. و.. د.. ا.. ن ..
نووزەی لێ دەبڕێ....
(کێ بێ گوڵئەستێرەی وشە
لە شەوی تاری شاعیردا بفڕێنێ؟)
ئەمە ڕووبارە!
تاشە بەردەکان وەک دەستاڕ
پەراسووەکانت دەهاڕن
هەموو شوێنێ ـ سیپان ـ نییە
ژانی برینە گەشەکانت، ئاوێزانی،
سێبەر و سۆزی ـ خەج ـ ێ بێ
ئاگات لێیە لە چ گێژەنێک خوول ئەخۆی؟
ئاگات لێیە کە خوول ئەخۆی و ناخنکێی؟
(لە گەرمیانی دڵی بەکوڵ گریاومدا
ڕەشماڵی کوێستانەکانت بۆ هەڵئەدەم
دەبم بە چڵی هەتاو و
خۆم بە تەزووی
دڵی شکاوت وەدەکەم.)
بەرەو سەرچاوەی بناری
لووتکە ون بووەکان
مل دەنێ..

وشەکان:
»مرواری بەر تریفەی مانگەشەو«ن
دەست دەبا
خۆیان بە کەفی شەپۆلدا هەڵدەواسن و
ون دەبن..
کێ بێ ئەم زریانە شێتە بخەوێنێ؟
خەو (شیرین)ـە، دەبێ بەچڵێ تریفە..
کێ بێ ئەم زریانە شێتە بخەوێنێ؟
فەرهاد جۆگە لە بەردەڵانا لێ ئەدا..
کێ بێ ئەم زریانە شێتە بخەوێنێ؟
شیرینیش لە دڵی فەرهاد
رێی ڕووناکی هەڵدەبەستێ.
ئەم زریانە خونچەی چاوت دەپشکوێنێ.

هیچم ناوێ
دڵەکەم لە ئامێزی شەیدا هیچم ناوێ
تەنیا وەرە
بۆم ببە بە خۆری شیعرێ و
لەگەڵ گەردی بەیانیەک
تەزووی ئۆخەم بۆ بهێنە.
ئەم جیهانە بێ گۆرانی ئەستەمە
گیانە وەرە ئاوازێ بۆ ئازارەکانم دابنێ..

1977

ئەم زریانە شێتە
(2)

زەوی دەنکە حەبێ نییە
ئەویش ئافرەتێ بێ هانا، بێ دەرەتان.
ئەمە زریانە کوێراییتان دەکاتەوە
هەوری گریان و گۆرانی
بە ئاسماناندا دەفڕێنێ.

ئەمە زریانە،
»بێ دەنگ بن گوێم بۆ دڵم ڕادەدێرم«
گوڵئەستێرەی وشە ئەمشەو بەڕەڵڵایە
هەتاو بەسەر شەوەزەنگ و شەختەی شیعردا دەبارێ..
نەء.. دونیا بە باسەرابی ئاسۆی لێڵتان نابزوێنرێ..
خۆری شیعر،
ئەم جوانییە کوشندەیە
دەرزی نێو کادانێ نییە
نیهان نادرێ..

(لە درەختێکی تەنیا دەکا
بە پشتی شاخێ ڕووتەوە..
لە نێرگزی پشکووتووی چاوەکانیا
پاییز نەورۆزێکی نوێیە.
نهێنییەکی شیعرئارایە،
جاری وایە لە سێبەری مێروولەیێک پاڵدەکەوێ
جاریش هەیە هەموو دونیا بەشی ناکا..)

چی ناو دەنێی؟
ئەم زریانە شێت و شێتە، چی ناو دەنێی؟
نووری خوایی
یا چەند ساتی کورتخایێنی دونیایی؟
چی ناو دەنێی؟
باڵای شیعر
یا گۆرانییەکی ئاوارە..؟

1981

سپیبـوونەوە

(1)

گەڕانەوەی بارانە.
بەهمەنی بەفرە سوورەکە
کەس نەما ڕاپێچی نەدا،
کەو
ئاسک
کارە وردیلەکان،
تەنانەت چاوەڕوانی و
شەرمی ئەفسانەیی کچانی لادێش...
کەس نەما.. (کەڵ) نەبێ.
ئەوەی نهێنی لەلابوو
بێ یاوەر.. بێ هاواروبانگ
بێ نژدەوان بوو..
وەسا بوو
پڵنگێکی ماڵیی، پاسەوانی تاریکی
تۆی تیا نوستی، نوقمی نەبانی..
شاش ببووی بێ ئامان.

(2)

گەڕانەوەی بارانە
ئاوەدانییە.
بێدار بوویەوە:
خۆت تەنیا بینی:
(ئەوە برادەرایەتی نییە
هاوەڵەکانت جێت بێڵن..)
بۆ کوێ دەچن؟
وەرزی گەڕانەوەی بارانە
ئاشی دییان پێ نانرێتەوە
فێڵ بوو..
(هیپۆمینس) بە هێزی بازوو
گرەوی لە (ئەتلانتا) نەبردەوە
هیپۆمینس گرەوی لە بایش دەبردەوە.
ئەتلانتا خۆی وای دەویست
ئاشی دییان پێ نانرێتەوە
وەرزی گەڕانەوەی بارانە.

(3)

ئاهەنگی جێژنی لەدایکبوون نییە
گەڕانەوەی بارانە
پێوەدان نییە

چزووی پەشمەستی بەفراوییە..
خەمەکان بڵاوبوونەتەوە..
مەیدانی سێرک چۆل کراوە
خەبەرت هەیە (کلۆدیۆس)
لەسەرەمەرگایە.. دەمرێ؟

1986/1

پەیـوەندی

(1)

دوو لووتکەی دوو کێون
بەفر هات
ماچی
ڕووباری
شێتی کرد.
تۆلازی ڕۆما
دێن سەری (ئۆڤید)ی شاربەدەر
دەبڕن و
دەیخەنە (دەریای ڕەش)ـەوە.

(2)

زێڕوەشێن خەنجەری لەکایە.
بۆ ئەو
باڵی شەکەتی قەقنەس سەمایە!!
سەمای دەسماڵان..
زێڕوەشێن خەنجەری لەکایە.

(3)

درەختی نایلۆنی بەر پەنجەرە
چوار وەرز تێکدەکاتەوە.
ئەو درەختە
دارپەشیمانی (ئەپۆلۆ) نییە
خەونی بزڕکاوی
زیندووە مردووەکانە
کە دوو لووتکەی دوو کێوی
تیا پێکدەگەن.

1985/10

ئەزمـوون

[ئەم هۆنراوانە دەگونجێ لەگەڵ تاقیکردنەوەی دی
وەک (پۆستەرە شیعر) و شێوازی وەک (هایکۆ - Haiku)ـەوە پێڵوز بکرێن..
من بۆ ڕوونکردنەوە دەڵێم: هیچ کامیان نین ، بەقەد ئەوەی هەوڵێکە
لە کێشانی چەند تابلۆیێک بە هۆیێکی دیکەی دەربڕین..]

- **هێـللانە**

شەباقەی برینە،
یا چاڵە خوێنە،
یا دەمی بورکان.

- **(....)**

کڵاوڕۆژنەیەکی شیشبەند
چەند تاڵە تیشکێ

مرۆڤێ دەستی بە قاچییەوە گرتووە
سەری بەدیوار هەڵپەساردووە.

- **ئـاواز**

پۆلێ گەڵای سەوز
بە هەوادا دەفڕن.
باران نم نم دەبارێ
دونیا بەرگی سپێدەی لەبەردایە.

- **ستیڵ لایف**

درەختێ راقەناو
کەلاوەی خانوو
باوڵێ تەنەکە و
لێفەی شڕی لەبیرکراو..
ئاژاڕی چەند چرۆیەک
بەسەریانەوە بایەقۆش
گۆرانی شێوێندراوی
چاخی تیخبەند دەچڕێ.

- (.....)

چاوی سەرسام
چاوی زەق
چاوی نوقاو
چاوی نەرم و
چاوی تیژ
کۆمەڵێ چاو
کۆتکێ لەسەری ڕژاوە.

- برسیەتی

گوڵەگەنمێ
پەیژەیەکی پێوەنراوە
گورگێکی پێ هەڵدەگەڕێ.

- **شەوق**

نیشانەی پرسیار
بەدەوری دڵێ خوێنی لێ دەتکێ.
ئاسمان گەشە
دەستێ ڕەگی دەرکردووە..

- **سووتان**

دووکەڵێکە
چاو چاو نابینێ
کەویە بەفرێک دەسووتێ.

- **ڕوانین**

(1)
کۆڵکەدارێکی قەراخ ڕووبار
ژنێکی ڕاکشاوە.

(2)

ئاگرێ دێ
ئاگرێ دەڕوا
بە دوو ئاگر
دنیا تاریک داهاتووە.

(3)

مێزێک
چایەک
پاکەتێ بەغدا
هەندێ شوێن پێی بچووک و
هێندێکی دی زەبەللاح..

- **دڵنەوایی**

کچێ ڕەشپۆش
لەسەر بانیژە وەستاوە
تریفەی مانگ و
ورشەی ئەستێرەی ئاوابوو
کۆ دەکاتەوە.

• دیـوار

دیوارێ.. دوو دیوار.. دە دیوار
چیمەنتۆبەندەکان ڕووخان
تەنیا دیوارێ قوڕ ماوە
نەڕووخاوە..

• ئێـش

ئاسمان دڕکی لێ دەبارێ
زەوی دڕکی لێ شین دەبێ
خۆرێ دڕکاوی هەڵاتووە.
دڕک.. دڕک
لە هەر چوار لاوە دڕک.

• (....)

لەناو ئەو هەموو قەڵشت و بۆشاییەدا
کە دەگونجێ بوومەلەرزەیێ
پێکی هێنابێ
پنتێ سەرنجت ڕادەکێشێ.

• برووسکە

دوو دەرگا
دەرگایێ داخراو
یەکێ کراوە
تارمایی مرۆڤێکی سەرگەردان.

• گومان

سێبەری ئەژدیها
پەڵەیەکە، ڕەش و ناڕێک
بەسەر چەقی دووڕیانەوە.

• سەنگەر

بانێک
بێ کۆڵەگە، بێ دیوار
بانێک ئاسمانیشی بەسەرەوە نییە.

- **زەنگ**

ڕەوەمەلێکی بەرزەفڕ
لە شکارتەییێکی ژەنگگرتووی
ئاسمان دەکا.

- **(....)**

چیاییێک خەریکە دەڕمێ
چەند دەستێ سنگی خۆیان داوەتەبەر و
ناهێڵن..
چەند دەستێ ناهێڵن چیایەک بڕمێ.

- **تووندێڵ**

چوار بازنەی بچووک
بەدەمی گورگەوە.
چوار بازنەی بچووکی
نێو بازنەییێکی گەورە.
زریزەییێکی ژەنگاوی
لەو ناوە لوولی خواردووە..

- **ڕوانـین**

هێڵێک ئاسۆی لە باوەشی خۆی گرتووە.
ڕووبارێکە
دەشێ ڕەگی درەختێ بێ
یا هەر سەراب و هیچی تر.

- **پۆرترێت**

کۆمەڵێ جۆگە
دوو کانی وشک
تیشەبەردێک
سیمایێ ماندوو، دوو باڵی
لە ڕاست و چەپدا ڕواوە.

- **مانەوە**

کۆخێکی بەپێوە ماوی
نێو دڕاڵەی شاخ
شوورەییێکی گڵکۆییینی
بەدەوردا کێشراوە.

- (....)

تەرمێک لەسەر دەم کەوتووە
چرایێک کوژاوەتەوە
درەختێک بەلادا هاتووە
زەوی و ئاسمان لە یەک نزیک بوونەتەوە
بارانێ سوور دایکردووە.

1986\1985

وڵاتی ناو دەنکە هەنار

-1-

گڕی ئاگر ، لە داگیرسانی چاوەکان تواوەتەوە
لێڕەواری نیگاکان لە سۆمای بارانێ چەقین.
تۆ لە کوێی ئەی نەشئەی ئاگربڕ
سەرەنگرێی شەفەقی پەژموردە گڕ بدەی؟!
چەندی دی (پنلۆب)
چاوەڕێی کەژاوەی بێ سەرو شوێن و خەبەر بێ؟
(ئەسینا) ناتوانێ بەیانی ئەم چاخە بەربدا
(ئەسینا)یش خەونێکەو چیتر نا...

ئەوەی ڕۆیشت ڕووناکی لێ دیاربێ؛
سێبەری بن باڵی (هوما)ی تۆی بەدی کرد
دێ ملی ڕێ دەگرێ...
چەندی دی پنلۆب بێ خەبەر
چاوەڕێی کەژاوەی بێ سەر بێ؟!
شەوق لە ژێر گڵدا پێ ناگا
شەوق لە ژێر گڵدا ڕەونەقی نامێنێ....
ئەی تاوی بارانی دڵشکاو ، چەندی دی؟
تۆ لە کوێی؟؟

1988/7

وڵاتی ناو دەنکە هەنار
-2-

(لەو دیو دێوجامەی نائومێدیدا گۆڕستانەکانیان
ئاوەدان دەکردەوە...
چ خەمت بوو! هەردوو چاوت گیرابوو
جێی تاڵە هەتاوێکیان تیا نەمابوو...
(ئیساکا)ت لە چاوێک و
(پنلۆپ)ت لە چاوەکەی دی هەڵگرتبوو..)

(1)

چۆلەکەیش هێلانەی هەبوو
شەوان سەری غەریبی خۆی پێدەکرد..
بێ مرادی،
لە کاروانسەرای (شکۆ)وە دەستی پێکرد..
ڕەزمگێڕان،
تاسەی کرووزانەوەی وڵاتێک بوون
نەتەختی هەبوو نە تەلار
لە بێپەروایی زەمەندی خەونەکانمان نەخشابوون...

(ئەوە وڵاتی من نییە وەرزبازیی
وێنەی تنۆکە ئارەقێک
بەلاجانگی دێتە خوارێ...
ئەوە وڵاتی من نییە،
چۆلەکە لەبەر خۆریا مەلە بکەن و
بارانی لێ نەبارێ...)

تەمی سەر گەشتەیی نەبوو ئەوە کریڤ!
سنگی پێ گوزەر
تیلاکی ناکامی
شەوقی چاوەڕوانی و
(باران)ی دۆستی هەژاران بوو...
درەوشانەوەی تارماییەکان،
توانەوەی ڕەشەبا بوو...
مەگەر نەتدی ...
خونچەی بە چڵان و
بارانی بە هەورانەوە نەهێشتبوو...
مەگەر نەتدی؟
چەند ڕەش بوو....
بەچڵێ هەتاو توایەوە؟
مەگەر
نەتدی...؟

(مەڵبەندی دونیا نەبوو ئەو
شەوێکی درێژدادڕ بوو...
بێزاری بوو تا ڕادەی
بێزاریی شەو...)

تەنێ ئاڵای سەری خۆی بوو
تەنی من بوو..
جامێ لە دەست شازادەی ساماڵتان نابوو
خوێنی من بوو..
تۆ تەماشا!
ئەو زادەیە بێ وێنەیە
بە چ ژانێکی گلاراو لەدایک بوو و
ماڵئاوایی لە نیشتمانی برینان کرد..
تەماشا!

(2)

لە شەقامە سەرمەدییەکانی مێژوودا
پیاسەت دەکرد..
ساڵی دوو زستان و
سێ زستان و
چوار زستان و

پێنج زستانت دی..
لە ئەشکەوتی سڕ و بن تاوێران..
لە چاوی هاوڕێکەت بەدەر
یاوەرێکی دیکەت نەبوو..
تۆ هەر ڕووە و بناوان کشای..
هەبوو هەر زوو چیرۆکەکەی دوا پێ هێنا
تۆ هەر ڕووەو بناوان کشای..
ڕووەو شکۆی گوڵڕەنگی ژیان
ڕووەو حەقیقەتەکان هەموووی...

1991/12

کەش و هەوا

(1)

ئەسپەکان تەراتێنیانە..
گەردەلوولی سمەکانیانم لێ دیارە
گێژەنێکی سەرەوژوورە؛
گیزەی بەفر،
لە هەناسەی سواری ڕێبواران وەردەدا..
کۆستی ماری ئارەزوو شکێن
دێ دەبێتەوە ئەفسانە و
بەیانیی مێژوو بەردەدا..

(2)

چ ئەستێرە لە ئاسمانێدا نەڕژابوو
چ کیژێ پرچی نەبڕیبوو..
نە ئەو مەلی بێ مەفتەن بوو،
نە ئاشیانەی تووڕەکەڕێژ..
بەیداخە ڕەش و سپییەکان چۆن هەڵدران؟
مێرگی سۆتەڵ و ئەرخەوان
ئەو هەموو شیعرە جوانانەی چۆن لێ ڕوان؟

(3)

ئاسکەکانم تارماییان دی و
تێیان تەقاند..

خوایە هەرگیز
ئاگرودوویان لە ماڵێدا نەکرێتەوە
ئاسکەکانمیان ڕاچڵەکاند.

(4)

گوڵەکان هاتن؛
پێچەکی بارانییان لەسەر نابوو..
بە چل ئاواز دەیانخوێند و دەیانگێڕا
بەڵام ئەوان باران شۆر بوون، ڕانەچەنین
گریان..
پێکەنین..
گریان..
بە نەورۆز کەوتن..
خەونیان دی:
ڕووبارێ زێڕ بە نێو تاسەی تینوویەتییان ڕێی گرتووە
کولێرەی سووری پێدا دێ..
گریان..
پێکەنین
بە نەورۆز کەوتن
باران شۆر بوون ڕانەچەنین
بەردەوام بوون لە خەوبینین..

1987/6

خــەون

(شەو) لە ژێر لێفەی هەوران ئارامی گرتووە..
ئاوازی باران پرووشان..
شازادە چاوی بە کڕێوە ڕشتووە..
قامیشی لێواری (ئابزۆ)[1]ی پۆشیوە..
بەخشڵی پەرستگای پاییزیی (ئینەننا)[2] خەملێوە..
بەیانیش بەم شکۆ و بەرزییەوە
باران دێ کێشمانەی خۆی دەدا و
چارۆگەی ڕێژنەدار ،
بە کێڵگەی سکداوی دموزی[3] دادەدا..

(ڕۆژ) لە ژێر ساماڵی چاوی گەش کەوتووە..
کڵپەی گیان سووتان.
شازادە ڕووت و قووت
لەبەردەم حەفتەمین ئاستانە بارانی پشکۆی لە چاوە..
هەر بینا شەو داهات
هەر بینا تریفەی حەفت ڕەنگی شازادە

ختووکەی شەوی ژێر لێفەی هەوری دا.
هەر بینا کڵپەی گیان سووتان
بەیانی (ئوور) و (نیپۆر)ی بەردا.

1987/4

1 ئابزۆ (Abzo) ئیشارەتە بۆ ئاوە ئەزەلیەکەی سەربردەی خوڵقاندن.
2 ئینەننا (nin-an-na) کچی ئاسمان - (عەشتار).
3 دموزی (Dumiuzi) تەمووز.

شتێك لە مێژووی ئاوابوون

- **پەرێز**

گیا بڵند بوو، لە کڵاوەی چۆکی دەدا..
لە وەرزی ئاوسبووندا
ڕەگەکان هاتنەوە بەر با..

- **ڕەوڕەوەی وەستان**

لەسەر بەردی سێڕیانەکە دانیشتووە
چاوەڕوانی (بەیان) دەکا..
گەلێ جار (بەیان) هاتووە
تریفە بارانی کردووە و
تێشتی لەگەڵدا خواردووە..
ئەو هەر لەسەر بەردەکەیە و نابزوێ!
وشت بووە!
چاوەڕوانی (بەیان) دەکا..

- **ئـاڵ بردنەوە**

ئاوێنەکان بەدیوارەوە شکاون..
هەتاو ڕووتە، سایە پۆشتە
پێینگانی کچی ئاسمان
داری حەسرەتی لێ ڕواوە.

- **خوێنکێش**

لە ناوقەدەوە پێکراوە..
تنۆکێ خوێنی لێ نەهاتووە
شاڵی پشتی تەمەنیشی هەڵمشتووە.

- **تەنـافباز**

وەکو پەمۆ:
لە قۆزاخەو
لە مەکینەو
لە دارهەنەیشدا دەژی..
تا ئەوەی لە پەرداخێکیش نقووم دەبێ
دەریا هەستێ ناگاتە گوێزینگانی.

- **برایەتی**

ئەوان تینی کوورەی دەفیو
ئێمە شەختە..
ئەوان گیا
ئێمەش بەرخی دوو باقەگیا...

- **زایەڵەی بێدەنگی**

لەو ساتەوە سووژنی
لە بن پیلی شەوەی ڕۆژگار ڕاکردووە؛
هاوار ئەکا..
کەس دیار نییە
(با) وەستاوە!
ئەویش بە دەنگە دەنگی خۆی
نەوەک هەر کەڕ ، لاڵیش بووە..

- **پـانکی مێشک**

بیری نایێ بارانێ گرتبێتیەوە
نەیدیوە خوێنی تێ بگەڕێ!
پانکی سەرچاوەی گومڕایی،
هەر لە دوورڕا ماکی کەڕووی پێوە دیارە.

- **کێلووکە**

تاک تاک..
شێوەی جریوەی پاساری
تاک تاک
شێوەی زەبوونی و ناچاری
تاک تاک
کە تەنیایی هەر بۆ خوایە.

- **خێزەڵانی سنگەکان**

ئەوە هەناسەدان نەبوو
ئەوە ڕمانی چیابوو..

چەخماخەی هەورە تریشقە و
فڕینی هەموو چۆلەکەو کۆترەکانی دنیا بوو..
ئەوە هەناسەدان نەبوو.

- **بـانگـووش**

ئێستا منالاّن
یاری بە باگردێنەکەی دەکەن
دەسکەکەیشی کردووە بە شەقەو پێی دەڕوا..
دەرناکەوێ،
چوار وەرزی ساڵ لە ماڵێیە...

1989/9

پەراوێــز

-بەشی یەکەم-

(1)

تنۆکێکە

تنۆکێ فرمێسکی ناکام؛
ماسی مەلەی تێدا دەکەن
چرا دەچنەوە باڵ یەکتر.
شاعیر ڕەنگەکان ون دەکا..
تنۆکێ فرمێسکی ناکام؛
بیابانیش تینوویێتی خۆی پێ دەشکێنێ..

(2)

ئێمە مرۆڤی هەتاوین
خەڵاتمان کفنە
چوار هەزار و پێنج سەد ساڵە
کفنمان زەرد هەڵناگەڕێ..
با بەسەر لاشەی بێ گیانی شەوی دادەین،
کێل بینەوە.

ـ دیسان؟
ـ دیسان.
ـ لە نووکەوە؟
ـ لە نووکەوە..!

(3)

ماوی؟
ـ ماوم.
یەکەم جار نییە ڕەشەبا
سێبەری بەفر لوول بدا..
بە نەشئەی تاسانمان دەژین
نابین بە بارانی ناوەخت..

(4)

جارێکی تر هاتەوە بەر پەنجەرەکەم..
لەوەتەی لێک دابڕاوین ،
لێم ناگەڕێ
هەموو شەوێ، مۆمێکی بەدەستەوەیە
لە پەنجەرەڕا
شیعرپژێنی ژوورەکەم دەکا.

(5)

حەقیقەتێکی لە نێرگز ون بووی

ئاگر و بەفری نێو دڵی مێژووی
نە ئاگر بەفر دەتوێنێتەوە .
نە بەفر ئاگر دەکوژێنێتەوە .

1986/4

پەراوێــز

-بەشی دووەم-

(1)

گەڵای سەوز
لە قەدی میدۆزدا بوو بە بەرد.
کێ توانی
وەک گەڵای ناوقەدی کتێبێک
بچێتە قەدی مێژووەوە؟
کە هاتی سەوز بووی
نەهاتبای چاتر بوو!

(2)

خەونی دی
مێشکی پەرتی سەردەم بوو
لە هەموو خەرمانێ بارووتی..
خەونی دی؛
سینەی ڕووت و دادڕاوی بەر لێزمەی تەزرەبوو..
خەونی دی؛
مەلەی لە نێو کادا دەکرد.

(3)

ڕۆیی و وتی:
لە تەنکاوان نامێنمەوە..
هەموو ئاشنای شەپۆلانین
هەموو ئاشنای مێژووماڵکی کەڵەکانین.
ڕۆیی و وتی و نەهاتەوە..

(4)

فاندۆم، نەباران بوو، نە گوڵەگەنم
بۆ مۆزەخانەیش دەستی نەدەدا مامۆستا (کۆربێ)!
فاندۆم کۆتەڵێک بوو، لەگەڵ نووچداندا ڕاقەنا.

(5)

کێ تاڵاوی خوارد؟
کێ تاڵاوی خخوا؟؟
کێ تاڵاو..؟؟؟
کێ تاڵ..؟؟؟؟
کێ ت..؟؟؟؟؟
ک...؟؟؟؟؟؟؟

(6)

تا لێی بڕا سەمای بۆ تارماییەکان کرد..
تا تێی دابوو، بانگی ڕاهێشت:
چۆلەکەیش بە قسە هاتن.
تا تێی دابوو..

(7)

نەوای هێشووە بزڕکاوەکان
بوو بە نوورێ
هێزی لە خۆر و مانگ بڕی
گیاو گۆلی وەجۆش هێنان
بەسەر چاک و خراپدا باری
نەوای هێشووە بزڕکاوەکان
لە تەمی ڕۆژگاردا ون بوو...

(8)

پاساری گەڵایان هەڵوەری..
درەخت پەڕ کران..
شەو چرای ڕۆژتە، پەنای چی؟
گیانەڵای ناختە، هانای چی؟!

(9)

ئۆسنابرۆک، شارەگوندێک بوو
بە هەزاران منداڵی بۆ شەڕ پێگەیاند
لە دواییشدا یەکێک لەو هەزارەزیلە؛
وتی: بۆ؟
ئێستا ئۆسنابرۆک بەو مێرمنداڵە دەناسرێتەوە..
ئێستا ئۆسنابرۆک لە شەرمان ئەدرەوشێتەوە..

(10)

دیسان باران دایکردبوو
لە تەنتەنەی تەنیاییدا؛
نووزەی دەهات:
تۆ ئاسمانی..
تۆ بەیانی..
تۆ گونجانی ناو ڕۆژگاری نەگونجانی.

(11)

دووکەڵکێشەکان خامۆش بوون.
هەوا هەناسەبڕ کرابوو..
لەو دوورەڕا چۆن بزانم
گوندییەکان نوستوون یا بێدار..؟

(12)

شاملو

شاعیرێکی ئەم جیهانی (سێیەمە!)
ڕۆژێ لە ڕۆژان وتی:
» ئەگەر سپی دارەکەم چرۆ دەرکا،
باڵندە ڕەشەکە هەڵدەفڕێ
ئەگەر باڵندە ڕەشەکەیش بڕوا،
سپی دارم چرۆ دەکا..«

(13)

فێر بووە وەختێ پڕ دەبێ
تێ هەڵکا ستران و لاوکان بچڕێ..
تۆ ئێستا دەبینی لاوک و سترانمان لە خۆمان زۆرترن.

(14)

ئەدرەسم هێشتاکە
ئەدرەسی جارانە:
بناوانی ڕەشەبا
ئەو دیوی ڕۆهەڵاتی مەرگ.

1989/1988

خەرەندی گوێیەکان

زامەکانی ئیسپارتا
بە پۆلیسی نهێنی سارێژ نەبوون.
گۆلی وانێ
بە چەنگێ خوری دروست بوو!
دیکتاتۆر،
لە سایەی ئەو گوێیانەدا
گوریسی لە ژێر دونیادا ڕاخستووە..
هاوڕێ!
ئەوەتا ڕۆژگار بووە بە گلۆڵەیەک تێلدڕ
لەگەڵ ئەوەشدا کۆترەکان دوای دەکەون!
لە چەند تنۆکە خوێنێکی پەرش و بڵاو بەدەر
بەدوای خۆیان جێناهێڵن..

مێژوو سارنجخانە نییە..
چەند وردە خەمێک نییە..
ئۆتۆمبێل لێخوڕینیش نییە..
مێژوو بڵێسەیە هاوڕێ!

ڕووناهی دەدا... دەشسووتێنێ
مێژوو ڕسکانە،
پانۆرامای هەڵەو خەتاکانە..
وەختی هاتووە هاوڕێ!
دەمامکەکانت فڕێدەی
شتەکان ، با هەمووی بۆ تۆ بێ
مەسەلەیەک نییە..
من کولێرەیەک و
گۆرانیەکەمم بەسە..
تۆ کە ناتوانی گۆرانیەکەم دەستەمۆ بکەی
کولێرەکەشم لێ مەدزە.. هاوڕێ!
کولێرەکەم لێ مەدزە،
کە ناتوانی گۆرانیەکەم دەستەمۆ بکەی.

1992/6/29

کوژانەوەی سەرچاوەکان

(...؟)

بەگڕەبای کۆچ هاتن
داگیرسابوون شەوقیان ئەدا..
بە بای ناخیان هەڵدەبوون و دەکوژانەوە
بە ناو دڵەڕاوکێی سەردەمی
هەورە ئاوتێنەزاوەکان شۆڕ بوونەوە..
شیعریان بەپێش کەوتبوو:
هاتن کورتان بۆ کێچ بکەن..
کاغەزی سپی بخوێننەوە..
تا گەیشتنەوە سەر ساغە..!
نە پیاو نە ژن
ڕووی خۆیان نەبینییەوە..
وەختێ گۆڕیان هەڵدانەوە
چەند پیرۆزەو خەنجەری ژەنگاوییان لێ بەدەرکەوت
ناویان لێ نان؛ تاوان!

مـۆدلیـانی

ڕووبارەکانی دۆزەخ
لە ژووری گریانەوە دێن..
شوێنەواری هیچ ڕێگایێ دیار نییە؛
دارستان و بڵندایی پیلیان تێک هەڵکێشاوە.
تۆ هەر بڵێ و بڵێرەوە!!
کەس بە نرخی باوەڕێنیش ئاوڕی لێ ناداتەوە.
تۆ هەر بڵێ!!
(لیڤۆرنۆ) نوقمی کوێرایی دەریا بووە
دانی لە دەمامکەکانت گڕساندووە.

» ئای ئیتاڵیای خۆشەویستم! «
کەس نییە لە ڕەشە شەوی پاریس دا
چرایەکی بۆ هەڵبکا..
(جین)یش جۆگەی ڕووباری دۆزەخەکەیە
لە ژووری گریانی دانتی دەکاتەوە..
هاوارێکی بێ هوودەیە.
تەمەننای مەرگی دووەمە.

» ئای ئیتاڵیای خۆشەویست !«
مەرگ کەنارەکانیشی ڕەش کردەوە..
باسکی مێژوویان باداوە
کەس نییە سەرەداوەکان گرێداتەوە
ئیتاڵیای خۆشەویستم!

شوباتی 1989

تـــۆ

تۆ.. ژانێکی تری ناخی ئەفسانەکانی
تۆ..
بۆ من:
تانەی چاوی
شەختەی ڕێگا
خانەی خەفەت.
بۆ ئەوانیش:
پەیژەی نەشئە
تەنکاوی دەریا
هەواری ئاسوودەیی.

تۆ.. هەواڵێکی خۆشی..
بێ مانگە دەسکردەکان
بێ پەیک دەگەیتە جێ.
بەڵام تۆ..
وەک چڵەکانی ڕۆژپەڕ
حەقیقەتێکی بۆشی..

تاڵ تاڵ
بێ جیاوازی،
بەسەر ئاسمانەی ڕەوزەنی
هەموو (من)ـەکان دا دەباری..
تۆ..
لە نێوان (ئا) و (نەء)دا
پرسیارێکی،
لە قووڵایی چاخە بەردینەکانەوە
هەڵداشتراویە خوار..
بەرد نییە.. سەرت پێ نەکەوتبێ
دار نییە.. لە سنگت نەچەقیبێ
ڕووبار نییە.. نەیبردبی..

تۆ..
تۆ لە یەک کاتدا نهێنی چۆلپەرستی و
دڵڕەقی شارستانیەت..
تۆ..
چرای بەر ئاستانەی پەرستگای
هەردەمەو لە دەستی کاهینێکدای.
تۆ ڕوناهی دۆزەخی
گوناهەکان جوانتر دەردەخەی..
تۆ تاریکایی بەهەشتی
پاکیزەیی و باشییەکان حەشار ئەدەی..

تۆ
تۆ ژانی.. بەڵام ژانێکی تر
تۆ کچینی مێژووی.. تۆ
تۆ..
ئاخ.. تۆ
تۆ.. بە هەر حاڵ (تۆ)ی!

1993/4/23

چەند کۆتەڵێکی جەنازەیی

(1)

هەر چیمان کرد
بەشی ئارەزووی
شازادە تەنپەروەرەکانی نەکرد.
هەر چیمان کرد بۆ (سبەی)
(ئەمڕۆ) لەسەر شەقامە خوارەکانی سەدەی بیستەم
وەک چۆلەکەیەکی سڕ یاری پێدەکەن...
وەرە با پەیمانێک لەگەڵ ئەشکەوتە کوێرەکان مۆر بکەین.
وەرە با لە کۆتەڵی بێ تارای ئەبەدییەتدا بنووین.

(2)

ئێمە ئاسمانمان
بۆ کۆتەڵی یادگاریی ئەوانە.
ئێمە خۆرمان
بۆ باخچە هەڵواسراوەکانی ئەوانە..

ئێمە مانگمان
ئەستێرەکانمان
بۆ مەداری بەتاڵی ئەوانە..

(3)

داریان لەسەر بەردی دەوروبەر نەهێشت.
کۆتکی بەتاڵیان پێ کوتاین.
لە ڕۆژگارە هەرە ڕووناکەکان
چرایان پێ داگیرساندین..
هەزارڕیانکیان بۆ دروست کردین،
پێیان وتین: فەرموون چاوەڕوان بن!
لەو ساوە خۆمان لێ ون بووە..
لەو ساوە چاوەڕێی خۆمان دەکەین.

(4)

بەرەو من بێی
هەموو شتێکت دەست دەکەوێ
هەموو شتێک،
بە (مردن)یشەوە..
کە ئەوە ساڵەهایە لە شەڕ بەجێ ماوە!
بەرەو من بێی،
دەتوانی بەرامبەری دابنیشی
یا لەگەڵی بئاخڤێی
حیکایەت و سەربردەت بۆ بگێڕێتەوە..

مەگەر ئەو تەواوی چیرۆکی
(پێشێلکردنی گوڵەکان)ت بۆ باس بکا.
(5)
ئەو هەموو چاوانە..
ئەو هەموو گوێیانە..
ئەو هەموو زمانانە..
دەستم بوو.. خواردیان
قاچم بوو.. خواردیان
چاوم بوو.. کۆڵیان
ئەوەتا تەمەنی بێ کلاوڕۆژنە و بێ پەنجەرە و بەژواریشم.
شەڕی پێدا دێتە خوار..
ئاژاوەی لەبەر دەڕوا..
هاتبووم بڵێم:
ئەم درەختە بەشێکە لە مێژووی
هەتاو و سێبەرمان
پێویستە بمێنێ.
دەستم بوو. خواردیان
قاچم بوو.. خواردیان.
چاوم بوو.. کۆڵیان
ئەو هەموو چاوانە..
ئەو هەموو گوێیانە..
ئەو هەموو زمانانە..

(6)

لەم ئەلبومەدا یادگاری منالّیتان کوشت
لێرە، لەم سنوورەدا:
گۆرانییەکانمان،
لە شەڕێکی دەستەویەخەی نابەرابەردا تیاچوون.
لە تۆنێڵە تاریکەکانی ئەم پایتەختەدا
شیعرەکان،
شینیان بۆ پاڵەوانەکانمان گێڕا.
پێمانەوە دیارە؛
هەموو فریشتەو شەیتانەکانمان تۆراندووە
تا لە ئەفسانەیەکی سیلاکبوودا دەرکەوین..

(7)

بەداخەوە ڕایدەگەیێنم:
گوڵەگەنمەکان پیر بوون
دەم و چاو لۆچ.. ماندوو
وەک لەشکرێک لە شەڕدا
بەدۆڕاوی گەڕابنەوە..
لە گوێی ڕووبارەکان کۆبوونەتەوە
نوێژ بۆ شارای دزراو دەکەن..

1993/8

باویشکەکانی مێژوو

لێوە بە بارەکان ژەهرن، کەف هەڵئەدەن
شەپۆلە ئارامەکان سەرشێتی هەڵیاندەلووشێ
ئەوە جارێکی تر منم لە چاوەڕوانی خۆمدا:
ئاسمانم بریندار..
ئەستێرەم نەوی..
خەونەکانم لە بێخەوە هەڵدەکەنم.
ئەوە جارێکی تر منم
چڕنووک لە کەنارەکانم دەنێم
گلێنەکانم دەکۆڵم.
جارێکی تر منم؛
سنووری نیشتمانی ناو گریان و پێکەنینم
دەکێشمەوە:
لە باکوورەوە: شەڕ
لە باشوورەوە: شەڕ
لە ڕۆژهەڵاتەوە: شەڕ
لە ڕۆژئاواوە: شەڕ
.....
.....

.....

.....

.....

تەماشا!

لە داخی هاوەن و ئاڕ پی جی بێهوودەی ئێوەدا
ڕەشەبایش هەڵناکا..!
تەماشا!
هەور چۆن لە کڵاوڕۆژنەدا ون بوون
گوڵەگەنم بێ دادڕەس
وەک خونچەی مەیدانی شەڕگەکان
یەک یەک
دوو دوو
دە دە
ڕادەقەنێن،
بەلادادێن و دەسووتێن..
تەماشا!

.....

.....

.....

تەماشا

چۆن لەسەر مێزەکان
بارۆکە بەگیانی کەچەڵیان وەدەکەن..
سەبیلەی شەیتانن...؟

ئەشکەوتی چیاشمان
لە شەرمان چاویان لێک ناوە...
تەماشا!

مەدەد؛ ئەی چرای ڕۆشنی
زەمانی شەوڕەو قوڵنگ و خەنجەر!
مەدەد؛ ئەی ئاشیانەی سۆز و سەرچاوەی ئاوەدان!
مەدەد؛ ئەی کێڵگەی ئارخەیانی مەدەد...!
مەدەد؛ ئەی خێوەتی ئاودامانی ڕووبار و خەرمانە و مناڵان
مەدەد...
مەدەد...
درەختمان ڕووت..
ڕۆحمان بیابان..
نە ڕۆژهەڵاتمان، ڕۆژهەڵات
نە ڕۆژئاوامان، ڕۆژئاوا..
مەدەد؛ ئەی تەجەللای ئەستێرەی پەیمانی موقەددەس!
مەدەد...!
مەدەد...!
دیسان لێوە بە بارەکان ژەهرن، کەف هەڵئەدەن
دیسان شەپۆلە ئارامەکان سەرشێتی هەڵیاندەلووشێ.
مەدەد

م

ه

د

ه

د

.....

.....

(ئاسیا)!

ئاسیا، ئەی ئاسیای

سووتان و

چاوەڕوانی و

مەنفا!

ئاسیا، ئەی ئاسیای ئەفسانە و شیعر و داستانی نەمری!

ئاسیا، ئەی ئاسیای کێڵگەی هەتاو و بیرە نەوت!

لە دەرگای شەڕ بەدەر..

لە چرکەی چەک زیاتر

چیدیمان لێت نەدی

ئەی ئاسیای

سووتان و

چاوەڕوانی و

مەنفا!

.....

.....

ئافەرین!

ئافەرین چوار هەزار گوندی وێران..!

ئافەرین سەد و هەشتا و ئەوەندە هەزاری ئەنفال..

ئافەرین کیمیاوی!

ڕاگواستن

زیندان و ئیعدام... ئافەرین!

ئافەرین ئارایشی جامخانەی برسیەتی و

قاتیی و

پاتاڵ.....

ئافەرین...!

ئافەرین فیشەکەشێتەی شەوانی

ویسکی و

برێندی و ڤۆدگا!

ئافەرین ئاگری بن کا.. ئافەرین..!

ئافەرین یەخەی درەوشاوە

پێڵاوی بریقەدار...

ئافەرین کۆنگرەی کریستاڵ..

ئافەرین سمێڵی بابڕ..

ئافەرین سەرپۆشی حەقیقەت... ئافەرین..!!

.....

.....

وەرن شەهیدەکان!

برسییەکان!
تینووەکان!
ڕەنج بە خەسارە دڵشکاوەکان...!
وەرن ڕەبەن و کچە بێ مرادەکان... وەرن!
وەرن بەڵکو ئاسوودەییەکتان
لە بانیژە چکۆلەکەی شیعر دەسکەوێتەوە.
وەرن...!
وەرن...!
هەر ئەو گۆشە بچووکە ماوە دەستی ؛
دزو جەردەو/ بازرگانی شەڕ و/ سەرسەری و
شەللاتی و/ هەلپەرست و/ بەرتیل خۆر و/
سۆزانی و/ تیرۆریست و/ ماستاو چی و/
هێزی (RR)ی نەگاتێ..

وەرن...وەرن!
هەر ئەو گۆشە بچووکە ماوە
هەناسەیەکی لێ مابێ
قومە ئاوێک و
لەتە نانێک و
دڵنەوایی و
زەردەخەنەیەکی تێدا بێ.
وەرن بەڵکو ئاسوودەییەکتان
لە بانیژە چکۆلەکەی شیعر دەسکەوێتەوە...

وەرن... وەرن...!
با ئەوانیش،
لەبەر ئاستانەی سەدەی بیست و یەکەمدا
لەناو باویشکەکانیاندا بنوون...

مایسی1994

لەترپەی دڵ کورت تر

ئەوەبوو قەڵای سەرچڵی و ڕسکانمان؟
ئەوەبوو خەون و چراوگی ڕێگامان؟
(مانگ ـ ێکمان هەبوو
هەندێ جار نان و
هەندێ جار پەنا
ئاسمان لێی بە تاڵان بردین.
ئێستا بێ نان و بێ پەناین.)
.....
.....
.....؟؟
نیو سەدە؛
ڕووتەڵە،
چەترمان لە سێبەر هەڵداوە
هەنیەمان ئارەقەی گوناهی پێدا دێتە خوار...
نیو سەدە..
نیو سەدەی خیزەڵان...
بە چڕنۆک ؛
بە تاوی فڕین و بە خوێنی ئومێد..
بێدەنگیمان بە هاوارە گومڕاکانەوە دیار..
نیو سەدە،

دوورگەیەک بووین دوور....
هەموو دنیامان لە وێنەی
گۆزەیەکی شکاودا دەبینی.
(هەبوو پرچی دەڕنیەوە
هەشبوو دایدەهێنا..
ئێمەش بۆ ژیان. بە دوای
خۆڵەمێشی سووتانی خۆمان ئەگەڕاین..
بکوژی ـ حسێن ـ
هەموو پاکیزەیی دونیای
لە کراسێکی سووردا
بە دڕندەی چیایان سپارد...)
.....
.....؟؟
بەردیش پاڵی بە بەرد داوە
ڕووبار لە چاوتا خنکاوە..
بمپارێزە!
بمپارێزە شوورەی خۆشەویستی
شوورەی ئەبەدییەت..
بمپارێزە!
هاوارێکی ترم پێ نەماوە...
بم
پا
رێزە.....
7/1994

خـەونێـك لەنیـوەڕۆدا

ئەو بەرهەڵە هەبێ و نەبێ چییە؟
ئاوازی جادووگەرانی تاریکی
بە ئێمە لێ نەدرا...
بەفر ؛
لە دەرەوەی بازنەی وەرزەکاندا
چرۆی دەرکردبوو..
ڕووبار
پیریەتی یۆتۆبیای لە کۆڵ نابوو،
بە نەزمی کولانەوەی برینەکانمان
دۆڵاو دۆڵ دەهات...
بەهارێکی پۆشتە بوو...
درەخت گەڵایان هەڵوەراند.
ئەستێرە لە هەوران نقووم بوون.
بەڵام ئاخ...
کلیلی عومریان شکاندین
چەخماخەی نەوایان بە زریان سپارد...
بەم جۆرە،
(مەرگ)یش جیاوازی تێکەوت!!

بڕوانە! لێومان بە لێوی بورکانەوە ناوە،
قاسیدی هەتاویش لە قامیشەڵانی سۆزدا
ئاوازی جادووگەرانی تاریکی دەچڕێ...

بەختەوەر بوون ئەوانەی ڕۆیشتن
بەختەوەر بوون ئەوانەی نوێژیان بۆ ئایندەی بەفر دەکرد...
بەختەوەر بوون...
ئەوانەی (با)یان لە چاو کرد
دڵیان لە باران پڕ کردبوو
بەسەر پردی-نۆ هەشت شەش-دا پەڕینەوە
بەختەوەر بوون..
پرۆفاید کۆمفۆرت، بادەی نەشئەبەخش..
شازادەی کسپەدار ،
لەبەر ڕەشماڵی لەعنەتیی شیعردا،
کینەوەر
لە شەقامی گریان
لە جوغرافیای داخراو..
لە دڵی سەر تیشە،
سەمفۆنیای ئاگری
کەنار و کەنار
بنار و بنار
ئاسمان و ئاسمان

هەڵدەفڕاند...

بەدنمەکی،
تەنی لەرزۆکی
بۆ برووسکە ناکاتەوە...
ئیتر بەسەرچوون،
ساتەکانی نمایشی پاکیزەیی بەسەرچوون...
ئەستێرە پۆل پۆل ڕایانکرد
تێیاندا بوو
لە لەزەتی جەستەی شەڵاڵدا دەتوانەوە،
تاک تاکیش
بەسەر ڕەخشی ئومێدەوە مابوونەوە
دەڕژانە گیرفانە زلەکانی ئایدیۆلۆژیا...

ئەو بەرهەڵە هەبێ و نەبێ چییە؟
ئەبەدییەت...
کوێرایی مێژوو...
تەکنیکی داتەپین...
گۆزەیەکی خەت خەتی سۆمەر و
شەقامی بە ژاوەژاوی
مەیخانەکانی (ئوور) دەرچوو...
لێم دیارە...با بڕوات
گەردوونێکی سۆزانی،

لە سوێند و شادی و
خەم و درۆدا هەڵکێشراو...
با بڕوات
مۆمێکی هەڵایساو
بەسەر پەنجەکانییەوە دزە دەکا،
تەلیسمی کازیوەیە...
شەفەقی ڕسکان...
دەنگەکان پچڕپچڕ
باران پچڕپچڕ
زیندانەکانی ناخ دەکوتێ...
ئەی خودای تاک و تەنیا
تەنیا
تەنیا
ئێمە سوختەی ئەو هەڵەتەین
لە خاکی لەعنەتیی شیعر،
نە سیپارەیەکمان پێیە
نە تێشوویەک...
ڕۆژگار
بە تراکسووتێکی بریقەدارەوە
لە باخچە ئەفسانەییەکانی شەودا
دەخولێتەوە...
لەگەڵ ئەوەشدا ؛
خەنجەرێک نەپشکوی

چرۆیەک دانەوەشێنرا...
ئەی ڕووباری سەرشێت،
ڕووباری پیریەتی یۆتۆبیا
ئەی ترسی نزیک!
کوێرایی با

لە دوورگەی شەختەڕا
دەتکەم بە کۆلارەیەک...
دوور دوور
بەرز بەرز هەڵتئەدەم
تا لە چاوی هەمووانت ون دەکەم..

نیسانی2001

پاییز بێ و
پەنجەرەت بەسەر گۆلی قورینگان
بڕوانێ

وشە لێوی بریندار کردم
جوانییەکی فێڵاوی.. گەچڵاو..
بۆسەی چرا کزەکانی ڕێگا
لە غەریبیدا، دوور لە لێوان
پیاڵەی پڕی لێ ڕژاندم...
بێدەنگیەک
لەشەڕی ناوخۆی گوڵەکانی کەنار
دەزرنگێتەوە.
شەوقی شاربەدەر..
هەتاوی شەشدەر لێگیراو،
باڵوێزی ڕووبارە یەکگرتووەکانی بەهەشت
لە مەملەکەتی قورینگان
بڵێسەی ئەشکەوتەکانی سرووش
نهێنی کوژانەوە و هەڵبوونیان هێنا..

حکوومەتی عەشقیان دامەزراند..
وەلێ داخ سروودی تەمەن
لەگەڵ تاوە بارانێکدا ڕۆیی..
پەنجەرەی عومر لە دەرەوەی گۆشەکانی سۆز
بەسەر چاوەڕوانی ئەزەلیی نیشتمانەکەمدا دەڕوانێ.
.....
.....
.....
پایز بێ و پەنجەرەت
بەسەر گۆلی قورینگان بڕوانێ
سۆز و سەنگدڵی پێکەوە دەبینی..
دەتوانی شنەی نەرم بپۆشی
گیرفانت لە شەونم پڕ بکەی..
لەگەڵ خەمەکانت کۆببیەوە
باس لە بارودۆخ و پێشهاتە هەنووکەییەکان بکەن.
هەر ئیمێلێکت بوێ
بەگەردنی قورینگانی بنێری..
.....
.....
وەهمێکی چەند خۆشە
مرۆڤی دڵ هەلا هەلا
هەموو جیهان
لە قەرتاڵەیەکدا کۆبکەیەوە..

شیرەی هێدمەبوونە..
بەخششی ژاڵە.
لە کەش و هەوای تاریکستان
لە خۆشەویستیەک دەچێ
هیچ حکوومەتێک دانی پێدا نانێ

هیچ فراکسیۆنێکی پەرلەمان
پشتگیری لێ ناکا
هەمیشە ون
هەمیشە تەنیا
هەمیشە بێ وێنە.

تشرینی یەکەمی2002

پاسەوانەکانی ناخ

پەیژەیەک لە گوڵ بۆ هەور...
لە هۆمیرۆسەوە
هەمان تارمایی و هەمان وەهم:
سەمای دڕک
لێوارە بە تەنتەنەکانی پرسیار
کەللەپڕیی، کەڕوو...
سەری پەتەکان لە فڕین دەچن...
ئاسۆ لە پرۆتۆکۆڵێکی قەدکراو
لە تەقسێکی ئابڕووبەر.

(ئەوانەی ڕۆیشتن
ئاسوودە لە سپێدەی ئاژاوە
ئاسوودە لە چاوەڕوانی...
نهێنییان بۆ ئێمە جێ نەهێشت...
دیماهییان بەسەرابی
بڕست و پەندگۆیی و پیرۆزگری هێنا...
ئەوانەی ڕۆیشتن
لە بێشەڵانی (ئا) و (نا)وە،

ئاسوودە لە سپێدەی ئاژاوە
ئاسوودە لە چاوەڕوانی
بۆی دەرچوون...)

گوێی شار بە وتاران بریندار
مردن لە ژیان خۆشتر نەبوو...
مۆرێک بۆ گۆشەگیری،
بۆ زمان پژان
بۆ سۆز...
گۆڕ لە خەونێک دەچێ سپی
سپی وەک کەفاوی سابوون
وێنەی (خود)ێکی سەر بەتەم...
چاوی شار بە وتاران سووتاو
هەور بە مشتێ خۆڵ
بەری ئاسمانانی نەگرت...
ئینجانەیەک لە کلیل
شۆڕشێک لەشەرم
شەو نەیهێشت قژم لە سەردا بڕوێ...
شەو نەیهێشت من و خۆم
یەکتری ببڕێنینەوە...
شەو نەیهێشت گوێمان لە فرمێسک
چاومان لە دەنگ بێ...

(تونێڵێکی تاریک بوو
ئەو گیانبەتاڵییەی لە ئاڵوودەیی زیاتری تێدا نەبوو
مۆتەکەیەکی پیر، کانگەی شەیتانهێن
شەشدەری لێ گرتبووین...
ئەی شاری گۆڕ!
کە دڵنیا و ئاسوودە لە ڕەهایی ئاکامەکانەوە
پێ لەسەر پێ تیلاکت لێ خوار کردووە...
ئەی جەستەی تاجە خلۆر کراوەکان!
پیاڵە و سەنگدڵی و مەیخانەش
بۆ دەرەوەی خەونەکانمان تووڕدران...
ئێستا تارماییەکی ئاوابوو و
ئەستێرەیەکی نووستووین...
ئێستا لەخاڵێک دەچین
تا لەبەر ژمارەیەکمان دانەنێن ناخوێندرێینەوە...)

شارا چ شارا
سروودێکی دەگمەن
کوورەی نوور...
شارا چ شارا، بە خۆی دەچوو...
گەنجینەی کەژاوە
گوڵێکی ڕەنگ هەڵایساوی باخچەی خوا
نیشتمانێک پڕ بە هەناسە...
لە زەماوەندی شەختەدا

چووە دەست ئەوانەی
ڕێگایان بۆ نەدەچووەوە بانە...
شارا چ شارا؟
زەمانێکی زۆر کولێرەی لە ژەهردا کردە قیبلە
کولێرەی کردە دەزگای بیرکردنەوە لە مردن...
شارا چ شارا
جۆگە و ڕووبارەکانی لە چوارچێوە دەگرت...
زستانێک لە پەمۆ
کرمی ڕووناهیخۆری
لە جەستەی دونیا بەرداوە...
کازیوە
سپێدە
نیوەڕۆ و ئێوارەیان پێ نەهێشتین...

داد ئەی شاری گۆڕ !
کە دڵنیا و ئاسوودە
لە ڕەهایی ئاکامەکانەوە
پێ لە سەر پێ
تیلاکت لێ خوار کردووە...
بەهارێک لە شێتی
شیعری بە قەسیدەمانەوە نەهێشت...
داد...داد...
داد... ئەی شاری گۆڕ !

باڵایەک لە کینە
کێوێک لە پۆستاڵ
داڵانێک لە خونکاریی
شایان بوو بدرەوشێنەوە؟
ئەوانەی ڕۆیشتن
ئاسوودە لە سەری پەتەکان
وەک بەرپابوونەوەی پەپوولە
یا گوێ بۆ مۆزارت ڕادێران
لە حەقیقەتی سێبەرە کزەکاندا
دەیانویست بە ماچ
دەمی ئۆپۆزسیۆنی ئەڤین بگرن.
بۆشاییەک لە پڕی
جبەخانەیەک لە ئاشتی...

ڕێگە بوو دەڕۆیی
نەک قاچەکانی من
مانگ بوو دیار بوو
نەک پەنجەی من...
ئەو دارەی سێبەری دەکرد
شین نەبووەوە...
ئەو پاژنانەی شوێنەواریان دەرکەوتبوو
پاژنەی بۆرە جەنگاوەرەکان بوون
دیلیان لە مەزرای ئەجندان

بە پەتی پەشمین دەخنکاند...
ئیتر تەواو ئەی چاوی پاسەوان
چیرۆکی سێبەر لێرەدا تەواوبوو...
گرێکان
لە هێدمەی هەرزەیی و پەیمانشکێنیدا
لێرەدا کرانەوە
لێرەدا...
ئەی چاوی پاسەوان...

شوباتی1998

ئایـندەی پـاییز

چرایەک لە حوسنی تۆ هەڵبووە
وێنەی ڕێژنەی گریانی جودایی...
وەک خەمی نیشتمانی دوور...

سێبەری کز...مۆسیقای ناخ
بێداری هەمیشە بێدار
دەڵێی سێوە دێرینەکانی باپیرمن
بەسەر کەلاری مێژوودا،
بەو تاڵە قژانە نووساون
بە شەوبا دەلەرێنەوە...

چرایەک لە حوسنی تۆ هەڵبووە
بوونەوەرێکی بێ سەرەتا و بێ کۆتایی
نە لە خوا دەترسێ
نە شەرم لە ئادەمییان دەکا
بە بەرچاوی با

بە بەرچاوی بەفر
بە بەرچاوی باران
ڕاوی پەپوولان دەنێ...
بوونەوەرێکی بێ سەرەتا و بێ کۆتایی
نە لە خوا دەترسێ
نە شەرم لە ئادەمییان دەکا...

چرایەک لە حوسنی تۆ هەڵبووە
خەم نزیک و نیشتمان دوور...
تەم لە دڵاوایی چاوی ڕێگا
بەرەو دۆزەخی تاریکی،
یا فیردۆسی نوور بچێ؟
من بە کوێدا بڕۆم؟
ئاسمان کوێر
ئاسمان لاڵ
من بە کوێدا بڕۆم؟
لەو هەموو سێبەرە
کام سێبەر هی خۆمە؟

چرایەک لە حوسنی تۆ هەڵبووە
هەموو قەڵەمەکان تێکەڵ بوون...
هەموو خەنجەرەکان، شمشێرەکان
تێکەڵ بوون.

نیگاکان ڕووەو ژوور
سەرەداوەکان پچڕاو...
چیا،
نیشتمانی پایز،
دوا تاڵی شەفەق داڵدەی نەداین!
ڕووبار بۆ سەمای دڕکاوی
ئوتووی کراسەکەی تێک نەدا...!!
ئاسمان کوێر
ئاسمان لاڵ
ئاسمان کەڕ
من بە کوێدا بڕۆم
لەو هەموو سێبەرە
کام سێبەر هی خۆمە؟

چرایەک لە حوسنی تۆ هەڵبووە
ئاراستەکان لە نووکەوە بەرەو نیگا
نیگا...
جێ پێی بەسەر فەرشی ئومێدەوەیە
نیگا
تامی پرتەقاڵێک دەدا
کە لە چاودا وەک هەتاوێک وایە...
نیگا
لە بەرەبەیاندا خەو دەیباتەوە...

چرایەک لە حوسنی تۆ هەڵبووە
شار تینوو...کولافە
شەقام لە وەرزی نمەکگیریدا
هاڕمۆنیای خاکەشین و مێرگی ترس...
برینەکان لەوەیان زیاتر پێ نەدەکرا
مانگ،
بێداری هەمیشە بێدار
چ پەیوەندی بە سێوێک هەیە
سێوێک هەموو دنیا تووڕ دەدا
پاشان کۆی دەکاتەوە...
مانگ،
چ پەیوەندی بەوە هەیە
پاییز لە شاخ بووە یا لە شار
خەباتی ژێرزەمینی هەبووە یان نا؟
مانگ
چ پەیوەندی
بەو برووسکە گەرمانەوە هەیە
هەمیشە لە باتی نان و دەرمان
لە هاوارمانەوە هاتوون...
ئەی هەوری نزیک
گەوهەری ڕووناهی!
خانەخوێی میواننەوازی مەرگ!

سوپاکان بێرەدا ڕۆیشتن...
جوانییەک
هێشتا شوێنەواری مابوو
لەم ڕێگایەدا درایە بەر نێزان...
زامەکان وەکو خۆیان لێ هاتەوە!!
هەوری نزیک
گەوهەری ڕوناهی
خانە خوێی میواننەوازی مەرگ!
شکۆمان بە ساتێکی فڕیندا
بۆیە لە ژاڵەمان زیاتر نەدی
چاومان لێ دابگرێ
پیاڵەمان لێوانلێوکا...
بەم جۆرە ئیتر پێداهاتین
درەختەکانمان یەک یەک بڕین
تا لە چاومان ڕوانەوە...
(نوور)مان بە شەوی دەیجوور سپارد
هەوری نزیک، گەوهەری ڕووناهی
خانەخوێی میواننەوازی مەرگ...
خۆر ئاوا نەببوو
ئێمە بووین لە جوانی تێر بووین...
ئێمە بووین ڕۆژگارمان تا دواچۆڕ خواردەوە
خۆر ئاوا نەببوو...
هەوری نزیک، گەوهەری ڕوناهی

لەو ساوە،
زەردەخەنەیەک
لە قووڵایی برینەکانەوە هاتووە
خەنجەرێک
لەگەڵ هەڵکردنی باهۆزدا هەڵکێشراوە...
پەیژەی ئومێد،
بە ئاوازە کپکراوەکان
بە مۆسیقای ناخەوە
لەو ساوە،
چرایەک لە حوسنی تۆ هەڵبووە
لەڕێوڕەسمی خۆپیشاندانێکی ئاشتیانەدا
جانتای دەستمی پڕ لە شەوق کردووە
چاو چاو
چ شەوقێکی ڕەش و جوانە
لە دڵە بۆشەکان ئەدرەوشێتەوە...؟
چاوچاو چ شەوقێکی بێ ترس و گومانە
لە لێوە بە بارەکاندا نووقم ئەبێ...

چرایەک لە حوسنی تۆ هەڵبووە
سپێدەدەمان
گوڵەمێخەک،
دارەبەنەکانی پاڵ پاردە
بە سەمای ئەفسووناوی

شازادە لە خەو هەڵدەستان...
شار تینوو...کولافە
شەقام لە وەرزی نمەکگیریدا
هاڕمۆنیای خاکەشین و مێرگی ترس...
من ڕۆیشتم
سەرم لە تاریکەبازاڕی ئاشنایاندا بەجێ هێشت
دامەوە کۆڵانە خۆڵەمێشیەکانی ئەکبادان
ئەفسووس
نە کەژاوەی سوڵتانم دی
نە بۆنی شازادە ڕوومەت گوڵیەکانم کرد
بەڵام گوێم لە مۆزارت بوو
پەردەی حەرەمی دەلەراندەوە...
ئەو دەمە تێگەیشتم ئایندەی پایز لە کوێڕا دێ.
تێگەیشتم
چرا بۆچی لە حوسنی تۆدا هەڵبووە
ئەی هەوری نزیک...گەوهەری ڕووناهی
خانەخوێی میواننەوازی مەرگ !

کانوونی یەکەمی 2001

بەرەبەیانێك دەگەڕان مێژوو بكڕن

لە كەش و هەوایەكی دیموكراسیدا:
ماڵەكەمان سەربەشی ماڵان بوو...
كتێبخانە نوستووەكەم،
خوێنی بێ كۆڵسترۆل و بێ گیروگرفت.
لە بەرەبەیانێكی گوناهباردا
مانگێكی شكاوە
بەسەر دەموچاوە لۆچەكاندا دەڕژێ
كە دەگەڕان مێژوو بكڕن...

ئاگردانی پژاو
پارسەنگی كچێنی سەردەم
هەتاوی تەمەنمان
لە سەرەتاتكێی شارستانییەتدا
كردووە بە تۆپێك نهێنی...
سیزیف..
سیزیف...
سیزیف....

دەگەڕێین مێژوو بکڕین...
فریشتە نووریان لێ ناکەوێتەوە .
بۆرەپیاو
پیاوی داڵانە نهێنییەکان
پیاوی هزرە مەڕمەڕیەکان...
لە بەفری مێژوو
لە وەهمی مێژوودا هاتوو
کەترە...
لە گومان و تاواندا ڕسکاو...
زمانی گەمە و خوێنکاری...
شەیتانی شەوە سوورەکانیان
بەرداوەتە سێبەر...
چاوی هەڵۆ ونە
دەنا باخەکەمان
بەری سێ ساڵانی پێکەوە گرتبوو
بێدەنگی دەزرنگێتەوە...
پەپوولە ئارامیان لەبەر بڕاوە...
چاوی هەڵۆ ونە
چ دەکەن بکەن!
دنیا خۆشە و بێ دەرگایە.....
چ دەکەن بکەن
با ئەمەش چاڵێکی تر بێ
لە ڕێگایێ

ناومان ناوە خەون.
لە بۆشاییەک
پێی دەڵێین (30) یا (100)...

کڵۆی قەند
بەسەر زمانەوە دەتوێتەوە.
بە لەلەیی بێ یا بە پێناوی
گووپی خڕ کردووە...
گۆشتی چەناگەی شۆڕ کردووەتەوە.
هەواڵەکان وا دەگەیێنن...
ئیتر شاباش لە قوڕمیش
لە تیف تیفە و ئینتەلایی...
شاباش لە سەدەی بیست و یەکەم.

ئەوە دیماهی سروواندنە
یا فەروای پڵنگێکی بەڵەک
بای پۆشتە کردووە و
چیای بڵند و
ئاوی بە جۆگە و ڕووباراندا بردووە؟؟
ئەوە ڕوومەتی شازادەیە
یا کولێرەی ناو زیندەخەونەکانمان؟

ڕەنگە ئەو کۆشکانەی بە کەللەسەر هەڵنراون
جوانتر بن...
ڕەنگە لە تاریکیدا
گەنجینەی زۆرترمان دەست کەوێ.
ڕەنگە سیمێکی لە هەندەرانەوە هاتوو
تەزووی گەرمۆکە و خۆشمان بداتێ
گەرمی دراوەکانیان ئاسا...
ڕەنگە وای لێ بێ
کردنەوەی بازاڕێک
خێری زیاتر بێ.
ئەو دەمە خەونەکانمان دێنە دی..
ئەو وەختە،
لەباتی ڕۆژی دوو نان،
سێ نان دەخۆین.
لەباتی ڕۆژی چایەکیش،
دوو چا دەخۆینەوە.
وڵاتەکەمان خۆشە
دەڵێن یۆرانیۆمی تێدایە و
شەهیدیش ...

12/1996

ئەشقیا

نیگایەکانت بە ڕەوتی نسکۆ
لەو ڕێگایانەدا پەرت بوون
فێڵیان لێکردین
بە داڵانە هێمنەکانی ڕۆحدا تێپەڕین
بێ ئاوڕدانەوە...
بێ لا لێکردنەوە
بێ ڕوانین
وێنەی گوللەیەک لە نیشانەدا سەردەکا
لە سێبەری لەززەتدا توانەوە...

نێچیرێکی ئاسان نەبووم
دڵێک بردمی،
بە ڕەوتی نسکۆ، بە کامی لەتردان
بەهارێکی بۆیە کراو
پەڵە هەورێک
لە چاوی منەوە هەڵکشابوو...
سوپاس بۆ با
سوپاس بۆ با

سوپاس بۆ با
نەیهێشت چاوم لە ئاسۆدا ببڕێ
سوپاس بۆ با
دەنگی بەو چرایانە بەخشی
لە ناخی (من)ی ناو (خۆم)دا
بانگیان دەدا:
جیهان فریشتەیەکە لە پەشم
لەو زەمەنە درێژترە
گوڵێکی تێدا دەپشکوێ
لەو ڕووبەرە فراوانتر
بە مەزاری بێ سنووری
زیندەخەونەکانمان دیارە...
گوناه،
ئەشقیای خانەگەردان
بەسەر کەپکی بێئومێدی و لەخۆنووسان
گوناه،
ڕێبواری شەکەتی چاوغایەنی هەڵوەدا
لە شەقامی کوژاوە و چۆلی
ئێوارە درەنگان...

ئەمجارەش با لە دیدارئاخری تۆی پاراستم
ئەمجارەش با
لەو هەورانەی شاردمەوە

لە بن پێیان کەوتبوون...
سوپاس بۆ با
سوپاس بۆ با
کە هەمیشە ناهێڵێ
بازی کێوییان بگیرێ...

وەسیەتی ئەستێرەکان نەبوو
ڕۆژگار جێنووکی سپی
بە سیمای ماندوومان بەجێهێشت...
وەسیەتی ئەستێران نەبوو
خۆر لە نیگای تۆدا
ترس و گومانی بۆ باراندین.
وەسیەتی ئەستێران نەبوو
ڕێگاکان فێڵیان لە خەونەکانمان کرد
وەسیەتی ئەستێرەکان نەبوو...
ئەمە ڕەوتی باهۆزە ناوادەکانی
دۆزەخی زەمین بوو
لەگەڵ تەنیایی کزەبای سپێدە و
دڵە هەلا هەلابووەکان جووت دەبوون...
کێڵگەکانی شەو
بە مۆمەکانی بەرپەنجەرە ڕووناک ببوونەوە
تێشکانێکی شۆخ بوو
لە سیلەی سۆزەوە

بڕوانیتە جوانی
ماندوو...
هەناسەسوار...
لە باسکاندا ئاوا دەبێ...

گەمەیەکی بەسەبر بوو
بارانی مانگمان بە برینداندا دەکرد...
ئاگرمان لە قوولایی ڕووباران کردەوە...
مەملەکەتێکی بێ شنە
بێ نوور بوو
هەموو پیشەسازی و دەوڵەتی
چەند کارگەیەکی وەهم بوو
کە لە ڕاست و چەپ
بە ڕاست و چەپ کاریان دەکرد
تێکشکانێکی شۆخ و گەمەیەکی بە سەبر
لە سیلەی سۆزەوە بڕوانیتە جوانی
بڕوانیتە گوناه
ئەشقیای خانەگەردان
ڕێبواری شەکەتی هەڵوەدا...
تێکشکانێکی شۆخ...
گەمەیەکی بە سەبر...
تێکشکانێکی.....
گەمەیەکی.....

تشرینی یەکەم2002

لە پرسەی (نـا) دا

گۆڕی دوور لە مەرگ
پەنجەرەی کراوەمان، بەسەر باپێوی
وڵاتی بە مردن تێر و بەشتی تر ناشتا
ئامرازی پاکەوانەکان...

گوڵئەندام
لە پاڵ ئەوەی من و تـۆ دەیزانین
ترسم لە ئاوی پەنگاوە...
لەم ڕێیەدا،
کە زیاتر لە ئاوەڕۆکان دەچێ
ترسم لە تیغی تازە ساوە،
لە چەپڵەی گەرمی رەعیەت.

لە کۆڵانە ڕووتەکانەوە بەرەو پەرستگا،
منداڵیی نیشتمان و
نیشتمانی منداڵیمان هەڵواسیوە...
بوونەوەری ڕەنگ داپچکوڕاوی
چاو زیت و کەمۆ
لە کەندووی بەتاڵ ئەکەن
سێ وەختەی ڕۆژێ بۆش
کاسەی سمتیان داوەتە بەرخۆر...

گۆڕی دوور لە مەرگ
ئاسوودەییەک لە پێدەشتی چاونزیی و
بەدکریڤی و
تژی خۆهەڵخستن.
تەنگەڵانێکی بێ هاوتا.
زڵکاوێکی خومار.

لە کۆڵانە ڕووتەکانەوە بەرەو پەرستگا
منداڵیی نیشتمان و
نیشتمانی منداڵیمان هەڵواسیوە...

7/1996

دەست لەکارکێشانەوەی ئەستێران

(1)

ئەو ژنەی
لە ڕەنووی هزرە مایەپووچەکانەوە
کەوتووەتەوە..
ئەو ژنەی
ڕەشەبای پۆشیوە و
شەڕی سپێدەدەمان ئاگردەدا و
چاو لە ئێوارە دادەگرێ...
ئەو ژنە حسابێک بۆ کەس ناکا
نە بۆ هێزی هاوپەیمانان،
نە ئەنجوومەنی حوکم...
بە نیلۆفەری چاوی
هەموو هۆیەکی ژیانی لە شار بڕیوە...
ئەستێرەی لە ئاسمان خانەگومان کردووە
دەستی پێ لە کار کێشاونەتەوە...
لە میوانداری مەرگدا

کە خوێندنەوەیەک نامێنێ
با خۆی ڕووت دەکاتەوە
چیاکان سەر لە بن گوێی یەکتر دەنێن...
ژنێک ڕەشەبا دەپۆشێ
سپێدەدەمان ئاگر دەدا و
چاو لە ئێوارە دادەگرێ...
ئەستێرە ئیتر هەڵنایێن...
دەست لە کار دەکێشنەوە.

(2)

من خەونێکی دیکەم نەبوو
ئەو ئازیزانەی خۆشم ویستن
داخ کە پێیان نەزانیبوو
لەگەڵ دەست لەکارکێشانەوەی ئەستێران
ونم کردن.

(3)

لە خۆشەویستی دەپرسی
چۆن دێ و چۆن دەڕوا؟!
بۆ هاتنی خۆشەویستی هۆیەک نییە
خۆشەویستی هەمیشە دێ....

(4)

شارم بە چۆلەواری ڕۆحم سپارد

سۆز و چاوەڕوانی و خەونی منالٚیم
بەم دەمودەستە لە کوێ بێنمەوە؟
کە خۆم ئاگرم دەکردەوە و
خۆم سڕ ببووم...
ئەو چاوانەی
تریفەیان لە مانگ دەدزی و
باری (نوور)یان
لە بەر ئاستانەی خەراباتان لێ دەخست
ئەو چاوانە
نسێی خۆرئاوا بردنی...

(5)
ئەستێرە
دەستیان لە کار کێشایەوە...
پێویستە چارەیەک بۆ ئاسمان بدۆزرێتەوە.
لە میوانداری مەرگدا
خوێندنەوەیەک نـامێنێ...

ئەیلوولی2003

خۆشەویستی بەپێوانەی ڕێختەر

(1)

/ پەڵە هەورێک لە شکۆفەی گریانی من پەیدا بوو/
/ ڕۆیی/
/ ڕۆیی بەسەر کێڵگەی تردا باری/ ئەو بێ ئاگا نوقمی شەقامە بەژاوەژاوەکانی لەزەت بوو/ من لە کۆڵیتە هێمنەکانی ڕۆحەوە/ گڕوگاڵی پەپوولە ڕەنگاوڕەنگەکانم دەدی/ نوکتەم بۆ ئەفسانە دەگێڕایەوە/(با)م پۆشتە دەکرد و / گەردانەم لە باران دەهۆنییەوە/

ستڕانی ڕۆحی دەچڕی
هەناسەی لە لێواران شین بوو
لووتکەی لە بەفر یاخی
شکۆی لەسەر جادان کەوتوو...

(2)

/ دڵی دوور لە خۆشەویستی/ دوور لە مەیل/ نزیک لەپیاڵە، لە کەیل بوون/ بەڵام تیشکێک بە پەیکانی بێ ئامانی شەهلاوە ئەوەتا لە دوورڕا دیارە/ ڕووبارێکی

خەواڵووە/ لە ڕازێکی ئاشکرا و خەیاڵێکی نوستوو دەچێ.../ دڵی دوور لە خۆشەویستی.../ تاسەی ئاڵوودەیی/

گریانێک لە چاوی هەڵوەدای ڕۆژپەڕ
دەڵێی هەوری هاوینانە،
نە پەرت دەبێ، نەدەبارێ...
شازادەی قامیشەڵان
نەشئەی سایە فێنکەکان...
بەفر دەیلاوێنێتەوە...
بەهار سڵاوی لێ دەکا...
شازادەی قامیشەڵان
قژی لە هەور دەسوێ
مەمکی لە نوور...

(3)

/ ئەو کانییە بەختی لێ قووتداین/ ڕۆحمان/
/ نووزەی لێ بڕاوە/
/ بە دوامانەوەیە بە ئاستەم هەناسە دەدا/
درەخشانە...
/ درەخشانە بەر ئاستانەی خەراباتان/ تەنپۆڵایە ئەو بەفرە/ تەنپۆڵایە ناتوێتەوە/
/ بەببار بەببار بەببارانی/

ئەو شۆستانەی
خۆزگە ناکامەکانی نیشتمانییان لێ کەوتبوو...
کەس بە لایاندا ناڕوا
تەنیا
بێ ئاودەنگ...
سەرکز... چاوەڕوان...
لە کێڵگەیەکی بەردراو
لە گوندێکی وێران ئەچن...
ناوی لە هیچ لیستێکی ئاوەدانکردنەوەدا نییە
ئەو سبەیەی لە خەونا دیبووت
ئاڵ بردیەوە...
ئەو بێ مەیلیەی لە کووخەکاندا دەژی و
لە تارمایی کازیوەدا دەردەکەوێ
بە ڕوومەتی چرچ و لۆچی لێڕەواردا دێتە خوارێ...
سرووشت، سەرچاوەی پاکیزەیی
ئەو ڕێیە بەسامە نەبوو
ئاگردز نائومێدی و ڕەنجبەخەساری بۆ هێنا...
ئاگر دز...
ئاگر...دز...

(4)

/ لە ڕەوتی باران بێزار نەبووم/ بزانە! من لە ڕەوتی باران بێزار نەبووم/ ئەو ڕەخشەی شەوانە/ دەیدایە کێو/ شەیدا.../ درەوشاوە.../
ڕێگای ون کردووە/ لە شەتاوان دەخولێتەوە/
/ شینگێڕ دیسان بۆچی کۆبوونەتەوە؟/ ئەو گیانلەبەرە خەمبارانە بەم نیوەشەوە بە دوای چیدا دەگەڕێن؟/
بڵێی
ڕێگایان بدەن / پەیژەیەک بە خەونەکانیان هەڵبنێن؟/

هەست... بە تەسلیمبوونی نیگا.
خەون... بە ئاوازی سەقەت.
ژیان... بە پێناوی و بێدەنگی.
نەوت... بە خۆراک.

(5)

/ بیرت چۆن بۆ دروستکردنی ئەو هاڕمۆنیایە چوو؟/
/ ئای لە سەدایێ پایزێ/ ئای لە جواناوی شیعرە کەزی درێژەکان/
/ ئای لە ورشەی کوانوو/ لە زەردەخەنەی هیوابڕاو/ لە پەنجەی لە گۆچوو/ لەزرینگانەوەی کەژاوە/ ئینجا ئای لە چی نا؟/

گریانێک لە چاوی هەڵوەدای ڕۆژپەڕ
دەڵێی هەوری هاوینانە
نە پەرت دەبێ، نە دەبارێ...

خوایە بە دوعای چ هەتیوێک.
بە سوجدەی چ عابدێک.
بە ناڵە ناڵی چ نەخۆشێک.
بە شەبەقی چ خوێنێکی بە ناهەق ڕژاو.
ئەو دەسەڵاتە (بێدیماهی)یەت بەعەشق داوە؟
لە شەختە چرۆ دەردەکا و
بەهاران دەیوەرێنێ...
خوایە ئەوە چ بەڵایەکە
بۆ عەبدی خۆتت ناردووە؟
ختووکەی ڕەهێڵە دەدا و
چیا دادێنێ؟
چ بەڵایەکە
لە ڕۆشناییا زوڵمەت و
لە زوڵمەتدا ڕۆشنایی بەرپا دەکا...؟
خوایە... ئەوە...چ...بەڵایەکە...
بۆ عەبدی خۆتت نازیل کردووە؟

حوزەیرانی2003

تێـلنـیشان

ئایا باشتر نییە وەگیر قاتڵێک کەوی
تا وەگیر خەیاڵی ژنێکی هەوەسباز؟
نیتچە

(1)

/ سنووری کۆچەریان لەو سۆزەوە دوایی هات/
/ پێخوستی ئەرخەوانی پێوە بوو.../ سۆمای چاوم مینا بوو/ سایە بێهاوتا...بێنەزیر/ کنێر پاڵپشت/ تەم بەرکۆژە.../ تۆ نیگارێک نی مەکۆی سیحر و ئەفسانە/
/ تۆ بێشەڵانێکی/
/ جوانی و درەندەییت پێکەوە تێدایە.../

دنیا لە سەهەندی گومڕاییدا نوستووە،
ئەو پیاوە سادە و دڵپاکە نەبێ،
دەڕوا پێ لە دڵی خۆی دەنێتەوە...
دڵی شووشە
لە یاری پێکردندا شکابوو...
مارەزیو،
درەندەی جەنگەڵان، پەسیوی پیلان...

مارەزیو شایانی تەلاری دڵ نەبوو
شایانی تەلاری مینابەند نەبوو مارەزیو...

(2)

/ (کارێ) لە هەیوانی ڕووناییی فرمێسکباراندا هاتووە.../
/ ڕووبەندی هەواداریە/ گۆشەی ڕەشداگەڕاو/ چاو/ کەوشەنی ئەوانی بڕیوە و بەردەوامە.../ (کارێ) پاساریییە؟/ نەء/
/ کارێ هەناسەی ڕەشی سەردەمە؟/ بەڵێ.../

نێرگسی گوڵڕەنگی بینایی بوو
فیراق نەورەسی تەنیایی...
نە دیواری خانەقا ما،
نە بەر ئاستانەی خەرابات
ئیدی مەدەدیار لە کامە ڕووگە
لە شەیدایان دەردەکەوێ...؟

(3)

/ ژانری چی دادڕەس؟!/ درەختی مەوسیمە/
/ نادیدە.../ تیری غەدر لە بەیان دەگرێ/ تەتەر بە دەردیان نەخوارد/ مۆسیقا...ئاواز/ لە کوێی مەرگن...؟/

خۆزگەکانم گوڵیان دا
گوڵنار چەتری خەرامان بوو...
ئەوە من نیم سنووری تەم دەبڕم
ئەوە ئاوێنەی (کارێ)یە
شەوق لە سۆز دەداتەوە...

(4)

/ کێ وای کرد وێنەی خۆمان نەناسینەوە؟/
/ توحفەیێک بوو لە مۆزەخانە/ بەڵام هەڵنەواسرابوو/
/ هەڵپەسێردرابوو.../
/ لافاویش هات/ ئێمە هەر تینووەکەی جارانین.../
/ زەنەکە.../ زەنەکە/../ زەنەک.../

چیا نایەڵێ بخەوم
چیا نەیانهێشت بخەوم.
چیا تەماشامان دەکەن،
چیا تەماشایان کردین،
چیا دەبینن چ دەکەین.
چیا بینییان چمان کرد...
چیا ئیتر باوەشمان بۆ ناکەنەوە...
چیا ئیتر تێمانگەیین چ ماڵێکین...
چیا نایەڵن بخەوم...

(5)

/ باران بوو خۆڵەمێشی دامرکاندەوە.../ بەی بوو/
قوببەی هەڵداشتە فڕۆکەخانەکان.../ هەورازێکی
سەخت نەبوو/
ئەگینا شەو هەر من دەزانم چی پێ دەکردین/ ئارێ!...
ماسکفرۆش بازاڕیانە/ ئارێ (کارێ)یشی تێدا
بەشدارە.../

لەو دیو جامخانە شینەکانەوە دەیانبینم
لەو دیو جامخانە شینەکانەوە دیتنم...
لەو دیو جامخانە شینەکان،
دەستیان لە پرچی شیعرم نابوو
ئاگریان بەڕوودا دەپرژاندم...
بانگ هەر جارێک بوو:
خوداحافیز مەوسیمی خایین...

(6)

/ فیراق پێشوتاری کتێبێک بوو/ بەشەختە
نووسرابووەوە .../
باڵ بە باڵدارانەوە.../ وچان بە سیمای ماندوو.../
/»دیسان شەوهات«/ (کارێ) شەوبەشارە.../ تۆ /
/ ماندوو نەبووی کارێ؟/

سپێدە بەوازی ئێمە ڕوون دەبووەوە...
سپێدە بەوازی ئێمە ڕوون ببووەوە...
خەنەبەندانی ڕووبەند و
شینی سایەی ڕەشماڵان بوو
سپێدە ئەی دڵ درێژ دەبێتەوە...
درێژ دەبێتەوە...
درێژ دەبێتەوە...درێژ
تا دەستی بە بوولێڵ ڕادەگا و
نایەڵێ تاریک دابێ...

حوزەیرانی 2003

هەندێ لەو شوێن پێیانەی بەسەر شەختەدا مابوونەوە

»حەیات زەوقی بە ئەحبابە ، بایە ئاووهەوا «

حاجی قادر

(1)

ڕۆژگارم بێ تۆ سارد
لەگەڵ تۆشدا بە ئازار...
هەنگاوم بە ئاوازەکانەوە دیار.
ئیتر وابوو:
ژیان لە برووسکەیەکەوە هات
بە برووسکەیەکیشەوە ڕۆیی...

(2)

دەستەکان چوونەوە باڵ یەکتر
هێڵێک لە مۆمەکانی سەر تاخچەدا هاتبوو
مەرگی پەپوولە و گیانەڵای هۆشی بەدواوە بوو...
دەستەکان لە پاڵ یەکتر بوون
ڕێگایەکی تر نەبوو...

(3)

گەرایان لەو ڕووبارەدا خستبوو
لە ڕۆژگارێکی تاریکدا
سنگیان دابووە خۆر...
کۆمەڵێ ماسی بوون کەس نەیدەناسین.

(4)

ڕۆژێ لە ڕۆژان
پەنجەم لە پەنجەی تۆ ئاڵان.
دەرگاکان داخرابوون
من هیچ کلیلێکم پێ نەبوو
کلیلەکان،
لە خانەی مەرگ پارێزراو بوون
ڕەنگە مردن لە جودایی خۆشتر بێ.

(5)

هەور
کووچە بە کووچە
شەقام بە شەقام
دەرگا بە دەرگا
بە دوای ناوونیشانی برسیەتیدا دەگەڕا...
لە خاکی نەزۆکدا
مرۆڤ تەنیا دەسەڵاتی بەسەر قسەدا ماوە.

(6)

لە سایەی بەفرەوە
بەرەو خاڵێک دەیبینین و نایبینین...
پەیژەی ئومێد بە ئاوازە کپەکانەوە
لاوێتی گریانی پێدا دێتەخوار...

(7)

مەرگ لە لەپی دەستێک دەچوو
بەزاری هەڵۆوە...
هەڵۆ ئاسمان تەی دەکا
مەرگ زەوی...

(8)

چەترێک بە دیواری نیگایانەوە
ناهێڵێ چاوەکان
تارمایی گومان بیانگاتێ.

(9)

ژێی کەمانجەکەیان پساند
ئەی چاوی شێخ!
موحیبەتت لە چ کەندێکدا فڕێدا!؟

(10)

هەورازێک لە پرچی ئەودا بوو
سێوێک لە لێو و
دۆزەخێک لە چاوی...

(11)

خەونەکانمان هێشتا لە سندووقدان
وەرە پێم بڵێ
خۆشەویستی نەمردووە.
وەرە پێم بڵێ ئیتر وەختی نەما،
ڕووپۆشەکان هەڵدەگرین.

(12)

ئەو پەلکە گیایانەی
سێبەریان لە ئێمە کردووە
لە زەمینێکی برووسکەدارەوە شین بوون.
چ خەبەر کەژێ!
هەتاوی چاوت
ڕێ نادا چاوم لێک بنێم؟

(13)

شوێنپێ بەڕەگەکانەوە دیارن
گریان ئەستێرەیەکی کوژاوە،

لە ئاسمانێکی سپیدا
ڕەنگ دەداتەوە...
لە زەنگێکی برۆنزیدا،
دەنگ دەداتەوە.

(14)

هەور
لە بەینی پەنجەکانی مندا دزەی کرد کەژێ!
باران لە چاوی تۆ...
بەڵام پەنجەکان لە خاچ دران...
(خۆشەویستم)
لەو باوەڕەدای
بێم لە شانۆگەرییەکی ناتەواودا دەربکەومەوە؟

(15)

کولێرەیەک
بەسەر کەللەسەرەکانەوەیە
کەس لە هاواری باران ناچێ
باران لە مەیدانی شەڕدا بە تەنێیە
کلیلی دڵیان ڕفاندووە...
چاوە خومارەکان چاوەڕێی چین؟
چاوە خومارەکان بەدیار چییەوە دانیشتوون؟
باران لە مەیدانی شەڕدا بە تەنێیە.

(16)

وەک مەرگ
وێنەی ئاسمانی بێپایان
شینە کەژێ
لەو بەرۆکەوە بۆ ئەو بەرۆک
گوڵێکی ماندوو،
سیسە کەژێ!

(17)

هەموو شتێک وەک خۆیەتی
ئاوێنە،
بە ڕوخساری شەکەتدا هەڵواسراو
ڕەنگە دەرگای ئومێد
لە بەفرێکی پاییزی زیاتر نەبێ...
ئەرێ بەڕاست!
چڵێک لە ئینجانەی بەر پەنجەرەدا بوو چی لێ هات؟

(18)

پەنجەکان جوان بوون، ئاوازیان دەچڕین
پەنجەکان جوان بوون دەچوونە باڵ پەنجەی تر...

ئێستا پەنجەکان
بێ هوودە لە هۆڵەکان هەڵدەبڕێن...
پەنجەکان...
ئاخ پەنجەکان...

(19)

گڕێک لە قووڵایی کەلاوەکانەوە،
لە قووڵایی ساتە نەفرەت لێکراوەکان
گڕێکی ماندوو،
فێڵ لێکراو...
بێ دەرفەت
ناسیمەوە کەژێ،
گڕی خۆشەویستی هەردووکمانە.

(20)

بەرد ڕەگی دەرکردووە...نابزوێ.
ئاو ڕەگی دەرکردووە... ڕێ ناکا.
چۆلەکە ڕەگیان دەرکردووە... نافڕن.
زەمین بێ ڕەگ ماوەتەوە.

(21)

بەرەواژییەکان پێکەوەن.
بەرەواژییەکان بەیەک ڕێگادا دەڕۆن،

لە یەک جێگادا لێ دەخەن...
بەرەواژییەکان پێکەوەن
وتار بۆ یەکتر دەخوێننەوە
چاو لە یەکتر دادەگرن
بەرەواژەکان بڕیاریانداوە پێکەوەش بمرن.
بەرەواژەکان پێکەوە دەمرن...

(22)

مانگ لە مێشکێکی پژاوەوە هەڵاتبوو.
ئەوانەی لە بانیژە وەستابوون
لە ناو گەڵای درەختاندا دەیانبینی
دەردەکەوت و ون دەبوو...

(23)

خاڵێک
هەموو ڕووناهی لە خۆیدا کۆکردەوە
گەڵاکان سێبەریان برد
چەکەکان خەون.

(24)

پیتەکان لە جەستەی تۆدا دەلەرێنەوە
وادەی چاوەڕوانی نییە...
کە لە گەڵتام هەمیشە دەڵێم جارێکی تر ناتبینمەوە...

چ سڕڕێکە کەژێ!
تـۆ بتوانی بە بێی من
لە خەونێکی پایزیدا نقووم ببی؟

(25)

تـۆ لە حەقیقەتی ئاراستەکان نەگەیشتووی
هەرگیز وێنە ئەندازەییەکانی واقیع
شکڵی میوەکانی خەیاڵ نادەن.

پاییزی2002

ئـاوازە ماندووەکـانی یەکـتەنی

(سنگی قووڵی ئەم بێدەنگییە چ پاک هەناسە دەدا...
بڕوانە ! چلۆن ئەم بێدەنگییە پیرۆزە گوێ ڕادەدێرێ)

نیتچە

-A-

وشە تەنیا باڵ نییە،
لەبەر پێی شازادەدا
بە سوپاس بدرەوشێتەوە...
پەرۆشیی،
کانگەی پێسپاردەیی و
ئاراستەی ڕێ پێ هەڵەکردن دەرچوو...
کەژێ، هەر لە دەستپێکدا
کێڵگەیەکی بەردراو بوو...
کەژێ بەڕووبەندی وا دەردەکەوت
لە قەنەوزی گۆمە وەستاوەکانی دەکرد...
لە ساوی ئاو،

لە ئەندازەگیریی تۆزاڵی خۆلێگۆڕان...
لە دەسپێکەوە،
چاوی لێ بوو
لە تاڵ تاڵ و
سات و سات و
چڵی چڵی دەوروبەر فێرببوو،
چاو لە ئاسمان
ورشەی مانگ لە زڵکاودا نقوم بکا...
وشە نوخشەی ختوکەدانی ویژدانە!
ئەشقیای بە کێوکەوتوو؛
هاوڕێی (با)
هاوڕێی باران...
ئەوە نیگای هاودەم نەبوو
ڕوو لە ئاسمان...
ئەوە چاوی ئارەزووبازی کەژێ بوو
کە دەمگوت نەفرەت لە ڕۆشنایی دەکا؛
خۆی لە پاکدامەنی دەدزێتەوە،
وا دەرچوو...
سپێدەی هاوین،
لە چاوی تەلیسماوی درۆینی کەژێ دا
گڕی دەباراند...
خەیاڵم دەکرد ئەو ڕاڕەوە
بە بێ تۆ نەچێتە سەر...

ئەستێرە بکوژێنەوە
جارێکی تر بەیان نەدا...
بەڵام وشە هەرگیز،
بوونەوەرێکی بەتەنێ نییە.
مەگەر جوانی و ڕەندی دونیا
لە کوێدا جێیان دەبێتەوە...؟!
بۆ ڕووناهی ڕێ
من وشەم بەسە.
تۆیش تا هەتایێ نوقمی
وەهمە لەززەت بەخشە،
ئایدزهێناکانی خۆت بە...!

وشە تەنیا باڵ نییە کەژێ!
کەژێ ی ژوورە تاریکە پەنهانەکان
وشە تەنیا باڵ نییە...
من وشەم بەسە...

2004.8.12

-B-

گریان... ختووکەی خەیاڵە نوستووەکانی ناخ
لە بەهەستترین تەجەللایدا.
گریان وەجدی شەفەق و نامەی سپێدە،
لەو چرکە کورتانەی بنەوشەیی دەنوێنێ...
مرۆڤ چەندی پێویستی بە شیعرە، پێویستی بە
گریانە...
شاعیر تا پتر لەکڵپەی ئاگر و
یەکتەنی شاخ و
تەوژمی باهۆز بگا...
دەبێ بگری...
گریان ئیکسیری دارای ڕووناهییە...
شاعیران دەبێ بگرین...
تا خەڵوەتی نهێنییەکانیان گوڵی لێ بڕوێ...
بە نابەڵەدم مەزانە...
پێویستە قسەیەک لەو مەسەلەیە بکەین...
گریان... باڵی ئەو ڕەنگاڵانەشە
ئازادانە ئەم چڵ و ئەو چڵ دەکەن...
گریان... بارانی ناوەختی ڕێکەوتی خۆشەویستی و
ڕەشەبای جودایی و
هاواری برسیەتی و بەجێهێشتنی وار و نیشتمانیشە...
هەمیشە سەردەمی بێ گریان،

بە ڕۆژگاری بێئومێدی و هیوابڕاوی ناوزەد دەکرێن...
گریان... دەستەواژەیەک نییە،
مانای لێکبدرێتەوە،
گریان نیازێکە
وێنەی کەڤاڵی هونەرمەندێک،
بە کۆمەڵێک ڕەهەندی دیار و نادیار دەخوێندرێتەوە...
دەسا بابگرین بەسەر سێبەری،
ئەو ئاوازانەی گژوگیای بناریان بە عەشق
دەنەخشاند...
بابگرین
بەسەر تارمایی ئەو خەونانەی بە شیعر
دەستیان پێکرد و
بە شیعر کۆتاییان هات...
بابگرین
بەسەر جوانییەک
پێشەنگی کەژاوە و
چرای سەفەرە...
بابگرین...
ئاسمان چاومان لێ دەکا...
ئاسمان لاساییمان دەکاتەوە...

2004.8.6

-C-

نەژاد! خود لە بارێکدا نییە
ڕەهایی دەربڕێ...
ئیتر نەما،
دیدار ئاخر بوون، جێی سەرنج بێ...
بەسەرچوون
ئەو ڕۆژگارانەی ماسک و ڕووبەند
هەر لە دوورڕا دەردەکەوتن...
نەژاد! پێم کەوتۆتە سەر ڕەشانگ.
کەچی هێشتا
بەفر نایەڵێ
ئاسوودە سەرەخەوێ بشکێنم...
بەفر نایەڵێ چاوم بپشکوێ و
شەفەق و بووڵێڵ بگەیێنمەوەیەک...
هاوسەنگیی سرووشت
دڵساردی نەدەگەیاند...
ئەندازەگیریی
کارێک نەبوو لە بەرامبەر هەستدا کردیان...
مێرخاسی،
ئیتر ناوکۆیی (هاتیی) نییە،
ختووکەی ڕەهێڵە بدا و

مەوسیمی چرۆ و نەوای هوزاران دەستەمۆ بکا...
با بەخەونەکانماندا بچینەوە...
وەختی هاتووە
بزانین چیمان لە بیر کردووە...
داوامان لێدەکەن
شەباقەی برینەکانمان کراوەتر بێ،
تا خوێنمان کەژاوەی مارینز و
یارییە خنجیلەکانی دەسەڵاتی پایتەختان،
ڕەنگینتر بکا...
بۆ نا!؟
پاکدامەنی
کەی لە ئەلف و بێی سیاسەت
جێی بووەتەوە...
ئەو غەیبە
بە کام سۆز کەشف دەکرێ؟

نەژاد!
هەڵەتێکە،
نازانی نە بڕۆی، نە وچانێ بدەی...
نە گیانی شەکەتت
بدەیتە بەر ئاوهەڵدێرێ
قیبلەنماییێکت پێنییە،
نازانی ڕووت لە کوێستانە

یا گەرمەسێر...
لەم ڕەوزەنەوە دەیانبینم،
چوارشانە،
بە ڕسکان ڕسکاون...
لێزمە و گەواڵە هەورانیش ڕادەگرن.
لێ چاوغایەنن،
بڕوایان پێ مەکەن...
ئەوە دەمگۆ نییە نەژاد!
ئەوە پەرتەوی نهێنییە درەوشاوەکانە...
لەم ڕەوزەنەوە دەیانبینم...
بە شەیدابوون، شەیدای خیانەت و دەرهاوردەکانین...
ئەوە دەمگۆ نییە نەژاد!
دەمگۆ نییە...

2004.7.8

-D-

لە وەتەی هەین
هەوراز دەمانداتە دەست نشێو و،
نشێو ڕووبەڕووی هەورازمان دەکاتەوە...
لەو کۆستەوە بۆ ئەو کۆست...
خانەگەردان...
ماڵ بە کۆڵ...
بە ڕووباران خوێنمان داوە...
بە بڵندی چیایان کەللەسەرمان پژاوە...
ئێمە فڕینمان بە فڕین
دەست پێ نەکردووە...
لێرە...
لەسەر خاکی خۆمان هێللانەمان چێ کردووە،
لەو سەرەوە هاتوون
بێ ئەوەی غەدرێکمان لێکردبن،
یا سنووری باخچەکانیانمان بەزاندبێ
لێیان تێکداوین...
ئێمە فڕینمان بە فڕین
دەست پێ نەکردووە...
هیچ نەما پێمان نەکەن...
ڕێگەی داهێنەرانەی وایان لە ئازاردان و
کوشتن و

ڕەشکردنەوەمان داهێنا
کەسنەکردە...
بەڵام ئێمە عاشقی ژیان بووین،
عاشقی هەتاو و خاک و باران بووین و
نەنوستین.
ئێمە فڕینمان بە فڕین
دەست پێ نەکردووە...
ئێمە بەرلەوەی
دەستمان بگاتە ئەو هێشووە،
زۆر چڵمان لە ژێر پێدا شکاوە و
کۆڵمان نەداوە،
خۆمان بە هی تر گرتۆتەوە...
ئێمە فڕینمان
بە خوێن و
فرمێسک و
بە تاوی گریان و
بە تەکانی هەڵات هەڵات و
بە چاوەڕوانی زیندان و
گەردەلوولی ئەنفال و کیمیاباران و
بە زوڵمی مێژوو و جوغرافیاوە دەست پێکردووە.
ئێمە فڕینمان بە فڕین دەست پێ نەکردەوە.

2004.3.8

-E-

زیندە خەونن
ئەو هاوکێشە ناهاوسەنگانەی
وەک ئینجانەیێکی گڵ لە دەستمان گرتوون...
زیندە خەونن..
ئێمە گرێژنەی دەرگا تێکشکاوەکانمان،
هێشتا هەروا ماوەتەوە..
ئاهەنگێکمان بەبوونی، نەبووی
دەور و زەمانێکی زۆرمان نەداوە..
دەرچوو زۆربەمان،
لە بەرنامەی زیندەبەچاڵکردنی خەونان..
لە بەدنیهادی بێ ئەندازەی
وەفا و شەرم نەگەیشتبووین.
دەرچوو ئێمە سەهو بووین..
دەرچوو... (؟!)

زیندەخەونن،
ئەو کوانووانەی
لە دووکەڵ زیاتری لێ دیار نییە،
سەرسام..
حەپەساو..
برادەرەکەم، لە هەندەران دەژی..

گرفتی گەورەی ئەوەیە،
وەرزەکانی ساڵی لێ تێکچووە،

برادەرەکەم
گەنجینەی بەردەرگای ماڵی خۆیان نابینێ!
چووە بەدوای ئەو گوڵانەدا دەگەڕێ
کە (لەوێ)
لەسەر تەرمی مردووانی دادەنێن..
ئەو لەوەتەی سەری هەڵگرتووە،
سەیری ئاوێنەی نەکردووە و
ئادگاری خۆی نەدیوە..
دوای ئەو هەموو ماوەیە
هاتبوو بە پەرۆشەوە
سیماو ئادگاری خۆی ببینێتەوە،
ئەو تا خۆی نەدیبوو
نەیدەزانی ئەوەندە ماندووە..
ئەو تا خۆی نەدیبوو
نەیدەزانی ئەوەندە ئومێد دزراوە..
ئەوەندە هیچیە..
زیندەخەونن..
ئەو ماملّەت و سەروسەودایانە..
وژەی (با)ن
کاسیشی کردووین

دووکەڵی کوانوویش
کە دیار نییە لە ئاگرەوەیە
بەڕوومانا ئەدا..
بەخێر لە بەفرانباری تەمەندا
ڕەشانگمان لێ دەرکەوتبوو.
بەخێر خەریک بوو
هەنگاو هەڵێنین..
زیندەخەونن..
زیندە..خە..و..نـ..ن.

کانوونی دووەم1995

-F-

ڕێگاکان بەرەو کوێمان دەبەن؟
ڕەشەبا بە زمانی لاڵمانەوە؛
ئاسۆی مێژوو
ئاسۆی جوگرافیا
ئاسۆی ڕەنگ و مەرگ..
ئاسۆی سیاسەت و قیامەت..
هەموو ئاسۆییەکان
دەکرێن بە پێکێک و:
لە شەوە لاڵەکان
لەشەوە کوێرەکاندا هەڵدەدرێن..

ئەو پێکەشتان نۆش!
بە ئێوە چی
ژێیەکان دەپسێن؟
بە ئێوە چی
ڕوانینەکان هەناسە سوار دەکرێن؟
بە ئێوە چی
چیاکان خاکەشین بپۆشن؟
بە ئێوە چی
مەرگ و
دەنگ و

کوێرایی؟
بە ئێوە چی..؟

ڕێگاکان
بەرەو کوێیان بردین نیشتمانەکەم؟
ئەوە خەون بوو یان مۆتەکە؟
ئەوە پرخە بوو یا ئاوزنگدان؟
ئەوە چەپڵەی
گرگنە حوجەکان بوو
یا فیکەی سۆزانییەکان..؟
نیشتمانەکەم..
چی ما نەیاندەییێ و
چی ما پێت نەکەن؟
ئەوەی پێت نەکرابوو، پێیان کردی...
ئەوەی نەتدیبوو، پێیان دیتی..

ڕێگاکان
بەرەو کوێیان بردین؟
زمانی
چەکی ژەنگاوی قاچاخچیان..
ڕۆژگاری
سەرەتاتکێی
هەرچی و پەرچی و

ماستاوچی و
کارخانەچی و
چی و چی.. بۆ کوێی بردین؟
نیشتمانەکەم
نیشتمانە لەت لەت و
بێ ئاسمان و
بێ چرا و
بێ ڕێگا و
بێ ئاسۆیەکەم...

ئیتر شەوتان باش!
کە خەونی منالانتان
زیندە بەچاڵ کرد و
دواڕۆژتان لەپێ کرد..
شەوتان باش
شەهیدەکانتان
جارێکی دی شەهید کردەوە...
شەوتان باش
شەوتان با
شەوتان
شەو...

شوباتی 1995

-G-

خەزێنە و دەوڵەت، لە بەر دەرگای خۆتە...
تۆ...
دەخوازێ هەوڵبدەی
بە هێزی دیماهینەهاتووی جوانی بچیتە مەیدان...
بۆ نایێن (وەزارەتی جوانی) و
(بەڕێوەبەرایەتی گشتیی جوانی) و
(کۆمپانیای سنووورداری جوانی) دابمەزرێنین؟
کوردینە! وڵاتەکەی خۆتان نابینن؟
وەرن ئەمجارە
بە چاوی ناخ تەماشای کەن...
ببینن چۆن مێژووتان نەخوێندۆتەوە...
ببینن
چەند کۆڵەوار و
چاولەدەر و
بێ ئاراستەن...
نیگاتان بۆچی پەرت بووە...؟
ئەوەتا خەزێنە و دەوڵەت لە بەردەرگای خۆتانە...
ئای لە ئێوە!!
کە بە خۆشتان ناوەستن...
ئای لە ئێوە،

هەوڵنادەن جیهانبینییەکتان هەبێ...
ئای لە ئێوەی
بە جارێ
پێتان
لە بەری خۆزگە و مرازان بڕیوە...
بۆ کوێ دەچن؟
بە دوای چیدا دەگەڕێن؟
ئەوەتا خەزێنە و دەوڵەت
لە بەردەرگای خۆتانە...
چارێکی دیکەتان کە نەماوە...
یا دەبێ هەبن،
یا هەبن...
(ڕۆشنایی ناخە تیشک داوێ...
نەژاد بیانبینە، هەموو شتێکیان هەیە...
بیانبینە نەژاد!
لە هەموو شتێک بوونەتەوە،
ئیتر نازانن چی بکەن...
ئەو خەمەی یەخەی گرتوون
تووشی کەس نەبێ...
تیا ماون لەوەی
بۆچی گوڵ بۆنی جارانی نەماوە...
بۆ ناتوانن وەک جاران
گوێ بۆ خوڕەی ئاوهەڵدێران ڕادێرن،

کە دەنگی هەندێکیان
وەک دەنگی وێککەوتنی
هێشووی ترێ وایە...
نە تامی چا وەک خۆی ماوە،
نە دانیشتنی چایخانە و
پیاسەی ئێواران...
هەموو شتێکیان هەیە...
نە زەردەی سەران...
نە یەکەمین بارانی پایزان
سەرنجیان ڕادەکێشێ...
تیا ماون...
هەموو شتێکیان هەیە و،
لەهەموو شتێک بوونەتەوە..
نازانن چی بکەن...
بە راستی شایانی دڵنەواییین...
شایانی بەزەیین...)

2004.7.24

-H-

نەژاد سەیرکە!
دەفژەن
بە چ ڕوانین و جیهانبینییەک
لە مەداری کەشف و یەقیندا گیرساونەتەوە،
کە لە من و تۆ ونە!

نەژاد!
بڵێسە هەمان بڵێسە بوو،
تیشکی لە درەوشانەوەی جیهانئاراوە
بە ناو کۆڕی غەریب و ئاشنایاندا دەپڕژاند...
ئای کە نهێنییەکی گەواهیدەر بوو،
هاتین (پاکی)مان بە تەرازووی لاسەنگ کێشا،
کەچی
هەڵەگۆیی بە تەرازوویەکی هاوسەنگ!!

ژەهرە گوڵنار نەژاد!
بادەی دوای نیوەشەوانی دەروێشی...
غەمزەی وشکە بڕواییە...
ڕاڕەوی یاساشکێنی...
لە نادانیان نەبوو،

دەفژەن
بەو ڕوانینە
وەهمی دادڕەسیی
بەرەو بارەگای نوور بە کۆڵدا دەدەن...

ژەهرە گوڵنار،
شارای زەمانی (قاتیی)یە...
نەشئەی بادەنۆشی کەنارەکانە...
چ هەڵپەیەکە
نیوسەدە زیاترە، دارا دارێکی نەدی...؟

لێڕوانین
لە قەڵەمڕەوی سرووتە ڕسکاوەکاندا کەنارگیرە...
شاش بووە،
بە دوای چەشەیێکدا دەگەڕێ
سەراپای لەخۆنووسانە...ونە...
دەفژەن ئاشنان... نامۆنین
چەمی چاوان و
هۆشی مەستی و
ڕووناهی دڵان دەبینن...
وەنەوشە کە ڕازێکیان تێدا نەبوو...
ئەوە تەبعی هەڵبوون بوو
لە شەوێکی دەیجوور و نووتەکدا...

ئەوە....
کانی زەمەندێکە
ڕەنگ بە پەلکەگیا دەدا و
بۆن بە عەتر دەبەخشێ...
ئیتر چ بەرگرێک هەیە
دارستان لەگەڵ بوولێڵدا نەسووتێ...؟
دەفژەن بێپەروایە،
دەخوێنێ و دەڕوا...
خۆشخوانی، کە شۆخی نییە برادەر...
برینی بێشەڵانانە،
نیگاری سۆز
باڵندەی بەرزەفڕ و
سایەی چیلەمێو...
گەڵا
گەڵا
نەژاد بڕوانە!
گەڵا چۆن بوون بە ئاوێنەی وەرزەکان
دەفژەنیش بە گوڵی دیوان...

2004.6.26

-I-

چی بگێڕمەوە؟ بە تەنێ بووین...
بیابانێکی بێ پایان بوو،
بێ داد .. بێ هانا...
گەردەلوول ، پەیامی نیهانیی و
خەندەی لەسێدارەدراو...

چی بگێڕمەوە؟
ڕێکەوت سرووشت بەدەر بوو،
بەهانەگر ، ڕاگواستە...دڵگەرم...
تۆ بڵێ خەونی ڕەهێڵە...
ڕامانی باران...
ئاوڕدانەوەی بەفر و
فڕینی سێبەر...
چی بگێڕمەوە، کاکە نەژاد!
کارخانەیەک بوو بۆ خۆی،
لە کزەبای بەیانییان پشێوتر،
سوختەی دڵڕەشان...
چی بگێڕمەوە؟
ئەو وەختی هەموو وەرزەکان
یەک وەرز بوون

بەڵام نازانم...
بە بیرم نەماوە کام وەرز بوو...
ئەگەر بڵێم زستان بوو دڵنیا نیم...!
ئەگەر بڵێم پاییز بوو... دڵنیام نیم...!
ئەگەر بڵێم بەهار بوو... هاوین بوو
دڵنیا نیم...!!
لە بیرەخەو ڕاچووبووم،
ئاگام لێ نەبوو
هاتبوو دڵی ماندوومی
لە جانتاکەی هاوێشتبوو و
ڕۆیشتبوو...
کە هۆشیار بوومەوە،
دەستم لە سنگم کووتا، ئینجا زانیم...
لێ پاشی چی...؟ چی بگێڕمەوە؟
چی بگێڕمەوە.. کاکە نەژاد...

2004.9.2

مرۆڤێك لەبیری دەچێ بژی

"من لە نووری خۆمدا دەژیم ،
ئەو پرشنگانە دەنۆشم لێم دەبنەوە..
نیتچە"

(1)

زەردەخەنەی ساڵانەم
بەهەور هەڵواسی
هەوارم
لەناوکی گوڵە مێلاقەدایە
لەگریانی ئەو زەردەخەنەیە دەخواتەوە
لەچاوی بارانیی ئەودا
دەڕوانێتە پێدەشت..

(2)

تەمەن وێنەی چەند هێڵێکە
لە شووشەی شکاوی شەراب هەڵبەستراون
چ دەبێ ئەگەر بڕیار بدەین،
لە ئاوی پێخوستی دڵە شکاوەکان بخۆینەوە؟

(3)

سەرم بە سێبەری
پیاوە بێ سێبەرەکە کردبوو..
پەنجەم بە ئاگر لە گۆ چووبوون
ئەوە، ئەو ڕۆژە
خونکاری ژیانی لێ دەتکێ!!

(4)

لەمڕۆوە چاوەڕێی خۆرهەڵاتن ناکەم
لەمڕۆوە بەپێی پەتی،
بەناو خوناوی مێرگ و کوێستانان ڕادەکەم..
ئەوەتا شوان لە بناریدا ڕەش دەچنەوە
تەم ڕادەدەن..

(5)

ئەو ماهە چ سانتاییێکی پێوە ماوە
شکۆی تابانی
لە خوێنی مەییو دەچێ..
کارگەی ژاکان..
ئەو ماهە سوێند دەخۆی کاغەزی قوماره
بەدەست قوماربازێکی شڵەژاوی دۆڕاوەوە.

(6)

شەختە گیانی بەشارەوە نەهێشتووە
ڕێ ئەستەمە
تا ئێستا نازانین
لەو دیو ئاستانە
چ دەبێ، چ دەگوزەرێ..

(7)

ئەوە چ کارێکە
بەیانییان
لەگەڵ کازیوە هەستی
دەفتەری ئاگر
بۆ پاسەوانی کوێر بنووسییەوە؟

(8)

ئێستا مۆسیقا لە ڕەشەباوە دێ
تریفە بەشیعر دەدوێ
بێ هاوتایە ئاوێنە،
دۆست و نەیار
خۆیانی تیا دەبیننەوە.
بێ هاوتایە...

(9)

لێم دوور مەکەوە
خەونم دیوە
ئەمساڵ گوڵ دەردەکەم،
گوڵی سوور، زەرد، سپی
لێم دوورمەکەوە
دەستی یەکتر دەگرین
هەستمان پێ ناکەن
بەسەری پەنجەکانمان ڕێ دەکەین
دەڕۆین تا لەو سنوورە لەعنەتییە دەپەڕینەوە.

(10)

ئەوانەی خۆشیانویستبووی
ناهەق نەبوون.
کانی لەزەت
لە نیگەرانیی ژنێک دەچێ
عەشق تاوی بۆ هێناوە
ئەسڵی مەسەلە ئەوەیە
نەخشەی تەمەن..

(11)

دوور لە دەق.
دوور لە دەقنووس.
دوور لە ئاهەنگی کز
دوور لە بەزمی ئاهەنگگێڕان.
ڕێگای لمی بیابانی گرتبوو
چاو لە خوێن
بەدوای شوێنپێی (بـا) وە بوو
دوور لە دەق ، لە دەقنووس..
دوور لە ئاهەنگ ، لە بەزمی ئاهەنگگێڕان.

(12)

تەمەنی مانگ
بەقەد تەمەنی کەوانەی
سەر چاوەکانت بوو
ببوورە
مەبەستم ئەو دوو ئەستێرەیە
بەڕۆژیش دەدرەوشێنەوە.

(13)

ئەو شەوە چەند درێژ بووەوە خوایە
ئەو بێدارییە
بۆچی ڕەنگی لە ڕووواندا نەماوە

خوایە، میلی سەعاتان بۆ وەستاون
گوڵەکانی ئینجانە
بەو شەوە بۆچی چاوبز لێم دەڕوانن.

(14)

خەمەکانمان لە شەبەنگێک دەچن
لە سمکۆڵی ئەسپ و
ئاسۆی لێڵدا دەردەکەون..
سەرابە
سەرابە
سەرابە
سەرابە ئەو خۆشەویستییە.

(15)

پیاسەم دەکرد
نازانم بۆچی، لەبەر خۆمەوە
بیرم لە مێخەکبەندەکەت دەکردەوە
تۆیش پێت وا نییە سەرنجی ڕاکێشابم؟

کانوونی یەکەمی/ 2009

تارای باران ..
شەقامی تارمایی .. دۆت کۆم

(چ دەبێ ئەگەر هەموویان بڕۆن؟
وازیان لێ بێنە..
من دەمێنمەوە
بە دەریا بەر فراوانەکاندا دێم
ئاسمانی بێ پایان تەی دەکەم
بێ دڵشکاوی ، بێ شکایەت ،
دێم گۆرانی بچڕم..)
یانیس ڕیستۆس

(1)

مەترسە! کۆڕ گەرمە، شانۆ ماندوو
هەور باڵیان
بەسەر شار و گوندان دەکوتن
مەترسە! دەستت بێنە!
خۆشەویستی دڵنیاییمان دەداتێ..
خۆشەویستی لە خەمی
بێ چاوگ و سەرچاوەمان دەپارێزێ..
مەترسە!
خۆشەویستی لە دیواری ماندوو

لە سەعاتی هەناسەسوار
کەوشەنی گومڕاییمان دەترازێنێ..

مەترسە!
ئیتر ترس لە دەفتەرە زەردهەڵگەڕاوەکانی مێژوودا
جێگەی نییە..
مەترسە! بێ گومان بای وادە
پیاسەیەکمان هەر پێدەکا
زۆر لەو سەفەر و گەشتانە خۆشتر
دەزگا و سەندیکاکان بۆ هەوادارانی ڕێکدەخەن..
مەترسە! ئەگەر پەڵەیەک هەور و
چەند گەزێ خۆر و
شەرەنگی دواساتمان
لە شەقامە بە جریوە ڕەنگاوڕەنگەکانەوە
دەست نەکەوت..

(2)

/ ئاخری/ لاوک و / حەیران و / هۆرە و/
/ سیاچەمانەم/ بینی/
بەناو/ یەکتر/ کەوتبوون../ من/ ڕەخشم/ پێ نەبوو/
/ گۆرانییەکی کپکراو/ هاوارێکی بێدەنگ/ بەدەردی/
/ چی/ دەخوا؟/ شەقامی تاریک/ دیواری کوێر.../

پەردەی پەنجەرەم لە سەرمان هەڵدەلەرزێ..
پاییزێکی درەنگ بوو
لەگەڵ گەلگامش پێکەوە بووین
دۆسیەی بارانمان دەخوێندنەوە
کە لەسەر شۆستەدا داوای تەسکەرە و
ناسنامەیان لێ کردبوو... تووڕە ببوو..
لەوێبای دەتدی
چەند گۆرانی ، چەند ئاواز
چەند ئەستێرەی داڕژاو و
پارچەی مانگ پێشێل دەکرێن..
لەوێبای ،
بۆنی مێلاقە و ئەرخەوانت دەکرد
گوێت لە پێخوستی بوولێڵ و
زرنگەی تارای زیوین دەبوو..
لەوێبای
بە ڕێژنەیەک فرمێسک سەوز دەبوویەوە..

ئای لە نەرمە خوناوان
ئای لە سەدایێ پاییزێ..
لە باوبۆرانی زستانێ..

(3)

/ شیرین قەد/ پەشمی ئاودامان/ دەپۆشێ./ بڵێی/
/ دونیا/ ئەوە نەبێت دەیبینین؟/ ئاگری شوانان/
/ لە/ دوور ڕا/
/ دیار/ بوو.. / لاڤایی/ تاوی/ بۆ/ دەهێناین/
/ نەقشی/ ناسۆر/ بوو/ لە سنوورانیان/ دەکێشا../
/ دڵم/ دەڵێ/ پێدەکەنی../

دەستم بگرە.. مەترسە!
خەمی وایەرە تێکئاڵاوەکانت نەبێ
گوڵەکانی مافوور چاویان لە کڵاوڕۆژنە بڕیوە..
(هیوا)ی شێت
(ئومێد)ی لەعنەتی..
پیاڵەیەکی پڕ
لەو دیو ڕۆژگاری گلاراو چاوەڕێمانە..

شوباتی2007

ڤاڵسی شەوە خایینەکان

چ بەدبەختییەکە لە گیرفانێت بدەنێ و
لە دڵت لێت وەربگرنەوە ..

جوبران خەلیل جوبران

(1)

سێبەری مێژوو ، دەستی لەکەلەکێ گرتووە..
لەگەڵ بارانی بەهاراندا بڕۆ
هەمیشە خۆرێک هەیە لێوارە ماسکدارەکانی دونیا
دەلاوێنێتەوە..
هەمیشە سپێدەیەک هەیە بێباک
لە گومڕایی جەنگەڵان دەمانپارێزێ..

مەکۆی ئەرخەوان بوو ئەم وڵاتەی ئێمە
هاتن چاوتان
لەلاتی و خەتی خێڵاتیشمان بڕی..

هاتن مۆسیقای خاوەن شکۆتان لێ تۆراندین .

بە کوێتاندا هەڵبڵێم؟
بە ویندۆزە ڤایرۆسدارەکانتان
یاڕوانینی باڵدار ئاسا؟
بە کوێتاندا..؟

(2)

/ تابلۆی بەردەرگای دکتۆران/ نەخۆشیان دەژماردن../
گڵۆپەکان/ لە ڕووناکییان کوێر ببوون/ کۆخەکۆخی
گزۆزە هەناو ڕەشەکان/
/ ئێستا وەختی / نوستنی / گوڵە سوور و سپیەکانە/
/ سەیری چ لەخۆنووسان و دەکۆڵخۆداهاتنێکە/

بە ئومێدێکی شێتەوە دەستم درێژکرد
بە ئومێدێکی شێتەوە باوەشم واڵاکرد
ئەفسووس لە دەنگی ڕۆحم نەگەیشتن
ئەفسووس دۆسیەی نێرگزتان نەخوێندەوە..
لە بیرتان کرد بە نوێژی نیوەڕۆ
چرای شەیداییمان،
لە ناوەڕاستی شەقامدا بۆ پێکردن..

له بیرتان کرد
پیاڵەی بە تاڵ بۆ خۆمان و
هی پڕمان بۆ ئێوە دانا..!!

(3)

/ ئەو چرکە ساتانە/ لە یادەوەریمدا/ دادەکەم../
دەنگێک/ وێنەی مەستیی ئێواران / نامۆیی
هەڵیدەلووشێ../ پەی چی / بیر/ لەوە بکەمەوە/
/ سۆمای چاوم/ پێشکێشی ئێوە بکەم..؟
/ شەڕ هەڵیخەڵەتاندین../ شەڕ کوێری کردین/
/ لاڵی کردین/
/ شەڕ کەڕی کردین/ کەری کردین.. /
/ ڕەوی کوللەیش ، بە بێشەڵاندا هاتن../

کارگەی ماسک و ڕووبەندانن
بۆ خۆیان لە هەموو شتێک دەگەن
لە نەزمی پۆشتەکردنی با..
لە ڕازاندنەوەی ئینجانەی بەر دەرگا..
ناسۆریش لە سەنگتراشیی ئەوانەوە
کە چەندین دەریا و ئاسمانیان بڕیوە
لە پرۆسەی (فرێندلی فایەر) دا
مەدالیای بێهاوتای ئێمە بووە..!

(4)

/ من ون نەببووم/ لێ/ قاچم/ لە هەر کوێ دانا/
/ زەنەک دەرچوو.. / من/ ون / نەببووم/ تەنیا/
/ ئەوەندە بوو/
/ ناسنامەکەم لە گیرفانی کراسەکەمدا لەبیر چووبوو../

ئاسمانێکی بەتاڵ دەرچوو
ئەو ئاسۆیەی،
لە سەنتەرە بێ دووبانکە و بەرهەڵەکانتانەوە
دەتانویست بیبینن..
چوارگۆشەکانتان تێکشکان
سێگۆشەتان ڕاست کردنەوە..
مێژوو؟..
مەپرسە لە چ قوڕگێکی گیراودا ئاخنراوە..
بێ وچان
مەیدانگر.. نەورەس.
لەوە کارەساتتر هەموومان تاوانبار بین؟
لەوە کارەساتتر هەموومان ژاڵە خواردوو..؟
ئەی کوا لاپرسەنی و بێباکی (شەکسپیر) و
بۆنی پەلکەگیای (وایتمان) و
هاوارە کپکراوەکانی (ڕامبۆ) و (ڤرلین) و
بنیاتە پتەوە سانتاکانی (نیتچە) و
درەختە بەبەرەکانی (دانتی) و

فریسکۆکانی (داڤینشی) کوانێ؟
کوا شینگێڕییەکانی (ئیلّییەت) و
هەرێ و پەیمانەکانی (ڕۆسۆ) و
عەشقی ڕۆژهەلّاتیانەی (گۆتە) و
شێوازە دلّنشین و دلّشکێنەکانی
(بیکاسۆ) و (سیزان) و (براک) و
ماسکە خەمبارەکانی مۆدلیانی؟..

(5)

/ سرووتەکانی دوورگەی کرێت/ بە ڕووباری چەوردا چوون / گەیشتنە (سکلّیا)/ پەڕینەوە (ئیسپانیا)../ / ئەو پرۆسەیە/ تا ئێستا/ بۆراییشی/ دەرنەکەوتووە/ / بۆ ئاگاداریتان / ئێمە/ لە/ خەربەندەییمان / زیاتر / پێ/ دەکرێ/..

ویستم ئاگر لەسەر پشتی ماسییان بکەمەوە
گۆڕستانی ئوور
خانووە لە ناویەک و بە گەوەکانی چەرموو
برۆنزکارییەکانی لوڕستان
لە چیا قژ درێژەکانی ئیتالّیادا دەدرەوشایەوە..
ئەی مانگی تاراوگان!
مانگی بێ هێللانە و بێ سێبەر..
ئێمە بە تەنێ بووین

کە ئەوان ئاسمانیان تەی دەکرد
ئێمە بەتەنێ بووین
کە زەوییان بە هەناسەبڕکێی
برسییەکانی ئەفەریقیا و
کۆستەکانمان دەدێرا
ئەی مانگی تاراوگان
مانگی بێ هێللانەو بێ سێبەر!
ڕۆژێ نەمدی
هاتبن فێری کێڵانمان بکەن
ڕۆژێ گوێم لێ نەبوو، نەمخوێندەوە
لە سۆتەڵ و نیگەرانی و دەستخەڵەتدان زیاتر
لە سەفەرە کورتەکانیان لە دوومابێ..
نەمدی ئەی مانگی تاراوگان
ڕۆژئاوای (مانێ) و (کلیمت) و (کامۆ) و
(کافکا) و (ئاراگۆن) و (دالی) و (دێلاکرۆا)
بواریان دابین بەمردنی خۆمان بمرین..
ئەدی ئەوە ئەسەف نییە، مانگی تاراوگان؟
نەهێڵن شیعرێک بۆ شارویرانی خۆمان و
هەنیەی ئارەقاویمان بنووسین..؟
ئەدی ئەوە ئەسەف نییە، هۆڵی ئاهەنگان
بەگریان بۆیە بکرێ؟!
مانگی بێ هێللانە، مانگی بێ سێبەر..!
باس هەر باسی گڵۆپ و چراخانی پایتەختانە

باس باسی نهێنییە ئاشکراکانە،
کە زانیارییان بە بەرقەڵایێ سەردەخەن
تا پێڕا بگەن سەحەری لالەزار و مرواریيان
غافڵکوژ کەن..
ئێمەش بێ ئاگا..
خەریکی پیشەی بێ هوودەی فەرهادین.

ئیتر تەواو مانگی تاراوگان، کوورەی نوور!
ئیتر تەواو ئەو ساتە تێکچڕژاوە بێ (تاو)انە
لە یادەوەریمدا هەڵدەگرم..
ئەو ساتانە، لەو چاوە مەستانە هەڵدەگرم
ڕۆژێ لە ڕۆژان سروودم بۆ دەگوتن..
ئەو جار هەڵدێم ئەی مانگ
بە کوردی هەڵدێم
خۆشەویستیش لەگەڵ خۆمدا دەبەم
ئیتر شتێک نامێنێ بەو ناوە
پرسیار ئەوەیە:
ئەو کاتە ئێوە چۆن دەژین؟

نیسانی 2007

زەریی بێشەڵان

(دەبووایە/ بەبێی/ من/ خوێنپژانی/ بێهوودەیی و/ دڵی/
/ ڕۆشنی/ پەپوولان و/ گیای/ کەسکتر/ ببینی../
/ چ/ دەبوو/ ڕۆژگار/ لە/ دەنکە/ زەیتوونێک/ کۆبێتەوە../
/ چ/ دەبوو/ ئەوەندەم/ خۆشنەویستبای؟/..)

لە ڕەشنووسی یەکەمەوە

(1)

چڵی لە باڵی هەڵۆ دەچێ
سێبەری مەرگی ناگەهان
خۆهەڵتەکاندنی ژیان
درەختی ئەبەد..

(2)

یەکەمین جارە قژ ببینم
ڕووەو کەشکەڵان تەرز باوێ...

(3)

هەموو جارێ شەڕ دەستی پێدەکردەوە،
سەری پەناگەمان
بەگەڵای ئەفسووناوی ئەو دەگرت.
لەگەڵ ئەودا
زەین دەمانباتەوە ماڵی یەکەم،
کە هێشتا نەکەوتبووینە (بیر)ی تاکایەتی.

(4)

ئەوە ڕەگ نین
ئەوە ئاوی ڕەوانە
لەژێر خاکدا
خۆی لێک دەکێشێتەوە.
دیارە بە تەنیاییم دەزانی
باڵات دەدەیتە بەر خۆر و
یاری بە ئەستێران دەکەی.

(5)

کە پاڵ بەتۆوە دەدەین
دەبێ سیاسەتی چاوغایەنی
لەبیر خۆمان ببەینەوە.
ئەو پشکۆیانەی
لە ئینجانەی گوڵان داڵدە دەدرێن
چاویان لەچاوی هیوا دەچێ..

(6)

هەرچیم بێتەڕێ
پێش سەرەتا و دوای کۆتایی
لەسایەی تۆ
پیاڵەم هەرگیز بەتاڵ نییە.

(7)

بەو ساردەکێڵە هەڵخەڵەتام
سێبەری تۆیان دەچووەوە سەر..
بادە تاوی بۆ نەهێنام
پێگوزەر چەپڵەی لێ کوتام،
نەرمەخوناو تواندمیەوە
ئەی ڕاز
ئەی هێرشی مەینەت
گەواڵەی بەلەنجەولار !

(8)

پێدەچێت لە باراندا ونبووبم
ئیتر کەس ناتوانێ تەڕم بکا..
هەڵەیەکی تفتە
ئاسمانی پاییز بەخۆت دابدەی..
هەواریکی شیرینە
هاوینی تۆزاوی بنێژی.

(9)

لێت نزیکم
هەست بەلێدانی دڵت دەکەم
وشە پێ ناوەستێ
وشە بەو ساتە شیرینە،
هێرشبەرانە ناوەستێ.
هیچم بۆ لێک مەدەرەوە
هەست بە لێدانی دڵت دەکەم و بڕایەوە..

(10)

نیشانە ڕاست نەبوو
دڵی من بوو بریندار
سڵاو برادەر
دەبینی پێکدەگەینەوە.
بایی خۆمان ژیاین
بایی خۆمان پێکەنین، گریاین
داخ کە نەمانتوانی
بایی خۆمان ڕاستگۆبین..

تەمموزی 2010

ژمارەیەکی دی
لەو شوێن پێیانەی
بەسەر شەختەدا مابوونەوە

(1)

شەوقم لێ مەترازێنە
چاوم هێشتا لە ئاسۆیە
هێشتا هەر شەوە
ئەستێران گەش دەکاتەوە.

(2)

زیندەخەون نەبوو
بە چاوی خۆم خۆمم بینی
لە خاچ دەدرێم
شایەد بەو شایەدیەی
پاڵتۆیەکی لەنگەم لەبەردا بوو.
سوێندم لێ ناکەوێ ئەگەر بڵێم
لەوانەی کۆگایان جوانتر بوو.

(3)

چیرۆکی شانۆی ماندووم
بەڕێژنەی بارانێ تێگەیاندی،
خۆر لە بەرابەر دڵە شکاوەکانەوە هەڵات و
لە چاوی نووقاوەوە بەیانی دا.

(4)

سیمام لە دوورگەی زاراوان ون ببوو
گوێم لە ئاوازی دونیایەکی دیکە بوو
بە پاییزی دەسپاردم.

(5)

من لە مێژە دانم پێداناوە
بەجوانی ئەو ناوەستم
ئەم جیهانە تەنێ ئەوە نییە دەیبینین
خونکاری
سەرچڵی
پیاڵەی بەتاڵ
هەموومان عاشقکوژانە
لە بەڕێکردنی ڕۆژگاردا بەردەوامین.

(6)

ئەم هوزارە ڕەنگینە بۆ کێ دەخوێنێ؟
هەندێ پرچیان دەڕننەوە
هەندێ پاڵیان بەو دیوارانە داوە
بە ئێسقانان هەڵنراون
ئەوانی دی
بە شەقام و شۆستە و
کۆچە بنبەستەکاندا بڵاوبوونەتەوە.

(7)

زۆرجار لەخۆمدا ون دەبم
دەمبینی لە کۆڵانێکی
پێچاوپێچی (لەگەش) دا دەسووڕێمەوە.
لە ناکاو شەهلا بۆ یەکێک لە خەراباتەکان
ڕامدەکێشی
سوبحانەڵڵا عەشقێک بۆ پەیمانە
لەسەرم دەدا.
دەخۆمەوە..
دەخۆمەوە.
دەخۆمەوە
تا خۆم دەدۆزمەوە دەخۆمەوە.

(8)

ئەو گەڵایانە لەخۆڕا زەرد هەڵنەگەڕاون.
ئەو گەڵایانە لەخۆڕا نەوەریون.
چاوەکانت لە سپێدە سافترن.
دەمترسێنن
جودایی دەردێکی گرانە..
وشە مابوو، ئەویش ئێستا
دەزرنگێنەوە.
ئەرێ بەڕاست من چ دەڵێم؟
من چیم گوت؟

(9)

شەوانە بێرەدا تێدەپەڕن.
شەوان خۆیان لەبیر دەچێتەوە.
شەوان هەندێکیان بەچەند فڕێ
باڵ دەگرن
هەندێکی دیکەیان
ڕاپۆرتەکانی گیرفانیان
بە درەوشانەوەی گۆرانی چڕین
دەنوێنن.

(10)

دڵم نایێ، دەنا دەمگوت
چەند مەترێ هەناسە.

بەشی ژیانەوەی دارستان دەکا
دڵم نایێ دەنا دەمگوت
هەقە عەشق و جندەبازی
لە یەکدی جودا بکرێنەوە
دڵم نایێ دەنا دەمگوت
بەس نەبێ؟
(11)
جلەکان بەڕستەوە هەڵدەلەرزین
داوام لە دیوار کرد داڵدەیان بدا،
بە گوێی نەکردم
لە باران پاڕامەوە لە (با)یان بپارێزێ
بە گوێی نەکردم.
چ ڕۆژگارێکە
کەس بەگوێی کەس ناکا؟
(12)
لەو کاتەی شەڕ دەستی پێکردووە
کەزیی شارستانییەت و کێویایەتی
تێکئاڵاون
لەو کاتەی شەڕ چۆتە ناو قامووسانەوە
گەورەترین کارگەی ماسک دروستکردن
دامەزراون..
(13)
ئارەزوویەک لێوانلێو لە بیابان

بۆنی بارانی
بە خاکمانەوە نەهێشتووە.
نیشتمانم
تەنیا
تەنیا
تەنیا.

(14)

چ حیکمەتێکە ئەی دڵ
دواساتمان بەو خێراییە
لێ نزیک دەبێتەوە؟
ئەی تارمایی نامۆ!
شەقامی بە ئاواز و ستراناں شلۆغ!
تازە تەواو
من کە بە ساردەکێڵێ ڕانەگەم
چیم لە ئافەرینی بێ ڕوومەتانە.

(15)

کتێبخانەکەم لە دەست چوو
شێتیەتییەک تاوی بۆ هێناوم
لەوە بترسم نیشتمانیشم
لە دەست بچێ
ئەی خودای دڵڕوون!
تکایە هەموو دەرگاکانمان لێ دامەخە.

(16)

لە گۆڕستانی (ئوور) ڕا چیام خۆشەویستن
ئەگەر ئازای.
مرۆڤ لەبەرامبەر مرۆڤ بوەستین
لە بیرت نەچێ،
هەور هەمیشە ڕوویان لە چیایە.

(17)

ڕووبارە دوورەکان
هاشەیان بەباڵی پەرییانەوە دەگاتە من
بەرگرێک نییە زەماوەندێکی لێرە،
لەم سارایەدا لێ دابووکتم.

(18)

ئینجانەیەکی تەنیا
چ لە نەزمی پۆشتەکردنی با دەگا
شەیدایی خەرامانێ
کژ و مەوسیمی نییە
من قاچم لە ڕۆژهەڵاتێ و
چاوم لە ڕۆژئاوایێ لەسەر دانا.
ئینجا خەرامان

کەی لەو مەتەڵانە حاڵییە؟

(19)

دەستم بۆ دواچڵ هەڵبڕیوە
چەند خۆشە بەدوای ژیاندا هەڵبێی
جاسووسێکی کڵۆڵیشت بەدواوە بێ
چەند خۆشە
بە بۆمبا و مین و ئاڕ پی جی جوانی
شەڕی ئامێردی کۆڵەواری وا بکەی
ڤایرۆسی ناخیان نەهێڵێ
خۆیان فۆڕمات بکەنەوە.

(20)

سەعاتی ژوورەکەم
هەناسەی تێدا نەماوە
لەگەڵ ئەوەی
دوێنێ پیلم لێ گۆڕیبوو.
پێدەچێ پیلەکە ستۆک بووبێ.

(21)

گەڵاکانی پایز بە ڕەنگی خۆیانەوە جوانن
سواندەی ماڵان کە ئێستا نەماون

بە هێللانەی پاساریان.

(22)

ئای نەژاد
جاران چەند لە من نزیک بووی
جاران ساوی گوڵەگەنمان
چ هەواو ختووکەیەکیان هەبوو
پێتێکوەرانێی زستانان
چ سۆز و گەرمییەکیان دەبەخشی ...
ئای نەژاد
جاران چەند لە من نزیک بووی..

تەمووزی2008

لە باسی سەفەر و گەڕانەوەدا

(1)

سیدۆری
چرای خەراباتان
دەرگام لێ دامەخە
ئەوە منم
دەستم لە کوانووواندا گێڕاوە
پەرۆشیم بە کارکی ڕنیوە
تەنیا باڵ..
بەخشندە لە بەرامبەر ڕۆژپەڕدا
دڵڕوون لە ڕووی بای وادە...

پیاڵەی بادەم بەنیوە نەکردبوو، سیدۆری !
گۆزەم بەسەردا بەربوونەوە
ڕەنگی نەخشەکانیانم لە دڵدا توانەوە...
کسپەی پەژموردەیی، تەدارەکی ڕووخان بوون...

پیاڵەی بادەم بەنیوە نەکردبوو
لە نەشئەی سپێدەیان کردم
نەیانهێشت گڕوگاڵی هەتاو
بەسەر ڕوومەتی چیایانەوە ببینم.

(2)

سیدۆری
دەرگام لێ دامەخە
بووم بە ئەشقیای دارستانان
کولافە، بەسۆز
چووم ڕەشەبام پۆشتەکرد
ڕووبارم ئاودان
بەڵام چ لەگەڵ جودایی ئازیزاندا دەکرێ سیدۆری
وەک دەمبینی ڕەنجبەخەسار
بە لێڕەوار و هەڵەتاندا
دڵ بێ ئامان ژێردا گەڕام
ئای سیدۆری
چرای خەراباتان
فرمێسکەکانم چیان لێ هات؟
ئیتر چاوەڕوانی چی بم؟
دەرگام لێ دامەخە سیدۆری گیان..

هەولێر- 2009

ڕوومەتی بەفر

(دەترسم نەگەیتە مەککە،
چوون ئەو ڕێیەی گرتووتە دەچێتەوە تورکمانستان)
سەعدی شیرازی

(1)

خاک لەتەمەندا بۆر دەچێتەوە
کۆڕەوی فرمێسک
دڵی بیابان
تاشەبەرد بەلافاوی ڕۆژگار دەدرەوشێنەوە..
چاوەڕێ بە، پەلە مەکە!
ئەو بێدەنگییەی
وێنەی پەلکەگیا
بە شەقام و شۆستەکانەوە وەربوون
بەرهەمی سنگی قەڵشتووی چیایانە.

(2)

کێ لەو غەفڵەتە، خۆشە، شیرینە
مێژوومان بەبیردێنێتەوە و بە بەفرمان دەناسێنێ...؟
وەختی سەعی نەهات
وەختی یاری تەواو نەبوو؟

(3)

چڕنۆکم لەپۆڵا گیرکردووە
چاوەڕوانم
چاوەڕوانم
چاوەڕوانم
چاوەڕوانی سپێدەیەکم
بەناو خوێنبەرەکانمان تێپەڕێ
خاک لەکارواندا نییە
تا ئەو دەمەی پردیش نەڕووخابوو
ئاگام لێ بوو،
بەخۆی و سنگی نووساوی بە دوامانەوە بوو
هەستم بە بۆشایی
کەند و دۆڵاندا بڵاو دەکەمەوە
وەک ئێش گینگڵ ئەدەم
وەک ئاسوودەییش شەپۆل..
لەبیردەکەم
خاکم بەپێنگانی ئاگرێکی کڵپەسەندوودا سپاردووە..

خۆڵەمێشی دیواری (مۆڵ)ـەکان
مەرگی ڕەشی پێشان دەدەن
تۆوی لەبیرچوونەوەی تیا دەچێنن..
کۆمیدیایە ئەم کۆمیدیایە
ڕووناهی لەخۆڵەمێشەوە دێ..

(4)

شار لە دووکەڵی
پاشماوەی چەکە بریقەدارەکاندا نقووم بووە..
مرۆڤ لەشووشەی پلاستیکیدا دەتوێنرێنەوە..
ئامادەگییەک بۆبەرگری و گڕدان نەکراوە
باڵەخانەکان (ئاسۆ)یان شاردووەتەوە
شوێنکات لەداخا
موو موو سمێڵی دەردێنێ.
خەڵکی مەلە لەکێڵگاندا دەکەن
ڕووبار دەکێڵن..
من ڕادەکەم
ڕادەکەم
ڕادەکەم
ڕادەکەم، هەناسەسوار
خۆم بەسەر خاکدا دەدەمەوە
بۆ گوڵ چاوەڕێی بەهاردەکەم
بۆ بەفر چاوەڕێی زستان

بۆ ئەستێرەی زێڕینی گەڵا چاوەڕوانی پاییز و
بۆ نان چاوەڕێی هاوین دەکەم.
چاو لێکدەنێم
خۆم لەگەڵ خاکدا دەبینمەوە
بەبیرم دێتەوە
لە بیرچوونەوە چییە..
بە بیرم دێتەوە
بەبیرهاتنەوە چییە..

(5)

خۆڵەمێش بۆ تۆیە گوڵەکەم، گوڵی باخان..
خۆڵەمێش بۆ تۆیە
فرمێسکی خەونان
بۆ ئێوەیە خۆڵەمێش
ترپەی دڵە بێنازەکان
زۆری نەماوە (مەرگ)یش قەدەغە بکرێ..

ئای خۆڵەمێشی ڕەش
تراویلکەی ڕێ
مۆتەکەی ڕۆژێکی خەفەکراو
سیمات لەسنووری بێ سنووری
خاکم دەچێ
ئەمە وێنە نییە دەیکێشم

ئەمە خەونی چۆلەکەی بەرسێبەری سواندەیە
ببینە چەند ئاسوودە دەخوێنێ..
ببینە چەند ئاسوودە دەڕوانێ..
چەند ئاسوودە جیقنەی بەردەداتەوە و
لە شەقەی باڵی دەدا..

دەزانی فڕینی چۆلەکە
شتێکم بە بیردێنێتەوە
ئێستا نازانم چی پێدەڵێن
جاران ناوی نیشتمان بوو
بوونەوەرێک بوو
ئەوەندە خۆشەویست بوو
ئەوەندە خۆشەویست بوو
ئەوەندە خۆشەویست
لە دڵ و چاو جێیان بۆ دادەخست
شیریان لە شادەمارەکانەوە دەدایێ
ئێستا نازانم لە کوێیە
دەڵێن بینیویانە
بەرگی خۆی گۆڕیوە
ناوی خۆی گۆڕیوە
(مۆڵ)ێکی بەدوای خۆیەوە خستووە
هاتووچۆی چیـن دەکا.

(6)

لە نووسینەوەی مێژووی شاردا
هەمیشە گەڕەکەکانی مەرگ
کووچە و کۆڵانەکانی لە بیردەکرێن و
نایەنەوە بەرچاو..
ئەدی (خۆر)تان چی لێ کرد؟
کە بە ڕووتی
وەک شێتێکی ڕاوەدوونراو
بەناو شاردا ڕادەکا؟
ئەی خاک!
ئەی لە مەرگ نزیکتر
ئەی خاک!
ئەی لە مەرگ دوورتر
دەنگمان بردیەوە ناو بێشکە
قسەت نەکرد
جەستەی ماندووتمان
بەخوێن نەخشاند
قسەت نەکرد
ئەوە چییە
بە چ چاو و ڕوویەک
سەیری ئاوێنە دەکەین؟
ئەوە مێژووە
خۆی بەسەر جەستەی ڕووتی تۆدا دەدا ئەی خۆر!

ناهێڵێ عەورەتت دەرکەوێ
ئەوە نهێنیی سێبەرە،
دەنگی چرا
ڕووناهی با
وشە کپکراوەکانمان دادەپۆشێ..

(7)

لێم نزیک بەرەوە
بەڵام توخوا بە ئەسپایی
ختووکەیەکم بدە، با لە خەو ڕابم
ئەو مۆتەکەیەم لە کۆڵ بێتەوە
کە بە کاغەزی کیسەی بەتاڵی چیمەنتۆوە پێچراوە..
هەست دەکەم دەست و قاچم
بە برغوو بە جەستەمەوە لکێنراون...

ئای ئەی خاک !
ئارەقەی نێوچەوانت چی لێ کرد
بۆ کوێت برد؟
کەڵەشێرەکان کەی دەخوێنن
ئەم شەوە کەی دوایی دێ
ئەی خاک!
ئەی پاشای بێتەخت و بێدەنگ و بێڕەنگ؟

غوبار لە فرمێسکدا بوو بەقوڕ
ئێمە هەر تێنەگەیشتین
دونیا جیاوازە لەوەی دەیبینین
هەر تێنەگەیشتین

شینایی، شینایی زمانە
لە وەرزی خۆڵەمێشیدا
بەهەشت لە چاومان دەخولقێنێ
ڕەنگە بشپرسی
تۆ بەدوای ژیاندا هەڵدێی
لەوانەیە سنووری تراویلکەم
بە زەبری هێز پێ دیار بکەی
لە کاتێکدا بەخۆت
لەسەر قەنەفەیەکی تووکن پاڵت داوەتەوە
چرووت دەکێشی..
بۆنی چەند خۆشە ئەو هەرامە چرووتە
لە بۆنی تەم دەچێ..

(8)

چراکان بەری لای ئێمەیان ڕەشداگەڕاوە
دەستت بدە دەستم
تا یەکتریمان لێ دیارە دەستت بدە دەستم.

شوباتی 2010

2 ڕۆژ لە ئەستەمبۆڵـێ

ئەستەمبۆڵ
ئەو ئەستەمبۆڵە نەبوو
(نالی) و (حاجی) و (پیرەمێرد)ی لێ بوو
ئەو شارە ئێستا
بە باڵەخانەی بەرز و منارەی مزگەوتەکانی
لە نەخشی مافوور دەچێ
بە سام ، بژوێن..
گەش لە ڕەنگی ئاگر
ئینجانەکانی بەری ڕۆژئاوای
گوڵی ڕۆژهەڵاتی تێدا ئەدرەوشێنەوە..

ئێمە کۆمەڵێک بووین
ئەوانیش کۆمەڵێک
هۆڵی کۆبوونەوە
هۆڵێکی خۆش بوو
هەرچەندە بۆت نەبوو جگەرەی لێ بکێشی

بەڵام ماسک و ڕووبەندی تێدا یاساغ نەبوو
باسی مێژوویان کرد
باسی مێژوومان کرد
باسی جوغرافیامان کرد
باسی جوغرافیایان کرد
بە کەیفی ئێمە پەیڤین..
کە گەڕاینەوە
ئەوەی لە بیرم نەچووبێتەوە
(باران)ی نەرمی ئێواران و
دیمەنی ئەو منداڵە کوردەی
سەرنووسەری (زەمان) لە تافی لاویدا بیستبووی
لەسەر ئەوەی لە خەودا بە کوردی قسەی کردووە
لەلایەن دادگای دادپەروەرەوە قبووڵ نەکراوە..
بەداخەوە ئەمجارە
پێڕانەگەیشتن قەرەجە فاڵگرەوەکان ببینین
دوو ڕۆژ بوو
پێڕانەگەیشتین
بە دۆستەکانمان بڵێین
دڵ چاک دەکرێتەوە ، پینە ناکرێ..

18/1/2010

بەخێر بێی شەهلای شووشەیی

" هەموو ئاویان لێڵ دەکەن
تا قووڵ بنوێنن.. "
نیتچە

بەخێر بێی میوانی تاراپۆش.
بەخێر بێی دنیای خەمۆکی بێدەنگ..
ئەو درەوشانەوەم پێ ببەخشەوە،
لە گەواڵەیەکی چڕی شەرمەوە دێ،
تارمایی ببینم
ساوی (با)م بەسەردا هەڵبکا
غەریبی نێرگسی لێ بتکێ..

بەخێربێی شەهلای شووشەیی نوستوو
ئەوەی هات دڵی خۆی نەدیت و پێی لێ نا..

ئەوەی چوو بازی کێوییانی ون کرد
نهێنی ڕێکەوت و
ورشەی ئازار و
مەوسیمی جودایی
لە شکانی شەختە و
مەرگەمەلەی کەنار و
کێشمانەی سپێدەدا دیتبوو..
بەخێربێی بۆ دەرگای تونێڵ و
باوەشی بەسۆزی
سرووتی کسپە و

ئاوازی لاتی و
فەرشی باران..
بەخێربێی دونیای خەمۆکی بێدەنگ !
میوانی تاراپۆش !
تۆسەیری
کۆتری حەوشەی خانەقا چەند شادن
چەند شادن کۆتری حەوشەی خانەقا
گڕی شین لە بنباڵ هەڵدەگرن
ئاسمانگەڕ
لە بۆسەی بەسامی فەنتازیا
دەچنەوە باوەشی
سرووتی کسپە و
ئاوازی لاتی و

فەرشی باران ...

شەهلای شووشەیی نوستوو
میوانی تاراپۆش
بەخێربێن بۆ شایی گوڵاڵە سپییەکان..

نیسانی 2010

بەو ڕێیانەدا تێپەڕیم
لەو کانییانەم خواردەوە

(منداڵێک ڕادەبرد مۆمێکی بەدەستەوە بوو.
لێم پرسی ئەم ڕووناهییە لە کوێوە دێ؟
منداڵەکە مۆمەکەی کوژاندەوە و وتی:
ئێستا تۆ پێم بڵێ ڕووناهییەکە بۆ کوێ چوو
تا منیش پێت بڵێم لە کوێوە هات.)
حەسەنی بەسرایی

(1)

* فڕین لە نەغمەی مۆسیقادا ون دەبێ
تارمایی مانگ لە ڕەنگی سوور

سوور

سوور

سوور

* بە چاوت ڕا دەزانم
هێشتا گەلاوێژ نەبزووتووە
منیش وەک تۆ

مەملەکەتی خۆم ون کردووە
ڕۆشناییان بەنوێژی نیوەڕۆ
لێ دزیوم
بە چاوت ڕادەزانم
سپێدەیەکی سپی بەڕێوەیە
سپی
سپی
سپی.
* هەورم بە وشکی نەدیبوو
ئەو پیتانەی بە کێڵگەکانم داکردبوون
بەشێکم لە شەو
بەشەکەی دیم لە گزنگی بەیان خواستبوون
زەرد
زەرد
زەرد.

* پەپوولە لە زمانی خەون ناگەن
"ڕووباری گریان"
سەرچاوەی لە پاییزەوە نەگرتووە
ئەمجارەش بۆنی سەوزایی
لە خەو ڕایچڵەکاندم... سەوز
سەوز
سەوز.

(2)

تەنیایی ، گوڵی گەشی داری فەنا
ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و
ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سایتەکان
لێی دەترسن
خۆیانی لێ دەپارێزن..
کەچی ئەو لە شێوەی ژنێکی ڕادیکاڵ
بە چاوی بەزەییەوە لێیان دەڕوانێ..

(3)

کۆتر بە ناوی ئاشتییەوە فڕێنرابوون
چیا لە ئامێزیان دەگرتن ، لایلایەیان بۆ دەکردن
بەڵام بەفر خۆی لێ نەکردن بە خاوەن
ڕووی نەدانێ
کۆترەکان ئێستاش چاوەڕوانن
بەفر سڵاوێکیان لێ بکا.

(4)

ئەو مردووانە
بۆچی دەستیان لە گۆڕ دەرهاتووە؟

ئەو هیوایە شێتە
چییەتی بەو سەرماوسۆڵە
لە شەقامی شاعیراندا
سەرگەردان ، ئەستێران کۆدەکاتەوە
کە هێشتا تاریک دانەهاتووە
ئەم دونیایە بۆ نوستووە؟

(5)

ڕێگا دوور بوو ، جێژوان خاڵی
من بە مەوسیمی چاوی تۆ
بیناییم ڕوون دەبووەوە..
موریدی خانەقای تۆم من
گرفتاری لالەزاری گوڵڕەنگی
حوجرەی بە دەنگ و سەدای تۆم.

(6)

سەرە بێباکە مژوولەکان
خلۆر دەبنەوە
لەو دیو مینای پەنجەرەکانەوە دەبینرێن
ئەو شەقامە تاریکانە
ئەو دیوارە تاریکانە
ئەو شارە تاریکانە
چیت بە بیر دێننەوە..؟

گۆرانی بێدەنگی چیت بە بیر دێنێتەوە؟
من هەر ئەو (من)ـەم
نەمهێشت گەڵا شەرمنەکان هەڵبوەرێن.

(7)

ئێوارەی ئەبەدیەت
شوێنپێی لەرزۆک
ڕووباری بەخوڕ
هەموویان لێرەدا، بەبەر سێبەری نووکی
ئەو قەڵەمە باڵانوێنانەدا تێپەڕین.

(8)

ڕوخساری ماندووتم
لە ئاوێنەدا بینی
ویستم بڵێم ناتوانم ئەوەی لە دڵمە بیشارمەوە
پێم بڵێ پرسیارەکانت چی لێ کردن، بۆ کوێت بردن؟
پێم بڵێ من کێم؟

(9)

ئێمە لە کوێین؟
ئەو شانۆگەرییە بۆچی ئەوەندەمان ماندوو دەکا؟
تاومان بۆ بەخۆشەویستی ئەم ڕۆژگارە لێ هەڵنایێ؟

چ دەڵێی،
بۆ نایێی لە کۆڵ خۆمانیان بکەینەوە
ئومێد ماوە، ئەویشیان بدەینێ.

(10)

دەستم لە ئەبەنووس دەچوو
دڵم پێدەکەنی..
دەستم پەشمی تابانە
دڵم دەگری...

(11)

شازادە نهێنیی ڕەنگەکانی
لەگەڵ خۆی برد
پێدڤی ئاڵامان ڕەنگی
لە دامێنی چیاکانەوە وەربگرێ
تا هەتایێ
بزەی کوێستانانی پێوە دیاربێ.

(12)

هێشتا زەردە بەسەرانەوە مابوو
بارانم شایەدە شیرین قەد!
من لە وادەی خۆم دوانەکەوتبووم

تێمهەڵکردبوو
کسپەی جوداییم دەنگی دەگەییە ئاسمانان
بارانم شایەدە
لەوادەی خۆم دوانەکەوتبووم
بە چیت بڕوا پێبکەم
لە هاتنم بێ خەبەر بووی..؟

(13)

پێکەوەین
کەچی لە یەکتریش جوداین
ڕێگای ئەڤین یەک ڕێگایە شیرین قەد.

(14)

پەپوولەیەکی داماو
چ لە دیوارێکی کۆنکریت دەکا
چ لەو خەونە نیگەرانانە دەکا
ژنێکی سپیپۆشی تێدا دەردەکەوێ..؟
پەپوولەیەکی داماو
چ لە زایەڵەی دەنگ و
ئەشکەوتی ترسناکی بێدەنگی دەکا؟

(15)

دەستە ڕەشەکانن
کەمەندان
لە مەزرای دڵە شکاوەکان داوێن
چاوەکان لە ئاست مێژوودا نووقاون
لەوانەیە کۆنەبرین بکولێنەوە
ڕەنگە دیسان شەو دابێتەوە..

(16)

باخچە چاویان لێ ستاندم
ڕووبار فرمێسک
ئێستا سیمام لە پەیکەری مرۆڤێک دەچێ
لە بەهەشتدا تووڕ درابێ..

(17)

لە برادەر زیاتر بوو
باجستێنی خەم
ڕۆیشت...
بێ خواحافیزی، بێ ڕوخسەت
بێ ئەوەی گۆڤارەکەی دەربچوێنێ
یا پێمان بڵێ ئیتر نایەمەوە

تێنەگەیشتم بۆچی
سەفەری بێ گەڕانەوەی
خستە سەرەتای زستان..؟

(18)

جارێکی دی هاتیەوە خەونم
لەخۆشییان نیوەگیان بووم
ئەوە چ چیرۆکێکە کەژێ
چیرۆکی من و تۆ
پەیکی زەمەن نایبڕێ..

(19)

پێشوتاری قەڵەم
بەدخەوی بوو
ڕۆحی ستراناں
خەڵتانی بێدەنگیی جۆگە و ڕووباران
شیرین قەد لە من ون نییە
چاوە فێڵاوییەکانی
لەودیوی مینای پەنجەرەوە دەبینم
پێشوتاری قەڵەم
لێرە، لە کانی لەزەتدا ورشە دەدا .

(20)

ماهی ئێمە
لەباتی تریفە
پەشم ئەبارێنێ..
لەگەڵ میوانداری مەرگیش
لەگەڵ نەخوێندنەوەی مێژوو
لەگەڵ ئاودزبوونی برینان
لەگەڵ بەردەوامی شەو
هێشتا دڵ پەیژەیەکی ئومێدی
پێوە دەمێنێ
من و تۆی پێدا سەرکەوین.

(21)

پایتەختەکانی ئەم سەدەیە
لە هێڵی یەکتربڕ و تەریب دەچن
بێ سەرەتا، بێ دیماهی
پایتەختەکان گوندی گەورەن
بەڵام هێلکەی بچووک دەکەن .

(22)

ئەو ئاواز و گۆرانییانە
کێ شکاندنی

کێ بوو بە زەبری ستەم
قەرەجە چاوکاڵەکانی
لەگەڵ دنیای ماسکداری ئێمەدا
تێکەڵ کرد و تارمایی دواندن
کێ بوو؟ ڕازەکانی بردن؟
نەوا.
نەوا..
نەوا...
بۆ کێ؟

(23)

کە پێویستیمان بە لێفەشرێک و نانێک هەبوو
ئەوان بروسکەیان دەنارد..
وەک گۆزەیەکی شکاو لە مەیدانی شەڕەکانیاندا
بەجێیان دەهێشتین..
ئاهەنگیان لە گەڕەکی کەڕان پێ دەگێڕاین..
کەچی ژیان..
ئا ئا ژیان..
ئەوەتا بە پیرمانەوە دێ
ئێمەین خۆمانی لێ لادەدەین .

(24)

پەتای ئادەمی
کە ئێستا بووە بە مۆد
دیواریان بە خانووانەوە
پەنجەرەیان بە دیوارانەوە
شووشەیان بە پەنجەرانەوە نەهێشت
بەم جۆرە،
چیرۆکی ئەمشەویشمان لێرەدا تەواو بوو.

(25)

پاسەوانی ڕێگا بوو
هێللانەکانی تێکدابوون
لەو ساوە تەزرە لە شکارتەکانمان دەدا
لەو ساوە پیلمان لەگەڵ برسییەتیدا تێکهەڵکێشاوە .

(26)

ڕەنگەکان لە کوێدا خۆیان بنوێنن
کە هەموو شەڕ و پشێویی دونیا
لەسەر دەنکە ڤیاگرایەک بێ..

(27)

بەداخەوە باران مابوو
ئەویش ئێستا
لە پرۆسەیەکی ڕسکاودا
جاسووسی بەسەر هەورەوە دەکا
دەڵێن باران هەموو نهێنییەکانی درکاندووە
بۆیە هەور تووڕە بووە
وەک دەبینی ماوەیەکە
هیچ کارێکی پێ ناسپێرێ.

(28)

کە ڕۆیشتی پرچت تا تا
سیمات برووسکەی دەهاوێشتن..
نازانم چۆن لەژێر ئەو هەموو ماسکانە ماندوو نەبووی..

(29)

دونیا لەژێر باڵی (جیهانایەتی) دا نوستووە
کێڵگەکانی نێرگس
ڕەنجی فەرهاد دەدەن
لەو لاوە
لە پەنای دێرێکدا
کە دەنگی گیان و

گیانی دەنگی پۆشیوە
مرۆڤێکی سادە
بەدڵی شکاوەوە
لاوکی بەسەرچوو دەچڕێ.

(30)

حەوشەمان بۆنی شەوبۆی لێ دێ
هەر دڵە و پەیکانێکی بۆ دێ
هەر چاوە و گڕ دەبارێنێ
ئاوازی کپ
دەفری بەتاڵ پڕ ناکا
ئیتر لێرەبەدوا سێو لە ئەفسانان دێتە دەرێ
بە کلیکێک پێدەگا..
بە کلیکێک دەکڕدرێ
بە کلیکێک دەفرۆشرێ
دوور نییە بە کلیکێکیش بخورێ..
بژی (جیهانایەتی)
کانگەی تەمبەڵی و
کۆڵەواری و تەنپەروەری..

(31)

سرووتی خاکەڕایی
خەمی نادیار

خۆری سپیپات
وا پێک نەهاتبووین براله
منداڵیی گەردوون
بە گورگان بسپێرین..

(32)

ئای زەوی خۆزگە ئەوەندە بچووک نەبای
ناچارم بکەی
سینگم بکەم بە چیمەن
چاوم بە هێللانەی مەلان
درەخت لەسەر باڵەکانم بڕوێنم.

(33)

پەری لە هەوران دەرکەوتن
باس لەوەختێک دەکەم
بەیانیی نەدابوو
هێشتا ئاگری شوانان
بە بنارانەوە دیاربوو
شەوگەڕ نەهاتبوونەوە
پەری لە هەوران دەرکەوتن..
لە کاتێکی وادا،
تۆ بڵێی پەری بۆ لە هەوران دەرکەوتبن؟

(34)

ژنێک بۆ غەریبی خۆی دەفی لێدەدا
گەڵای داران
سەرەتاتکێیان لەگەڵدا دەکرد
ژنێک
لە کانگەی نوورەوە هاتبوو
دەفی بۆ غەریبی خۆی لێدەدا.

(35)

ئەودەمەی کولێرەیەک بەدەستەوە دەگرم
دەزانم دونیا دەهێنێ
گۆرانی بۆ بچڕێ.

(36)

گریمان دڵیان
خستیە سندووقی دەنگدانەوە
بیرت لێ کردۆتەوە
بە چ زمانێک لەگەڵ پرسیاران بئاخڤێی
یاخود چییان پێ بڵێی..؟

(37)

چاو و گوێمان
بەسێنی سەربانانەوە بەستراوەتەوە
تکایە پێم بڵێ من کێم؟
لە کوێڕا هاتووم. بۆ کوێ دەچم؟

(38)

گڕم نەدیبوو لەو شێوە
بێباک، بێ پەروا
بەفری لووتکان بسووتێنێ
ئاوی ڕووباران داغ بکا.

(39)

مەرگ لە چاوەڕوانی ژیاندا خوێنی لە بەردەڕوا
شارستانیەت و چۆلپەرستی
لەبەر ئاستانەی سەدەی نوێ
دەست لە ناو دەست
پرۆتۆکۆلی نهێنی ئیمزا دەکەن
وێنەی یادگاری دەگرن.

(40)

نەمدەزانی گوڵ لە تەمدا

جوانتر دەردەکەون
نەمدەزانی تریفەی مانگ
لە تانەی چاوان دەچێ..

(41)

لێم دیارە دەرفەتەکان لە ئەفسانەدا ئاڵاون..
لێم دیارە
پیاڵەی بەتاڵم لێ دیارە
چاوی ماندووی تێدا ڕەنگ دەدەنەوە
دەنگی گیراوی تێدا دەنگ دەدەنەوە
لێم دیارە، شتی دیشم لێ دیارە
لێ مۆمێکی بەر با چی لەدەست دێ؟
لەوەی بەدەر
یەخەی خۆی لە تاریکیدا دادڕێ.

(42)

ڕۆژگارمان
ڕۆژگاری دووپشکانە
چرپە دەخوێننەوە
سەوڵ لە خەیاڵ دەدەن
ڕازێک.. نهێنییەک
لە ڕۆژگاری دووپشکاندا نەماوە..

(43)

فرمێسک نوستبوو
چاو بێدار
لەو دیو سۆزی سۆمادا
ژنێک سەمای
لەبەر ئاوازی هەتاو و سێبەردا دەکرد
فرمێسک نوستبوو
ژنێک لەبەر ڕووناهیدا دەلەیزی..

(44)

تارمایی
ڕێیان
لەهەور
لەبا
لە خەونان گرتووە..
تارمایی گەیشتنە ئاسمانی خەرەندان.

(45)

ڕەشەبا نەبووایە
درەخت بەلادا نەدەچوون
ڕەشەبا نەبووایە
چاوی تۆ

بەو ئێوارە ئەرخەوانییە تەرزیان نەداوێشت
ڕەشەبا نەبووایە..

(46)

مێژووی شۆستەکان نانووسنەوە
ئەو ڕەوەزەی لە خەودا بە سەرتدا ڕما
ئەو خەمە نادیارانە بوون
پاییزان دەدرەوشانەوە..
ترپەی دڵە هەلاهەلاکان بوون
تەمی سپێدەیەکی زستانی...
فلیم هەر ئەوەندەی لێ مابووەوە
ئەوی دی لێ ڕەش ببووەوە.

(47)

دار بەڕوو پەنجەمۆری
بەسەر گوڵاڵەکانی کەنارەوە مابوونەوە
پاسەوانی فەرمانگەی دۆزینەوەی تاوانان
نەیهێشت لە گوڵان نزیک ببمەوە
تۆ پێم بڵێ دڵدارەکەم چاوەڕوانە
من چۆن بێ گوڵ بگەڕێمەوە؟

(48)

بازی کێوییان
بە دووکەڵی پرسیاران گیراوە
ئەستێرە
لە ئاسماندا ڕادەکەن
خەڵکی لە بەهەشتیشدا خۆیان کۆکردۆتەوە
کەس نازانێ چی قەوماوە..

(49)

دەخیل چاکی سەرگرد و تەلانان
بەهەور بڵێ
لە قەدەحی پڕیدا ڕێژنەیەک دابکا
شاعیران وەختی ژوانێ
هیچیان لە بیر نامێنێ.

هەولێر 2009

پەراوێـزێك بۆ نیشاپوور

(پێم سەیرە بەرەو کانییەکەی تۆ دێم
تینووشم نییە...)
ئۆشۆ

(1)
ئەو جوانییە مەگەر لە بەهەشت
یا لە گڕی شەرابدا ببینی.
منداڵیی چیایان
نگینە بە شەوقەکانی باران
خەمی بێ سەرچاوە.. نادیار
لە خەون زیاتری پێ نەبەخشین
خەون و خەون و خەون
پەنجەی پێ لە قژ ناین
سەیری بەسەرهاتی مرواریيان بکەین..
هەموو شتەکان
لە دەوری چرای تۆدا کۆ دەبنەوە
سوپاس بۆ مەداری یەکتاییت
سوپاس بۆ کولتووری ئاوەدان.

(2)

کۆڵانە بە ترسەکان،
خەوی لە چاو زڕاندین..
من ئەوم ئەو من
لە سەرابی بیاباندا،
گوێم لە ترپەی پێی هەورە
لە سەدای ئەو ڕەنگانەیە
مەرگی دواخراو سیمای پێوە نەهێشتوون.

پۆلیسەکانی ڕێی زمان،
لە ڕووباری هەستدا مەلە دەکەن..
نوختە
فاریزە
نیشانەی پرسیار
کەوانە
تەقەڵ
نیشانەی سەرسوڕمان
نەمبینی ڕۆژێ یەکێکیان
لە ڕاست دارستانی چڕی نهێنیدا بخنکێ.

(3)

کۆڵانەکان بنبەستن ئەی دڵ !
نەژاد جەژنیەتی

جەژنیەتی نەژاد...
سوپاس بۆ تۆ !
بۆ چاوەکانت،
بۆ ترس،
بۆ ئۆقیانووسی حەقیقەت
کانگەی دوڕ و هاوڕێی دڵئاوای ڕۆح.

(4)

تازە سێوی ناسیبوو
نیشاپوور بەردی سیزیفی لە کۆڵ نا..

(5)

کاژی دڵ دەروێشی شـێت کردوون.
پەیکانی جوانی ئاودەنگی ڕێگایە.

(6)

چاومان بەشی جیهانبینیمان ناکا.
وەرە پەروانە باڵ ماندووەکانی پەرستگا
بفڕێنە..
ئاگرت بکەوە !
حاڵیم کە من چیم؟
فرمێسکی شکانەوە !
(سندووقی ڕەش)ی باوبۆران!

ئابی 2011

هەندێ وردە تێبینی

(1)

لەم مەقامەدا
کە زرنگانەوەی برینەکانمان،
مێژوو بێدار دەکاتەوە..
چ شەرابێک بنۆشین؟
لەم شەوە تاریک و نووتەکەدا،
کام ئەستێرە بکەین بە میوان؟
لە شەقامە قەدیفەییەکاندا
لە سایەی بەفرکوشی عەدالەتدا،
زایەڵەی سووتان گوێ دادەخا..
گڕی هاوار خەریکە چاومان کوێر دەکا..

(2)

نەوام دی تارای بای وادەی پۆشیبوو.
وەرزم دیتن بە هەناسەی تۆ دەگۆڕان.
تارا نەبوو بابانوێران
نهێنیی خوناوی ئێش بوو..

هەناسە نەبوو
شنەی قژی فریشتان بوو.
بە دەوری جوانیی تۆدا،
نیگەران
بێدەنگ
لووتکەیان دەگرتن..
جوێباریان لێ دەدان.

(3)

تۆ دەوای ڕۆحی ماندوومی
سنووری تەم!
کەوشەنی کۆرپەی مرازان!
تەجەللای نەرم و ئاوازی
پیری موغانی نیازان!
تۆ دەوای ڕۆحی ماندوومی..

(4)

عاشق لە ژێر خاکیشدا غافڵ نییە، بینایی!
ئەوە باخچەی ژیانە،
گوڵی لێ دەکڕێ و دەفرۆشرێ..
ئەوە باخچەی ژیانە
ئاتمۆسفیری گومڕایی تێدا دەگەڕێ.

(5)

لە وچانێکی کورتدا
دڵم بە مەوسیمی گوڵان سپارد..
لەگەڵ هەمووان بەخشندە..
بێبەختی دەرچوو
داوی بێبەختیی نامەردان.

(6)

باڵانسی باران و سرووشتیان تێکداوە،
هەرگیز بەتەنیا مەڕۆ !
هەمیشە با ئاودەنگێکت لەگەڵدا بێ.
هەرگیز بەتەنیا وەڕێ مەکەوە !
سرووشت و باران باڵانسیان نەماوە..

(7)

مەرگ لە حەقیقەتی بێ سنوورەوە دێ.
ڕۆژانی خەمباری دەبێ بڕۆن.
کام و ناکام لە نەخشەی تەمەندا چی
دەگەیێنێ؟
ئاوێنەی پێخوست، ئاشنای تەنیا باڵ !
مەرگ لە حەقیقەتی بێ سنوورەوە دێ...

(8)

پاساری گەڕانەوە هێللانەکانیان

سەفەرێکی خۆش نەبوو
ئاسمان ڕەنگی تاریکی پۆشیبوو
ڕۆژ ئێوارەی تێدا نەمابوو..
وشکەڕۆ..
وشکەداوەت ، وشکەسەما..
سەعاتی سفریان دانابوو!!

(9)
پیتەکان بایکۆتی وشەیان کردبوو.
وشە بایکۆتی ڕستە
ڕستە بایکۆتی پەرەگراف و
پەرەگراف بایکۆتی قەسیدە..
زنجیرێک هەموویان ڕادەکێشێ
بەرەو کوێ؟ کەس نازانێ..
نە بایکۆتکردن کژی هەبوو، نەزنجیر...

(10)
ئەوەی نەیتوانی لە زەمەنی سەحەر هەڵبێ.
ئەوەی کات یاوەری نەبوو کەنارێک بۆ ژیان دانێ..
ئەوەی بواریان نەدا تامی عەشق و باران بکا...
ئەوەی،
بێدەنگییان پێ پۆشی
ئەوەی فێریان کرد هەرگیز

تا هەتایێ خەو نەبینێ
ئەوەی :
.....
.....
(11)
باران مێژووییەکی لەگەڵماندا هەبوو
ئێمە مێژووییەک..
نووری جوانیمان
لە نمەی شەیدای ئەودا بۆ دەردەکەوت..
گڕمان بە ڕێژنەی بەخوڕی
لە ڕۆحـــی خـــاڵی هەڵدەستا...
ئای کە چەند ڕاز و نهێنی پێدەگوتین.
چەند شەوان خەونی خۆشی پێدەدیتین..
ئێستا باران
ئەویشمان لێ زیز بووە
لە لێوپەڕینی ئاسمانان دەچێ
بەسەر وڵاتی وشکەڵانمان...
ئای باران، ئازیزی نەژاد !
کەی شکۆی جارانت دەگەڕێتەوە؟
ئای باران
سترانی حەوانەوەی خاک
خۆشەویستی مێرگ و شکارتە و بەندەنان...

ئەیلوولی 2011

دوا هەواڵی ئەستێرە تەنیاکە

(1)

بێدەنگی سەرچاوەی هەموو زمانانە.
درەخت بۆنی خاکیان پێوە نەماوە.
تاریکی هەڕمێنی کەوتۆتە سەر..
کێڵگەی نێرگز
ئایندەی ماسییان،
کە نەمانهێشت
لە ڕووباری جەستەدا پیربن
سێبەری ڕۆژگاری ڕەنگبزڕکاو.. دەنگ کەوتوو
ئێواران دەیبینی
لە شۆستە لازوەردییەکانی کێوییایەتیدا،
وەک شێت دێ و دەچێ...

(2)

ئەوە چییە شانی خۆت داوەتەبەر
پەی بەنهێنی دەبا و

لەبەر بای وادە وەنەوز..؟
ئەستێرەی سپێدە مەست.
باران مەست.
پەلکەگیا مەست.
شەڕە بێهوودەکان مەست.
فریشتەو جنۆکە مەست.
مێژوو مەست...

(3)

دەفری نەزر
دەرکەوت بۆشاییەکی خۆڵەمێشییە
لەپەرستگا بەشەوقەکانی سۆمەر،
کاهینە تێکسمڕاوەکان لەبەر (نینئەننا)ی دەکەن
دەفری نەزر
لە نیوەڕۆیەکی نائاساییدا،
بەچاودێری تەکنەلۆژیای سەردەم
لەناوەڕاستی پایتەختی گومان،
لە پرۆسەیەکی ڕووناهیبەخشدا دزرا..
ئینجا فەلسەفە چییە؟!
ئاکارو مەنتیق،
جڤات وبەرهەمهێنی و پەندگۆیی چین؟!
لە سێوێکی ڕزیوی باوەرێن زیاتر...!

(4)

لەو دیو قوببەی مینابەندەوە دەڕوانم:
خەریکین کۆتایی بەخۆمان،
بە خەمە شەونم لێدراوەکانمان،
بەدوا سەرەتامان بێنین..
خەریکین بەناو تارمایی شەودا دەگەڕێینەوە...
ئەوەی باسی شووشەی درزبردووی کرد،
ئەوەی دەنگوباسی گورگی
لەشەوگەڕدا هێنایەوە
ئەوەی هات وتی: سپێدەیە، وەختیەتی
بەتەنێیان هێشتەوە..

(5)

ئەم شانۆییە چەندی ماندوو کردین
ئەم شانۆییە چەندمان ماندوو دەکا..

(6)

تۆ مەبەستت هەتاوە
کە ئەوەندەمان بێ نرخ گرتووە،
ڕۆژانە پەرداخی نازانمگەرایی
لێ پڕدەکەین..
مەبەستت هەتاوە
کە لە دوندی نیگاماندا سپی دەچێتەوە..
لە خاکێکی بەراوێتە دەچێ..

لە ڕەنگێکی کاڵی چویتی
بەسەر جیهانێکی نوستوودا..

(7)

وەخت وەختێکی دیکەیە
وەرز وەرزێکی دی
ئێستا هەر ئاشقێ نیشتمانی خۆی هەیە
هەر نیشتمانێ ئاشقی خۆی..
ئەستێرە تەنیاکە!
ئێمە لە کوێوە دەست پێبکەینەوە
کە بێپەروا هەنسکی سێبەر دەخۆینەوە؟
لە کوێوە دەست پێبکەینەوە
لە کوێوە، ئەستێرەی تەنیا؟!

حوزەیرانی2011

بکـوژی بـاران

"تاریکایی لووتکە و بەندەنی داپۆشین ..
برووسکەیەک درەوشایەوە و
ئاگرێ هەڵبوو
دونیا مەرگی باراند
هەرچی دەکەوت ، دەبووە خۆڵەمێش ..
داستانی گەلگامش

(1)

/ ڕێژنەیەک/ لە/ نیوەشەودا/ خەونی/
/ لەبیر/ بردمەوە/ نمەیەک/ بەبیری/
/ هێنامەوە/
/ لەنێوان/ لە بیرچوونەوەو/ وەبیرهاتنەوەدا/
/لەگەڵ/ ئاوازە/ شەکەتەکانی/ سرووشتدا/
/تێکەڵ/ بووم/

پەلکەگیای تەنیا،
بەئاوی کڕدا دەچن..

شەقامی ئەستێران ،
چەند مەترێ هەناسە و
تاوێ بارانی دەوێ..
شەقامی ئەستێران،
باجی خەرمانەو ڕۆژلێبڕان دەخوازێ.

(2)
/ ئاسان/ نییە/ لە/ نەزمی/ هەڵبوون/ بگەین/
/ ئاسان/ نییە/ شارە/ مێرووڵەیەک/ لە/
/ نیشتمانی/
/ ئاسانستاندا/ دڵنیا/ بکەینەوە./

خۆت بە یەکتەنی و بێنیازی بسپێرە...
تارمایی درەختان لە تەمدا
چەند جوانە، چەند شۆخ..
با ئیتر بگەڕێینەوە
با بگەڕێینەوە پەیکی لەشان و پیل کەوتوو!
ئێمە خەریکە دەگەینە
ئاسۆی ئاڵوودەیی.
بابگەڕێینەوە
خۆمان بە یەکتەنی و بێنیازی بسپێرین..

(3)

/ گەرەکە/ قەسیدە/ قەڵەمڕەوی/ بەهەشت/
/ بێ/
/ گەرەکە/ زمانمان/ لە/ وەرزەکانی/ زیاتر/
/ لێ/ بەوەلەد/ بێ../
/ گەرەکە/ مانگمان/ لە/ هەرێمی/
/ درەوشانەوە/
/ ئاوا/ نەبێ/ ئاسمانمان/ بێگەرد.../

من بۆیە دەڵێم چاوی دڵ
چاوی دڵ،
ئەزەلە، ئەزەل.
بۆیە دەڵێم چرای ڕاز
چرای ڕاز،
کوانووی
هەڵوەدایانە، چرای ڕاز.
ئامان ژەنگاری پەتیارەیی
ئامان!

(4)

/ دادپەروەری/ لە/ وشەدا/ نییە/ دادپەروەری/
/ لە/ پیتدایە/

/ ئەندێشەی/ دوابڕاو/ پرشنگ/ ئەدا./
/ نیوەشەو/ شەرابێکی/ سپی/ بوو/
/ ئێمە/ بە/عەکسی/ شەراب/ لە/ پیتێک/
/ دەگەڕاین/ پیتێکی/ چارۆگەدار/ لاسەنگی/
/ هاوسەنگ/ بکاتەوە/
/ ئێستایش/ دەگەڕێین../

دەرگای ئومێد،
بەکلیکی بێئومێدی ناکرێتەوە.
شاباش بۆ ئەو گڕەی دونیای سووتاند
دڵ باکی پێ نەبوو!
شاباش بۆ پاسەوانی
مەملەکەتی تەنپۆڵایی و دەرفەت..

(5)
/ پەیامی/ بێهوودەیی/ هەندێ/ جار/
/ گەوهەری/
/ لێ/ دەردەکەوێ/ وەک/ ئەو/ مۆتەکانەی/
/ لە/ بێداربوونەوەدا/ بە/ زیندوویی/ لێیان/
/ ئازاد/ دەبین./

لەباران بەهرە وەرگرە !

سۆزی مەستیی لێ دەتکێ.
ڕووە خەمبارەکان،
بەلای خەراباتان وەردەگێڕێ.
سەهەندی پشکۆ!
نهێنیی ئەو چاوانەی،
عاشقیان تێدا دەتوێنەوە..
شێتیان لە ناودا ون دەبن..

ئای باران!
شایەدی دوورونزیک
دوا پەیمانەمان بە بەتاڵی مەهێڵەوە.

(6)

/ پەلکەزێڕینە/ دەبینم/ بڕوام/ بە/
/بەرپابوونەوە/ لەق/ دەبێ/
/ نازانم/ دەتوانی/ مانایەک/ بە/ غەفڵەتی/
/ شەوەزەنگ/ بدەی/؟/
/ نازانم/ دەتوانی/ ئەو/ زەمەنە/ ڕابگری/
/ داگیرکەرانی/ زەمەن/
/ ئاو/ و/ هەوایان/ لێ/ بڕیوە؟/
/ دەتوانی/ بۆ/ ڕۆژگارێکی/ دیکەی/
/ هەڵدەی؟/

ئەو هەناسەیە چییە
نوقمی گێژەنە،
نە دەخنکێ، نە ڕزگاری دەبێ؟!
ئەو دڵە چ دڵێکە
دەوەستێ و لە لێدان ناکەوێ؟
ئەو مۆمە چییە
تا ئەبەد دەسووتێ؟
تۆ دووری، ئەی پرسیاری ناخ
داد نییە
بە تۆ گەیشتن
لە کێوی قاف دوورتر بێ.

(7)

/ سیرەی/ دەرگا/ لە/ غەریبیدا/ ئاهەنگێکی/
/ ئەفسووناوی/ هەیە/
/ هاووڵاتییانی/ گەلگامش/ سەریان/ لەسەر/
/ پەیمانەیەک/ دانا/ لە/ ترسی/ ڕۆژگارە/
/ خۆڵەمێشییە/ دیماهی نەهاتووەکان/
/ هەڵبزڕکابوو../

بۆ تۆ، سەر لەڕێ
کوێت بوێ دەچم..
لەم زەنەکەدا، بە تەنیا

ناتوانی بپەڕیەوە
تا، تا، تا،
تا (هەتاو لە سنگمان دەڕوێ)
لەگەڵت دەبم.
تا، تا، تا،
تا ئەم خاکە و خۆڵە مابێ،
بۆ تۆ
سەر لە ڕێ
کوێت بوێ دەچم.

(8)

/ مێژوومان/ وێنەی/ قەسیدەیەکی/ نیوەچڵ/
/ لە/ کۆڵدا/ هاتووە/ تەبعی/ پەژموردەیی/
/ خەرەندێکی/ هەزار/ بە/ هەزارە/ بە/ بەر/
/ چاوی/
/ ئادەمییە/ سەر/ هەتاوەکانەوە/
/ هەڵماندەلووشێ/
/ دەبێ/ نەهێڵین/ ئەو/ ڕوناهییە، بکوژێتەوە/

هەمیشە تەسلیمی ئەو خەندەیەم،
لە سیماتدا هەڵدێ.
ئەو دەروێشانە دەبینم

بە هەڵاوی جوانی دەسووتێن.
بار لە کۆنترۆڵ دەرچووە، کریڤ !
خەمسەرایە، خەمسەرایە، خەمسەرا.....

ئەیلوولی/ 2013

زەماوەندی هەورە بابردووەکان

(.. خەم هەرچەند بێ ماریای بچکۆلانە
ئێمە حیکایەتی خۆمان هەر دەگێڕینەوە..)
شاعیری ژاپۆنی
نۆبۆ ئایۆکاوا

(1)

/ گۆڕستانی/ لانەوازان/ ئاوازی/ هەتاهەتایمان/
/ بۆ/ دەژەنێ./ لە/ گۆڕستانی/ لانەوازاندا/
/ هاوین/
/ زستانە/ بەهار/ زستان/ پاییز/ هاوین /
/ زستانە/

چیم لێ دەپرسی؟
کە من شتێک لە مێرگ و پاناوکان نەزانم...؟
سیمای خۆمم نەبینیبێ؟
چیم لێ دەپرسی؟

کە نەزانم لە کوێڕا دەست پێبکەین؟

(2)

/ ئێمە/ خاکمان/ بە/ کێڵراوییەوە/ خۆشدەوێ/
/ ئاو/ بە/ ڕەوانی/ گوڵەگەنم و/ پەلکەگیامان/
/ چۆن/خۆش/ بوێ/ کە/ سنگیان/ دەدەنە/
/ بەر/
/ گەردی/بەیانییان و/ لە/ ئاوابوونی/
/ شەو/ دەدوێن؟/

گوێ بۆ کوێ هەڵدەخەی،
سەرەتای وچان و کسپەیە..
چاو بۆ کوێ هەڵدەبڕی،
دوایی کەوشەن و ئاسۆیە..
ئێستا ویقار
لە خەرمانەی مانگدا نییە
ویقار ئێستا،
لە ژاکانی ڕوومەتی ئەو ژنانەیە
بەهەنسکی چاوەڕوانییەوە خەملێیون.

(3)

/ ئیتر/ ناڕوانمە/ دەرەوە/ئەو/ تیشکانەی/
/ لە/ چاوی/ تۆوە/ هەڵمگرتوون/ بەسن/

/ بۆ/ ئەوەی/ هەناسەیان/ پێ/ بدەم/

دەنگێک دەبینم، تەنیا.. ماندوو
بەرەو من دێ
بەر لەوەی بگات،
کەویە بەفرەکان لە کۆڵ دەنێم و هەڵدێم.
چەپکە تیشکێک
لە گوێم دەزرنگێتەوە
مۆبایلەکەمیانم پێدادەدەم،
پەرتیان دەکەم..

(4)

/ گەڕانەوە/ بۆ/ سەرچاوە/
/ لە/ پاییزێکی/ کەسکدا/ ساویلکەییە../
/ هەموو/ دەم/ شیعر/ لە/ جەژن و/ شادیدا/
/ نییە/
/ ئەو/ پیشە/ لەعنەتییە/
/ وەک/ ئاو/ بە/ جەستەماندا/ دێتە/ خوارێ/
/ زمانمان/ بپژێنێ/
/ ئەو/ پیشەیە/ زۆر/ جار/ کە/ لە/
/ پەردەییێکی/

/ ڕووبەدەر/ دەچێ/ تامی/ نامێنێ/

زنجیریان،
بەملی
ڕەشەبای ناوەختەوە کردبوو...
نەوای سەردەمی
بەرەو ئاسمان هەڵدەفڕاند.

(5)

/ سینەمان/ سینەی/ داغمان/ بە/ ئاخی/
/ کپکراو/
/ بە/ لێزمەی/ ئەسرین/ داخراوە../
/ ئەو/ قفڵە/ بە/ چی/ دەکرێتەوە؟/ بە/ چی/
/ دەکرێتەوە/ ئەم/ قفڵە؟/

کۆیان کردینەوە
لە گۆزەیەکیان هاوێشتین..
لە هەموو زمانێک دەگەن،
زمانی خاک نەبێ!
بەسۆیە یەکتەنیی.
دژوارە خرۆش.

(6)

/ چی/ بکەین/ کەمینێک/ بۆ/ گۆشەگیری/
/ بنێینەوە؟!/
/ چ/ ڕێگایێک/ بگرینەبەر/
/ جەستەی/ گڕگرتووی/ گۆشەگیری/
/ شەڵاڵی/ عەشق/ بێ؟/

ڕووبار لێڵ بوو. کەس گوێ ناگرێ.
با تاوگەز بوو. کەس نابینێ.
پاکدامەنی،
لە ژێر پێی پێناواندا کەوتووە..
ناپاکییان لە ڕووبار،
ناپاکییان لە درەخت،
ناپاکییان لە با کرد..
لە مەرگەمەلەدا
بوار هەر ئەوەندە بوو...
هەر ئەوەندە بوو بوار
ڕووباری لێڵ!
بای تاوگەز!
درەختی بە ناخدا هەڵچوو!
هەر ئەوەندە....

(7)

/ قەڵای مێردان/ ئادەمیخۆرانیش/ داڵدە/ دەدا/
/ ئایا/ کاتی/ نەهاتووە/ لە/ دۆڵێکی/ دووردا/
/ کۆببینەوە/ پێکەوە/ پیاڵەی/ ژەهر/
هەڵدەین؟/
/ لە/ کاتێکدا/ دڵمان/ وازی/ لە/ سەمایە؟/

شەتاوم لەڕەوتی ورشە دی
نهێنی لە بانگەشەدا..
ئەوانە بەختیار بوون
سۆمایان نەمابوو!
ئەوانە بەختیار بوون
ژاڵەیان خواردبوو !

(8)

/ گەر/ ئەم/ سەفەرە/ بکەین/ لە/ کوێی/
/ لێکدابڕاندا / دەبین؟/
/ لە/ کوێی/ دەربەدەری و/ خان بەکۆڵی/
/ کێڵگەکاندا/ دەبین؟/
/ لە/ کوێی/ نیگەرانیی../
/ چی/ بکەین/ ئێمە/ چی/ بکەین؟/

/ بەردەوام/ بین/ لە/ نۆژەنکردنەوەی/
/ تەوژمە/ تێکشکاوەکان/
/ یان/ بوەستین؟/

ئەو ئاوە پاراوەی
بە تافتەی دەسماڵی هەڵخراوتا
دێتە خوارێ،
گریانی منە، ڕێداری چیا!
ئەو ئاوە پاراوە،
گریانی منە..

(9)
/ قسەم/ بۆ/ تۆیە/ گەڵای/ تۆقەڵان/
/ قسەم/بۆ/ تۆیە/ شەوبۆی/ بەردەرگا/
/ قسەم/ بۆ/ تۆیە/ ئێوارەی/ نەرم/
/ قسەم/ بۆ/ تۆیە/ سیبیریـای/ دۆزەخ/
/ بۆ/ ئێوەیە/ قسەم!/

سەیری ئەو ترسەکە!
لە کوورەی هەڵایساو،
لە دیالۆگی سەردەم دەچێ..

سەیری پەنجەی باران بکە!
بەسەر ڕۆژگاری من و تۆدا
وێنەی گوڵە ڕەنگینەکانی کەنار..
ئەو ترسە،
لە ڕازێکی شکۆدار دەکا
مشت لە خەنجەر،
چاو لە خوێن..
دەڵێی بەفری کانوونە
ڕەشانگ پڕ دەکاتەوە.
سەیرکە! ئەو ترسە،
ئەو ترسەی
لە کوورەی هەڵایساو دەچێ و
من و تۆی تێداین
چەند ئاسوودە و بێ هاوتایە..

تشرینی دووەمی 2013

لـەیـادمانی گوڵە بڵێسەدارەکـانەوە

‹‹ ئێمە ئەوەین زیندان
لەخۆمان دەکەینە گوڵستان،
کە زیندانمان گوڵستان بێ
گوڵستانمان دەبێ چی بێ..؟ »
شەمسی تەورێزی

(1)

/ ئێوارە/ ڕەنگی/ ڕووبارە/ شینە/
زەردباوەکان/
/ دەداتەوە/.. /
/ ترس/ بە/ کڵاوێکی/ بەڵەکەوە/
/ سەرەتاتکێمان/ لەگەڵدا/ دەکا../
/ هەڵپەی/ کارامەیی/ یاڵی/ بە/ ئەسپە/
/ چەقیوەکانەوە/ نەهێشت./

گوڵاڵە سوورەی کانی مرادان
هانا بۆ عاشقان دێنن؛
تۆ مەنووە، ئەستێرەگەشبوونان بگەڕێوە !
کە هاتییەوە دەبینی
چۆن دونیا
دەست لەبەر پشتی شەو دەنێ.

(2)
/ تەمەن/ بایی/ ئەوە/ نەبوو/
/ پەرژین/ بە/ دەوری/ ئاوباران/ هەڵچنین/
/ شووشەی/ شەبەنگی/ پاڵ/ چرا /
/ ئادگاری/ تێکشکاو/ ئەلهای/ مەرگ/ و/
/ هەتاو/ لە/ یەک/ کاتا../
/ لە/ یەک/ کاتا/ ئەلهای/ مەرگ/ و/ هەتاو/

بای وادە،
لەپاڵ پاردەی بیرەوەرییەکاندایە.
بوولێڵم لە کاژەکانی بەندەن داماڵی.
نەمهێشت گەڵاکان
پەیمان بشکێنن.
نەمهێشت لێڕەوار،
گلاراو.. پێکوڕە،

لە هاژەی سەهەندی
ئەم چەرخە غەدداره بخنکێ.

(3)
/ فرمێسکی/ ماندوو/
/ لە/ بۆسەیەکی/ ئەفسانەییدا/
/ کەنار/ بە/ گوڵی/ هەڵایساوەوە/
/ خەملێنرا / بوو/
/ ئەی / ئاهەنگی/ هەنسکاوی/
/ کە/ لە/ پێش/ قافڵەی/ بادەنۆشانەوە/
/ بارت/ لێ/ خستووە/
/ دەمەوێ/ باخچە/ خۆڵەمێشییەکانی/
/ تەنیاییت/ ببینم./

بادەگێڕ
بە پەیمانەی پیرۆزی
برینەکانمی درەوشاندەوە..

بێ هاوتایە ئەزەل، پەری دێم!
خۆت بەنیازی
پەیژەیەکی شکاوەوە مەسپێرە !
بێ هاوتایە ئەزەل.

(4)

/ پرسیار/ تەنگیان/ پێ/ هەڵچنیوم../
/ سەرابە/ ڕێ../
/ چەندی/ ڕۆیشتم/ نەگەیشتمە/ مرۆڤ/
/ چەندی/ ڕۆیشتم/ نەگەیشتمە/ دڵم/
/ کە/ لە/ نێوان/ شکان و/ نەشکاندایە./

لەڕێوڕەسمی ئاهەنگی مەرگی گوڵەمێخەکدا
وێستگەی پاسی
شارەکانم بیرکەوتەوە..
لە شۆستەی باغە سیمکراوەکانی
ئەم بەر و ئەوبەری ڕێگا
گۆڕەپانی نوێکردنەوەی ناسنامە!

(5)

/ هەمیشە/ دەیگوت/ نامەوێ/ تەنیا/ بم/
/ ئەو/ شانۆییە/ تا/ دێ/ ماندووترمان/ دەکا/

تۆ بیرت لێ کردووەتەوە
لەناو هەنارێکی قەڵەشتوودا،
چ دەگوزەرێ؟
چ ژانێکی ئاسنین پێدەکەنێ؟

(6)

/ خۆشەویستیت/ بە/ من/ نەدەشاردرایەوە/
/ لە/ کۆڵ/ خۆمدا/ هاتبووم/
/ کورسییەکی / تەنیا/ لەو/ لاوە/ کەوتبوو/
/ شانی/ بۆ/ هەڵدەتەکاندم/
/ ئەفسووس/ ئێستاش/
/ لە/ ئاماژەکانی/ نەگەیشتم/

لەرینەوەی قامچی
جێورێیی خۆمم پیشان دەداتەوە.
چەقی کاتژمێر ئینجانە.

(7)

/ بارانمان/ بۆنی/ خاکی/ پێوە/ نەماوە/
/ جەستە/ شێوێنراوەکان/ بردوویانە/
/ جۆگەلەی/ بنار/ خەمی/ حەوزەکانی / خۆیانە/
/ هەموومان/ چاوەڕێی/ گەڕانەوەی/ جەنازەی/
/ خوێناوی/ ڕووبار/ دەکەین/ هەموومان../

لە کەپەنەکی شوانێکدا نوستبووم

خەونم بە بارانەوە بینی
بەدیار ئاگری باڵانوێنی کۆچەرییانەوە ؛
زمانی شازادان فێربووم..
ئەرخەوان، زێڕئاژن..
ئەرخەوان، دەنگی با، وینگەی بەرد..
ئەرخەوان، شەیدایی خەڵوەت،
ئەرخەوان، ئاڵا...

(8)

/ ئاسمان/ لە/ حەز و/ ئەڤینمان/ هەڵدێ../
/ سێبەر/ شەفەقمان/ لێ/ دەتۆرێنێ/
/ نە/ دەرگا/ نە/ ئاراستە/ نە.../

بمانەوێ دەتوانین لە دڵۆپێک باراندا،
زستان ببینین.
بمانەوێ دەتوانین
لە زەردەخەنەی کەویە بەفرێکدا
هاوین ببینین.
بمانەوێ دەتوانین
لەسەر قەنەفەیەکی شکاوی (مەچکۆ)دا،
دونیا ببینین.

(9)

/ بە/ خەڵوەتی/ بێ/ نەواییدا/ دەڕۆن/
/ کەس/ خۆی/ لە/ هاوڕێکەی/ ناکاتە/
/ خاوەن/
/ ئەم/ پەنایە/ ئیتر/ ژیانی/ لێ/ نەماوە/

کەپکە شاخێکی زیز
لە کەنارێکی شێتدا
چاوی بڕیبووە دارستان..
تارمایی مردن نەبوو،
خۆڵبارانی تەم بوو..
لە هۆشیارییەکی مەستدا،
لە قۆزاخەی گوڵێکی نەپشکووتوودا،
لە بنکەی ئەبەدییەت..
کەپکە شاخێکی زیز
لە کەنارێکی شێتدا
چاوی بڕیبووە دارستان.

(10)

/ هیوای/ ڕەش/
/ ڕەش/ تا/ تاریکی/
/ تاریکاییەکی/ شێت /

/ شێت/ تا/ هیوا/
من لەنێوان دوو شوورەی دڕکاویدا
لەنێوان دوو شوورە
لەبەر پرشنگی نیگاکانت،
ئیمتیحانی وانەی
مۆمی دەم بام دایەوە..

(11)
/ ئەو/ گوڵەی/ لە/ دەستت/ گرتووە/
/ بڵێسەیەکە/
/ لە/ حیلەی/ ئەسپ/ ئەچێ/
/ دەنگ/ دەداتەوە/
/ ئایا/ بۆمان / هەیە/
/ خەم/
/ بۆ/ ڕەنگپەڕیویی/ خۆمان/ بخۆین؟/
/ بۆمان/ هەیە/
/ ئەندازەیەک/ بۆ/ گۆڕستانەکانمان/ دابنێین؟/

بیرەوەرییەکان
پێشزانییان فێرکردم؛
هەموومان دەڕۆین..
قەسیدە خەماوییەکانمان دەمێننەوە
کێشمانەی خۆیان دەدەن..

(12)

/ ژەنگ/ ژەنگ/
/ لە/ هاتی/ دا/ ژەنگ/
/ لە/ قاتی/ دا/ ژەنگ/

شووشەیەکی بەتاڵ،
لە پیادەڕۆییەکی بنبەستدا کەوتبوو..
ڕێگر نەبوو، جەردە نەبوو..
بوونەوەرێکی ئەفسانەیی نەبوو
شووشەیەکی بەتاڵ بوو
شەڕی مان و نەمانیان لەسەرکرد!!

(13)

/ چرپەم/ بۆ/ نەخوێندرایەوە/
/ ئەم / جارە/
/ سروە/ لە/ میحرابی/ پاییزدا/ هەڵناکا/
/ خۆر/ لەسەرمان/ پاڵتۆی/ هەورانی/
پۆشیوە/

لە ترافیک لایتی ئەوسەری شەقامدا
درەختێکیان ڕاقەناند
شاعیرێکیان سارد کردەوە..

لە ترافیک لایت
درەختان بەردەدەنەوە
شاعیران سارد دەکەنەوە..

حوزەیرانی 2013

لـە ژێـر قوببەی ئومێددا

(1)

بۆچی نەفرەت؟
نەفرەتی بۆ لێ دەکەی
نینئەننای بەرز و مەزن..
ئارمووشی دەرزیئاژنی هیرۆدولا بوو
پاکیزەیی چیایانی
لەبیر ئەنکیدۆ بردەوە..

(2)

لێرە لە ژێر قوببەییێکدا،
کە هەر سەعاتەی
بە ڕەنگێک خۆی دەنوێنی؛
وەرزەکان هەموویان
پێکەوە دێن..
لێرە سڕەی بەفرانبار و
هەوای تاوگەزی هاوین،

باڵەفڕەی گەڵای پایز و
درەختی پژاوی بەهار ،
وێنەی چڵی زڕ و بێبەر تێکئاڵاون..
ئیتر ، ئەوە
سەرەتای سەفەرێکی ناوەخت بوو
قاچمان لە پێخوستی دی دانا
فریومان بە گڵۆپەکانی سەر سەرمان خوارد
کە نیوەیان سووتابوون،
لە چەند ئەستێرەیێکی کوژاوە دەچوون..
تەزووی خرۆشێکی سرووشتبەدەر بوو،
لە لێوارە زیندەبەتاڵەکانی تەمەن
بە هەنسکی ناچاری خنکاو
زەمەنی تووڕەیی بای تێدا دەکوژرا..

(3)
لە ژێر قوببەی ئومێددا
قسەکانمان،
هەندێ جار بانگ و
هەندێ جار ڕووت و قووت
خۆیان دەدایە بەر
بلاجکتۆرە مل خوارەکان..

زۆرجار باکوور،
لە مایکە ماندووەکاندا
تا دەنگی دەدایەوە
دەبووە باشوور..

لە ژێر قوببەی ئومێددا
کە پێی دەڵێین پەرلەمان:
جار هەبوو
خۆر لە خۆرئاواوە هەڵدەهات!
بەڵام دەبووایە ئەم سەفەرە بکەین
ئارمووشی هێرۆدولا بۆ ئێمە
سروودی سروودان بوو..

ئەرا ئەو (با) یەی
لە کۆتایهاتنەوە هاتووە
تەنیا شارای ئێمە دەگرێتەوە؟!

(4)
لە ژێر قوببەی ئومێددا،
چاو دەبڕینە بنمیچ
کەسمان لە حیکمەتی قیبلەنما ناگەین..

کە دێین کەسمان ، سڵاوێک
تەنیا سڵاوێک ،
لە چیمەنی حەوشە ناکەین
کە هەمیشە باکگراوندی
خۆهەڵخستن و درۆکانمانە...

(5)

لەژێر قوببەی ئومێددا
سیماکان ڕەنگی سیزیفیان گرتووە..
بەیانی بە ئێوارە دەسپێرین و
ئێوارە بە بەیانی..
شێوە لە کۆشی شێوەمان دەنێ
لەرە بە لەرەمان دادەدا..
لەبیرمان دەچێ ئەو کۆشکەی لە خەیاڵمانە
شوورەی هەیە..
شەپۆلی گریان و
ڕووباری خوێنمان لەبیر دەچێ..
لەبیرمان دەچێ
ئارمووشی هیرۆدولا دەرزیئاژن بوو
پاکیزەیی چیایانی برد..

(6)

لە ژێر قوببەی ئومێددا
چیرۆکی ونبوونی شەفەق و
ساوی هاژەمان دەنووسییەوە..
زۆرجار بە سەعات
لە ناو کۆتایهاتندا دەماینەوە و
بۆرایی سەرەتامان،
وەک تارمایی میرێکی سەدەکانی ناوەڕاست
لێ دەردەکەوت.

(7)

لە ژێر قوببەی ئومێددا،
لە یەک کاتدا و لە هەمان دانیشتندا
بادەی پەتیارەیی و
پێکی میرغەزەبانمان دەخواردەوە..
لە یەک کاتدا و لە هەمان دانیشتندا
نوخشەی زەمەندی دونیا و
باخچە هەڵواسراوەکانی داری بەقامان دادەدا..
ڕۆحمان بە بەرەواژی،
لەبەر مایکە سواڵکەرەکانی بەر دەرگا
هەڵدەواسی..
بە چاوی ئەستێرە..

بە قەڵەمی تەم..
بە تەوژمی وینگە و
بە ساوی لاتی
موزایەدە و درۆکانمان کاوێژ دەکردەوە...

(8)

لە ژێر قوببەی ئومێددا
کە بە پەرلەمان ناوی چووە
زمانی عەرەبی
وێنەی وەسیەتنامەی سوڵتانەکان
تیلمە کاغەزێکی گرینکە
لە قاسەی سەرۆکایەتیدا هەڵدەگیرێ.
زمانی کوردیش،
لەگەڵ ئەوەی پاسەوانی وەهمی بۆ داندراوە
ڕۆژانە،
بە بەر چاوی (بەڕێزان) ــەوە
لە ڕێوڕەسمێکی ڕاشکاودا
لە ژێر پەیژەی هاتوچووا
دائەپۆشرێ..

(9)

لە ژێر قوببەی پەرلەماندا
ئەوەندەی حساب بۆ چڵ دەکرێ

بۆ گوڵ ناکرێ..
ئەوەندەی زرنگانەوە،
دەخرێتە بەرنامەی کارەوە
هانا ئاوڕی لێ نادرێتەوە.
کێ بیری لەوە دەکردەوە
ڕۆژێ ئێمە پێکەوە دەبین..
کێ بیری لەوە دەکردەوە
چەمانەوەی پێش مایک
لە شکانەوەی شەپۆلی دەریا بچێ، کێ؟
یا بگەڕێینەوە سەرچاوە
سەرچاوەی چیا
یا هەر یەکەمان
لە ژێر قوببەی پەرلەماندا
چاوەڕوانی هیرۆدولای خۆمان بکەین.

(10)
لە ژێر قوببەی پەرلەماندا
دڵ نەبوو لێی دەدا
کەڤرێک بوو، هەر ڕۆژەی،
هەر دەمەی،
هەر چرکەی،
پارچەیێکی لێ جودا دەبووەوە..
چاو نەبوو دەیبینی

دوو کانی وشک بوون،
بە گڵۆپەکانی بنمیچ دەبریسکانەوە،
تازە چی لە ئاگردان و مۆبایل و
ئایفۆن و
ئایپاد و ئای نازانم چی؟
تازە چی لە خانووکەڵەیێکی ئەو گوندانەی
دەمانگوت:
(لە جاران جوانتریان دروست دەکەینەوە)؟
تازە چی
لە چەند پارچەیێ هەور..
چەند مەترێ هەناسە..
تازە چی لەماڵی جەستە
لە زیندەخەونەکانی فیراری؟
تازە چی؟

کانوونی یەکەمی 2014

بەرپابوونەوەی شەو

(1)

لە ڕۆژهەڵاتەوە
بۆ ڕۆژهەڵات..
سۆمەرییە سەرڕەشەکان،
بە پێخواسی،
خاکی قەدەغەکراو تەی دەکەن...

تا چاو بڕ دەکا شەوە..
بەیانی شەو
نیوەڕۆ شەو
ئێوارە شەو
شەویش هەر شەو..
خۆر هەڵیشبێ
ئەو خۆرە نییە ڕووناهی،
لە سنگی سەرڕەشان بپەڕێتەوە..

کازیوە نابیندرێ
لەوێ، لە ڕێدا، لە خاکی قەدەغەکراو
ڕێبواران نازانن سپێدە چییە..
ئێوارەو نیوڕۆژ ناناسن.
تا چاو بڕ دەکا شەوە...
سۆمەرییە سەرڕەشە پێخواسەکان
لە شەوی بێ سەرەتا و بێ کۆتایی
تەنیا پەی، بەناخی خۆیان دەبەن
لە داڵانەکانی ئەوێدا،
بەدەم ڕێگاوە :
ئەستێران بە داو وەدەکەن..
درەختان دەدوێنن..
ئەو کتێبانە دەخوێننەوە ؛
لە دواییدا دەیاننووسن :
کتێبی چەشە
کتێبی چزوو
کتێبی یەکتەنی و
کتێبی مەرگ و نەمریی..
سۆمەرییە سەرڕەشە پێخواسەکان
بەدرێژایی ڕێ
بە درێژایی شەوی دوانەبڕاو
بە درەوشانەوەی ناخیان
بیر لە نان، لە باران

لە گیروگرفتەکانی دڵ و
لە مەستبوون دەکەنەوە..
بیر لە خونچەکانی ڕاست و چەپی ڕێ دەکەنەوە
کە بە تینی تاریکایی دەپشکوون.
بیر لە ئاسمان دەکەنەوە
بە کەزییە ئاڵۆزەکانی شەو
کێشمانەی خۆی دەدا..
ئیتر نەما
شەو سیپارەییێکی چەند پەڕی بێ،
لەپێچی مێزەرێکدا بخوێنرێتەوە.
شەو ئەسکەندەرنامەیە...
چەندی لێ دەخوێننەوە
دوو ئەوەندە، دە ئەوەندەی دێتە سەر..
شەو داستانێکە،
کەس نازانێ کەی دەستی پێکراوە و
کەی تەواو دەبێ.

(2)
لە ڕۆژهەڵاتەوە
بۆ ڕۆژهەڵات
(خۆرێکی چەند زەرد و گەرمۆکەمان
هەبوو

ئەو دەمەی لە دارودرەخت دەچووین..
ئەو دەمەی خۆمان پێک هەڵدەواسی و
گەڵامان تێکەڵ دەبوون..
ڕەگمان
لە یەک سەرچاوەی دەخواردەوە.
ئەو دەمەی
خۆرێکی زەرد و گەرمۆکەمان هەبوو،
چەند مرۆڤی سادە بووین
پڕ لە ئارەزوو.. لە مانا
بەتاڤگان هەڵدەگەڕاین
ترسمان لە بناران گڕدەدا..)

ئەو شەوە تایبەتییە مەحاڵەیان
لە کوێ بۆ سەرڕەشان هێنا؟
لە کوێیان هێنا ئەو شەوە؟
بۆ هێنایان؟
کە نە بە هاوار
سەدای نووزەی
شەوقێکی کز دەبینرا،
نەشکۆفە خەواڵووەکان
جیلیوەیەکیان لێ دەبووەوە..

شەو، شەو
هەمیشە شەو
بەیانی شەو
نیوەڕۆ شەو
ئێوارە شەو
شەویش هەر شەو..

(3)
لە ڕۆژهەڵاتەوە
بۆ ڕۆژهەڵات..
سۆمەرییە سەرڕەشەکان
لەدونیای شەودا
خاکی ڕەنگینیان
لە ناخی خۆیاندا دەدی..
ئایندەیان دەخوێندەوە
پێشبینی کەش و هەوایان دەکرد و
لە زەماوەندی،
شەپۆل و ڕووباران بەشدار دەبوون..
سەرڕەشەکان،
جار هەبوو لەخۆشییا دەگریان
جاریش هەبوو لە خەمان پێدەکەنین.
سەردەمە سەخیفەکانی دوای خۆیان دەدی

فێرببوون ڕقیان لە شەڕ ببێتەوە
سیمای سەقەتستان و
بوونەوەرەکانی
وێنەی زامی درۆزنانەی بکوژ و ببڕان بناسنەوە..
هاتن گەلگامشیان
لە ئەشکەوت و دڕاڵەکانی
شانیدەر و زرزی و هەزارمێرد و
دەشتاییەکانی چەرمۆدا برد..
ئەنکیدۆیان
لە لووتکەکانی زاگرۆسەوە هێنایەخوار.
ئەو دەمە
مەیخانە پاڵی بەمەیخانەوە دابوو
کەس نەیدەزانی مەرگ چییە..
گەلگامش لە مەیخانە دادەنیشت،
سێوی بە پەلکەوە دەخوارد..
گوێی بۆ حیکایەتی
ئەو سەردەمانە ڕادەدێرا
هێشتا نەهاتبوون.
حیکایەتی
ئەوەی پاشان،
ناوی لێنرا بێهوودەیی...
ئەوەی ناوی لێنرا شەڕ:
شەڕ لەگەڵ خۆ..

لەگەڵ ئەو..
لەگەڵ ئەوی دی..
لەگەڵ ئەوانی دی....
حیکایەتی
ئەو قەسیدانەیش
دەنووسرێن و
لەگەڵ دووکەڵی جگەرەدا بە با دەکرێن..

(4)

ئەوە، خەونی من بوو
پڕ بە قووڵایی خۆشەویستیم
لە شەوێکی سپیدا بینیم
پێیان گوتم :
ئێمە،
مرۆڤ،
پێویستیمان بە کەشتییەکی دیکە هەیە.

تشرینی یەکەمی2014

ئەوەی لە دواخوانی برایاندا نەگوترابوو

سیدۆری
پیاڵەی بادەم بەنیوە نەکردبوو
لە نەشئەی سپێدەیان کردم
نەیانهێشت گڕوگاڵی هەتاو
بەسەر ڕوومەتی چیایانەوە ببینم..

لە قەسیدەیەکی بڵاوکراوەی
پێشترمەوە.

(1)

/ بە/ دڵی/ بەدمەستم/ گوت:/
/ کە/ لە/ ئاهەنگی/مەعشووقدا/ دەفڕی/
/ ڕووناهی/
/ هەمووی/ لە/ تۆدا/ هەڵدەبێ/
/ لێ/ گەڕێ/ جێیەکمان/ لە/ کونجێکی/
/ خەراباتا/ بەرکەوێ./
/ لێمان/ گەڕێ/ ئێمە/ سێبەری/ چڵی/
/ دارەبەنێکمان/ بەسە./

ئەو شەوەی
کەزی تۆم
بە ئەستێرە ڕژاوەکان چواند،
تێنەگەیشتم سروەی ماتەم
لە چ لایەکەوە هەڵیکرد؟
تێنەگەیشتم نەخشەی تەمەن
چ شێوەیەکی وەرگرت..؟
بێ بادەییە وشکەسەما
شکەنجە ئارمووشی خاشاک.

(2)

/ نێرگز/ ساڵی/ جارێک/ بەخۆی و/ بە/ تەمەنی/
/ لەبیرکراوی/ بێ/ پەروا/ لە/ گلەیی/ عاشقان/
/ دێتەوە/
/ تۆ/ نایەوە/ تۆ/ لە/ ئەسرین و/ زام/ ناگەی/

سەحەر ئەنگووت
ئەوان لەخۆیان زیاتر نەدی.
من لەگەڵ باراندا دەنووم هۆشکۆڵ
گریانم لە بانیژە هەڵخستووە.
پێم لە پێخوستی بەیانی ناوە..
تۆ هەستت لە جەنگەڵستانی
ئارەزوودا بەند کردووە.

شاڵاوی ئاڵوودەییە ئەمە، پەتایە
شەوقی نۆشین چۆن دەبینن؟

(3)

/ جادووگەرێکی/ سرووشتبەدەر/ دزە/ دەکا و/
/ بەخۆی و/ بە/ ئاسۆیەکی/ بێ/ سنوورەوە/
/ دێتە/ ژوورەکەم/
/ ئەو/ جادووگەرە/ پرۆمیسیۆسی/ جوانیدزە/
/ نەک/ ئاگر/ جوانی/ حەوت/ حۆریانی/ دزیوە/
/ هاتووە/ شایەدیم/ پێ/ بدا/ سەودایەکی/
/ لەگەڵ/ خۆردا/ پێ/ بکا../

ببوورە، خەون ڕایکێشام،
لە مەزرای خەم بووم
کۆتەڵم دەچاندن..
ببوورە، وڵاتی ڕووەکنشین،
ڕووباری تریفەی پێدا دەهاتن..
ببوورە،
لەوێدا، لە خەونی ماندووان،
ڕێیەک نییە
بگاتە جێ..!
(هاتی)یەک نابینی

(قاتی) بەرامبەر نەبووبێ..
ببووره!
سەرمەدییە..ئەمە.. ببووره!

(4)

/ باڵمان/ گرت/ با/ حسابێکی/ بۆ/ نەکردین/
/ مێژوو/ و/ جوغرافیای/ شارە/ بریقەدارەکانمان/
/ هێنا/ لە/ مەیدانی/ چۆلی/ ویژدانمان/ دانا../
/ ئەوەی/ نەدەدیترا/ ئێمە/ بینیمان/
/ پەیامبەرانی/ نیگەرانیی/ نیشتمانی/ ڤایرۆس/
/ جیهانی/ پێکەنیناوی../ ئەوەی نەدیترابوو/
/ ئێمە/ بینیمان../

نگینی ئەنگوستیلەکەم
زەردەخەنەی گوڵئەستێرە،
تەنیایی شەوانم بەبیر دێنێتەوە.
نگینی ئەنگوستیلەکەم
بێتاویم لەبیر دەباتەوە.
نگینی ئەنگوستیلەکەم دۆستمە
لە زۆر ئاشنا و برادەر دڵسۆزتر..

(5)

/ سەری/ لە/ بن/ هەنگڵی/ خۆی/ ناوە/
/ کەیل/ بووە/ تا/ ڕادەی/ هوشیاری../
/ ئەم/ بوونەوەرە/ بن دیوار و/ شەقام و/ شۆستە /
و/ زبڵخانە/ نەما/ سەری/ پێ/ نەکا../
/ هەموو/ زەمەنەکانی/ لێ/ کۆبوونەتەوە../
/ ئەم/ بوونەوەرە/ هەزاران/ ساڵە/ بەڕێوەیە/ تا/
/ ئێستا/ کەس/ لێی/ نەپرسیوەتەوە./

دیوار تا نەڕووخێ
نووری پێدا نایێ..
دیوار ماڵە..
ئەی بانگی هاژەی دوور!
پەنجەرەی ڕۆح!
ئەی ساوی مینای تەملێدراو!
بێ دان و ئاومان مەکە
بەهێزی خەڵوەت
بە شەوقی لێزمە،
دیوارەکان بڕووخێنە
نوورمان دەوێ ئێمە، نوور
نوورمان دەوێ ، ئێمە
نوور...

(6)

/ چاوەڕوانی/
/ لە/ کەوێکی/ ڕاوەدوونراو/ دەچێ/
/ دەرگاکان/ کراوەن/
/ بەڵام/ کاتپەرستان/
/ کە/ هەمیشە/ سێبەری/ یەکترن/
/ ڕێگاکانیان/ گرتووە./

ڕۆژگار دێن
لە تاریکی شەودا
نقوم دەبن.
شەوگار دەڕۆن،
لە باوەشی ڕۆژگاردا دەتوێنەوە.
ئەی ئاشنا! غەریب!
وەک باڵای گوڵەگەنم،
هەڵپەی برسییەتی..
وەک خوڕەی تاڤگە،
سمکۆڵی ئەشکەوتی تینوویەتی.

(7)

/ ئەگەر/ ویستت/ بگەیتە/ ترۆپک/

/ پێویستە/ بزانی/
/ کراوات/ چۆن/ گرێ/ دەدرێ/
/ خەمە/ ڕاستینەکان/
/ لە/ بڵندییان/ کۆدەبنەوە../
/ بەهاران/ مرۆڤ/ دڕک و/ گوڵ/
/ لێک/ جودا/ ناکاتەوە./

لە باخچەیەکی پەنهانی
گوندێکی دووردا
گوڵ گوڵم چنی،
بوو بە چەپک
خەون بوو
پێڕانەگەیشتم،
لە جەستەی تۆی وەربێنم.

(8)

/ مۆسیقای/ پێنجشەموان/
/ چ/ دەگەیەنێ؟/
/ بەردی/ کەپکان/
/ بە/ چی/ سیمایان/ دەگۆڕن؟/
/ هاوار/
/ بە/ قوڵپی/ گریانەوە/ جوانە/ یا/ بە/ کپی؟/

له دنیای فانی ئێمەدا،
چەند هاتن، چەند چوون
تامی عەشقیان نەکرد..
چەند فرمێسک
لەڕێی مەیخانەدا ڕژان..
چەند بەژنی تاریک،
بە باڵای نووردا بڕان..
تۆ وەرە گەورەم!
بڕوانە شاری عاشقان
بە بێی تۆ
چەند چۆل و وێرانە.

(9)

/ جۆللانە/ فێری/
/ زمانی/ لێکدابڕاوی/ کردین../
/ پاسەوانی/ ئاگر/ نوستووە../
/ کاغەز/ دەبارێ/
/ ئاسمان/ سپی / دەچێتەوە./

مەترسە!
ئەوە خاڵی لاوازی منە

کە نەتوانم بێ ئاودەنگ بم..
ئەوە خاڵی لاوازی منە
نەتوانم هیوابڕاوان لە ئامێز نەگرم.
ئەوە خاڵی لاوازی منە، بێ بەینەت!
بێ ماسک و ڕووبەندان بژیم.
مەترسە!
خەڵوەت و تەناهی،
خاڵی لاوازی منن..

(10)

/ سێنی/ بە/ هەر/ لایەکدا/ دەسووڕێنی/
/ هەمان/ دەنگ/ هەمان/ ڕەنگ/ هەمان/
/ زیندەخەو/ هەمان/ سەرگەردانی/

دوورگەی گەمارۆدراو
تینووی هەواڵێکە.
ڕێبوارێک لەو ناوە نابینرێ..
باڵندەیەک لە ئاسماندا دیار نییە..
ئەو ساتانە تا هەتایێ نامێننەوە،
تا هەتایێ بێدەنگی، دەنگ ناداتەوە.

(11)

/ پاکیزەکان/
/ لەبەر/ ئاستانەی/

/ پەرستگاکانی/ سۆمەردا/
/ جێیان/ نابێتەوە./
/ پاکیزەکان/ قوربانیی/ شارستانییەت و/
/ سەنگدڵی/ کاهینە/ لایەنگیرەکان/ بوون../
/ کە/ بە/ بەر/ چاوی/ کەون و/ کائینات/ بە/
/ ناوی/ پیرۆزگرییەوە/ چرایان/ دەکوژاندنەوە./

لە شاری ڕەهایەتیدا،
شاری پاسەوانی دانەوێڵە
دەخوازێ نوێژی کازیوە دابەستین و
هەموومان
لە سرووتێکی
خاڵی لە شوێن، لە کات،
وەک کەسێ کێشمانەی خۆی بدا
باوەشمان بۆ پرشنگ والا بێ..

(12)
/ شتێکمان/ ون/ کردووە/ نازانین/ چییە/
/ شتێکمان/ دۆزیوەتەوە/ نازانین/ چییە!/
/ بەفر/ کە/ لە/ ئەزەلەوە/ سپییە/
/ فریشتەی/ هەڵلووشیون./

تەنگدڵی

سەرەتای شانۆییەکە نەبوو.
تەنگدڵی، نەخشێک بوو،
بە پەنجەی خوێناوی
بەسەر جۆگەو ڕووبار و دەریاکان کێشرابوو.
دونیا سارده..
ئاسۆ لە گیانەڵادایە..
سەرەتا تەنگدڵی نەبوو
شەو و ڕۆژ خۆیان
لەکوێدا حەشار داوە؟

(13)

/ ئەم/ ڕێیە/ چار/ نییە/ دەبێ/ بگاتە/ جێ./
/ وەرە/ مەڕۆ/ وەرە/ دامەزرێین/ بە/ سۆزێکی/
/ پیرۆزەوە/ نهێنییەکان/ بخۆینەوە/ وەرە/
/ بچینەوە/ باوەشی/ خۆمان./

سەرسامیم ون کردووە
لەکوێی دەدۆزمەوە؟
سەرسامی ون بکرێ
لەکوێ دەدۆزرێتەوە؟
ئاوێنەیە.
ئاوێنەیە سەرسامی.

(14)

/ خەونەکانمان/ چییان/ لێ/ هات؟/
/ پێم/ دەڵێی/ با / بردنی../
/ ئای/ لەوە! / ئای/ لە/ شاری/ پەردەپۆش و/
/ بەژاوەژاو!/

ئەو مرواریيەی
لە داڵانی ڕێکەوتدا،
شەوق ئەداتەوە
ئەو مرواریيە نییە
لەکانی ڕۆشناییدا
ورشە ئەدا.

(15)

/ ماسکەکانم/ پێ/ لانەدرا/
/ ناتوانم/ بۆت/ بگێڕمەوە،/
/ هەر/ ناشگێڕدرێتەوە../
/ هەڵدانی/ پێکیش/ ئەتەکێتی/ خۆی/ هەیە../
/ دڵم/ دەڵێ/ ئەم/ بەرەبەیانە/ بنەوشەییە/ مژدەی/
/ ژێردارگەڕانیی/ ڕووبارێکی/ شێتی/ پێوەیە../

زۆرجار تاسان
بەرگی ئاڵووالا دەپۆشێ.

زۆر جاران گیان
بە نەغمەی نیگامەستان سەرخۆش...
ئەو کوڕژنەی پێش کاروان خۆڕایی نییە.
خۆڕایی نییە ئەو کوڕژنە.
ئەو کوڕژنە هەرگیز خۆڕایی نییە.

(16)

/ چاندنی/ دانەوێڵەمان/
/ بۆ/ نیشتمانێکی تر/ هەڵگرتووە./
/ کێڵانی/ زەوییەکانمان/
/ بۆ/ ساڵێکی/ بێ/ پاییز و/
/ بەهار و/ زستان و/ هاوین/ هەڵگرتووە./
/ داخۆ/ ئەڤینمان/ بۆ/ کەی/ هەڵگرتووە؟/

ئەو بە پەیمانەیەک
بە زەمەندی خەیاڵ..
کێوی قافی هەیە.
تۆ بە دەریای مەی
بە چیای چراخان، هیچ..

(17)

/ شەقامەکان/ چۆل/ نین/
/ وشکەڕوانین/ چۆلی/کردوون/
/ وشکەڕوانین/
/ ناهێڵێ/ مۆسیقا/ وێنەی/ بکێشرێ/
/ کێ/ باوەڕ/ دەکا/
/ مانگ/ سیمای/ کچی/ دارستانی/
/ لە/ دەرفەتێکی/ گوماناویدا / دزی/ بێ؟/

شەو ڕەشدانەگەڕاوە
ئێمەین وەنەوزی لالەزار نابینین.
ئێمەین دێین باخچەی بەهەشت
لەبەر پێیاندا دەچێنین.
خودایە!
بە گەورەیی خۆت
فەرمان بدە:
زایەڵەی خاکەڕایی و
گڕگرتووی عاشقان
لە دنیای نیهانی ونبوومان
شەوق بداتەوە..

(18)

/ جیهانبینیمان/ شووشەیەکی/ شکاوە/

/ بە/ خورپەی/ بارێژەوە/ دەشنێ/
/ کەژاوەی/ ڕەنگداپچکوڕاوان/ لەبەر/ تاوی/
/ بارانی/ کوێر/ بارانی/ کەڕ/ بارانی/ لاڵ.../

دەرگا دامەخە!
با پەنجەرەکان کراوەبن
گرفت نییە،
من لەگەڵ خۆمدا
لە خەڵوەتدام.

(19)

/ نیوەڕۆیە/ خەمبارەکان/ تووڕ/ دەدەم/
/ منداڵیی/ دەهێڵمەوە/ وەک/ ئاو/
/ بۆنی/ شەو/ بۆنی/ گوڵە/ مل/ لارەکانی/
/ ئەم/ دیو/ و/ ئەو/ دیوم/ دەکەم./
/ ئەوەی/ دەیزانم/ لە/ نیگەرانی و/ دڵتەنگی/
/ چیایان و/ بەرهەنگی/ ڕووبار و/ ڕەنگزەردی/
/ درەختان و/ ڕەشانگی/ بەفر و/ پرسەی/
/ کوێستان/ لەگەڵ/ خۆمدا/ دەبەم../

باران بە باڵای شووشەییەوە
لە دەرگام دەدا..
با لە سیلەی پەرژینەوە

سەرەتاتکێم لەگەڵ دەکا
وەرە تۆ خۆت لەباتی من دابنێ
ئەوە زوڵم نییە
باران
بە گۆنای گەش و
چاوی ئەفسووناوییەوە
لە تەنیایی و غەریبیی من دەکا؟

(20)

/ کە/ قووڵایی/ بزر/ دەکەین/
/ ژیانمان/
/ لێ/ دوور/ دەکەوێتەوە/
/ بەختیاری/ بە/ جۆگەی/ بریناندا/ دێ/.../
/ بەختیاری/ بە/ شەقامی/ خەمدا/ دێ../
/ بە/ گێژەنی/ شەپۆلان/ بەو/ هەستەی/
/ دوای/ سەمایەکی/ شێتانە/ لە/ کێشانی/
/ جگەرەیەک/ دایە./

تاراوگە دوای تاراوگە
زستانگەلێکمان بڕی
ساڵەهامان وەرسووڕاندەوە،
بەهار هەر نەهات.
تاراوگە بۆ تاراوگەی ناردین
لەڕێی وەهمەکانی خوددا

بەرگی کۆیلەتیمان پۆشی.
شەومان
بە ئەلەندی نەرمی
سپێدە دادا
حەقیقەت هەڵنەهات.
گیاگەلی بەهاران دەرکەوتن
ڕاستی دەرنەکەوت.

(21)

/ بیرەوەرییەکانمان/
/ لە/ ئەشکەوت و/ دڕاڵەی/ شاخ/
/ بەجێهێشت./
/ لە ئارەزووی/ ژیان/ گەڕێ/
/ کە/ لە/ گوڵێک/ دەچێ/
/ بۆنی/ خاک/ دەدا./
/ لە/ ئارەزووی/ ژیان/ گەڕێ/
/ کە/بەیداخی/ شەکاوەمانی/
/ بە/ جەنگە/ بێهوودەکان/
/ نەوی/ کرد../

هەمبوو، نەمبوو
دڵێکی ماندوو

ئەویشم بەمیحرابی تۆ سپارد.
هەستێکم هەبوو
لە پرتەوی نیوەشەو،
لە پیاوێکی ساویلکە دەچوو،
ژنان زۆرجار
لە کۆبوونەوە تەفرەدارەکانیان
ئامێزی بۆ دەکەنەوە..
ئەویشم لە تەنیشت ئەو نیگارانە هەڵواسی
منداڵان دەیکێشن.
لەبیرتە؟
لەبیرتە باسی ئەو ڕێیانەم بۆ دەکردی
بە گۆرانی گیرابوون..؟
باسی ئەو ئاوازانەی،
لە مێژووی
بزووتنەوەی ئازادیخوازی ڕۆحەوە دەرهێنرابوون:
ئەوەی لە دواخوانی برایاندا نەگوترابوون؟

شوباتی2014

کەویـە بەفرەکـانی دۆزەخ

((.. من هەمیشە خەون بەوە دەبینم
باڵم هەبن لەگەڵ تۆدا بە ئاسماندا بفڕم..
بەڵام تۆ هەردەم بیر لەوە دەکەیەوە
جێم بهێڵی و بە تەنێ خۆت هەڵدەیە دۆزەخ...))
وی هیوی
لە ڕۆمانی (شەنگەای بیبی)دا

(1)

شەرەنگیان
لە پیاڵەیەکی زێڕ پێ نۆشیم.
چاوە مەستەکان دەسخەڵەتیاندام..
چاوە مەستەکان کەمەندیان
لە مل نا، لە دڵ کردم..
چاوە مەستەکان کوشتمیان.

(2)

سیماکان ون بوون،
کەس نازانێ کەوتوونە کوێ...
ئەوەی هەیە ماسکە.
ئەوەی دیارە ماسکە.

دەتەوێ ماسکە،
ناتەوێ ماسک.

(3)
بەسەر ئەژنۆدا کەوتبوو،
یەکەم جارە
ژنان ببینم
لەباتی فرمێسک
مرواری ببارێنن.

(4)
کلیلی دەرگا داخراوەکان
لای بووکی زەریایان نییە.
بە بەهاری خەواڵوو و
هاوینی پێخواسیش نییە.
کلیلی دەرگاکان
کلیلی ئەفسانە و داستانان
بە ئافرەت و منداڵانی شنگالە
کە سەتان ساڵە ڕادەکەن .

(5)
ئەوە وەختێک بوو
مەسیحیان لە خاچ دەدا
ئێستا منداڵان مەسیحن..

(6)

ولاتێکم
لە خەوندا دی
بە سەدای دەف
خۆری لێ هەڵدەهات
بە سەمای ژنان لێی ئاوا دەبوو..
ولاتێکی خۆش و ئاوەدان بوو..
بەڵام خەون بوو.

(7)

ئەو خوداوەندانەی
هەمیشە بێدەنگیان کردووین
نزا و هاواریان پێ کپ کردووین،
ئێستا لە شەقامی
پایتەختە بە ژاوە ژاوەکانی
سەدەی بیست و یەکەمدا
سواڵ ئەکەن.

(8)

پاساریيەک بەخشکەیی
لێم نزیک دەبووەوە
پاساری مەرگ بوو
پێڕانەگەیشتم بزانم بۆچی هاتووە.

(9)

مۆسیقای سپێدە لە کوێ بێنم
کە زەردە لە سەرانە و
من هێشتا نەنوستووم؟

(10)

بە ڕێیەکدا دەڕۆیشتم
لە تابلۆیەکی ئەبستراکت دەچوو،
ئەندێشە
تاوگیری
ڕەهایەتی..
ژیان سەیرە!
سەیرە ژیان
بە ڕێیەکدا بڕۆی
لە تابلۆیەکی ئەبستراکت بچێ.

(11)

سەمای سەحەر
کە لە نیوەی پیاڵەیەکی پڕ،
لە تارای بووکی نوور دەچێ..
ژیان
بە گەردی بەیانییەوە دەخەملێنێ
هیوا نزیک دەکاتەوە.

(12)

ئەو عەترەی لەخۆت داوە
بۆنی ناکەم، دەیبینم..

(13)

پەڵەیەک بە دامێنی چیاوەیە
هەیە دەڵێ
تۆ تەماشا شاخیش
ڕوومەتی تاوگەز دەبێ.
هەیە بە برینێکی قەتماخگرتووی
دەچوێنێ!
بەڵام پەڵە،
نە گۆنای تاوگەزە
نە برینی قەتماخگرتوو
دەوەنێکە
لە شایی سەرچاوەکانی لوتکەوە
هەوری ڕاخستووە و
بارانی بەخۆیدا داوە.

(14)

کە وەژوور کەوت
چایخانە مۆر بوو
باڵایەک، نەخشی خوا
کارتی دەبەشییەوە..
دوای ڕۆیشتنی

تا چەند ڕۆژێ
سێبەری باڵای
بەسەر کورسی و دیواری مەچکۆدا مابووەوە..
چایخانە مۆر دەچووەوە.

(15)
شازادەی
نیشتمانی ئایندەمان،
نیشتمانی
بێداربوونەوەی گوڵە شین و سپییەکان!..
تکایە شتێک بکە!
هەستە موچڕکپۆشە، سڕمەززەبە، نازانمگەراکان
لە بەهاربەندی ویژداندا دەرنەچن.

(16)
گوێی ئەو دوورگانە چەند سافن
دەڵێی سەدای خەرەندانن
ڕۆشنایی دەبینن
ڕەنگ لە یەکدی دەکەنەوە
ڕەنگ بەیەکتر دەدەنەوە!!

(17)
یاری بە جەستە
لە چاو تروکانێکدا دەردەکەوێ.

یاری بە هەست،
سەدەیەکی پێدەچێ.

(18)
ئێستا تێگەیشتم
پەیبردن
بۆچی نیشانەی بەدبەختییە
تێگەیشتم ئێوارەی تەمەن
بۆ لاڵە
دڵت بەردئاسا
کانگەی سۆز و نەرمییە
ئێستا تێگەیشتم.

(19)
تۆ بیر لە ژەهری جەستە
لە لێوارە بەلەنجەکانی لەزەت،
دەکەیەوە..
تۆ بیر لە من ناکەیەوە.

(20)
ڕۆژگاری وەرزە داراکان،
ئەو وەرزانەی
بە زەردەخەنەیەک دەژیان
ڕۆیشتن... ناگەڕێنەوە.

(21)

بەختەوەرە
ئەو نەوەیە، بەختەوەرە
لە نهێنیی جەستە و
باری گرانی ڕۆژگار دەگا.
ئەو نەوەیە
بەختەوەرە
هەر کات بیەوێ
جێژوانی دەست دەکەوێ.

(22)

نیوە مردوو بووم
لە بەینی چاڵ و ماڵاندا مابوومەوە،
گوێم لێ بوو
ئاوازێک
لە ناوەڕاستی دارستانێکی چڕدا
لە غەفڵەتی پاسەواندا
بە دیواری سینەمدا هەڵدەگەڕا
دەخزایە دەمارە ماندووەکانم.

(23)

منیش ئەگەر
هەڵەشەیی و ڕەنگکوێری و هەڵپەییم

لەدەستدا بووایە
سنوورێکم بۆ هێرشی چۆلپەرستان دادەنا
ئەگەر دڵم
بەڕاستی لە سنگمدا بووایە
نەمدەهێشت ژنان یاری پێبکەن.

(24)
نیشتمان ئەوە نەبوو
لە چیرۆکێکی کورتمان نووسییەوە.
بە داخەوە،
جارێکی دیش بەداخەوە
نیشتمان خاچێکی ئاسنین دەرچوو
لە شەڕ، لە مەرگمان زیاتر لێ نەدی..
بەداخەوە، سەت هەزار جار بەداخەوە
نیشتمان
(سەیرانگای بەهاران..) نەبوو.

(25)
ئەوەی خوێندمەوە هەڵوەری.
ئەوەی بینیم،
بەداوای لێبووردنەوە درۆ دەرچوو
ئێستا قەڵەمیش
ئیلهام لە بادەی شەراب و
چاوغایەنی و شەوبەکێویدا هەڵدێنجێ..

دونیا هەمووی
بووە بە شانۆییەکی وەڕسکەر.

(26)
باران نییە
تاوێکی لەو ڕەنگە گەرمیش نییە..
من ئەو چەترەم بۆ هەڵگرتووە؟
بەخێر بێی سەرەتای شێتیەتی!

(27)
وریابە!
ئەوەندە ڕوومەدە با
باران شەوانی گۆشەگیریت
ڕووناک دەکاتەوە.
زۆرمان بۆ با کرد
لە ڕەشکردنەوەی بەفر و
بەلاداهێنانی درەختان
چی دیکەی بۆ نەکردین.

(28)
خەم نیشانەی نییە
هەیبووایە
نامەردان
ئەویشیان

بە پڕۆژە کورتهێنەرەکانیان
دادەپۆشی..
نەیاندەهێشت دەربکەوێ..
ئەوە ڕاست نییە
مرۆڤ تا هەتایێ نەمێنێ!
وابووایە
ئەو ماوە کورتەی ژیانمان
ئاسوودە بەڕێ دەکرد.

(29)

قەسیدەیەک
وەک کۆڵسترۆڵی بەد
لە دەمارەکانمدا گیر بووە
نازانم کەی دەمکوژێ.

(30)

هەرچی ڕەنگی دونیا هەیە
بە پەتێکەوە هەڵدراونەتە ئاسمان
ئێستا زانیم
ئاسمان بۆچی
جوانی جارانی نەماوە.

(31)

لە باوەش گرتنی بەدەر

ئێمە،
چ دەتوانین
لەگەڵ پەیکانی شکانەوە بکەین؟

(32)
ئەو هەناسانەی
لەم تابلۆیەدا نمایش کراون
بەڕادەیەک تەنگن
ئێستاش نەبێ
تاوێکی دی لە چوارچێوە دێنە دەرێ.

(33)
کە سەرپشکیان کردی
دیارییەک وەربگری
گیای بناران
کەفی شەپۆلان
نەمامی کەنار..

(34)
ترس دەچێتە دڵی والاوە
ئەوەی بیەوێ
ئازاد بژی
نابێ دڵی بۆ ترس بکاتەوە.

(35)

ساوی دیوارە بەردینەکان
ژوانی نهال و پەنا و پەسیوان
نۆستالیژیای برینان.

(36)

ئەو خانمە سپیپۆشەم
وەک چرای زەمانێ دێتە بەرچاو
کە ئێستا ڕوەتی بۆ گەڕاوەتەوە..
خانەی خەفەت و
شیبای بەهەڕمێنی
سەردەمی کارخانەچییانە.

(37)

کۆتر فڕی ئیتر...
دەست لە چۆک وەرێنان
چ سوود؟

(38)

پێک هەڵدان دەبێ
پێش،
تێکشکانی خۆشەویستی بێ.

(39)

لە پەنجەرەڕا
مانگ
خاڵێکی سپییە
بە تەوێڵی
زەوییەکی دی ڕەش خاڵ خاڵەوە..

(40)

لە ژوانێکی ئافرێنەر
کە پێکدەگەین و
خۆمان بە بەختیارییەوە
پیس دەکەین
ترسی گومانکاران
دەبێتە هەوری هاوینان.

(41)

من کۆلاژ دروست دەکەم
کۆلاژ، هونەری پاڵاوتە و
سوختەی دیدارئاخر بوون..
حیکایەتە لەناو چوو و
هێشتا نەهاتووەکان دەگێڕمەوە..
ئەوە خەونی منە;
درەخت بۆنیان هەبێ
وەرزەکان پێبکەنن،

باران ئاهەنگ لە شکارتان بگێڕێ..
ئەوە خەونی منە،
خەمتان لێ نەخۆم..
خەمتان نەدەمێ..
خەونێکی چۆنە؟؟

(42)
کە زەنگی تەلەفۆنەکەم لێدەدا،
دڵم دادەخورپێ..
ئەوە چ کسپەیەکە،
چ بەڵایەکە خودایە
بۆ عەبدی خۆتت ناردووە؟

(43)
ڕەشەبای
لەقژی تۆوە هەڵدەکا،
بە هێمنییەکی نەدیتراوەوە دامدەپۆشێ.
من ئادەمییەکی بە سەبرم
دەنا ڕەشەبا و
هێمنییان گوتووە؟

(44)
مووچڕکی جەستەت،
لە مووچڕکی

کاتی شیعر نووسین دەچێ.

(45)

کوێریش بین
چیمان پێ نەکرێ
ئەوە دەتوانین
هەرچی تاریکی دونیا هەیە
بەناوی خۆمان بکەین.
با چاو ساغەکانیش
بە ڕووناکی کوێر بن.

(46)

کە منداڵ بووین
بەوە دارا بووین
دوو دارمان لێ دیار بوو.
ئێستا لە تافی ئازادیدا
لە مۆڵ و
دیواری شووشەبەند و
وایەری تێکچڕژاوی
موەلیدان زیاتر نابینین.

(47)

ویستم قەسیدەیەک
لە بارەی تینوویەتییەوە بنووسم
سەیرە
هەموو شتێکم بەبیردا هات
ئاو نەبێ

(48)

خەونم دی
لە دارستانێکی نزیک (وایت هاوس)
لە پاڵ ئافرەتێکی ئەمریکاییدا بووم،
هەموو پرسیارەکانمان وەڵام دایەوە..
لەگەڵ ئەوەشدا
چەندی کردم،
نەیویست بمناسێ!!

(49)

ژنێک
بیر لە پیاوێکی
پرچ زەردی چاوشین دەکاتەوە.
پیاوێک
بیر لە
ژنێکی قژڕەشی ئەسمەر!!

(50)
من بە دێرێک پێت دەڵێم:
لێوەکانت ژیان و مەرگم لەبیر دەبەنەوە

(51)
ئاگرێکی چوار گۆشەمان بۆ پێکراوە
لە پاژنەی ژنێک دەچێ..
وێنەی ئەو شارانەی
شەو و ڕۆژیان تێدا نییە
ئەو بە وی دی هەڵدەکا
شەقام دەیداتە دەست شەقام.

(52)
شارستانییەت،
واتە ئاشتی.
لە منداڵی
ئەوەیان
بە بەرەواژی تێگەیاندین.

(53)
ئێمە دەنگی
ئاهەنگ و شاییمان
دەگاتە ئاسمانان...

لێ کۆترمان
لە بنمیچان دەگمێنێ!

(54)
ئێوارەیەکی نائاسایی بوو
پیاسەم بە جەستەدا دەکرد؛
بە گەردندا شۆڕبوومەوە...
تا ئەو کاتە نەمزانیبوو
گەردن خەرەندێکی ئەوەندە تووشە
بەرەو باخچەی هەناران
خلۆرم دەکاتەوە
بە دۆڵی هات و نەهاتم دادەدا.

(55)
تا چاو ماندوو دەبێ،
لە مەستیت دەڕوانم..
مەستی لە پۆلی مەرگە
سنووری هەیە..
شیعر سنووری نییە.

(56)
لە قوربانگەڕا
شکۆفە سەربڕاوەکان

بەسەر چڵی درەختەکانی بەر پەرستگاوە
دەبینم..
تێیان ناگەم..
نازانم چین..
نازانم بۆ؟
نازانم سەربڕ لە قشلاخەوە هاتوون،
یا ئێلاخ؟
لێ دەزانم نیشانەیەکی سپی نییە..
من نەموتووە ژیان خۆش نییە
بەڵام کوا؟

(57)

با ئەوە بە نهێنی بمێنێتەوە
چۆن و لە چ کاتێکدا دەنووسم
ئەوەندە دەڵێم،
هەمیشە ئەو مێرگانەی
بە پێخواسی
پێیاندا ڕۆیشتووم
بۆنی بەهەشتیان لێ هاتووە.

(58)

جەستەی ماندووم
وێنەی گەڵای پاییزان

بە پشەبایەک هەڵدەوەرێ!..
ئێوە بیرتان لەوە کردووەتەوە
جەستە بە با هەڵبوەرێ؟

(59)

کە منداڵ بووم
گوێم لە مۆسیقا نەدەبوو..
دەنگی ئەو گوللانەی
شەڕ لەسەریان چاندبووم
نەیاندەهێشت..
ئەوسا
ئەگەر گوللەیش نەبا
لەبەر نەوای کچی سرووشت
کەس مۆسیقای لە یاد نەبوو.

(60)

سرووشتخوازان نوستوون
بە پاکی بمێنەوە ئەی خاک!
ئەی دوا ئومێد!
سرووشتخوازان
بەزمگەیان پێ بەرنادرێ
بە پاکی بمێنەوە

ئەی خاک!

(61)

پێی لە دڵم ناوە...
لەبەر هەوای خۆی
ئاگای لێ نییە.

(62)

مەرگ، لە زستانێکی تووشدا
بە کۆنە پاڵتۆیەکەوە هاتبوو
تەنیا یەک قۆپچەی پێوە مابوو..
ئەی (مەرگ)ی ڕووتەڵە، مەرگی هەژار
ئێمە ڕۆژانە
سەتانی وەک تۆ
بە تەواوی ئەناقەت و
پاڵتۆی نوێی ئوتووکراوەوە
سەردانمان دەکەن.
تۆ چی؟

(63)

دوێنێ شەو
کێ بوو
گوڵاوپژێنی کردم؟

دوێنێ شەو، کە مردبووم
کێ لە خەوی ئەبەدی
بێداری کردمەوە و
دڵی بە من خۆش کرد؟

(64)
لە سەفەری هات و نەهاتەوە
گەڕابووەوە..
ماندوو... شەکەت
لێ ئومێد ون نا
تاجە ئەستریيەکیان لەسەرنا!
ئای لە وەفای مرۆڤ
لە دونیای غەددار.

(65)
بەسەر هەوری شینەوە
نامۆ، غەریب
ژیانی بەڕێ کرد..
لەبەر سێبەران
بەیانی بە ئێوارە و
ئێوارەی بە شەو سپارد..
حسابی بۆ سەراب
بۆ باران نەکرد کە شانی دەکوتا
لەگەڵ ئەوەشا

با بەزەیی بەدرەختان نەهاتەوە.

(66)

ئەمشەو
تابلۆیەکی (حەمید جەمال)م هەڵواسی
کە هەر ئەو شەوە پێشکێشی کردبووم
لەو تابلۆیەدا بۆم دەرکەوت;
ڕەنگە زۆرجار
شەفەق و بوولێڵ
گوڵ و خوێن
ڕەنگ لە تابلۆیان وەربگرن.

(67)

دڵم لە دارستانە چڕەکاندا ون کرد،
کە نەمدیون..
دڵم لە شارە گەورەکان لێ دزرا
کە سەردانیانم نەکردوون.
دڵم لە ئاگرە دامرکاوەکان
لە بەفرە هەڵایساوەکان
لە باخچە بەردراوەکان و بانیژە لەرزۆکەکان
لە بن باڵی زەرنەقووتە بێ دەسەڵاتەکان
لە چاوی بێ سەری خوێنەران
بووژایەوە..

(68)

دڵێک لەدەستەی شووشە..
شەوقێکی تاریک..
تارماییەکی ڕەش
وەنەوزێک لەسەر سنگی تۆ بردمییەوە
شەوق وەک خۆی لێ هاتەوە
تارمایی، ئێستاش نازانم
چۆن ون بوون .

(69)

ناپرسم
ئەو شینایەتییە غەریبە،
کە نە لە هەور دەچێ،
نە دەریا.. چییە؟
دەزانم
گریانی بەکوڵی با و
ڕامانی دەروێشانەی عاریفانە
ئادگاری ڕۆحم پێ دەناسێنن.

(70)

چرا بە فرمێسک کوژابوونەوە
ئاپۆرایەک،
دەوری جەنازەیەکیان داوە
مێژوو و جوغرافیای

لە قومارخانەیەک دۆڕاندووە.

(71)

چۆلەکەیەک هێللانەی
لەسەر زرێپۆشێکی شکاودا چێ کردبوو
بێچووەکانی
لەباتی پەڕ
تیخیان دابوو.

(72)

وێنەی بارانێکی نەرم
بە پرچیدا هاتمە خوار
ئەو چاوە پڕ لە بوغز و ئیرەییانە
بۆچی لێم ورد بوونەتەوە؟
من ڕەهێڵە نەبووم، باران بووم
ئەو شەپۆلە شێتانە
بۆ بەو هەشتاوییە بەرەو من دێن؟

(73)

تەنێ مانگ مابوو
لە پەنجەرەوە شادی پێدەبەخشیم
ئەفسووس
ئەویش
هەر شەوێک بوو

چیدی نەهاتەوە .

(74)

دواجار
ئەوەشم بینی
دڕک لە ترسان
خۆیان لەناو گوڵاندا بشارنەوە!..

(75)

بتوانم
بە هەموو تینم
خەنجەرێک لە تەکنەلۆژیا دەوەشێنم
کە ناهێڵێ تاوێ
نان و ئاوێکی ئاسوودە بخۆین..

(76)

بۆ کوێ دەچی؟
بۆ کوێ دەچی خانەگەردان؟!
تۆ چڵێکی،
نە ڕەگت ماون نە ڕیشە
بۆ کوێ دەچی
بەردکێشی زەمانی دەقنەنووس؟

(77)

سەمای ناو بەردەڵان
لە مۆسیقای دۆزەخ دەچێ،
کە ئاهەنگی خلۆربوونەوە و وێککەوتنیان
نەخشەی دوا بوومەلەرزەی فەنابوون
لە ئاسماناندا دەکێشێ.

(78)

ئەوەی بە هونەر ناسراوە.. ناینناسین
ئەوەی شیعرە ناینناسین
ئەوەی بە شێتایەتی ناو دەبرێ و
نەماندیوە
هیچی دی نموودی نییە
شتەکان هەمووی
لە درۆیاندا هەڵکێشراون.

(79)

کێ دەڵێ بەردی ئەو ڕەوەزە
بەدەیان قەسیدەی لەبن نییە؟
بە چ دەلیلێک
ئەو ڕێگایە دەگاتە جێ؟

(80)

چ مەرگێکی جوان بوو

مەرگی ئالان
ئەو منداڵەی
بە هیوای پایسکلێک
دەریای تەی کرد..
پاشان
ڕێکەوت وابوو
لە باوەشی فریشتاندا
خەوی لێ کەوت
هەر لە باوەشی فریشتانیشدا
زۆری نەبرد
ئالانی بچکۆلانە پیر بوو
ئیتر پایسکلی لەبیر چووەوە
چ مەرگێکی جوان بوو
مەرگی ئالانی پیر بە منداڵی
مەرگی ئالانی منداڵ بەپیری
چ خەوێکی جوان بوو
خەوی ئالان
جوان پڕ بە باڵای قەسیدەیەک
کە هێشتا نەنووسراوە و
قەتیش نانووسرێ.
جوان بە قەد، کرێتی و درێژدادڕی
کۆبوونەوە بێزارکەرەکانی (سازان)
جوان بەقەد،

ناشیرینی هێزی ئەمەریکای بەدبەخت!

(81)

نازانم
بۆچی شەو
بەخۆی و
خەنجەری هەڵکێشراوی
لە کۆڵم نابێتەوە؟
کەسێ نییە پێی بڵێ؟
کەس نییە بەشەو بڵێ
بۆ واز لەو پیاوە ناهێنی؟
تۆ خۆت بە چی دەزانی!
ئێستا زەمەنی
زۆر لەتۆ
تاریکتر و دوورتر و ئەستوورتر
پەیدابوون.

(82)

پێکەوە بووین
پێکەوە ئاگرمان لە خوداوەند دزی..
شەتاوی کوێستانانمان
پێکەوە خواردەوە..
چی بوو؟
چی ڕووی دا؟

شنەی درەوشانەوە
شەبەنگی ناوەختی تاریکی؟

(83)
شنگال ئاسمانێکە
لەسەر چیاوە،
ئەستێرەی ڕەنگاو ڕەنگ بەسەر دونیادا بەردەداتەوە
لە نەخشی مافوور دەچن..
شنگال بزەی بۆ خەرمانمان گەڕاندەوە.
شنگال
نیشتمانی
بە بێ نیشتمانان بەخشی.

(84)
کۆبانێ
ڕووبارێکی شێتە
بەخوڕ
بەناو قەدی چیاکانمانەوە تێدەپەڕێ..
کۆبانێ ڕووبارێکی شێتە
هەوری هەموو دونیای لەکۆڵە
ترسی هەموو دونیای،
لە کەناری سەوزیدا هەڵگرتووە.
ڕۆژانە
بە شەباقەی سنگی کچانی چاوگەشی

کە لە گوڵی سەرەتای بەهار دەچن،
دۆزەخ پێشانی
مەرگهێنەران دەدەن
کۆبانێ
پەلکەزێڕینەی ناوەختی نیشتمانم
گەردێکە لە خۆری مەحاڵ..
چرپەیەکە لە قووڵایی دەریادا.. کۆبانێ.

(85)

لەژێر کەڤڕێکدا بوو
لە چەند پەڵەخوێنێکم زیاتر
لێ دیار نەبوو
وێنەی چیم بگرتبووایە؟

(86)

کە ڕۆیشتین
چەشنی مینایەکی شکاو دەڕۆین
پاشان،
پاکەوانێک
بێدەنگ
بێ باس
بێ هەواڵ
کۆمان دەکاتەوە..

(87)

بەرەو کوێ؟
دیسان بەرەو مەنفا؟
ئەی مێشکی ماندوو
سەری بە ئێش!
لە تاریکییەوە بۆ تاریکی
چ برینێک ساڕێژ ئەبێ؟
ئای نیشتمان
چەندت غەدر لێ کردین
چەندمان غەدر لێ کردی.

هەولێر
2014- 2015

جەنگ
لە بێستانی تەماتە سپییەکاندا

((ئەمە هەندێکە لە ڕۆژی من بەڕێزان ڕەجمی بکەن!
بەڵام شەو بۆ من لێگەڕێن))
یەحیا جابر
لە (ئەستێرەکانی نیوەڕۆ) دا

پەرستگای لایەنگیریی
هانا بۆ ساقیی خەراباتان دەبا..
گەواڵە باجستێنەکان
سێبەر لە شاخ،
لە کێڵگەی ئەستریيان دەکەن..
بەیداخی هاوار
نرکەی نەخۆشان
پۆلی پەپوولان ڕادەکێشن..
بە نازەوە
بەهێمنی
لەنجەدار..
خەیاڵمان
لە چاڵێکی بەردیندا،
دەتگوت بە دەست خۆش کراوە
لێ بەجێما..

ئێستا لە بیرەوەریماندا..
لە پشووە بەتاڵە،
یەک بەدوای یەک هاتووەکانمان
دێنە دەرێ..
وەک ئەوەی مێروولە بن
بۆ دەنکە دانەوێڵەیەک،
سەرادووی یەکتریان نابێ..

من بەتەنێم
پاڵم بە دارگوێزێک داوە
نەوتیان بە بندا کردووە.
ئەمڕۆ زانیم
ئاوی ژێر دارگوێزی پەلک وەریو
بێ ڕەنگ و تام و بۆن نییە.
ئەمڕۆ زانیم
لەم بەهەشتە بەردراوەدا،
تۆخیی گەڵای درەختان
ڕەنگی نارنجی گریانی
هەزاران ساڵ دەداتەوە..

من بەتەنێ بووم
هەور هێشتا ئەستێرەی
ئازاد نەکردبوون

چەندی بانگم کردن،
بێدار نەبوونەوە..
چەندی هەڵمتەکاندن،
نەبزووتن..
دەیانگوت :
بە گوڵەمێخەک کەوتوون
لە بیابان پڕ بووبوون
بەڵام گریانیان نەدەهات..
ئێستاش لە خەوی هەرهەریدا
لە ناو تەمی خۆڵبارواندان
خەریکن ئاگردانان
بۆ زستانەکانی دادێمان دروست دەکەن.
ئەی تەبعی دێوەرە و عەتاران !
بزانە ئێمە لەکوێ بووین؟
بزانە چ ڕێیەکمان گرتووە؟
سێ وەختەی ڕۆژێ،
لەباتی خۆر
لەباتی چرا
لەباتی مۆم
شکۆی ڕەهایی تۆ
دادەگیرسێنین..
گۆرانیی بێباکی
لە دەوری دەواری

قەرەجان دەچڕین..
شایی بێهوودەییمان

لەسەر کانی مرادان دابەستووە..
کانی چ کانی
ڕامانی ستراتیژیمان ئاسا
شەختەی شوباتێی لێ داوە،
داپۆشراو.. زیندانی.. بەترس.
ئیتر لێرەوە
لەگەڵ زایەڵەی سپێدەدا
من و زەمەنە بە هەڵپەکان
من و ئەسەف لێکدابڕاین..
بەڵام ئەو دەنگانە چین
بە کەرۆیشکەی گوڵپەڕی
شکارتانەوە دەزرنگێنەوە و نایانبینم؟
ئەو دەنگانەی دەڵێن
دەستەویەخە ڕووبەڕووی یەک بوونەتەوە
لە وەرزی پەژموردەیی شیعردا
لە کوێ، لە چ دڵێکی ساردا دەزرنگێنەوە؟
لە بازاڕی کوتاڵفرۆشان،
کە هەمیشە بە ژنان
هەڕمێنیان بۆ دەگەڕێتەوە؟
یا لە دێر و کەنیسە و مزگەوتانەوەیە؟

ئەو دەنگانە
بۆ لەگەڵ گۆرانییە بێ ئومێدەکان
تێکەڵ دەبن؟

ئای بەهاری نائومێدی!
بنمیچی ئەو سێبەرە
چەند نەوی بوو،
زەردە هێشتا
لەسەران ئاوا نەدەبوو
پاڵمان بە پاردەی
تەنیشت چیلەمێوەکە دەدا و
ئەو چوکلاتانەمان دەخواردن
بە دزی لە گیرفانمان نابوو..
چەند نەوی بوو
ئەو سایەیە، بنمیچی چەند نەوی بوو
کە پێم دەگوتی :
تۆ هەمیشە بە فرمێسکەوە جوانتری.
ئەوە خەمی من بوو
بەسەر شانی ڕابردوودا
نوقڵی لەدایکبوونی دابەش دەکرا..
بڕوانە!
ئەوە بەشی ئێمە بووە

خەمی زێڕین،
بە کێڵگەی ئەستریییان،
بە باخچەی مرادان وەرکەین..
(تازە خەتی دانابوو
بیری لە باخچەی مرادان دەکردەوە.
بیری لە بووکی خەمباری
دەریا دەکردەوە،
کە دەڵێن ماسی لە خۆشی ئەو
لە دەریادا ماونەتەوە
کەچی ئەو لەسەر تاشەبەردێک دانیشتووە
قژی دادێنێ..)
وەختێ بیر لە باخچەی مرادان
لە کێڵگەی ئەستریییان دەکەمەوە،
هەزاران گوڵ دەپشکوون
هەزاران مەل
لەشەقەی باڵیان دەدەن..
هەزاران ماسی
هەزاران ماسی دەخۆن..
تازە خەتی دانابوو
گوێی لە دەنگێک بووبوو
لە بێستانی تەماتە سپییەکانەوە هاتبوو
دەیانگوت برایان
شەڕی مان و نەمانی لەسەر دەکەن !!

ڕوون نەبووە،
دەنگی خۆر بووە، یا تاریکی.
ئێوە دەنگی خۆرتان بیستووە؟
کە لە هاواری کپی ئۆقیانووسان دەچێ؟
لە دەنگی پەپوولان
کاتێ دێن بە گۆرانی
فریوی گوڵان دەدەن؟
دەنگی تاریکیتان لێکداوەتەوە؟
ئای لە دەنگی تاریکی
چ دەنگێکی لەسەرخۆیە
لە شەقامە ئەبەدییەکانی بەهەشت دەچێ،
پەری لە شۆستە لازوەردییەکاندا
دەدرەوشێنەوە..
تەماتەی تێدا سوور دەبن.
ئای تەبعی دێوەرە و عەتاران!
ئێمە بۆ؟
بۆ لەو هەموو مەزرەعە و باخچانە
جەنگمان بردە
بێستانی تەماتە سپییەکان؟
ئێمە بۆ قەت با نامانبا
باران ڕۆژێ تەڕمان ناکا؟
بۆچی خۆر هەڵماناکێشێ؟
دەریا هەڵماننالووشێ؟

ئێمەی ئادەمزاد،
چ دەکەین لێرە
لەسەر ئەم زەمینە،
کە هەر دڕکی تیا دەناسین؟
لە ژێر ئاسمانی پێکەوەلکاودا،
ئێمە تا دێ
لە ڕۆحی سەردەم دوور دەکەوینەوە..
لە سەدەی ئەفسانان لە دایک بووین
خوێنی تەکنۆلۆژیامان تیا دەگەڕێ !
هەمیشە بڵێسەیەک
لە بۆشایی مێژووەوە
تاوی بۆ هێناوین..
هەمیشە بڵێسە تاومان بۆ دێنێ و
بەسرووتی نەفرەت،
پەروەردەمان دەکا..
سەتان ساڵە
خۆمان لێ ون بووە..
دەمانەوێ
بە نەخشەی ساویلکەیی
خەونی عاقڵان ببینین..
لە لەرینەوەی قامچیدا
با دەناسین.
(شەپۆلەکان مەرگهێنەر بوون..

ڕەنگی ئێوارە لە ژنێک دەچوو
پڕ پڕ لە ژنایەتی..
بەڵام درێغ
لووتکە لە بیابان کۆ ببوونەوە
ئاڵای خەو
ڕەنگاوی پێدا دەهاتە خوار
خەولێکەوتووان
بە هیچ داد و یەخەدادڕینێک
بێدار نەدەبوونەوە..)
ئێمە ئەگەر
ڕەنگی مردووانمان لێ نیشتبێ
دەبێ بەرگی مردووان بپۆشین..

دەزانن؟
ئێوە دەزانن
ئێمە بە پێوانەی پۆشین
چەند ڕووتین؟

چی لە خۆر بکەم
دەگاتە بەر پەنجەرەمان و ناگات
هەڵدەخلیسکێ؟

چی لەو (داربریا)یانە بکەم
لە وەهمیان زیاتر نەگرت؟
(میوەی ژەنگاوی
بڕکی دەردگرتووی تەماتە سپییەکان
لە بیابانی جەنجاڵدا
بێ ئاکام دەیەوێ
تۆزی چۆلپەرستی
لە خۆیدا بتەکێنێ..)
دەمزانی
چاوم بەری لە ماڵێ نییە
دەمزانی ڕێی گەڕانەوەمان ئەستەم بوو.
دەمزانی
ڕەنگە باسی شیعر و
شتی لەو بابەتەم لێ بپرسی.. دەمزانی
بەڵام چی بکەم
مۆسیقای غەفڵەت
ماندوویەتی گوڵانمان پێشان دەدا
کە بە هەناسەسواریییەوە
سەر لە ئینجانە دەردێنن..
(چۆلەکەیەک لە سنگمدایە
نە جێی دەبێتەوە
نە بواری هەیە بفڕێ..
منیش

وەک ئەوەی
بچووک بچووک بووبمەوە
لەسەر دوگمەی کراسی ژنێک
ڕاکشابم
لە پرسەی ئاسکە هەتیوکەوتووەکان
دانیشتووم..)

ئەی نهێنی سەر ئەندازی وجوود!
با ئەم پێکەیش
لە پەرستگای لایەنگیریدا هەڵدەین
ئەویدی،
بۆ ڕێوڕەسمە بە جۆشەکانی
خانەقای ڕەهایی هەڵدەگرین
بۆ وەختێ،
سەمای یاخیبوون
لە ڕووبەڕوو بوونەوەی تەوژمی
تاریکی و بێهوودەیی
جەستەی هەڵکوڕووزاوی بەئێشمان
وێنەی باڵی گرانی
پاساریییەکانی بەر باران
بێ نەزیر.. ڕژد
لەسەر سواندە چۆلەکاندا
باڵ دەکەنەوە،

دەلەیزن گەرم ببنەوە..

وەختێ سەهۆڵ
ئاگری پێ خۆش دەکرێ،
ساڵ بە پێش مانگ و
مانگ بە پێش حەفتە و
حەفتە بە پێش ڕۆژ
ڕۆژ بە پێش سەعات
سەعات بە پێش دەققە و
دەققە بە پێش چرکە دەکەوێ،
ئێمە دەگەینە ڕەهایی
دەگەینە مەیدانی جەنگ
بێستانی تەماتە سپییە ڕەنگ تێنەگەڕاوەکان..

(ئەگەر هەر کیسرایەک بووایە
گرفت نەبوو
ئەگەر هەر سوڵتانێک
هەر میرێک بووایە
گرفت نەبوو..
بەڵام نە هی ئێمە
کیسرایەک و سوڵتانێک و میرێک نییە..
ئاوڕ بە لای ڕۆژهەڵاتێ دەدەینەوە
هەزار کیسرا

چاو زەق بۆمان ڕاوەستاون.
سەر بڵند دەکەین
سوڵتانەکانی گۆڕستانیش
لێمان
هەڵدەستنەوە..
ڕوو بۆ باشوور وەردەگێڕین
هەزاران هەزار شمشێری دوو دەم
هەڵکێشراون..)

چیا و مێرگ
بە قەڵەمڕەنگی ئەوان
دروست نەکراون
ئاوی ڕەوان
ئەوان ڕێیان بۆ
هەڵنەبەستووە..
ئەوان شەپۆلیان،
بە گەڵای سپیدار
نەبەخشیوە
سێبەر بگرن
ڕووناهی لە گیرفانی
تاریکایی بشارنەوە..
ئەوان عاشق نین بتوانن
ڕێبەندانان سەفەر بکەن.

ئاسمان نەبا
لە زەوی ڕۆدەچوون
زەوی نەبا
کێڵگەی ئەستریيان،
دەرزیئاژنی دەکردن
خۆخۆری و شەرمنی ئێمەش نەبا
تەنیا دەمانەوە..

ئای نهێنی سەر ئەندازی وجوود!
مردم ئەوەندەی
ئادی ئەستیران بکەم.
لێم بڕا ئەوەندەی
ڕووبار و دەریایان ئاو بدەم..
ئەوەندەی دان بەسەر
جۆخین و خەرمانان وەربکەم
نە ڕێگام دیتەوە
نە کۆدەکانم پێ کرانەوە..
ئێستا بیابان چۆل نییە
شەبەقی بۆ کپ کردن،
ئاگری ناو پووشە.. تەنیوەتەوە..
ئێمەش هاتووین
چیامان بۆ چەند بیرە نەوتێک

چۆل کردووە
بێ ڕۆح،
لە سەرابی بیاباندا
پاڵمان لێ داوەتەوە..
نە قومێ ئاوی شینکاڵەکانمان پێیە
نە چەپکە گوڵێکی کێوی
خۆمان بە بیر بێنێتەوە..
ڕووت و قووت
هاتووین چاومان بڕیوەتە سەراب
سەراب و سەراب و سەراب..

ڕەنگە ئەوە دوا عەشقمان بێ
خوایە وا نەبێ !
ڕەنگە دواجارمان بێ
چەکەرەی چرۆیان
کرانەوەی گوڵان ببینین
خوڕەی ئاو و قاسپەی کەو و
جریوەی مەلان ببیسین
خوایە وا نەبێ!
خوایە با ئەوە مۆتەکە بووبێ
ڕاستی نەبێ

بێین دار بەڕوو
لە تەنیشت بیرە نەوتان
بڕوێنین..
ئاسکە کێویلەکانی کوێستان
لە حەوزی نەفرەتیی نەوت باوێین
خوایە وا نەبێ..

شوباتی 2016

وانـەیەك لـە سپـێدەوە

ئەی ئێستا !
(ئێستا)ی لە تاراوگەی ڕەهاوە هاتوو
وەک قسە سادە و قووڵەکانی منالان..
خەیاڵی،
ئێوارە خەمبارەکانی ئاو و
کەزیی ئەستێرە داڕژاوەکان دەکەی..
نیگەرانییەکی برووسکەدار
بەسەر ڕۆژ و مانگ و ساڵمان تێدەپەڕێ..
زەماوەندێک بوو
قەسیدەی
بەکڵاوڕۆژنەی کۆڵیتان
بەردەدانەوە..

ئەی ئێستا !
سوڵتانی ونبووی بیابانان..
کەشتی بێ چارۆگە،
نامۆی لەگەڵ ئاودا ئێشکگر..

شەوی گڕگرتووی
جەستەی ڕووتی
ئاوازە جەنازەییە کڵۆڵەکان..
لەوێ،
لە بەرزایی وەحشەتناکی ئیرۆتیکادا
بوارێکی دژوار چاوەڕێمانە
دەنگ و ڕەنگی
لە بۆشایی مێینەتیدا دەلەرێنەوە..
ئەی ئێستا !
گوایە تێشتت لە (هەزارمێرد) و
فراڤینت لە (چەرموو)دا خواردووە و
شەو لە مەیخانەکانی (ئوور)
مەست بووی..
کوا؟
کوا تێزی ئیرۆتیکا؟
کوا باڵای ئەبەنووسیی
ساقییە چاوکاڵەکان
زرنگانەوە و کێشمانەی شارستانییەت
کوانێ؟

ئەی ئێستا !
بە کەنارێکدا دەڕۆین

تاریکیمان بەپێش کەوتووە
تاریکیمان لە دوو دەڕوا..
هاوارمان،
لە هاواری ناو مۆتەکان دەچێ
بە هەناسەبڕکێی خۆمان ڕادەپەڕین،
بێدار دەبینەوە.
ئەی ئێستا !
مێینەتی مێژوو چی لێ هات؟
پیاوەتی جوغرافیا کوانێ؟
بە سۆزی (ئێستا)ی ئەوساوە
گوڵێکمان بداتێ
ماچێکمان بکا
لە ڕووناکییەوە هەڵێنجرابێ؟
کە ئێستا،
پەرچەمی بەردەداتەوە
تەنیا ڕەشایی
لە ئاوێنەدا دەبینێ..
ئەوە تۆی ئێستا
ئێرۆتیکانە
لەسەر کلیلی ژەنگاوی
بانکەکان
بە دیار گۆڕی
چەند جار هەڵدراوەی مێژوو و

نگینی چێژ
ڕاکشاوی..
بیر لە ئاگرەی دەبەنگایەتی دەکەیەوە..

*

پرشنگی خۆر
بەناو قژی ئاڵۆزکاودا
دەچێتەوە سەر
ئەو تووڵە ڕێیانەی
بانگی پەرستگایانی ناگاتێ..
(ئێستا) لەوێدا
بە هێمنی،
غەریبانە گیان دەسپێرێ..
لەوساوە وێنەی لێچووەتەوە
لەوساوە
بە لاپرسەنی نەدیتکان
لەگەڵ ئاودا دەنوێ و
لەگەڵ ئاودا
خۆی بە تاشەبەرد و
ڕەگی سپیدارەکانی کەنار دادەدا
ئەنکیدۆیانە،
بەجەستەی ژنێکی ڕاکشاو هەڵدەخەڵەتێ..
لەوساوە (ئێستا)
بووە بە مەملەکەتێکی

کەس بە کەس نەبووی
بێ تەخت و بێ ناو و نیشان..
لە غەفڵەتی بارانی ئێواران و
ئاسمانەی نەسیمێکی لەریو
لە شەوێکی نووتەک دەکا..
هەرهەرایەتی مردووانی
تێدا زیندوو دەبێتەوە.

❊

ئەی ئێستا !
وێنەی هاوچەرخی دێرینی
لە خوێنێکدا گەوزاو
ڕەنگدانەوەی مانگە
بەئاسمانی تۆراوەوە..
لەو ئاوێنانەی
لە شەڕەکاندا شکێنران و
لە دیمەنێکی نەدیتراودا
(ئێستا)ی دێرین
دێرینی (ئێستا)
دەدەنەوە..
ئەی ئێستا !
تۆ نووکە ڕووناهییەکی سپی
بە لووتکە بێباک و ماندووەکانەوە
شۆڕ دەبییەوە..

گەردانەیەکی پچڕاوی
بەسەر جەستە ڕاکشاوەکان وەربووی..
جوانییەکی،
نە لار دەبێتەوە، نە دەشکێتەوە..
بەڵام هەرگیز ساف نابێتەوە..
ئەوە دووکەڵی پەرتبووی
سپێدەدەمانی شارە
لە نهێنی هەڵدێ
بچێتەوە ناو نهێنی..
خەون بە خەونەوە دەبینێ..
ئاهەنگ لە ئاهەنگدا دەگێڕێ..
گریان بەگریان دێنێ..
لەوێ،
لە پەژموورەیی جەستە ئیرۆتیکاییەکاندا،
لەبن باخەڵی سۆزاوی مێینایەتیدا
ژیان گوناهێکی بەردەوامە..
لە پرسیارە بێ وەڵامەکان..
شێوازێکە لە شێتیی
بەناو هاڕمۆنیای ڕەنگە گەرمەکانی
تابلۆیەکدا تێدەپەڕێ،
ڕووت..
ئاسوودە..

دڵخۆش بە کورتە خەونەکان..
دڵخۆش بەو ئایکۆنانەی
نە وێنەی دێرینیان پێوە ماوە
نە ڕووناکی ئێستا !!

ئەی ئێستا !
بۆشاییە
بۆشاییە
بۆشاییە (ئێستا)
بە ڕووباران خوێنی
لەبەر دەڕوا..
دەشتە بە پیتەکانی سۆمەر
لە (ئێستا)ی ئەوسادا
لەقووڵایی سەقامگرتووی زەوی
دەگیرسێنەوە..
شەوی بۆیەکراو بە خۆڵ و خاشاکی
شەقامی مەیخانەکان
بە تریفەی وەهم دەدرەوشێنەوە..
ئەی ئێستا !
تاجەگوڵینەی
وەسوەسەی جەستە پاڵکەوتووەکان !
مەڕۆ.. بمێنەوە
شەبەنگی ئەبەدییەت

بەکوێریش دەبینرێ..
چاو،
هێزی بینین
لە ڕووناکی نا
لە زەردەخەنەی خوداوەندان وەردەگرێ..
قەسیدەکان بە ڕێگاوەن..
ئێش..
لەززەت..
هێڵە چەماوەکانی ئیرۆتیکا..
ئاسمان و زەوی
سێبەری شارستانییەتیان
حەشار داوە..

ئێوارەت باش
پەلکەزێڕینەی هەوکردوو !
ئێوارەت باش
بێدەنگی دێرین !
هێزی تۆ
لە (ئێستا)وە هاتووە
(ئێستا)ی دێرین،
دوا قسەی بە گوێی
دار و درەختان دەچرپێنێ..
ئەمە ئەو (ئێستا)یەیە

ڕۆژانە لە دێرینی دەخوازین
تا لە باڵ (ئێستا)ی ئێستای بکەین..
ئەو سرووتە نەخشە بۆ کێشراوانەیە
ڕۆژانە دووبارەی دەکەینەوە..
ئەو قوولکە بەردانەن
لێمان بوون بە گۆڕستانی
بارانە مردووەکان..
لێمان بوون بە دروشمی ئەفسانان
لە گۆشەگیرییەکی خۆڵەمێشیدا کۆ دەبنەوە
نیگایان لەو چاوانەیە
گلێنەیان تیا نەماوە
خاچی تێدا بچەقێنن..
ڕێ لە پەپوولەی بناران و
کارمامزی دوندان بگرن..
ئەی ئێستا !
خۆش بوو هەمیشە
بە گەنجیمان دیتبای
گەرم.. بە شەنگ..
ئەفسووس
نە (ئێستا)ی ئێستای
نە ئێستای دێرین..

خۆت دیوە
بەناوی گەشت
بەناوی ئایندە
بەناوی هەناسەی کوێستانان
سواری چ کەشتییەکی ڕەشیان کردووی
دەتبەن
لە بەحری زوڵووماتدا بەجێت دێڵن..
قاقای پێکەنینیان
دەریایان تەی دەکا
ئۆقیانووسان دەبڕێ..
درێغ تۆیش
ئێستایەتی خۆت
لە ئێستادا نەکرد..
ئەی ئێستا !
سوڵتانی بێ تەختی ونبووی لمی بیابانان.

حوزەیرانی2017

ئـاماژە پرسیارپـێـچەکـانی شوێـن

ئەم دەقانە، لەو خەونانە دەچن
لە بێدار بوونەوەدا بە پچڕپچڕی بە بیردێنەوە..
هەوڵێکە لە وردبوونەوە لە (شوێن) و (ناشوێن)دا.

- **بـانیژەی جودایی**

شمشێری ئاوریشمینی لێ
هەڵکێشراوە..
ئاسمانی تیا ونە..
خۆزگە بۆ پەیمانەیەک دەخوازێ.

- **لە نـاو تووڵی تەمدا**

ناخاینێ،
هێندەی نەماوە دەبارێ.

- **پـاردە**

خۆی ،
بە چیلەمێوەکەی تەنیشتیەوە ڕاگرتووە..
لەوەتەی بڵێسە سەردانی دەکا،
کەلارێکی بێ سامی بارکەوتووە.

- **دوورگەی زاراوە**

بۆ کەسی باس مەکە!
گەوهەری بێدەنگی،
گۆرانییەکی خەمباری
نیوەشەوانە
داری ئومێدی پێ شین دەبێ.

- **سێبەری دارەبەن**

باخچەی باران..
هاوڕازی ئەستێران..
خەو،
لەو باوەشاندا
ئیکسیری ئارامییە
قووڵ...
نەرم.

- **بـەهاربـەند**

منداڵیی تەوتەمە بێ موریدەکان
جەژنا و جەژن..
وەرزا و وەرز...
دەگەڕێتەوە ...
نوخشەت لێ دیار نییە، بزانی
چ دەبێ، چ دەگوزەرێ.

- **ڕێژگەی ئـاوهەڵدێر**

بەفراوی..
بە خوڕ..
ژنان،
دامەنی کراسی لێ پیرۆز دەکەن..
پیاوان،
گوناهی پێ دەسڕنەوە..
ڕێژگەی ئاوهەڵدێر
تەنیا لە چیا و کەپکان نییە
لە وتارانیش دەردەکەوێ.

- **کـاول**

تۆ دەڕۆی بەجێم دێڵی
پێکگەیشتن خەون نییە، مۆتەکەیە..

چۆلەکەیش بێرەدا نایەن.

- **هێللانەی ژێر گوێسەبانە**

باڵداران هەڵەیان نەکردووە
مرۆڤ لەوێ هەڵدەدێردرێن.

- **گیرفانی جەنگاوەر**

نەینۆکێکی بچکۆلە.
وێنەی منداڵەکەی،
گەواڵەیەک گریانی ئامادە..
پێنج هەزارییەکی شین و دوانامەی ژنەکەی.

- **شۆستەی عاشقان**

هەست لە بێ سنووریدا دەخنکێ
شازادە ماچیان لێ دەدزرێ..
خۆشەویستم بنووسە!
کامیراکان ناهێڵن لێت نزیک ببمەوە.

- **کەناری دادخوازی**

ئەو دەڤەرە،
ڕووپێوێکی کوشندەیە..

شیناوەردی بێزار کردووە..
زۆرجار پەرۆشیی
سێدارەی لە دارستانەکاندا بۆ هەڵدەخرێ.

- **بەردەمراز**

لەوەتەی نیشتمانیان لێ ون کردووین،
ڕێی بێچارەییمان گرتووە:
داماو ، لەبەر سێبەری خۆماندا
بەردەمراز هاوارە!

- **قەڵای تـارمایی**

هەرزە..
بێ چاند..
بێ خەیاڵ..
بۆ جاری هەزارەم
عاجباتییان هەڵدەنێ..
چەشەخواز ، بێباک
بۆ جاری هەزارەم
زارۆمان،
بە جاری هەزارەم دەسپێرێ.

- **بنمیچی دووری**

لە بیابان فڕێدراوم..

دەمم درواوەتەوە..
فرمێسکم دڵۆپ دڵۆپ بەزەوی دەکەون..
زمانم گۆ ناکا..
دەیانبینم ،
شاباشم بەسەردا لێدەدەن..

- **گۆڕستانی پەپوولان**

بەدوای شوێنەواری سترانێکەوەم
بێ ئاگاداری،
بێ ڕەزامەندیی خۆم،
پێشمەرگ
کفنیان بۆ ئامادە کردووم.

- **بەرئاستانەی ڕوانیین**

لات.. کز
سەیری ئاسمانەی (تاسان) دەکا.

- **تەلانی برۆکانی**

چرا لە دوورڕا دەبینرێن..
ڕووناکی،
بەلای لووتکەدا دەشکێنێتەوە..
متمانەت پێدەکەم

دڵە لانەوازەکەمت لە دەست دەنێم.

- **باوەشی نیگەرانی**

بەهەورازێک سەردەکەوێت،
ژیانی لێ نزیک بووەتەوە..
لێرە فێر بوو
دڵنیایی بە کوێ دادێ.

- **بیلبیلەی ڕێکەوت**

چرکە ئەبەدییەکانی لێ کۆ دەبنەوە..
خاکەڕایی تەنکەبەفرێکە تازە باریوە..
ناتوانم بڵێم دونیا سپی دەکا.

- **باڵی شەپۆل**

تۆقەڵانی بەخۆوێران..
ئەزموونی هاوسەنگی
هەستێک، لە نەوای خوماربوون دەچێت.

- **ئاگردان**

لە چاخە بەردینەکانەوە
لەو کسپەیە نەگەیشتم،
بە پڕووشەیێ دەنگ دەداتەوە.

- **ناوەڕاستی ڕستە**

چ شەوبەکێوییەکی سەختە
ڕێگاکانت،
بە (سەقەتایەتی) لێ بگیرێ.

- **پشتی بووراق**

ڕاسپاردەکانم لە بیر کردووە
بمبە کەشکەڵانی فەلەک!
لە ڕێگادا، بیرم بێنەوە..
ئێستا و دواڕۆژیان
لێ بە تاڵان بردووم
بمبە کەشکەڵانی فەلەک
شایەد بیانهێنمەوە.

- **کووچەی بنبەست**

لە چۆلایی، چۆلتر..
لە خەم، غەمگینتر..
لە دەستبەتاڵی، بێ ئیشتر..
قەڵەمڕەوێکی بێ حاکم.

- **ناخی تەنیایی**

ئۆقیانووسێک گریانی تێدا قەتیس ماوە..

چیایەک لە هەنسک..
قەسیدەیەکی سەربڕاو..
ڕۆمانێکی زیندانی.

- **ڕۆژهەڵاتی نیگا**

تۆم بینی،
یاقووتێکم لە خۆمدا
دۆزییەوە.

- **دڕاڵەی چۆل**

وەختێک خەونەکانمان،
هاتوچوویان پێدا دەکرد..
سەردەمێک ، (ئازیزە)ی ژووانی پێ دەکرد.

- **بۆشاییی با**

جوانی
لێرە زەفەری پێدەبرێ..
قەڵای دڵ،
لە وێدا، لە بۆشایی ماندوویدا
داگیر دەکرێ..
لە داد مەپرسە!

- **ئەوسەری پەرەگراف**

ئەتمۆسفێری گیرسانەوە لە ڕستەی،
(بڵێی تا سەر بێ) دایە.

- **مۆڵگەی بوونەوەران**

بوونەوەر،
چاوی شەیدایان
لە گەنجینەی سەروبنی دونیادایە
ماڵ و مۆڵگە
بە (میم) دەست پێدەکەن.

- **بناری چاوەڕوانی**

بەبیرت دێتەوە
چ تافتەیەکی باڵانوێنت لەوێ بەجێ هێشتبوو؟
لەوێ لەناو گەرداوی گومان،
لە داڵانە بێ کڵاوڕۆژنەکەدا:
(لاوک)ێک بوو لە فرمێسک
(هۆرە)ی ماڵئاوایی..
(ئەڵلاوەیسی)یەک لە داخ..
بەبیرت دێتەوە وتم:
ئەگەر بڕۆی برینەکانت دەدەمەوە؟!

شوباتی 2017

زەردە لە سەران بێ
لە سیما قەوزەدارەکان زیاتر نەبینی
کەس چاوەڕێت نەکا..

– خۆشبەختین هەست بە ئازار ئەکەین
واتە هێشتا زیندووین –
وی هیوی
لە ڕۆمانی (هاوسەرگیری لەگەڵ بووزا) دا

ئێمە لە کوێین
بەو سەخاوەتە بێ وێنەیە،
میوانداری بکوژانمان دەکەین؟
چاو لە بێبەریایەتی
خواوەندە لە مەرگ تێرنەبووەکان،
کە نێردەکانیان
پیاسە بە زەنوێراندا دەکەن
چەهرەی تۆزاوی منالانیش
لە بادەیەکی گڕ گرتوودا
بە تەزرە و چواڵە دەخۆنەوە..

بێدەنگی کاول و وێرانان،
سەرشارن لە بۆشایی..
فریشتە چاویان

بە نیگەرانی دەشۆن
بەدوای خەونێکەوە نایبینن
وێنەی ئەو پەڵە هەورانەی
لە ئاسمانی ئێمەدا چڕ دەبنەوە
بەسەر خاکی دی دەبارن..

کاروانی زێڕپۆشی پاییز
باریان لە تەنیشت تەلبەندە نەغمەدارەکان
لێ خستووە..
بێ هەست..
بێ گیان..
بە سیمای ڕووشاوی ڕۆژگارەوە
لە مووچڕکێکدا دەردەکەوێ..
پەیمانەیەک،
لە شەرابی درەوشاوەی پەرییان..
چەند چڵێک
لە ڕووناهی ئەو ئاگرەی
هەڕەشەی پێدەکرێ..
پرسیارێکی سەردەمنوێنە..
هاونشین..
بێ وەڵام..
چاڵی گومڕایی..
مێژووگوزەر..

کۆن،
لەوەتەی دونیا هەیە..
نوێ،
چەند چرکەیەک لەمەوبەر..

دوورگەیەکمان
بە خۆمان دروست کرد
لێمان نەڕوانی
ساویلکە بە خۆمان دەچووین :
باران لە ئامێز و
فرمێسک بەسەر شانەوە
ڕۆحمان ڕوو لە هەوراز..
چاوەڕوان،
پەنجەرەیەک بکرێتەوە..
پەنجەرە
نەک کرایەوە،
لە بێخەوە هەڵتەکا..
لە شەشپاڵووی کەڕولاڵمان
زیاتر نەدی !!
کە بووە بە قوللە و کاژی دڵمان،
لە سواڵی بەر دەرگای ئاسۆدا
قوڵنگی بۆ بخەینە سەرشان..
چراوگ نەکوژاوەتەوە..

فریشتە جوانن
جوانن برادەر !!
شاعیر باکی نییە
ئەوەی لێی دەشارنەوە،
بە خەون دەیبینێ..
لە بەهەشتیش دەربکرێ،
دۆزەخی قبووڵی دەکەن.

باکی نییە شاعیر
بۆ چەند ئەستێرەیەکی کوژاوە
یا ئێوارەیەکی کەیل
ئاو و هەوای لێ ببڕن.
ئاوازی مەست باکی نییە
لە یەک کاتدا بەسەر پێخەفی بێ
چارەییەوە،
سەرجێیی شادی و خەم دەکا..
لە یەک کاتدا برادەر!
لەو گەمەیەی
ئادەمزاد
ناویان ناوە جووتبوون،
نقوم دەبێ..
هاوارێک،
لە ڕەنگی زەردهەڵگەڕاو و

سیمای قەوزەدارمانەوە
باڵدار ئاسا
ئازاد.. شاد
ئاسمان تەی دەکا..
دوور نییە ڕۆحمان
بێدار بکاتەوە..
ژەنگی درەختان بوەرێنێ
ڕەنگەکان،
کە شەویان بەسەر دادراوە
بە بەندەری سۆزدا بگەڕێنێتەوە
کژێک دابێ
نیشتمان
بە چاوی کوێریشەوە ببینرێ.

ئۆکتۆبەری 2017

یوسف
بۆ براکانت خستە بیر و وتت گورگ خواردنی؟!

با،
دوور لە ئومێد
پەپکەی خواردبوو ..
لە دەنگی خرینگە زیاتر نەدەبیسترا ..
بە قوولایی بیر،
لە بەر سێبەری بێدادیدا
دەدرەوشایەوە ..

لە ژێر چ سرووتێکی هەڵوەدادا بووی؟
لە تافی چ شادییەکی بەلەنجە؟

بیرت لەوە کردەوە،
براکانت بخەیتە بیر یوسف!

❊

یوسف!
تۆ لە هەموویان جوانتر بووی..
لە هەموویان خۆشەویستتر..
خۆر و مانگ و ئەستێرەی ئاسمانان
بۆ باڵات دەنوشتانەوە..
ئیرەییت بە چییان برد؟
یوسف
براکانت بۆ خستە بیر و
وتت گورگ خواردنی؟!

❊

ئێمە کۆمەڵێک مردوو بووین،
ماندوو
لە زەماوەندی ستەم گەڕابووینەوە
پاڵمان بە دیوارێکی ڕووخاو دابوو،
تۆمان دی لە بێدەنگیی سپێدەیەکی

ئارایشتکراودا
کراسە بەخوێن کراوەکانیانت
بە دەستەوە بوو

لە دوور ڕا ،
بە چەند ئاڵایەکی تەسلیمبوون دەچوون
بە ڕیتمی هاواریان پێدەکەنی..
یوسف
براکانت بۆ خستە بیر و
وتت گورگ خواردنی؟!

❊

نەخشەی تەمەنت هەمووی
بە قوربانی،
تاخچەیەکی پەمۆیی
کۆشکی عەزیزی میسرێ کرد..
ئەشکەوتێکی چۆل بوو،
تەنیا دەنگی خۆتت لێ دەبیست..
بە تەنیا خۆت تیا دەدی..
(زولەیخا)
ئەو تریفە بە خەرمانە نەبوو یوسف !
مەوداکان،
لە ساتێکی هێدمەگرتوودا ببینێ..

بۆ براکانت خستە بیرەوە و
وتت گورگ خواردنی؟!
❊

زامی بەفر
تارمایی شکۆفە
کوانووی سارد..
لە کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵیدا
تاوتوێی هاوارە دوایی نەهاتووەکانی
بن بیریان دەکرد..
بـا،
نهێنی بۆ دیوان لێ دەدزین..
ئاڵۆز بوو،
لەخۆنووسانێکی ئاڵۆز
ژوانی ناوەختی
یوسف و بیر..
❊
هەتاوی کوژاوە،
نم نم
بەسەر جەستەی برایاندا
دەڕژایە خوار..
"زولەیخا خەونێکە

لە ئەندێشەی منالانەمدا..“
وەهای گوت یوسف.

❊

کۆمەڵی مردووان،
هێشتا بە پاڵ دیوارەوەن..
جەستەی کەڵەکەبووی براکان
لە (بیر) ی بێ هاوار... بێ بانگ
شێتایەتی سرووشت..
خەوی ئەبەدی..
یوسف لە کۆشک،
درەختێکە بە تاریکی تەرز داوێ.

کانوونی یەکەمی 2016

مۆنیـۆمێنتێك بۆ لەبیرچوونەوە

سێبەر و سێبەر
بە دوای نیگار
بە دوای چاودێرانی ئاگر..
هەوری ئاسندار..
ژنانی گوێ قوڵاخ
بە جەوهەری کوێری ڕاهێنراو
بە دوای دەنگی پێی
ڕەخشی بەجێماو
لەو ڕێیانەی،
شارستانیەتی شەڕ و
شەڕی شارستانیەتی
تیا بەرپایە...
ئادەمیگەلی
دەست بە بەردی ئەشکەوتان گوراو
چاو بە بەفری کوێستان ڕشتوو..

ئاسمان
بارانی لێ گرتنەوە

خۆیان لە سرەوتنی کلۆرایی
درەختە ڕووتەکان و
کەناری
چۆم و ڕووبارە نەقشبەستووەکان
بینییەوە..

ئەنکیدۆ
هێشتا لە جەنگەڵستانە..
تەخت هەڵنەنراوە
گەلگامشی لەسەر دانیشێ..
مەیخانە ئاوا نەکراون
لە کونجە تارەکانیاندا
بچێتە خەڵوەتی ئارەزووەکانی،
لە ناو شکارتە هەڵچووەکان
ڕێ لە پاکیزان دەگرێ..

❊

بوارێکی سەخت
چۆلەکە شەکەت
وەک ئەو عاریفانەی
دڕک بە گوڵ دەبینن،
بە گۆڕاییە بەردینەکانەوە وەربوون

بەروبوومی ئاسمان
ببەنەوە هێللانە،
وێرانەیێ جێنیگای
هەموومانی پێوەیە..
لە یادەوەریماندا،
بە ئێشی ئەشکەنجەدان دەچێ
لە ڕۆژێکی سڕەدا..
لە گەڕانەوە بۆ خود
هەنگاوی یەکەمی لێ هاوێشترا
یەکەمین بزەی تیا پشکووت
چاوشارکێ،
بۆ سێوێک
ژیانی هێنا و
ژیانی برد..
سترانێکی تەواو نەکراو..
ئەفسوونێکی باڵ کراوە..
بەسەر ڕەهایی
کاتە پسۆکە وەڕسەکاندا
دەفڕێ.. ناگەڕێتەوە..

❊

هەڵەمان کرد
لە نانمان زیاتر ویست..

هەڵەمان کرد پێمان گوتن
نەتانهێشت خۆشمان بوێن..
هەڵەمان کرد
بۆ مەوسیمی
چاوغایەنیی، بێ چاندی، ژەهراوی
نوشتاینەوە..
هەڵەمان کرد
نوێژمان،
بە کەبارێکی ناوەخت دا..

شەپۆلی نوور
قژی کیژە گۆشەگیرەکانی
مەستتر دەردەخست
سێبەری ژیارێکی بەرەواژ بوو
شەبەنگی بە ژاوەژاو بەخشی..
دەنگی لە بێدەنگی خواست..

هەڵەمان کرد
وەنەوشەی تەلانانمان ڕاوەشاند..
لە ئاوی لێڵمان دا،
لە بڕە ڕازاوەکان نەپەڕینەوە..

هەڵەمان کرد

هەوڵمان دا،
نووزەی گجووله بەرەڵڵاکان
تێکەڵ بە چینکە و پرووشەی
چۆلەکان بکەین..
هەڵەمان کرد.

❊

مۆنیومێنتێک
بۆ هەوری ئاسندار
بۆ ژنانی گوێ قوڵاخ
بۆ خۆخواردنەوە
بۆ باران
لە پاشماوەی
پێکە بە دزی خوراوەکان هەڵدەنێین..
سەمفۆنیای شێتایەتییە،
پرچی پیرۆزگریی ڕادەکێشین
نووزەی
تووتکە هەتیوکەوتووەکانمان دێتە دەست..
ئاوریشم،
پۆڵای پێ خوار دەکرێتەوە..
ئێوارە بە شەتاوێکی تۆزاوی دووگیانە
ئاگر جەنازەی بەفری لە کۆڵ ناوە..

ڕووبارە کێوییەکان

ڕێیان،
لە چاوی کوژاوەمان گرتووە..
خوانی شەو
سرووتی ڕەهێڵە و گەردەلوولە..
شەهدی مێژوو
بە ئاوێنە تڵخەکاندا دێتە خوارێ
چۆلەکە
گۆڕاییە بەردینەکان بەرنادەن !

خاکی پیر
جەستەی درزبردووی خوێناوی
لە خۆرێکی بریندار دەچێ
بە ئامێزی لەرزۆکی
ڕەشەبای لە باوەش گرتووە..
چۆلەکە
گۆڕاییە بەردینەکان جێناهێڵن !

ئای گۆلی نەدیتراو و نەبیستراو!
هەواری غەریبی !
بانیژەی ئەستێران !
چاوت لێیە؟

بەدنیهادی دەبینی :

درەخشان..
دوور لە دڵ..
نزیک لە خوێنی بەفیڕۆدراو
لە ودمی ونبوون..
لە چ سرەوتنێکی ئارامدایە؟
کۆخەکانی ئومێد،
چۆن هەڵدەدرێنە خەرەندەکانی
نۆستالیژیا؟
ڕووتتر دەبنەوە گوڵەگەنم
چۆلتر دەبنەوە خەرمان؟
پەراوێزێک،
بۆ خۆدزینەوە لە ئێش
خۆدزینەوە لەو فرمێسکانەی
شێوەی شەونم دەدەن.. ناهێڵێن؟

❊

بە پێشبینییەک،
تەنیا عاشقان
پەی پێدەبەن
بێدەنگی،
بە بەنگکێشی و
خەوی زڕاو و
سۆزانییە سەر بڕاوەکانی
کووچە و شەقامان دەشکێنرێ..

وزەیەکی مەست
بەسەر لمی کەناردا کەوتووە..
باران
کە لە شەڕی ئاژاوەدا کشاوەتەوە
مۆسیقای خەمباری،
بەسەر هەواری دێرین و
ئەو چۆلەکانە پەخش ئەکا
لە گۆڕاییە بەردینەکان
پرووشە دەکەن.

کانوونی یەکەم 2017

تەلارساز و
هەندێ لە زیندەخەونەکانی..

چی خەم هەبوو
لە (مەرگ)م داکەلاند
بە گوڵستانم سپارد..
شەو لە من نابێتەوە
شەو کڕێوەی کانوونە
تێم ئاڵاوە..
ڕەنگی بەیانیانی
لەبیر بردوومەتەوە..
جلەکانم،
قەڵەم و پرگاڵەکەم
کە هاوشانی (نان) بوون،
خرانە کارگەی ئالوودەیی..
پرسیارەکانم،
بەڕووتی
لە نەخشەی شێوێندراوی
گۆڕەپانی سەردەمدا دیتەوە..

❊

بە خۆم باخچەم نەبوو
سەوزایی ماڵهاوسێ
چاوی ڕوون دەکردمەوە..
گۆڕستانم،
لە سەربانەوە لێ دیار بوو
شەوانە
کە خەمم
لە مەرگ دادەکەلاند،
مردوو
ئاهەنگیان دەگێڕا..
سەمایەکیان دەکرد
پێشتر نەمدیبوو..
شاییەکیان دادەبەست
لە باڵکوتانی پەڵەهەوران دەچوو
لەباتی دەسماڵ
خامۆش خامۆش
مێژوویان بادەدا
وێنەی ئەو هەناسە سارده
گوڵگوڵییانەی ،
بێ خاوەن
لەسەر سنووران کەوتوون..

❊

وەک (نەی)یەکم
لە گۆشەیەکی خەرابات هەڵپەسێردراو..
ڕۆژگاری مێش و مەگەز
دیمەنەکانی،
لەبیر بردوومەتەوە..
تۆی لێ دەوەستای بتبینم..
دیمەنی باوەشە بەپەلەکانی
پاڵ داران..

❊

بە تەققەی بووکنییان،
کە شەپۆلیان
بە بووک بۆ ڕووبار دەهێنا،
بێدار بوومەوە
پەشێو... پڕ
چاکەتە بێبەرەکەمم پۆشی
کە پار لە لەنگەم کڕیبوو
هێشتا تۆزی بەختیاری
پێوە مابوو..
ئاسوودە..
شاد بەوەی،
لەکۆڵ زنجیرەی مۆتەکان بوومەتەوە...

ڕووم کردە مەیخانە..
شووشە و پەرداخی مەیخانە
پڕ بوون لە نیشتمان..
ساقی بەشەوقەوە
لە پێشی دادەناین..
(نیشتمان)ی ئەوێ
لە مەستی و خۆشخوانی زیاتری
لێ نەبوو..
ئاگر و
ڕووباری شەرابی حەفتڕەنگی
بەهەشتی تیا تێکەڵ ئەبوو..
بە پێکێکی موقەددەس،
ئاسمانی کەیل ئەکرد..

❊

مەیزەدە،
لە پەنجەرەی ژوورە هەڵایساوەکانەوە،
تەماشای
کۆڵانە تێکچڕژاو و
شەقامە قوماشییەکانی
بەهەشتمان دەکرد..
جارجار
شەڕی بەهەشتییانمان دەدی
کە لەسەر جوێبارەکانی مەی و

کەژاوەی (حۆری)یان بەرپا دەبوو..
تەلارساز،
لە شوورە کڵپە گرتووەکانەوە
تەنتەنەی،
چیا بەرزە لە حیکایەتی سیزیف شۆراوی،
بەهەشتی دەدی ،
نووریان لێ دەکوژایەوە..
ڕەنگیان تێدا ون دەبوون ..
تەلارساز،
لەنێوان مەستی و زیندەخەودا،
ئەو ژنانەی بەبیر دەهاتنەوە
ئێوارەیەکی ڕاکشاو باڵیان گرت و
مەمکیان بە با سپارد و
لە نەخشەدا ڕەش بوونەوە..
ئەو ژنانەی،
چاویان لە زریان دەترووکاند..
نووریان لێ دەبووەوە..
هەندێ سەربازی کەڤڕان بوون
هەندێ پاسەوانی باران..
دەیانویست بەرەو لووتکەیەک بفڕن
مەرگی نەبینیبێ..
ڕەنگی خۆیان،
لە ئاوێنەدا دەدیتەوە

هێشتا باڵیان نەگرتبوو
نهێنیی پرشنگە کاڵە چویتییەکان بوون،
سۆزی پیاوانیان گڕ دەدا..
❊
تەلارساز،
بازنە و سێگۆشەی
لێ تێکەڵ بووبوو
بەدوای سێبەری بەفردا وێڵ
پڕ ببوو لە بۆشایی..
❊
لەودیو پەرژینە کەسکەکانەوە
تەلارساز چی بکا؟
خاک دەبینێ
خەو لێ زڕاو،
بێهوودە.. کەلەکان دەگۆڕێ..
کەس نییە بیلاوێنێتەوە..
هەموو
ئەسپێ و کوللەی بەسەردا
بڵاو
دەکەنەوە..
تەلارساز چی بکا؟
ڕۆژی سێ جار
چوار جار.. دە جار

دەیکوژن و
لە وێنەی ئیسفەنجێکی پانبووەوەدا
زیندووی دەکەنەوە..
لەودیو پەرژینەوە دەیبینم
لە داخا،
بە داری ڕەق و وشک
خۆی نەهێشتووە
لە تاوان
دەقیژێنێ و ڕوومەتی دادەڕنێ..
❊
شەو درێژ بووەوە
با ناهێڵێ
پێکێک هەڵدەین
جگەرەیەک داگیرسێنین..
گەڕاین..
تا لێمان بڕا گەڕاین..
مرواریی بەختمان نەدۆزییەوە..
خاک،
مەحکوومە بە بێمانایی..
بە ترسی لەناکاو..
دەماری گەنجیەتییان بڕیوە..
دڵی،
لە دڵی مەلۆتکەیەکی پیر دەچێ

بێ لۆچ ، بێ یادگاری..
تەلارساز چی بکا؟
چرا هاوسەنگیی لەدەست داوە
نە ڕووناکی دەدا
نە دەکوژێتەوە !
گەڵای کەناران،
لە هەموو لایەک
سەنگەریان لێ گیراوە..
هاوارێکی کپکراو
لە دوورڕا دەبیسترێ
ئازاد.. بەڵام زەلیل..

❊

هەزاران ساڵە هەی،
چەنگە ڕووناکییەکت
بۆ ڕۆژە تاریکەکان هەڵنەگرت!..
بستێکت لە هاوین،
بۆ زستانە درێژەکان
گل نەدایەوە!..
ڕێژنەیەکت،
بۆ وشکەساڵە یەک بەدوای یەکەکان
دا نەکرد!..
تەلارساز چی بکا؟

وڵاتایەتی وا دەبێ
خاکی زامە کراوەکان؟
بە بەرچاوی تۆوە،
ئاگر بسووتێنرێ؟
شەختە لە سەرما،
هەدادانی نەمێنی؟
وا دەبێ؟
وڵاتایەتی وا دەبێ؟!
❊
بە لێوارەکانی (ئاسیا)دا
دێمە خوارێ..
شارستانیەتی هەموو دونیایان
لێ بار کردووم..!
لە گوندی هەزارەم..
لە شاری هەزارەم..
لە کەنارە بەردەڵانەکان
لە باسکە ڕووتەنەکان..
شەوی هەرهەریم
بەسەردا دەدەن و
بەجێم دێڵن !
ڕێگام،
بە هەنییەی نوورانی فریشتانیش
پێ نادۆزرێتەوە.

بە ژێر تەوژمی دڵڕەقیی بادا تێدەپەڕم
دڵم بە نۆستالیژیای
هیواوە خۆش ئەکەم
کە دێت و نایێ...

تشرینی دووەمی 2016

نیشتمانە باڵدارەکان

ئاگات لەو دەنگانە بێ
بە ماندوویەتییەوە دێن!
ئەو زیندانانەت لەبیر بێ
خۆمان دروستمان کردنەوە!
ئەو ئاسۆیەت بێتەوە بەرچاو
هەموو لە هەمووی بەخشش بوو!..

چیرۆکی نیشتمانە باڵدارەکان
لێرەوە دەستی پێکرد:
خاک تووڕ درابوو
لە شەڕ و
خولیای خەمهێنەر و
زەنگی بێزاری زیاتر
لێ نەدەبینرا..
بینایی کز..
کوێرەڕێگایەک نەما

هیوای تۆزاویمانی پێ بسپێرین !
ڕێژنەیەک
لە ئارەزوویەکی ئەفسووناویدا خەملێوە،
بەسەر دارستانی دڕنداندا دەبارێ..
چڕتر لە،
سێبەری درەختی کەناران
ئاوی لێ کەسک دەنوێنێ..
شازادەیەکی ڕازاوە
پیاسە بە شۆستە و شەقامە وەهمییەکانی
دەکا.

نیشتمانە باڵدارەکان
ئەوانەی
لەبەر شەڕ و
خولیای خەمهێنەر و
زەنگی بێزاری
باڵیان گرتووە
نە مزگەوتیان تێدایە
نە دێر و کەنیسە و
نە هیچ پەرستگایەک..
سێویان بە تاڤگاندا دێنە خوار..
پەیتوونیان

بە کووچە و کۆڵانان دێن و دەچن،
دەنگی سمی ئەسپەکانیان
لە بزاڤی ڕۆژانەی
بەرد و چەوی
ڕووبار و زێیان دەچێ.
پەلکەگیا لەو نیشتمانانەدا
هەر دەمەی بە ڕەنگێ دەردەکەون.
دانیشتووانیان غەمگینیش بن،
شیرینی لە ژاڵە
شادی لە خەم هەڵدەهێنجن..
مردووەکانیان دەخەنەوە سەر زەوی.
مۆسیقایان بە ڕیتمی فڕینیانە..
گۆرانییان،
باسی مەستی و
پەسنی هەوای خوا و
ئاسمانی فراوان و فرەچین دەکا.

مێژوویان،
لەگەڵ مێژووی هەڵۆ و
قومری و
چۆلەکە و
قورینگ و
نەورەساندایە..

قوتابخانە و نەخۆشخانە لەو نیشتمانانەدا
لە میوانخانەکانی خواوەند ئەچن..
زانست،
لەئیکسیری وردبوونەوە و
کوانووی ڕوونبینی و پۆشتەکردنی با و
ماکی گەوهەرناسی و
مژدەی مەرگی لەخۆنووسان فێر دەبن..

مێژوو،
لە کۆیلەیی و پێناوی و گومڕایی زەوی..
دەرمان،
لە ڕەنگی کازیوە و
تریفەی نیوەشەوانی مانگ و
فەلسەفەی ئەشکەنجە
دروست دەکەن.

نیشتمانە باڵدارەکان
بە دەگمەن شەڕیان تێدا دەبێ
شەڕ لەو نیشتمانانەدا
وەک شەڕی
نیشتمانە وەستاوە بۆگەنەکانی
سەر زەوی نییە..

لەوێ ڕکابەرایەتی
لەسەر
بەرزفڕی و
بڵاوکردنەوەی ئۆکسجین و
جوانیناسی و
فەنتازیای ئاواز و
هەنیە و گۆنای درەوشاوەیە..

ژنان لەو نیشتمانانەدا
بەزەردەی بەیانی و
نەشئەی خەون و
سۆمای سروە و
سێبەری پاکیزەکانی چیا
خۆیان جوان دەکەن.
باڵایان
لە خەندە دڵگیرترە..

نیشتمانە باڵدارەکان
ئاژەڵی دڕندەی لێ نییە،
هەموو ئاژەڵەکانی دۆستی مرۆڤن
هەموو مرۆڤ دۆستی ئاژەڵ.

پێوەندی لەو نیشتمانانەدا:
هەموو بەرپرسیارە لە هەموو..

پاشا لەو نیشتمانانەدا
لە کرێکاری کارگەکان ماندووترە
باڵی فڕین، فڕینی نیشتمان
پاشا ڕایاندەوەشێنێ..

بە شنەبای تۆقەڵانانیان
خۆیان فێنک دەکەنەوە.

نەوت و گاز و کانزای لێ نییە
چرا و گڵۆپ و سۆپاکانیان
بە شیعر و مۆسیقا کار دەکەن
ماڵێک لە مانگێکدا
چەند کۆپلەیێ شیعر و
چەند پارچە مۆسیقایەکی بەسە.

شیعر و مۆسیقا
لە ئاسمانی هەرە بەرزەوە
بەسەر کۆشکی پاشادا دەبارێ
ئەویش بە یەکسانی

بەسەر هاونیشتمانییانی دابەش دەکا.

شاعیران لە نیشتمانە باڵدارەکان
ئیرەیی بە شیعری
ئاسمان نابەن،
ئەوان جیاواز دەنووسن..

نیشتمانە باڵدارەکان
ڕۆژنامە و ڕادیۆ و
تەلەفزیۆن و ئینتەرنێتیان نییە،
سەر ئاسوودە
پێکەوە دەژین..
فڕۆکەشیان نییە
خۆیان باڵیان هەیە دەفڕن..
یەک زمانیان هەیە
هەموویان
بەو زمانە قسە دەکەن و دەنووسن.

تاکە گرفتی نیشتمانە باڵدارەکان
هەڵم و دووکەڵ و

نیفاق و دووڕوویی و
هەوای پیسی زەوییە
زۆر جار ناچاریان دەکا
بەرز و بەرزتر ببنەوە .

ئابی 2017

کچ و کوڕانی ڕێبەندان

نیگەرانی گۆرانییەکی مۆرهەڵگەڕاوە
چرۆی گرتووە..
نیگەرانی، لە کەفی شیر
لە خوێنی درەوشاوە دەچێ..
شەو ئیمپراتۆریەتێکی بێ نوێنەرە
کپ.. ڕاکشاو.. سامناک
بە کڵاوڕۆژنە هەتیوکەوتووەکاندا
هێرش دێنێ..
بەڵام ئومێد
لە ناو قەوزەی
گەمە بەدنیهادەکانی ژیانهەڵلووشاندا
ون نییە.

ئەی خۆری کوژاوە
کە پڕ بە سووتانی خۆت
تیشکمان بەسەر دەبارێنی !
خەیاڵم بە لای تۆدا دەشکێتەوە

تاسەیەکی ڕۆژهەڵاتییانە
لە ناخی ڕوانینە بەهارییەکانماندا
ڕوو لە سەرابستان
ڕوو لە بەندەری دژواری..
زامێکی دی
بە تەوێڵی پرسیارە دوایی نەهاتووەکان
لە شەفەقدا ئۆقرە دەگرێ و
خەون دەبینێ : دەگری...
– نەهاتبووین تەنیا بین
نەهاتبووین گەسکی مێژوو
بەو شاڵاوە بۆ ڕابردوو
بۆ یەکەم هەنگاومان بباتەوە..

خەیاڵت دەکەم
لە هەواری چۆلپەرست و سەرکێشان دەتبینم..
بە تەنیشت تارمایی
شارە کراوە داخراوەکاندا
بە تەنیشت ئاهەنگە تەنیاکان
گوڵێکی حەپەساو
لە تێکستێکی بژوێندا..
نیگەرانییەک
بەچکەی زۆڵی کۆمپانیاکان
لە کونی دەرزییەوە

بەسەر شارستانیەتی دادەدەن
ئەفسوونێکیان پێیە
ژنە باڵا بەرزەکانی ئیتاڵیا و
سیما خەمبارە برۆنزییەکانی ئیسپانیا
بەژێر بەیداخی
کوورەکانی دۆزەخدا دەبەن
لە پەلکەزێڕینە،
لە ڕۆشنایی ئاسۆیان دوور بخەنەوە..
پیاوان
گۆشەگیرییان لە کۆڵ ناوە
لە سپێدەیەکی ناکاوی مردوودا
کچ و کوڕانی ڕێبەندانی
پێ ئاشنا بکەنەوە..
ئەوە هەڵپەی ئادەمزادە
لە بۆشاییەوە بەرەو بۆشایی
ڕێ دەگرێ
وڕێنە دەکا :
بەختیاری لە باڵۆنێکی تەنک و
زاراوەیەکی بێ بەڵگە زیاتر نەبوو.

ڕێگا چۆلە
خەون چۆل

ئەوەندەی نەماوە خواوەند
هەڵوەستە لە چۆلایەتی بکا،
کەی بەرپای کردووە؟
کۆڕسی بەرەبەیان
وەڵامی جریوەی چۆلەکان ناداتەوە..
ئێوارە
گوللە نایبڕێ
ژنان
هاونشین، لێکدابڕاو
خۆیان لە سەمایەکی تۆزاوی جێهێشتووە
هەڵدراونەتە ناو قایەخێکی چارۆگە دڕاو
جێوەڕێ لە ناوەڕاستی دەریادا
وردە شەپۆل
دەیبەن و دەیهێننەوە..
بەڵام ڕۆحە ئاماڵ فریشتەکان
بووکەبەفرینەی بەرائەتی منداڵین..
ئاوازێکی غەریب
کۆمپانیا زێڕکفتە زەرووتەبعەکان
لە دیمەنێکی دیار و نادیاری
کەناری ڕۆخانەیەکی کڕنۆشبەردا
بانگێکی ناوەخت
بێدەنگیی پێ پۆشیون
بە تاریکاییەکی ڕووتی سپاردوون

تەنیا بە عاشقان پەرت دەبێ..

ئای نیشتمان
وڵاتی شاراوە
هەڵکەوتەی دیواری لەرزۆک و
بڵێسەی کوژاوە..

ئای نیشتمان
نەغمەی گۆشەگیری
ڕووباری لە هاژە کەوتوو
باڵات سێبەری پێوە نەماوە
لێم گەڕێ لە حەرەمی نهێنییەکانت
سەرخەوێ بشکێنم..

ئای نیشتمان
سۆز پێمەوە دەدا
هەستەوە کەمانجەکەت هەڵواسراوە..
باسکی کوێرم
لە چاوەڕوانی دوا سەمفۆنیادا
لەو دیوی
ئەو پەنجەرە خەمبارانەدا دەکوتم
بەسەر بەهارە ڕۆژگاربردووەکان دەڕوانن.
ورشەی زەردەپەڕ

لە تەمێکی چڕ چەقیوە، ناگات
گوڵی هیوای داری سێبووری
بەسەر جەستەی کچ و کوڕانی ڕێبەندان
وێنەی دێرینی زایەڵە لەبیرچووەکان دەداتەوە..
خاک بەتەنێ ماوەتەوە
کەس ڕووی تێ ناکا
کەس سڵاوی لێ ناکا
یادگارییەکان
لە شۆستەکان پیاسە دەکەن
ماچی دوور بە دوور
بە فرمێسکی ساتە لەدەستچووەکان
بە ڕوومەتی شەوی دەیجوور
دێتە خوارێ..
عەشق
لە نواڵەیەکی لاسار و بنبەست
بە ڕەنگی زەرد و لێوی بە بارەوە
سروودی (کوا من) و بەیدەستی دەچڕێ..

ئەوە ئەو وەرزە
ئێش و لەزەتی
لە دونیادا سڕ کرد
ئەوە ئەو ڕۆژەیە میرم
بازن لە زەند و مەچەکی

شارستانییەت دادەماڵێ..

بێدەنگی بەردەوامە
گریان لە چاوی
کچ و کوڕانی ڕێبەندان دواخراوە
بە تێکشکاوی خۆی دەنوێنێ
بانگ ناگاتە قاوەخانە تۆزاویەکان
ئارامیی دونیا
بە مەرگ و
کاروانی جەنازان داپۆشراوە
سۆز و شەیدایی
بە خۆیان و شەپۆلی خنکاویان
لە تافی هەرزەیی زەنوێران
ڕاکشاون..
لێ شەوی ژیان جوانترە لەو ئاسۆیەی
خۆری ژەهراوی لێ هەڵدێ
مۆتەکەی
بە خەرقەیەکی دڕاوەوە،
پۆشتەترە
لەو گەنجینانەی
خۆپەرستییان
تێ دا دەکرێ.
ئارەزوویەک

لە چاوی هەزاران هەزار
قەتیس بووە
بۆنی بەفر
سەدای قومرییان ئەداتەوە
سیحری خاک
بە برووسکە و چەخماخەیەکی وێڵیش بێ
بارانی هیوای لێ نابڕێ..

خۆشمویست
سرووشتم خۆشویست
وەک عاشقێک نازانێ بۆ عاشق دەبێ
خۆشەویستی
کە لە ئەزەلدا بەر مرۆڤ کەوتووە،
لاوانەوەی گۆڕستانان نییە
سەفەری ڕەهێڵەیە
خەڵوەتی بەدبینی
ئایکۆنی سەردەمە سەختەکان..
خەمی ئەبەدی ئەوەیە
سیحری خاک نەبینی..
نەزانی
گۆرانییە سەرسامە تیژەکانی با
بۆ بێ بیانوو لە دەرگامان دەدەن
نەزانی

مرۆڤ
بۆچی؟
بۆ کوێ؟
تا کەی؟

من ڕۆحت دەبینم
ڕۆحی تۆم دی
تاوکەوتنان کە دەڕۆیی...
هەر ئەو ڕۆیشتنە بوو
هاتنەوەی نەبوو..
خوێنی مەسیحەکانی ئەوسا و ئێستا
پرشنگی ناوازەن
لە ناخی ڕوانینەکانماندا..
ڕوونایی
وێنەی ئاوپژێن
گۆ گۆ
بە مەمکی ژنان دێتە خوارێ ..
ئێمە لە شاییەکی ڕەنگینداین
بیر لە باڵ ، لە فڕین
لە (کوا من) دەکەینەوە
کە هێدمەگرتوو پاڵی
بە پەرستگەکانەوە داوە..

ڕەنگە دیمەنەکە بگۆڕێ
دیمەنەکە دەگۆڕێ..
لەوانەیە ئارەزووەکانم
لە ساتە نەرمە مەحاڵەکان
لێ بچنەوە
ڕەنگە ساماڵێکی بێگەرد
نیشانە بێ بۆ مەرگ
بەڵام تـا ئەو وەختەی
ڕووبار و چۆم
چیا و درەخت
سڵاوی خواحافیزیم لێ وەردەگرنەوە
هەر بە جوانی دەتانبینم
کچ و کوڕانی ڕێـبەندان.

سەرەتای نیسانی 2020

گوڵی ئاگر .. خەونی هەمیشەیی

درەخت ڕادەکەن
ئاسمانیان لێ وێکهاتووەتەوە ئەستێرە
تۆ هەڵدێی،
ڕێگەت پێ نادا نیشتمان بمێنییەوە..
دیموکراسییەتی جەستە
قووڵایی دۆزەخ
لە دووکەڵی جەهل
لە ناو کاکۆڵی ئیرەییستانی
ئادەمزادەوە هەناسە دەدا..
دڵ نە لە مەرگ ، نە لە عەشق
ئاگادارت ناکاتەوە..
بژاردەی سەردەمی بەدنیهادی،
خەیاڵی تێدا ڕەش دەبێتەوە
ژەهر لە ڕەنگی شەهد دەردەکەوێ..
دارستان دەقی کراوەن

لە دونیایەکی داخراودا
وتارێکی درەنگ
لەبەر ڕووناییەکی لەرزۆکدا
بۆ بێدارکردنەوەی یادەوەرییەکان،
بۆ سەرەتای کۆتاییەکی دی دەدرێ..

هاوڕێگای هەمیشەیی، پرشنگی خوێناوی،
داڕسان دوای داڕسان،
سەربردەی برینان دەگێڕێتەوە
لە کلتووری زیندوومان :
لە (شەڕ) دەدوێ
کە هەر دەم
بە ساوی ئاوریشم
لە دەروازە ئاسنینە ئەڵقەڕێزە
ئاڵتوونییەکان دەدا و
بە ساوی پۆڵا بەسەر دڵمان تێدەپەڕێ..
خۆر
مەزن ، گەش ، دیـار
شەڕ ، هەورێکی چڕ
لەبەر نیگای هەڵایساو و تووڕەیدا
کـز دەنوێنێ
بچووک ، لێڵ
لە تیشکی خۆیدا دەگەوزێ..

تاخچە ڕەنگاوڕەنگەکان
مێژووی دەقە نەشکاوەکانیان هەڵگرتووە
لێوە بە بارەکان
بە کورتی دەدوێن
لە ناو هەموو خەمێکدا
زەردەخەنەیەکی شاراوە..
شەوە درێژەکانی تەمەنم
لە چاوەڕوانی تۆدا توانەوە
یادگار ، هەمان یادگارە
ئەسرین ، هەمان ئەسرین
دەخنکێنن دەنگ..
مەیخانە،
چوونەتەوە پاڵ
پەرژینی باخچە نامۆکان
ئەوانەی
لە خەونی زڕەوە بەدیهاتوون
ڕۆژانە
(کوا من)ی تیا لە خاچ دەدرێ
لە ژێی هەستمان دەدەن..
کاردانەوە نییە
مردوو کاردانەوەی کوانێ؟
گوێم لێتە
بە دەم لاوکە هەردەم لەبیرکراوەکان

وێنەی ئەو ئەستێرانەی نیوەشەوان
بەسەر مێرگاندا دەکشێن و
باڵداران لە خەو دەکەن
چەهرەی ڕۆژگاری کەساس دەنێژی..
گەواڵەی ڕێکەوتی
هەنسکە خەمبارەکانی دارستانان
کە بەسەر دوا چرکەدا دەبارێ
پێشهاتە سەخیفەکان دەردەخەی !

ئەسەف
بە دەنگی ئەو ژنانەیان ناسپێری
سنگیان داوەتە بەر قەڵای شار
ئەو ژنانە
ئەوانە نین
لە کلینیکەکانی جوانکاری و
ئارایشگەکان دەیانبینی
ئەو ژنانە ،
ئەوانەن چیایان لە کۆڵە
سپێدەیان لە چاو
لە ئاوێنەدا خاک دەبینن
لە گۆڕدا گەنجینەی فریشتان
لە یەکەمین بارانا،
سەمای ژیان

وێنەی برووسک
خۆیان بە نادیارا ئەدەن..

کلیل نەما
قفڵە ژەنگاویەکانی پێ تاقی نەکەینەوە..
بێباکی لە هەڵە کوشندەکانی
بازاڕی ڤایرۆس لێدراو
مێژوویەکی هەیە
ساتە بێهوودەکان
لە بۆشایی ژیان و مەرگدا
لەو تیش و زنارانەدا دەگیرسێنەوە
بکوژی لێ پەروەردە دەکرێن..
نازانم لە چ پەنجەرەیەک بوەستم
تۆم لێ دیار بێ
کە هەموو ئاواز و تابلۆ و نـۆتە بێکەسەکان
لەوێ بن..
ئێمە بۆچی چاو لەسەر ئەم جەنازانە
هەڵناگرین
بە بناران شۆڕ دەکرێنەوە
ئاوابوونێکی چەند بێدەنگە
ئاوابوونی مرۆڤ..
گوڵێکە لە شەراب
وێنەی لە بەهەشتیش نییە

ڕووناهی هەڵدەفڕێنێ
تاریکایی چڕتر دەکاتەوە
(کوا من) چەند ونە
بزرتر دەبێ..

کۆڕۆنا هات
بە جلوبەرگێکی ڕەشداگەڕاو
پێدەشتە سووتاوەکان ئاسا
سواری کەژاوەی خۆی کردین
کۆڕۆنا هات فێرمان بکا
دونیا ببینین
بیری لێ نەکەینەوە..

فێری کردین هەوری چڕ
نیشانە نییە بۆ باران
کۆڕۆنا
سیاماڵ.. شەو ڕاشکان
ڕووناییی ڕۆحی بەبیر هێناینەوە
بەڵام ئەویش
بە هەموو ترس و تاوییەوە
شەڕی لە بیر نەبردینەوە..
حیکایەتە سواوەکان
مۆری بەختمان ، نینۆک هاتوو

لە زیندانەکانی جیهان ئاخنراون
بیر لە جۆللانە پساوەکان دەکەنەوە
ئایندەی پیر
لە ژێر چیلەمێوێکی ڕووتدا
پێڵووی لێکناون
ئەو ژنە شۆخانە نابینێ
لە ناخی دڵە قەرەجییەکانیاندا
بە پێشیدا دێن و دەچن..
لەوێ
کە زەردەخەنەی تێدا لە کڕین نایێ
لە وێ
لە دوورەوە
لە وێ
کە نۆستالیژیای لێ بێدار دەبێتەوە
لە وێ (کوا من)
بە سیمای هەڵقرچاوەوە
لە ناو تابلۆیەکی
چاخە کپکراوەکانی ناوەڕاست
سینەیەکی ژاڵە گرتووە
لە بەرابەر چەند چڕنووکێکی برسیدا..

(نینئەنا)، کچی ئاسمان !
کە شادی و لەززەت بۆ خوداوەند و

ئادەمزاد دێنی !
ئەو هەسارەیە هەسارەیەک بوو
شیری دەدایە خۆر
شادی بەسەر ماڵاندا دەبەشییەوە
هاتین
بە چەند پارچە کاغەزێکی چاپکراو
هەناسەمان لێ بڕی..
چیا
لە سەمای ئەو جەستانە ڕاماون
مەمکیان
سەرەتا و کۆتایی بژێوی
لە کۆتی مێینایەتیی ئەم چاخە داکەلاندووە
مۆسیقا ئیتر
لە قاچە شووشەکانی ئەودا نەماوە
مۆسیقا
لە ترپەی ئەو دڵە تۆراوانەیە

گەمەی ڕۆژگار
بە ڕاست و چەپی داداون..
بە چاوی شانس
سەیری پردی ڕووخاومان ئەکەین
خەیاڵێکی بەدی نەهاتوو
بە هەنگاوەکانمانەوەیە،

لە تێکەڵەی بۆیەی هونەرمەندێک
لە بانیژەیەکی داڕماو دەچێ
شەوت لە نیوەڕۆدا پێشان دەدا..
هێشتا لە نیوەی ڕێگادای
(ئەنکیدۆ)ت لەدەستداوە
هێزی جارانت ،
جارانی شەقامەکانی (ئوور) و
مەیخانە ئاوەدانەکانیت نەماوە
ئایندەی پیرت
دێننەوە بەر چاو
تەنیا بۆت هەیە بێدەنگ بی..
سنوورێکی یەکسانمان
لە ناسینی خوداوەند هەیە
بیر دەکەینەوە
لە کردەوە بەدەکانمان
لە گومانە هەروایيە نامەنتیقیەکانمان
ڕازی نییە..

وامان دەزانی جۆگە و ڕووبار
پێش ئێمە لە خەو ڕادەبن
ئەوان هەمیشە بێدارن.. نانوون
جۆگە و ڕووبار بوونەوەری ڕووتن
ئێمەین دارستانیان لەبەردا دەبینین

ئێمەین گیای کەنارانیان
بە سنگەوە دەکەین
کە دەنگی دڵەکوتەیان
ئاسمانان تەی دەکا..
سەیر نییە لە ئێوارەیەکی ئەرخەوانیدا
شاعیرێک
لەسەر ئەوەی وتوویەتی
مەمکی بێوەژنان لە هی کچان
مێینەتیی زیاترە
چاوی بێوەژنان خومارترە
شەڕێکی بۆ بەرپا بکرێ !
پاڵ بە قوللەی ڕۆحمانەوە دەدەین
چاومان لە ژیانە
لە سەرخەوشکاندنێکیشدا بێ
بیبینین
بۆمبای شەڕان نەگاتە زەوی
لە نیوەی ڕێ
ببن بە گوڵ ، بە باران..
حیکایەتە ڕەشەکانمان
لە بیر بەنەوە
ئەوەی لە قوتابخانەدا

مندالّییان تێدا مراند..

ئای ولّاتی دلّگیرم
ولّاتی تەمبەڵ !
دوا جار چۆنم لەخەو دیبووی
وا دەرچوو
بەتەنیا لەگەڵ خۆمدا مامەوە
تازە ڕۆیی،
تیر لە کەوانێ دەرچوو
هاوارمان لەبیر چووەوە
تازە ڕۆیی
لە زنجیرەی شەڕانمان زیاتر
بە بیر نەماوە
کە دێن و دەڕۆن و دێنەوە..
ڕوومەتی شەو
هەمووی لەبیر بردینەوە..
دلّی سادەمان،
گۆرانیی خەمڕەوێن
پێشبینی شەڕەکانی دادێ
هەمووی لەبیر بردینەوە.
بەردی کەڕ هەڵدێ ، ئێمە هەڵدێین
ئاوی گێژ ڕادەکا ، ئێمە ڕادەکەین

پێکمان گەیاندەوە ناو کارتۆن
هەتاوی کوێر بانگم دەکا، بگەڕێوە!
بە سەمای گەڵا و
کەروێشکەی گیا ڕا دەزانم
بەو شنەیەی
سپیدارە تازە هەڵچووەکان ڕادەوەشێنێ
بگەڕێوە..!
گەر بشمرین
با لە مەرگێکی شەڵاڵ
لە ئامێز و پێکەوەنووسان و
تـوانەوەدا بـمرین.

حوزەیرانی 2020

کاژە بەژن بڵندەکانی ڕۆژهەڵات

(ئێوارەیەکی کانوون،
بەفر هێشتا
تارای هەتاوی فڕێ نەدابوو
کووچە و شەقام،
ڕەنگی سەحەریان دەدا
بە قەمسەڵەیەکی چڵکن و
– شەوڕۆ — یەکی بن ڕۆیشتوو و
پشتەکۆڵێک خەمی نیشتمان،
کە ئەوسا بۆمان
بنکەی گەردوون بوو
لە دەرگام دا..
یەکەمین جارم بوو
مانگ لە زەوی ببینم
بە ڕەونەق و هەڵایسانێک
لە ئاسمان پێی دەرنەکەوتبێ.

من کە زەمانێک بوو
لە شەو و تەنیایی ئەشکەوتان و
سەرکەشی شەڕ ، چیدیم نەدیبوو
لە ڕێی خەمباریی وڵاتدا،
ئاشنای پارێکی دی نیشتمان بووم،
قەڵەمڕەوی چاوجوانان
کاژێکی تازە هەڵچووی ڕۆژهەڵات..

وەک وەستانی
چەند چرکەیەکی هەناسەدان
یا نووری لەپڕی بروسکە
بە ناو ڕاستی و هەڵەکاندا
لە ئێوارەیەکی کانووندا
بۆنی خەونێک، یەکەم خەون
ختووکەی ئەفسووناوی
شەوی جەستەمی سووتان
خەونێک، کە دوایی بوو بە وەهم
بەسەر مەنفا و تاراوگانەوە
بە شادی و حوزن بەراورد نەکرێ.)

بەشێک لە نامەیەک
کە نەنێردرا

خەونی یەکەم (گودیئا)
میری (لەگەش) بینی
میر هەر ئەوسا خەونی هاتە دی
سەرڕەشەکان خۆیان تێدا بینییەوە
خەونی من
ئێستاش کۆڵێکە بە پشتمەوە
لە وێستگەگەلێکی بەڕێکردنی تەمەندا
بە دار و بەردی داداوم
بە ڕووبارانی دا بردووم
لە تۆقەڵانانی هەڵداشتووم..
لەو ساوە دەگەڕێم

پێکێکی درەوشاوە
سەمایەکی زۆربابییانەی
نیوەشەوانی سەهۆڵبەندان
خۆم
نەبینیوەتەوە..

لە ژێر پەردووی ڕووخاو
کە هەڵاوی گریان و
گۆرانیی تەواو نەکراوی لێ هەڵدەستێ
هێللانەی چۆل
کە شوێنەواری جریوە و ماچی
پاساری و چۆلەکانی پێوە ماوە..
پەنا دیواری خوراو،
هەواری چیلەمێوان، جێژوانی ساویلکان
هەرچی کۆڵیت و تاوڵ و
بنمیچی سواندان هەیە گەڕام
خۆم نەدۆزییەوە..
هاوئاوازێکی وێڵم لە سنگایە
لە دەمی بورکان و
شینگێڕیی شەختە و
سپیلکی چیا
کەسی دی ناناسێ
زرنگانەوەی

گوزەرە بە ژاوەژاوەکانی مسگەران
بەلادا هاتنی مەستان
کە لە ونگەی ناوخۆیاندا
نەقشیان بەستووە
مۆسیقای با،
وەختێ ژنان
لە جەنگەی تاساندا
سەری پێدەکەن..
هاوئاوازی وێڵم،
ئەفسانەیەکی نوێیە
پیتی جودایی و دابڕان
لە شۆستە دێرینەکاندا
هەڵدەگرێتەوە
(سەکۆ) ی منیش
لە ئێوارەیەکی ساردی کانووندا
تاجی شازادانی لەسەر نا
پاشان چەند گەڕام
چەندی لەبەر بەفر و بارانێدا وەستام
لێم بوو بە مرواری
بنی دەریا و ئۆقیانووسان..
بە چرای (دێوجین)
بە گەشبینی عاریفانەوە
لە چاوترووکانی ئەستێران

دەست ڕاوەشاندنی تاڤگان
خۆ هەڵتەکاندنی داران
ورد بوومەوە
وەک گیای کوێستانان
شەونم داپپۆشیم
نەمدۆزییەوە..
لەو ساوە،
لە دەسپێکی هەر ڕۆژێکی نوێدا
سۆمای چاوم
لە چاوەڕوانی هەڵاتنی ئەودا لێڵ دەبێ..
لەو ساوە خەون و مۆتەکەم لێ
تێکەڵ بووە.
(کوا من)؟
لە مێژووی ڕازاوەی
سەردەمە تەوتمیەکان..
کە بە تریفە و پرشنگ و
سەوزاییم هەڵچنیبوو؟
کەچی
ڕۆژێ
جارێ
گوڵێکی نەگرت..
شایی ئێوارەدرەنگانی
دۆمە ددان زێڕەکان

پزیسکی دووکەڵکێشەکانیان
لە زستانی هەمیشە زستانماندا (سەکۆ) !
ئامێزم تێوەردێنێ..
لەو دەمانەدا
هیچ چیایەک
لە ناخم بڵندتر نابینم
من لە لووتکەم
لە لووتکەم من
(کوا من)؟!
وەک بەردێکی بێ ڕەگ
شێتانە بەرەو خوار
بەرەو دۆڵ و دڕاڵان هەڵدێراوم
سەدای هاوارم
لە دارستان و بەندەنان
لەگەڵ دەنگی ئاژەڵ و باڵداران
تێکدەئاڵێن..
بەیانییەکی بێگەرد
بە ڕەوتی تاووسێکی باڵکراوە
بە پەیژەدا هاتی
سیمام لەو ساتە کورتەدا
هەموو ڕەنگەکانی تیا کۆ بووەوە..
چرپەیەکم بیست
شتێک بوو لە بابەتی پرسیاری

وەختی گەڕانەوەم..
زمانم گیرا
تا هاتەوە گۆ، تۆ تێپەڕیبووی
لێ خەندەی سیحراویم
لەبەر چاو مابوو،
بەخۆم گوت :

نەژاد ئارام بەوە!
ڕۆژ هەر سپێدەی تێدا نییە
ئێوارەشی هەیە
کاژە بەژن بڵندەکان لە زەردەپەڕدا
باڵایان دەردەکەوێ
سەرچاوە زوڵاڵەکان
ئێواران جوانترن
ئێوارە،
دووبانکە و بەرهەڵانیش
ئاوەدان دەکاتەوە..
وتم
دان بە خۆتدا بگرە نەژاد
تۆ لە کوێ و
یارییە خەیاڵاویەکانی هەرزەیی لە کوێ؟
ئەدی لانەی دڵ چی لێ دەکەی
کە نیشتمانت لێ داناوە؟

وەک بڵێی عەشق
نیشتمانی تێدا نەبێ..
گەڕامەوە منالّی :
دەستم لە کانییان دەگێڕا
دەنگی وردە چەو
لە دەنگی ملوانکە سادەکەی تۆ دەچوو
کە ڕۆژگاری ژەنگاوی
لە گەردنی داپچکوڕی..

باڵ بگرە !
ئەی ئەو (خود)ـەی
هێشتا خەتی دانەناوە
باڵ بگرە !
بە خەندەیەک
بە چرپەیەک
بە چاو ترووکاندنێک، وەختییەتی !
وەختییەتی
لە پشکووتنی چرۆیان بگەی
لە شەونم ورد بیەوە و
ڕاپۆرتی هەوران بخوێنییەوە..
باڵ بگرە !
ڕێ لەو دەردە خۆشە مەگرە

با نیشانەکانی
یەک بە دوای یەک دەربکەون.

چەند ڕۆژگارمان لە دەست چوون..
چەندمان خەون دیتن..
چەند هەڵەتمان بە ئاوی چۆکان بڕی
بە چەند تونێلاندا تێپەڕین
(کوا من)؟

باران بوو
هێشتا ژەنگ
بە ناوە جۆراوجۆرەکانییەوە
وەک مێردەزمەیەکی ناوەخت،
وەرزێکی نامۆ..
هێرشی نەهێنابوو
ئەوەی چاوەڕێمان دەکرد
کۆنەواری چۆل
بە باڵای سایەی
کاژەکانی یەکەم دیدارەوە
لە زامێکی دووبەدەر دەچوو..
بە بیرم ماوە

وتت: (بە قوربانت بم.. دەبەرت مرم)
وتم : خوا نەکا
بەڵام ترسم لەوەیە
چیرۆکی ئێمە
وەک زستانی نیشتمان
دوایی نەیێ.
ژەنگ
ژەنگ
ژەنگ
شایەدی زەماوەندی خەمبارمان

دەنگی زڕی بێدەنگیمان
ژەنگ
ژەنگ
قرچەی هاوین ..
سەهەندی زستان ..
ئایکۆنی جودایی و دابڕان..
ژەنگ،
ژێی ئاوازی پساندین
گۆرانیی تەمەنمانی هەتیو خست
دارستانی کاژە هەڵچووەکان
وەک تووڵەڕێی نێوانمان کوێر بووەوە.
ڕووەو باکوور

سەریان پێ هەڵگرتم،
لە گەراجێکی لابەلای (نەغەدە)دا
سواری هەژدە نەفەریەکیان کردم
نازانم ئەوانەی لەگەڵم بوون
بەڵام من دڵم لەگەڵ خۆم نەبرد
دڵم بەجێهێشت..
ئێستاش هەر لەوێیە..
هیوایەکیان بۆ بینینەوە نەهێشت
وەک قەلەڕەشێک بەسەر وێرانەدا
بەیانیم ون کرد
تۆشم لەگەڵ بەیانیدا ون کرد..
لەو ساوە
بێ بەیانی ماومەتەوە..
لەو ساوە برینێکی قووڵ
کەوتووەتە جەستەی ڕوئیاکانم..
لەو ساوە (سەکۆ)
تاقی ئاسۆی گۆشەگیرییم !
قوللەی بابل،
باخچە هەڵواسراوەکانی نەما
پێم چێ نەکەن
مەنفا نەما پێم نەبینن
قاوەخانە نەما
سەری غەریبی

بە کورسییە شکاوەکانیدا نەکەم.
بیرت دەکەم
لە سەردەمێک
دەققە و سەعاتی بێ مەرگ تێناپەڕێ
بیرت دەکەم
کە زستانێ دەرکەوتی و
زستانێ ئاوا بووی..
چوومە بەر ئاستانەی (نیپۆر)
هاوارم بردە پێش (ئینلیل)
خوداوەند (ئانـۆ)
لە مەینەتی جودایی ئاگادار بکاتەوە
قوربانیم نەبرد
قوربانی بۆ ببەم
کە خۆم ساڵەهای ساڵە قوربانییم؟

دەکوژرێم و
وەک ئاردی ناو دڕک
بە گوند و شاران وەردەکرێم
پاشان لە خۆڵەمێشی خۆمدا
بۆ مەرگێکی دی
تاراوگەیەکی دی
ژیانێکی پڕ حوزنی دی
زیندوو دەبمەوە.

ئەو بەیانییە
کە پێمان گوت
(بەیانیی ڕەونەقدار)
کڵپەی ئاگر لە خەونەکانماندا
لە پەنجەرە والاکانی دەروونمان
نێڵە نێڵی بوو..
تا لێک دانەبڕاین
هەستمان بە چزووی سەرما نەکرد
لەو کاتەوە ڕوو لە دەرگای خوا
دەپرسم
ئەوە چ بەڵایەکە
بۆ عەبدی خۆتت ناردووە خالیق!
لە خاڵێکی بچووکی گەردوون
ئەو هەموو خەونانەی پێ ببینی؟

زۆرم پرسی
لە لێزانان
لە ژنە قەرەجە فاڵگرەوەکان
لە دەروێشە خەرقە پۆشەکان
وەڵامێکیان پێ نەبوو.
شاڵاوی یادەوەرییەکان
کە تەنیا بە بێدەنگی دەردەبڕێ

ڕێی قوتابخانە
کووچە قەدبڕە چۆلەکان
پەیژەی ماڵەوەتان
کە بە ڕەوتی تاووس پێیدا دەهاتی..

هاوزێدەکانتم لێرە لە گەرمێنێ
زۆر دیتن
نە زەردەخەنە
نە نیگا
نە باڵای تۆم
تیا دیتن
نە بۆنی سێبەری سنەوبەرانیان
بە بیر هێنامەوە.

خەیاڵت دەکەم
کۆمەڵێک منداڵ دەورەیان داوی
تۆش بە کۆمەڵێک
دەستەخوشکی هاوخەمەوە
بە کۆستی زەمانە ژاکاو
بەڵام بە هەموویان
تاڵە قژێکی تۆ ناهێنن
کە بە ڕووی شنەی
زەردەپەڕدا سەما دەکا..

هیچم بە دەستەوە نەما
دوای هەموو ئەو
خەنەبەندان و زەماوەندانەی
بە هەناسە و خوێنی ئێمەیان بەرپا کرد
هیچم بە دەستەوە نەما
لە چەند قەسیدەیەک بەدەر
سپێدەدەمان
کە هێشتا دونیا نوستووە
داری نۆستالیژیای پێ دەدێرم
شۆستە تەنیا و بێ خاوەنەکانی
پێ گەسک ئەدەم
پاشان،
بەپشتی شەکەتیان سەردەکەوم..
لە ڕێگەوبانە بێ ناو و نیشانەکان
بۆت گەڕام
(کوا ئێمە)؟
ئێمە لە کوێین؟
(کوا من)؟
کوا من تیشکی هەردەم دایساو !
کۆنە هەواری
خڵتانی وەجد و درەوشانەوە؟
بیرەوەری دەنگ و ڕەنگ و بۆن؟
کوا من؟ ماچی نیوەچڵ،

شیعری نەنووسراوم؟
لەوەتەی تۆم ون کردووە
ژانی پەیامبەران دەچێژم
سەرابستان ڕامدەکێشێ
ڕۆژانە بەردی سیزیفم بەسەردا دەکەوێتەوە
قوڵنگم لە دەست دەپەڕێ
ئێستا بێستوون
زۆر لە جاران ڕەقتر بووە ..
کوا من
ئەستێرەی دیتراو و نەدیتراوم؟!

ئابی 2020

ڕووی شاراوە
ئەبستراکتی جەنگەڵ

بەری خۆرنشینی دڵ مەگرە
جەنگاوەری کەپک و خەرەندان !
دەبینی ئێمە
ئاسوودەیی لێک دەستێنینەوە
تاریکی پێکدەڵێین
گۆشەگیریمان،
بە سێبەری هێشووە گرمۆڵەبووەکانی
ڕەزی تەلانان سپاردووە
خەرمانەی ڕوئیاکانمان
لە چاڵی ڕوومەتی
کچانی خەون ون کردووە ..
چ شەپۆلێکی تووشە ئەم شەپۆلە
ڕووی لە بەندەری خولیاکانمان کردووە
دێت و ناگەڕێتەوە..
چ ئاوازێکی خامۆشە
لە شەوی سەرکەشی برۆنزیمان ئەدا ..

بزەیە، بزەیە، بزە .
ڕۆحی مەرگ،
دوای دەیان کۆستی درەوشاوە
پاش سەتان پەژارەی ئاسنین
گەرداوی قایەخی کون کون
لە ئاوێنەی دەستی
ڕووهەڵگران دەردەکەوێتەوە ..

گلێرەیە، گلێرەیە، گلێرە .
گیانی تەرەبووی باران
سەمایەکی ژاکاو
چەشەخواز
شاڵاو دێنێ و
جەستەی تووکنی چیایان دەکوتێ ..

ئێمە لە کوێ و
عەشقی ژەنگاوی لە کوێ..؟
ئێمە لە کوێ و
ئەتەمی هێللانەی باڵندان لە کوێ؟
ئێمە لە کوێ و

ڕەونەقی
نان و ئاوی سبەی لە کوێ؟
ئێمە لە کوێ و
تامانی باڵانوێنی پەسیوان لە کوێ؟
ئێمە لە کوێ و
لالەزاری عەتر و
بۆنی مەلە تۆراوەکان لە کوێ؟
پاسەوانی عەییار و
لەککەی نەهلستییان لە کوێ؟

ببینن!
ژوورە بنمیچ شووشەییەکان
بە چ شەیدایی و نیازەوە
تارای ڕەش
بەسەر خەیاڵی ئومێدا ئەدەن..
ببینن!
کێڵگەکانی هەناومان
دەشتە کاکی بە کاکییەکانی بینایییمان
چیمەنە چەرمووەکانی سنگمان
بڕستی هەنگاومانە
بەسەر سنووری
قەڵەمڕەوی تاسان و
پێخوستی سەهەند و

ئەندازەی دارایی.. ببینن !
ژێـی دەنگمان ببینن

کە نازانین موبتەلای چی بوون
لە پێکەنین و گریان کەوتوون..
ئەی قیبلەنماکان
پەیجووری چییان کرد؟
ببینن !
پەنجەرە و کلاورۆژنان ببینن
چۆن وەرزی کوژاوەی پێدا دێن..

چ خەمێکی موچڕکدارە (جیهانایەتی)
چ هەوایەکی تەوژمدارە
یەکەمینایەتی..
شنەی دێ ناڵەی عاشقان
زەمین بڕبڕەی ناخمان
لە ڕووی زبر و تینووی دەسوێ..
لەم باخچەیەدا
ئیتر درەخت
بە پەینی پاک تەرز ناوێن ، هەڵناچن
ڕووبارەکان بە هەڵەداوان، بێ ئاوڕدانەوە
تێدەپەڕن
شتێکیان ون کردووە

نازانن چییە..
هەڵۆ بە هاواری کوشندەوە
سەرەوخوار دەبنەوە
گوڵەگەنم
لە ژنانی ئەندێشە ڕووتترن..

(ئای لەو بنبەستە هەڵایساوە
لەم ونگەیە سەحەرکوژە)
فرمێسک وای دەگێڕێتەوە.

تشرینی دووەمی2022

ئەدەبی زیندان
گەمە ئاراوەکانی با
ڕۆمان
وەرگێڕانی: نەجات حەمید ئەحمەد
پێداچوونەوەی نووسەر

گەمە شاراوەکانی با

نەژاد عەزیز سورمێ

وەرگێڕانی : نەجات حەمید ئەحمەد

پێداچوونەوەی : نووسەر

(گەمە شاراوەکانی با)

لێرەوە ئەم کۆشیعرە (گەمە شاراوەکانی با) دەست پێدەکا کە لە ئەسڵدا (بە زمانی عەرەبی نووسراون) و کاتی خۆی ڕەوانشاد نووسەر و ڕەخنەگر **نەجات حەمید ئەحمەد** بە پێداچوونەوەی نووسەر — کردوویە بە کوردی.

ڕاستیی دوودڵ بووم لەوەی لەگەڵ کۆبەرهەمی شیعریمی دابنێم ، ڕەنگە دوودڵیم بەهۆی ئاهەنگ و ئاتمۆسفیری زمانەوە بووبێ ، بە تایبەتی لە شیعردا کە وای دەبینم بە درێژایی مێژوو قەدەری وابووە (خوێ)ی هەموو ژانرەکانی دیکەی ئەدەب و هونەر بێ ، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا ئەم شیعرانەیش هەر جگەرگۆشەی خۆمن ، وەک وەرگێڕیش لە پێشەکیدا ئاماژەی پێداوە (بە هەر دوو لا ، وەرگێڕ و نووسەر) هەوڵ درا تێکستەکان دەقەبەری زمانی کوردی بکرێن و بایی خۆیان لە وەرگێڕاندا شیعرییەت و ختووکەی شیعرییان لە کوردیشدا تیا ون نەبێ.

نەژاد عزیز سورمێ
2023 \5 \16

شیعر و وەرگێڕان

پێشەکییەک لە وەرگێڕەوە

لە سەرەتاوە کە بیرم لە وەرگێڕانی ئەو شیعرانەی شاعیر نەژاد عزیز سورمێ کردەوە، هەندێک دوو دڵ بووم ، ئەمە لەبەر ئەوەبوو نە من و نە شاعیر لەو باوەڕەدا نەبووین کە وەرگێڕانیان دەشێ قاڵبێکی یا بنیاتێکی زمانەوانیی شیعریی جوانیان لێ دەرچێت چونکە شاعیر هەر خۆشی لە پێشەکیی عەرەبیەکەیدا بەتەواوەتی ناوی نووسینی شیعریی بێ نەبەخشیون بەڵام پاش ئەوەی دەستم بەوەرگێڕانیان کرد و ڕۆژانە چەند پارچە شیعرێکی وەرگێڕدراوم بۆ شاعیر دەگەڕاندەوە و شاعیر کاتێکی زۆر بە پێداچوونەوەی شیعرە وەرگێڕدراوەکان خەریک دەبوو، لە گۆڕینی وشەکان و شوێن پێکردنی سەرلەنوێی ڕستەکان و دۆزینەوەی هەندێ وشەی نوێ کە زۆرکەم بەکارهێنراون لە نووسینی شیعردا و شاعیر بەزمانێکی شیعریی جوان دایدەڕشتنەوە بەڕاستی شتێکی جیاوازی لێ دەرچوو ، ئەو دوودڵییەی لامان هەبوو ڕەواندیەوە و بۆم دەرکەوت خوێندنەوەی ئەو شیعرانە لە دەقە کوردیەکانیاندا زۆر زۆر جوانتر دەرچوون لە

خوێندنەوەیان لە دەقە عەرەبیەکەیاندا ئەمە سیحری زمانە کە دەتوانێ بەرگی نوێ بەهەموو دەقێکی هونەری ببەخشێ کە بێگومان ئەم کارەش ماندووبوونێکی زۆری دەوێ جگەلەوەی کاتێکی زۆریشی دەوێ ، بەڵام شاعیر ئەم ماندووبوون و ئەم کاتەشی لە پێناوی دەقەکاندا ڕێکخست کە من سوپاسی دەکەم جگە لەمانەش وەرگێڕان ئەگەرچی زانستە بەڵام لە هەمانکاتدا سیفەتێکی سۆزاوی هەیە، پەیوەست بە زمانەوە، من گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە هەندێک وردەکاری و پێداچوونەوە بۆ دەقی وەرگێڕدراو بکرێ لە لایەنە هونەری و جوانکاری و زمانەوانییەوە دەقەکە ئەوەندە کاملتر و جوانتر دەبێ، چونکە دەقی شیعری ناتوانێ هەموو ڕستە و هەموو وشەیەکی هەڵبژێردراو بگرێتە خۆی تەنها ئەو وشە و ڕستانە نەبێت کە توانا و هێزێکی جوانکاریی شیعریان تێدایە، بۆ ئاگاداریی خوێنەرانیش ئەگەر بێتوو شاعیر خۆی بەوەرگێڕانەکەدا نەچووبووایەوە لەو باوەڕەدا نەبووم ئەو دەقانە بیان توانیایە بەوشێوەیە دەربکەون، لێرەدا گرنگە شتێک لە بارەی ناوەرۆکی شیعرەکان بڵێین، من لە خوێندنەوەی ئەو شیعرانەدا هەست بەدڵ تەنگی و خەمێکی زۆر دەکەم ، چونکە دەچمە ئەو جیهانە غەمگینەی شاعیرەوە، کەهەمووی هەناسەو ئازارە بۆ ئەو لەنگییە نەشیاوانەی مرۆڤ دەکەوێنن و لە مرۆڤایەتیی دەخەن و هەموو بەها جوانەکانی بە مرۆڤبوونی لەدەست دەکەنەوە بەڵام جیهانی ئەو پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو جیهانە.. داخی

شاعیر بۆ ئەو هێزە نابینایانەی کە مرۆڤ لە ئاکارو ڕەوشتی جوانی خۆی دەخەن، بۆ ئەو ساتانەی مرۆڤ تەنها ئەوەندەی لەدەست دێ بڕوانێتە بەرامبەرە کەوتووەکان ، بەرامبەرە دەست بەخوێنەکان، بەرامبەرە جەستەفرۆشەکان و بیر لەوە بکاتەوە کە ئێمەی مرۆڤ چۆن بتوانین نەهێڵین جوانیەکانی خودی مرۆڤ هەتاهەتایە بکەون و خاوەنیان نەبێت تەنیایی شاعیر خەمگینی خوێندنەوە و وردبوونەوەیەکی قووڵمان لا دروست دەکات، من باس لە ناوەرۆکە بەرجەستە کراوەکان ناکەم، باس لە گەشتە سەختەکانی مانا ناکەم، بەڵکو من لەپاش خوێندنەوە بیر لەوە دەکەمەوە لەو خوێندنەوەیەدا چیم لە لادا دروست دەبێ، هەموو ئەو ڕستانەی شاعیر کە باس لەسەرکەوتن و ئاوابوونی خۆشەویستی و بەها مرۆڤایەتییەکان دەکات نەیان توانی ئەو خەمگینیە لەدڵم دەرکەن کەواتە شاعیر لەکوێی ئەو شیعرانەدا بدۆزینەوە و لەکوێدا لێی بگەڕێین؟ ئەو جیهانەی لەم شیعرانەدا بەرجەستە کراوە جیهانێکە خۆشەویستی تیایدا لەبەرگی سادە و پڕ لە درەوشانەوە و پڕلە ڕووناک بوونەوەی دەروون کە هیچ هێزێک ناتوانێ دەستەمۆی کات یاخود لەکەداری بکات، چونکە خۆشەویستی لەو جیهانەدا وەکو تەلیسمێکی دەست بۆ نەبراو وایە، شەوانی ئاڵووالاو مل دان بۆ گرفتاریی لەزەتەکانی دنیا و ئاڵ و گۆڕی دەست و دەست پێکراو و کەوتن لەنێو بۆنی پیسی بەرژەوەندیەکان و خۆخزاندنە ئەو گۆشانەی گەڕانەوەیان بۆ

نییە ئەمانە لەناخەوە وا لە شاعیر بکەن وەکو بڵێی لە زەمەنێکدا نەژی ، یاخود دان بەزەمەنێکدا نەنێ کە خۆشەویستی تیایدا لەبار دەبرێ و بەکۆتاییەکی تراژیدی دەڕازێندرێتەوە، ئەمەیە ئەوشوێنەی شاعیر تیایدا دەژی و بیردەکاتەوە، ئەو لەشوێنێکدایە ساتەکان بێگەرد و خاوێنن، پەیوەستەکانی نێوان مرۆڤ ڕووناک و ڕاشکاو و لەڕوون مرۆڤ بەهەموو ئەو توانایەی هەیەتی دەتوانێ جیهانێک بۆ خۆی بنیات بنێت کە خۆشەویستی و ڕاستگۆیی و خاوێنیی بیر تیایدا ساتە تراژیدیەکان خامۆش دەکەنەوە و هیوایەکی دیکە بە ژیان دەبەخشنەوە ئەمەیە زۆر بەکورتی بنیاتەکانی مانا لای شاعیر کە شیعرەکانی پێ نووسیوەتەوە، بەهەرحاڵ من لەکوردیەکەیدا چێژی زیاترم وەرگرت وەکو لە دەقە عەرەبییەکەیدا ئەمەش شتێکی سەیرە، چونکە هەموو شیعرێکی وەرگێڕدراو بەشێکی گەورە لە توانای مانا و زمانەوانیی خۆی لە دەست دەدات ، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەم شیعرانە توانای زمانەوانیان تۆکمەکرد پڕماناتر و جوانکارترن لە عەرەبیەکەی، ئەمەش تەنها بۆچوونە و دەشێ قسەی دیکەی لەبارەوە بکرێ .

نەجات حەمید ئەحمەد

تەمووزی 2007

گەمە شاراوەکانی با

(1)

دەستنیشانکردن
قورسترین هەڵبژاردە
بە ناو گەردەلوولدا تێپەڕین
یا نائومێدی؟
بڵێی هیوایەک لە گۆرانییەکەماندا هەبێ؟
من لەو گۆشەیەوە قسەت لەگەڵ دەکەم!
سەرفرازی خەریکە ون دەبێ..
ئێوارەیش
لەو یادگارییانە بەدەر، بە خۆشەویستی کۆت کراون،
چیدی تێدا نییە..
هاوڕێم ئەو پەنجەرانە سوودیان چییە؟
گەر بەڕووی ئازادیدا نەکرابنەوە..
ئەوەتا من لە یەک کاتدا بە تیشک و شمشێر گەیشتم..

2005/12/11

(2)

خاتوون خەریک بوو گەردەلوولی
بە دەمی لاڵەوە هەڵدەواسی
ئەویش سەرەتای ئاسۆی بەخۆوە گرتبوو..
ئەمە قەدەری مێژووە
لە جوگرافیا تارماییەکەیدا
کەواتە ڕەگەکان بۆ کێن؟
مەرگ...
دەنگ...
شکستی قەقنەس
بەسەر باڵی ئاسۆوە..
دەماری بە ئاگای فرمێسکاوی
لەو چاوانەدا دەبریسکێنەوە
بە دوویاندا گەڕایی و نەتدۆزیەوە..
بۆ برای من.. بۆ؟
باڵی شکاو بەم چەشنە هەڵنابەسترێنەوە
خەونیش وەها نییە
خەون بەو جۆرە نییە.. براله!

1995/6/29

(3)

ژێیەک دەژەندرێ و
ژێیەکیش دەژەنێ... دوو شتی جیاوازن
بۆچی دونیای بینینمان
بوون بە باڵۆنی ڕەنگا و ڕەنگ و
بێهوودە دەفڕن..؟
بۆچی سرووتەکانمان بوونە هاواری بیابانان؟!
دەبا ئەم وێستگەیە ببێتە
دوا شەو و
دوا هەناسە..
لە هەناسەبڕکێماندا بە دوای سەراب..
با پێکەوە هەناسەیەک بدەین هاوڕێم
سەراب تەواو شەکەتی کردووین..

1995/5/25

(4)

نهێنیی بێدەنگی هەر دەدرکێنم
بێدار،
(جاران ئاسا) دەمێنمەوە
تا ئومێددز
بە ئابڕووچوویی،

بە کۆتی شکست و شەرمەوە دەردەخەم.

مێژووتان تا دواسات خواردەوە..
میوەکانتان بە کاڕکی ڕنی و
پەناتان بۆ دەسبڕی برد...
بەم جۆرە و بە ئاسانی
ویستتان گیانمان لەسەر لەپی دێو دابنێین
بەم جۆرە و زۆر بە ئاسانی،
لەوپەڕی تەوژمیاندا
دەستمان خستە ملی شەپۆلانەوە
لێ کەللەپووچ
کە تژی ڕق و کینە بوون
فێری ئەوە دەبن سرەوتن نەناسن
کەللەپووچ کە پڕن لە بەتاڵی
خۆیان لەسەر تیرۆرکردنی ڕێگادا ڕادێنن
بەڵام کەش و هەوای هەڵدێر بێگومان بەڕێوەیە
(کاوبا)یش وەک خۆی دەمێنێتەوە
من و تۆش نهێنیی بێدەنگیمان دەدرکێنین و
ئابڕووی هیوادزەکان
بە کۆتی دوا شکستیانەوە دەبەین..

1995/7/14

(5)

لەوانەیە بە یەک بگەین
ئینجا تۆ بڵێی ژوان سەرمەستیی تێدابێ؟
بێ ئەوەی زەمەن ببینین تێدەپەڕێ؟!
جەستەی تۆ تا دێ دەبنیسێ
ئەوەتا هی منیش لە ژێر قورسایی وێکهاتنەوەدا
دەناڵێنێ..
لە کاتێکدا دەریایەک تاریکستان بەشت ناکا
تا لە گومان نزیک بییەوە،
من تاڵێک ڕووناکیم بەسە
دڵنیایی بگرمە دەست...
تۆ منت بەدەر لە خودی خۆم دەوێ
تۆ زەمەن نابینی
کەواتە بۆچی بادانەوە
بەرەو ئەو ئاسۆیە لێچووەوە؟
بەرەو ئارەزوویەک بە ڕەنگی سەراب....
لەوێدا کە بەیەکگەیشتنی تێدا
جۆرێکە لە مەحاڵ؟!

1995/8/1

(6)

ئەوەتانێ بە دوای شەپۆلەکانەوەم
لە پشت ئاهەنگی شەوە درێژدادڕەکانمەوە
خامۆشی خۆی پێما ئەکێشی
بە بێدەنگی سەیرتان دەکەم
بەڵام چیتر حەز بە دۆستایەتییان ناکەم
ئێوە ڕێگە و هیواتان پێکەوە دزی..
بە خۆ و بە ماسکە پەڕپووتەکانتانەوە
بەرەو نەبوون چوون
بە هیوای هیچ..
بەزەییم پێتانا دێتەوە، لە کاتێکدا بە بێدەنگی
لە پشت ئاهەنگی شەوە درێژدادڕەکانمەوە
سەیرتان دەکەم..
چیتر حەز بە دۆستایەتیتان ناکەم
شەوانێکە کەسێکم هەیە دەبێتە ئاودەنگم
ئیتر ئەم ئێوارە و هەموو ئێوارەیەک
هاونشینیی خۆم دۆزیوەتەوە...
ئەوە (حەمەد)ـە
ئێوە حەمەد دەناسن؟
ئەو پاسەوانە پاک و دڵ خاوێنە
کە هەندێکیان وای دەبینن
هیچ لە دونیا نازانێ

لەگەڵ ئەوەشدا
هەموو ڕۆژێ
بە دەنگە گەورەکەی لێم دەپرسێ:
ئەرێ نەژاد چی تازە لەبارەی بۆسنیا و هەرزەگۆڤین هەیە؟
ئەوە (حەمەد)ـە
لە جیهانەکەیدا وا فێر بووە
تەنیا خۆشەویستی و وەفاداری بزانێ..
فێری منیشی کردووە بەزەییم بە خۆتان و
ورگتان و بە پێکە زەلیلەکانتاندا بێتەوە..
کە لاتان بووە بەهۆ و ئامانج
لە پشتەوەی ئاهەنگی شەوی درێژدادڕمەوە
دەدرەوشێمەوە و
بەو ستراتیژیەتەشەوە
هەوڵ ئەدەم لە دەست خۆتان ڕزگارتان بکەم .

1995/8/22

(7)

لە شەڕێکەوە بۆ شەڕێکی دی
لە جەنگێکەوە بۆ یەکی دی
سڕبەکان چیان دەسکەوت؟
لە پشتەوەی بۆشاییەکانی سەدەوە دزەیان کرد
وەک زبڵ و زاڵ بەسەر پایتەختی
ئارام و برسی و
چاو لە نادیار کەڵەکەبوون..
سڕبەکان هاتن
ئایندە بدزن
کارەسات بگەڕێننەوە..
ئەوان تەنانەت سیمای دەموچاویشیان دزی
بیکەن بە ماسکی دیکە بۆ خۆیان..
هاتن لە خودی سەرەڕۆیی تێپەڕێنن.
بەڵام سڕب چییان دەسکەوت؟
بە ماسکی ساختە و
دەمامکە هەمەچەشنەکانیان..؟
ڕێگا گیراوەتەبەر
ئاوازیش بە ژێی ئومێد بەردەوامە..
پێم ناڵێی سڕب چییان دەسکەوت؟

2005/9/16

(8)

ئێشی ڕۆژگار وریابەوە!
وریابەوە! ڕۆح پیر نابێ..
ئێستا چۆلەکە وای لێ هاتووە تێم دەگا و تێم ناگا..
نیشتیمان بە شێوازی سڕبەکان کوژراوەتەوە
چ هوودەیەک لەوەدا هەیە ڕەشەبا
بەرەو بەهەشتمان ببا
وریابەوە!
هاتووە دالانەکانی ناخی ڕۆحم ببڕێ
هاتووە برینەکانم بکولێنێتەوە
کە لە خۆیاندا
بە چەقۆی ڕۆژگاری نامەرد کولاونەتەوە..
ڕۆژگاری سڕب و
بازرگانانی تلیاک و
ئومێددزان..
وریابەوە!
تا خەونەکانم بگرمە دەست
بۆمان نووسراوە بە بێدەنگی هاوار کەین
ئەی ئەو دوورگەیەی
بە ماتەمینی زەماوەندان گەرم بووە..
بێدەنگی، تەنیا بێدەنگی..

دەبا هاوارکەین تا پڕ دەبین لە بێدەنگی
با هاوار کەین ئەی ئازاری ڕۆژگاران!
ئێستا چۆلەکە گەیوەتە ئەوەی
تێم تێدەگا و تێم ناگا...

2005/10/12

(9)

(مامۆستا) بە پەنجە ئاماژان دەکا
بەڵام بە چی و بۆچی؟
ئەو ناو و ناتۆران بۆ خەڵکی دادەنێ و
بە سەخاوەت دەیانبەخشێتەوە،
(دارا دوو داری دی)
بەڵام (مامۆستا) دارێکیشی نەبینی...

(راشید) کاتی خۆی لە کتێباندا کشتوکێڵی دەکرد
لە واقیعیشدا لە هەندەرانی دەهێنا
(مامۆستا)یش دەستی ڕادەوەشێنێ
بێ ئەوەی ئاسۆیەکی لەبەرچاو بێ ..
با (مامۆستا) دەست ڕاوەشێنێ
ئەوەی » لە مەودایاندا نەخوێنێتەوە..
دوورتریش ناخوێنێتەوە «.

1995/11/6

(10)

گوڵە زونبوقەیەکت هەبێ
کۆڵیتێک و جلوبەرگی پینەکراو
پێکێکی پلە دە و
دیمەنی تراژیکۆمێدی
ئازادییەکیش لە چەشنی ئازادیی سەربازی و
بێی کۆچ بکەی
عەبدولڕەحمان
هاوڕێم
ئەمە ئینساف نییە..!!
- بەڵام چی لە حەوت زگ و
دایکیان بکەم
کەس لە من زیاتر لە خواحافیزی نەدەترسا
بەڵام مانەوەش جۆرێک بوو لە شێتی
- چیی پێ بڵێم؟
لە کاتێکدا هەزار پرسیار
لە دەریایی وەڵامە تیزماڵبووەکان
لە نێو پەنجەکانمدا پەرش دەبن
چی پێ بڵێم؟

ئەمە خودی کەناری ڕۆژگارە
لە جوگرافیای نەفرەتلێکراو و
مێژووی بە دەمامک داپۆشراودا
ئەدرەوشێتەوە .

1995/11/23

(11)

بۆچی؟ بۆچی؟ بۆچی؟ بۆچی؟
بۆچی؟ بۆچی؟ بۆچی؟
بۆچی؟ بۆچی؟
بۆچی؟
وەک دەبینی
ئەم سەدەیە، سەدەی (بۆچی) و (لەبەرچی)یە
کە لە هەر یەکێکیاندا
قددیسێک یا شەیتانێک هێللانەی چێ کردووە
ڕۆژگار ڕۆیی و
ئێمەش بێدەنگ لەگەڵیدا ڕۆیشتین
(بۆچی)؟!
تەنها ئەوەمان بە دەستەوە ماوە بیڵێینەوە
ئەوەندەش لە دەست مندایە بینووسم
ڕەنگە بۆ ئەوەی ئەم کونجەی پێ هەڵایسێنم.
یا وا دەرکەوێ.. خامۆش بووە..
کێ دەزانێ؟
سڵاو لە سواڵکەر و
سڵاو لە بەرپرس و
لە سەدەی زێڕینمان..
سەدەی (لەبەرچی) و (بۆچی)....

1995/12/4

(12)

ساڵی ڕۆژێک باس لە مافی مرۆڤ دەکەن
تا ڕۆژەکانی تر پێشێلی بکەن
بەم شێوەیە و بەو چەشنە
مافی مرۆڤ
بوونەوەری ئەفسانەیی و
درۆی گەورەی دونیا
هاتە ناو
سەردەمی سێرک..
کە خەمی تێدا دەبێتە
بزەی سارد و مردوو..
ئەوە بە خودای چرپە چرپی
بە نوێژی نیوەڕۆییە
لەبارەی- حەفت و هەشتی هێلکە و مریشک
کامیان لە کامیانن
خودایە!
ئەم هەموو دەمامکە لە کوێوە دێنن؟

1995/12/9

(13)

ئەی 1995 لە بیرت ناکەم
هەمیشە یادت دەکەمەوە
تۆ بوویتە نیشانە و وەرچەرخان
بۆ سەرەتای ڕۆژگارێک
بێ ڕەنگ و بۆن..
لە تۆدا ئاگری شەڕی چەپەڵیان
لە نیشتمانە بریندارەکەمدا گەیاندە ئەوپەڕی
هەر لە تۆدا ماڵیان داگیرکردم و

بە تاڵانیان برد و
دڵی زیندوویان،
دایکم و
کتێبخانەکەمیان دزی
کە دونیام پێ دەدیتن و دەبیست
هەناسەم پێ دەدان..
چۆن لە بیرت دەکەم؟
ئەی ئەو ساڵەی لە ڕەنگی مێژوویان دەچیت
ساڵی هەزار دەمامک و دەمامک
کە قەت ڕۆژێ نەبووە بەبێ تاوان

(خۆر)ت لێ هەڵبێ
هەمووشی دەرحەق بەبەرائەت..

بەرائەت و تەنیا بەرائەت و هیچیتر...
ئەی ئەو ساڵەی تێیدا
چووینە ناو ڕۆژگاری سووکایەتی پێکردن و
خۆکوژی و
بە تاڵانبردنی خوود..
ڕۆژگاری (بژی و ئازار بچێژە و قسە مەکە)!
چۆن دەتوانم لە بیرت کەم؟

1996/1/3

(14)

کە پێکگەیشتین
وەخت بەسەرچووبوو..
شتە جوانەکان
لە ئێوارەی تەمەنیاندا بوون..
تۆش بە هەنگاوی لەرزۆکەوە
بەرەو پەنجەرە تەنیاکە دەچووی
کە هێشتا لە بەرابەرمدا مابووەوە و
تەنها ئەوم شک دەبرد..
کاتێ پێکگەیشتین
شتێک نەبوو ترسمان بڕەوێنێتەوە.
نە خۆر، نە مانگ، نە ئەستێرە..
ترسی ساڵانی تاڵ
لە ئومێدی وێڵی نەبێ ، لە گۆرانییەک
یاخود لە گەردەلوولێکدا..
ئەسەف
تا ئەم ساتەش
نە گۆرانییەک
نە گەردەلوولێک..
نە..... مان نەدی..

1996/1/18

(15)

سڵاو لە پەنجەرەی خەم
ئەگەر شادی لای ئێمە بێ پەنجەرە نەبێ ...
سڵاو لە گوڵەکانی پاییز و
شەپۆلی فرمێسکان
ئەگەر بەهار و
زەردەخەنە و پێکەنین
تەنیا لە بۆڕسە ڕەشەکانەوە بێت..
ئەی خودا !
ئەی تاک و تەفروتووناکەر و تەنیا
چیمان کردووە؟
تا بمانخەیتە بەردەم ئەم سوپا زەبەللاحەی
کەللەبەتاڵانە لە هەموو شتێک
لە تێکدان نەبێ..
تێکدان و بەس..
سڵاو لە زەردەپەڕ .. دڵنیایی
شتێک نییە درەوشاوە بێ
ئاسۆیەکی خامۆش نەبێ..
لە سەرابی بۆڕسە و قاچاخچییان..
ئەوە سرووتەکانمانن
کە بە بەرچاو و گوێماندا

لە کەنارەکانی ونبووندا خلۆر دەبنەوە..

کەواتە
سڵاو لە پەنجەرەکانی خەم و
لە گوڵەکانی پاییز و
لە شەپۆلی فرمێسکان
وەک ڕێوڕەسم و هاودەنگ..
وەکو نوور..

1996/2/3

(16)

بەتەنیا هێڵێکە..
با لە کوژانەوەی بپارێزین!
کەنار بەردبارانمان ئەکا..
دەستلێکبەردانی سپێدەیش
لەوانەیە مەحاڵ نەبێ..
من ئەو زانیارییانەم
لە گەڵای پاییز و..
هەنگاوەکانی (با) و
کلیلەکانی وەهم.. خوێندنەوە
ئەوەتانێ بە بێدەنگی
بە ناو پێچەکانی ڕووخاندا
هاوار ئەکەم ،
هەموو بۆ لەیلای خۆیان دەگرین..
کەچی هەمووشیان خۆیان ئامادە دەکەن
کەلەشی بە شەقامە خەمبارەکاندا ڕابکێشن
خودایە چ دەبینم؟ ئەو هەموو کەڵبە تیژانە؟
بۆ تەنیا هێڵێک و چیتر نا..!

1996/2/15

(17)

داهێنانیان
لە کێل کردنەوەی دیواران بە دەورماندا کرد..
بێدەنگیمان دەزرینگێتەوە!
خەونەکانیشمان لە گۆشەیەکی ڕەشداگەڕاودا
هەڵکورماون..
بڵێی پیری
ڕۆحی ئەوەیشی گرتبێتەوە کە پێیاندەگوت نیشتمان؟
تا هەموو ئەم دەوروبەرە کاکی بەکاکییە و
ئەم خۆرە بەشەوقە و
شاخە بەرزانە و
سەرچاوە سازگارانە
بە تەنیا بۆ زانینی کەشوهەوا بن و هیچیتر؟
بەداخەوە پەیمانمان وانەبوو
دەنگ و سەدا لێک بدەنەوە
بەداخەوە..

1996/3/4

(18)

ئەوە کارەساتی هەردووکمانە
ئیتر ئەوە دونیایە
هەندێ جار سپێدە ڕادەخەین
جاریش هەیە تاریکی بە خۆمانا ئەدەین.
لەگەڵ ئەوەشا،
هەست بە مانگ و ئەستێران دەکەین
بە دەمارانماندا دێن و دەچن..
هەر ئەمەش تاقە دڵنەواییمانە بۆ بەردەوامبوون
بە دوای ئەو بوونەوەرەی
بووە بە گاڵتەجاڕیی هەمووان!!
جددییەت
بەڵێ هاوڕێم ڕاستیی
لاوانەوە بەس نییە... هاوڕێ..!
ئەمە کارەساتی من و تۆیە..
با ئێمەش بە هەندی وەرگرین و
شانی بدەینەبەر
شەوگار بێگومان لێ دەچێتەوە..
با شانی بدەینەبەر..

1996/3/18

(19)

- سەری میکرۆباوی هەیە
(ئیکیوس) بە دوایانەوە و لیژنەی نێودەوڵەتیی شوێن پێیان هەڵدەگرێت، بەڵام چ بکرێت لەگەڵ ئەو کەلله میکرۆباویانەی تاریکییان لێ بەوەلەد دەبێ و کاولکاری هەڵدەنێن و هیچ باس و هەواڵێکیان لە فایلەکانی ئیکیوس و لیژنەکانی دەوڵەتی و نێودەوڵەتییەوە نییە؟ -

شەمشەکوێرەن لە تیشک دەترسن
سەریان بە وەهمێک پڕ دەکەن ڕۆژگار لە بیری کردووە
حاشا لە سپێدە دەکەن
حاشا لە برینان دەکەن
دڵیان ژەنگی هەموو ڕۆژگارانی گرتووە..
وای لێهاتووە کینە و قینیان بە دەماراندا دەخولێتەوە
شمشێری دۆنکیخۆتی
بەشان و باڵی کەسانی دی هەڵدەکێشن
لە کۆنکریتدا دەچێنن و
لە تیشک دەترسن
ئەمانە سەری میکرۆباوین
کە باسیان
نە لە فایل و لاپەڕەکانی ئیکیوس و
لیژنە نێودەوڵەتییەکان و
نادەوڵەتییەکاندا هەیە..

1996/4/3

(20)

چ دەبێ ئەگەر پەنجەرە و
دەرگا و ڕێگاکانیان لێ داخستین؟
چ دەبێ هاتوو ئارەزوویەکی شێتانە بەسەری داداین؟
وەک چۆن دژمنە نەزانە دواکەوتووەکانمان
بە دونیای ناکزوور و پیر و
بە کۆت و بەند داپۆشراویان..
بەسەر خەونەکانمان دادەدەن..
چ دەبێ گەر هاتوو جەستەی ماندوومان
بە ژیان و جودایی و
تژی ژوان و مەرگ
گازە ژاراویەکانی دەردایەوە؟

هاوڕێ !
داخۆ تۆ حسابت بۆ ئارەزووی سەرشار لە شێتایەتی
یا ئەم ناشیرینییە سەرنجڕاکێشە کردووە؟
کە لەگەڵ ئەو جوانییە کرێتەدا

لە مۆڵگەیەکی نەبینراودا لە یەک سەنگەردان؟
حسابت بۆ ئەوە کردووە؟
تاکەی لە پەنای بێدەنگیدا بین و
سەدای دژمنە دواکەوتووەکانیشمان
بە دونیای بە ناکزووری و پیری و
کۆتەوە داپۆشراو
بەسەر خەونەکانماندا بدەن؟

1996/4/18

(21)

ئا لێرەدا
لەو کەنارە ڕووتەڵانەدا دەمێنمەوە...
ئیتر وای لێهات

ڕۆحی بە خەم چەکدارمان
پەردە بۆ هەموو شتێک ئەدروێ
بۆ لانەوازیمان نەبێ..
کە لە دەرەوەی مێژوو و جوگرافیادا ماوەتەوە..

ببوورە !

مەوداکانیش لەگەڵ ئێمەدا پیر بوون..
ئیتر چ سوود
بە یەک بگەین و گۆرانی بڵێین و یەکدی ماچ بکەین؟
هەموو ئەمانە کەڵکیان چییە؟
لە کاتێکدا خانمی ئاسۆ
مانگێکی ماندووە بە ساڵانی زڵکاو و
خوانە بۆگەنەکان..

ببوورە...
من لێرەدا دەمێنمەوە
لەو کەنارانەدا ڕادەکشێم
ئەوان ئەوەتا دەققە و

سەعات و
ڕۆژەکانیش دەنێژن...
خانمی ئاسۆیش مانگێکی ماندووە
بە ساڵانی زڵکاو و
ئەو مەودایانەی لەبەریاندا نەماوە،
ئیتر پیر بوون...

1996/5/3

(22)

سەرەتای حیکایەتەکە ئەوەیە:
خانم لە پشتەوەی ئەوان درەوشانەوانەدایە
کە بە عەزیمەت گرتنەوە و
ئەستەمی پێکگەیشتن و
ڕاستییە ڕووتەکان دەچێت..
حیکایەتەکە ئەوەیە:
خانم هاواری خۆی لە وێنەی سرووتدا دەخوێنێتەوە و
لە پشتەوەی پەردان خۆی حەشار ئەدا..
چاوەڕوانی ئەو ئارەزووەیە
زۆری نەماوە ئاسوودەیی ئەبەدی وەدەست بێنێ..
ئیتر هەست بەزەمەن و
بە جوانی شتان ناکات
ئەو فێر بووە وەکو شەپۆل بە ناو لمدا بڵاوبێتەوە..
وەکو جارانی لێ بێتەوە..

بەڵام بێ هوودە..
ئا ئەمەیە چیرۆکەکە.

1996/6/3

(23)

هیچ وێستگە و بەندەرێک نەماوە
ماڵئاوایی تێدا بکەین
نۆش!
ڕووبارەکانتان خواردەوە
جۆگەکان
کانیاوەکان.. هەمووی...
نۆش!
ڕێگای دۆزەختان کورت کردەوە..
لە سرووشتی دەست بۆ نەبراوەوە
تا باخچە پلاستیکییەکان
کە بە وشکایی دەدێردرێن..

ئەمە دەرئاوێشتەی
ڕۆچوونتانە لە هیچدا و
لە (جاران وا بووین)دا

کە لە ناخماندا هێللانەی چێ کردوە..
بەڵام تاکەی (جاران وابووین) لە بن باڵ بنێین؟
بوونەوەری بە پیریی ڕۆژگارانیش داپۆشراو
هاتن ڕوانین و چرپەکانیشیان بردین..
مەوداکانیش وەکو خۆیانن

بەڕاستی ئامێزی مردوو
ماچی مردوو پێوەی داین
ئیتر یا ژیان یاخود ژیان
بەسە هاوڕێ!
ئەمە چ بانیژەیەکە لێیەوە دەڕوانین!؟

1996/6/18

(24)

تا وەرزێکی نوێ تۆمارکا
باڵندەکان تاوانی بەجێهێشتنی هێللانەکانیان دەکەن
ئەو کاتەی لە وشە زیاتر شک نابەین
پەنجەرەی ژوورەکەمان چەند جوانە..
لە شەو ڕاکشان و
درەوشانەوەی مانگ..
خودایە تۆ شایەد بە ئێمە دەژین..
ئەمەش قەت لە بیرناکەین کە ئێمە دەژیاین..
درەختیش هەر بەو چەشنە
لە نێو وشکایی باخچەکانماندا
ڕەنگ و ڕوویەکی دیکەی هەیە..
ئەڵڵاە... ئەستێرەکان چەند نزیکن
دڵ چەند دوور..

1996/7/3

(25)

کڕنووش..
پەردە دادەدرێتەوە
ئاوازگەلێک ڕادەبوورن
من خەریکە لێیان پڕ دەبم..
کڕنۆش!
بۆ وشکەڵانی
کە پێش ئەوەی وشکایی ڕۆژگار
سەوزایی لێ بسەنێتەوە
بەهەشتێکی خەمبار بوو..
ئەمە گەڕەلاوژەی شێتبوونە
بە دەمارانماندا دێ و دەچێ..
کڕنۆش!
سووتان!
شەوق ساچمەی سروودێکە
ڕۆژگار تووڕی داوە، پەرش بێ
لەمە زیاتر نزیک مەبەوە لێم
وام لێهاتووە
لە نێو لۆچی سیمایاندا نەبێ نەتبینم
دڵڕەقیی!
ئەوەتا سترانی ئاو

لە خەونەکانماندا بە یەکدادێن..

لە چیدا پەرت بین؟
لە چیدا لێبچینەوە؟
لە کاتێکدا ئاوازگەلێک
بە شەقاماندا تێدەپەڕن و
خۆیان دەکوژن..

1996/7/18

(26)

لێم گەڕێ وەکو خۆم بمێنمەوە لە خەوبینین
لێم گەڕێ خەیاڵی ڕووناهی و خۆشەویستی و بەرائەت بکەم
کە ئەوە چەندین جارە لە تیرۆر ڕزگاری دەبێ..
وێڕای هیچی هیچکاران و
دەمامکی دەسبڕان..
لێم گەڕێ وەکو هەم
بە بێدەنگی.. هاوار بکەم..
ڕووناهی و خۆشەویستیت بۆمن پێ زۆر نەبێ

من خەریکە زمانی ئاو و
قەڵبەزەی شەپۆل و
سروودی دڵڕەقی لە بیر دەکەم
کە ڕۆژگارێک بە خەونی ئەوانەوە
دەژیاین و دەمردین..
بە زۆری مەزانە بۆمن ئەی ئەو ڕۆحەی
لە باڵی ئەو پەپوولانەوە هەڵدەچی
کە ڕەنگی ڕەشەبا و
ڕەنگی یەقینیان گرتووە..

1996/8/3

(27)

پەردەیان دادایەوە
نوور،
کەس بە لایەوە ناچێ..
ڕووی بروسکە لە ڕەشەبا بوو..
پەردەیان دادایەوە..
بێ سوودە هەوڵ بدەی شتێ ببینی
ئەوە دوا سەنگەرە
ئەگەر هەڵنایسێین
ئەوا ئەوەی هەندێ جار ناومان ناوە عەشق
هەندێ جاریش (ڕەهایی)
دەستمان لێ دەوەشێنێ..

غەریبین..
ئێمە غەریبین
لە کوێی وەلانانی لەزەتبازی و
لە باوەش گرتنی وەجد و درەوشانەوە داین؟
ئێمە لە کوێین، ژنی شین!
کە گەیشتوویە ئەوەی تێم بگەی و تێم نەگەی
ئێمە لە کوێی ئەو هێمایانەین

ئازار گەڵای پێ دەردەکرد و
شادی پێ سیس دەبوو؟
تاماوم لە سروود وتن ناکەوم
ئاخر گوڵەگەنمیش کاوبای خۆیان هەیە
ئیتر چار نییە دەبێ ئێشی جودایی بچێژین
ئەگەر پێکگەیشتن
لە چەشەیەکی کاتی تێنەپەڕێ..

2006/5/16

(28)

ژوورەکەم بەڕووی سەفینی سەرکەش
تۆماری مەزنی شکست و سەرکەوتنان
بانیژەیەکی هەبوو
بەسەر ڕەز و
باخچەی گوڵە کێویلان و
خەم و خۆشیانی دەڕوانی..
بێ ویستی خۆم بەجێم هێشت
ئینجا باڵندەیەکتان دیوە
بە حەزی خۆی هێللانەی جێ بهێڵێ؟
ئەوەتانێ دەگەڕێمەوە و
هەندێ لە خەونەکانیشم لە بن باڵم ناوە
تا جارێکی دی بەسەرتان بکەمەوە
پردێک لە خۆشەویستی لە نێوانماندایە
کێڵگە بە ڕووبار و
چاو بە ئاسۆ
دەنگیش بە سەداوە دەبەستێتەوە..
با شەوگار
کەیل، لەسەر شۆستەکاندا لێبچێتەوە..
باجارێکی دی سبەی
باوەش بە منداڵیماندا بکاتەوە.

2004/6/12

(29)

دیوتانە کەسێ ئاهەنگ بۆ گۆشەگیری خۆی بگێڕێ؟
ئەمە دەسەڵاتی ساڵانە
لوولی دەدەین و لوولمان دەدا..
سەرسڕمان بە پێداهەڵگوتنەوە
باڵەفڕەیەتی بە سەرماندا
ئێمە خەریکە لەگەڵ بادا تێکدەکەینەوە
ڕۆژگار یاداوەریی سووتاندین
دەمامک بە سەریەکدا کەڵەکە بوون
پێشان دەمامکێک بوو.. ئێستا زۆر
خودایە چۆن لە ژێر ئەو هەموو دەمامکانەدا
هەناسە دەدەن؟
چۆلەوانییە ئەم خاکە..
چۆلەوانییە ئەو گیایەی لە سرووتاندا ون بووە
شتی گرنگتر هەیە لەوەی ڕاتاندەکێشێ
ئەوە سەرڕەشن
شێتایەتی خۆیان لە کەنارەکانی شەودا بڵاو دەکەنەوە..

2005/6/20

(30)

تەنیا عاشق

هیوایان لێ نابڕێ..
تەنیا عاشقن لە گۆرانی چڕیندا بەردەوام دەبن..
ژیان شیرینە هاوڕێ!
شنەی با بە تاوەوە گەوەڕان دەبڕن
ئێمە بە جێمان نەهێشتبوو
هەنگاومان دەست لە ملانێ ، نزیک دەبێتەوە
وێڕای سەرکێشی ڕۆژگار و شوێنکات و ڕوانینی زاڵمان
پاییز دەکەینە گۆرانی
سواری هەوران دەبین..
دەشبینین چۆن زۆرداریەکانتان بە بیر دێنینەوە
کە کۆتاییان نایێ
دەبینن چۆن دوێنێتان بەسبەیەوە دەدۆڕێنن
ئێمەش چۆن دەبینە خاوەنی سبەینێ..
هاوڕێم پەنجەرەکان با هەموو کراوەبن
تا خەونەکانمان پەرش و بڵاو نەبنەوە
هەردووکمان بە (دڵنیایی) شادبینەوە
با هەتاو بەسەرماندا هەڵبێ..
ئێوە خۆرێکتان هەیە خۆتان بەشایانی دەزانن
ئێمەش خۆری شایان بە خۆمان هەیە..

2004/6/27

(31)

سپێدە بنەوشەییەکانی (عتەیشی)[1] و
شەوانی (عەبباسیە)[2]ی خەوزڕێن
خەون و بارانی (ڕەشت) [3]
ئەمانە چەند وێستگەیەک بوون لە ژیانی بەندە
وەختێ دوورگە وشکەڵان بوو
قەلەڕەش بە چوار دەوریدا دەسووڕانەوە
ئێمەش بێ هانا،
بێ ئەستێرەیەک ڕێگای پێ ببینینەوە..

ئەوان ونیان کردین
ئێمەش ڕۆژگارمان لەگەڵ ئەواندا بزر بوو
کاتی ئەوە هاتووە دڵ زامەکانی بسڕێتەوە
شنەی با پەنجەرەکانمان دەکوتێ
کە دەڕواننە باخچە هەڵبزرکاوەکان..

کەی دەتوانین
ڕاوی نوور لە شەختەدا بکەین؟
گۆشەکانمان پێویستی بە ڕووناهییە

ئاگریش ئیتر ڕووناکمان ناکاتەوە..
برادەر !

4/6/2004

(1) (عتەیشی و عەبباسییە)، دوو ناحیەن ، یەکەمیان سەر بە پارێزگای کەربەلایە دووەمیان سەر بە پارێزگای نەجەفە کە نووسەر چەند ساڵێ بە دوورخراوەیی تێیاندا ژیاوە .

(3) (ڕەشت) شارێکە لە باکووری ئێران ، نووسەر لەنێوان ساڵانی 1975-1976 بە دوورخراوەیی تێیدا ژیاوە.

(32)

چاوە داماوەکان هەمیشە
چاوە خەمبارەکانن..
لەسەر سینەتدا ڕادەکشێم و
لە چاوەکانت ڕادەمێنم
کە بە فرمێسک پاک بوونەتەوە..
بەرەو کوێ سەرهەڵدەگرین؟
چ گۆشەیەک داڵدەمان دەدا؟
با گوێ لە چرپەکانمان بگرین
ئاخر چرپەیش ئەلف و بێی خۆی هەیە
تەنها ئەوانە تێی دەگەن
هاوڕێیەتی گەرداویان کردووە..
ڕەشەبایش سەرشارە لە خەم
یادەوەریش لەسەر شۆستەکاندا دەسووڕێتەوە..
کەژاوە بە بێدەنگی تێدەپەڕن..
ئەمە گوناهی سێوی یەکەمینە
تێکماندەشکێنێ..
وەک چۆن کریستاڵەکانی بەهەشتی
لە بێ خەبەری ڕۆژگاردا تێکشکاند..
سترانی بەیانییان لاوکی تەلانانە

لە سەرچاوەیەکەوە هەڵدەقووڵێ
عاشقان تووڕیان داوە
چی دی...؟

2004/7/11

(33)

چەند قەڵایەک لە لم
کۆمەڵێ تارمایی لە تاریکیدا لێ دەچنەوە
هەندێکی دی لێیەوە دێن
دەنگێکی لاڵ..
تیشکێکی تاریک..
چەمکئەیلێک..
لە ژێر باری ئەستێراندا تێکدەشکێن
چەند چارۆگەیەکی تیزماڵ تیزماڵ
لە کەنارێکەوە بۆ ئەوی دی
تووڕمان دەدەن..
وژەی با خەونەکانمان دەقرتێنێ
کەنارگەلێک بە قەوارەی دڵ
سپێدەی پڕ لە یاداوەری
شۆستەکان لە تێکچڕژانی گەڵایانەوە سەرسامن
کووچە بەرەو ڕوو لە بنبەستدان
ئەمە هەوڵێکی دیکەیە بۆ گریان
لە سەردەمێکدا فرمێسکی تێدا قەتیس ماوە...

چەند قەڵایەک لە لم
گەرداو ڕەزمی گۆڕیون

هاوڕێ بیر لە چی دەکەیەوە!؟
با پێ هەڵێنین و لە پەنجەرە نزیک بینەوە
داڵانی بە درەوشانەوە پۆشراو
هەور ئاسا لە بەردەم قەڵا لمیەکانماندا پەرت دەبن
چارەنووسم وابوو لە پێچ و تەلانان زیاتر نەبینم..

دڵ ڕەقن.. نیشتمانەکەم
دڵ ڕەقن.. ئەو کەللە پووچانە
شەو باڵی بەسەر دڵیاندا کێشاوە
دڵ ڕەقن نیشتمانەکەم..

نە لەگریان ، نە لە پێکەنین دەگەن
دڵڕەقن... دڵڕەقن.. نیشتمانەکەم..

2004/7/25

(34)

پرسیارت لە وەهم و لە گەوهەر لێ کردم..
ئەو دەیویست خاکی تازە بدۆزێتەوە
سەرنجیم بۆ ئەوە ڕاکێشا
کە جوانی دەشێوێنێ..
بەڵام بێهوودە بوو..
ئێمە شایانی ئەوەین..
باخچەی خەیاڵیی بەسەر ئەو خەراباتانەوەیە
پڕ لە منداڵیی و ستران..
مانگی لە وێنەی خەوندا دی
وەک هەزار بە هەزاری قژی
کە لە هیچ ناچێ ، درۆ نەبێ
لە هەر کوێیەک بێ
سرووشت بەرەو ئەوێ دەچێ
ئا لێرەوە با هەڵدەکا و
کانیاو کەزیەکانیان دەدەنە بەر با
جارێکی دی خۆشم دەوێی!
خۆشم دەوێ بیرەخەوی نیوەڕۆیان!
دڵتەنگیش کێڵگەی خۆی هەیە.
ئەمە ژیانێکی نوێیە بۆمان نووسراوەتەوە.
لە کاتێکدا نوستووین خەون دەبینین.

دەسا با بەڕووی شەپۆلاندا بقیژێنین
وەک چۆن ڕۆژێ لە ڕۆژان هاوارمان
بە ڕووی هاوکێشە لاسەنگەکانی
نێوان وەهم و گەوهەردا کرد..

2004/7/25

(35)

ئەو زەردەخەنەیە دەبینی
وەک ئەفسانە ڕۆژگار دەبڕێ؟
خۆت ڕاگرە!
خەریکە لە ڕووناهی نزیک دەبینەوە
خۆت ڕاگرە!
مەکۆی جاڵجاڵۆکان تێکدەدەین..
ڕامان ماندووی کردووین
کاروان ڕوو لەئێمەیە، بەڕێوەیە..
باپێکێکی دیکە بخۆینەوە..
بێداری وازمان لێ ناهێنێ..
بێداری وەکو باڵندەیەکی نەگبەتی
بەسەرماندا باڵەفڕکەیەتی
با پێکێکی دیکە بخۆینەوە
ئەو خەندەیەی دەیبینی
وەکو ئەفسانە ڕۆژگار دەبڕێ
ئەوە منداڵییە، بێ وادە
سەردانی پیریەتیمان دەکا
با پێکێکی دیکە بخۆینەوە..
بێداری ماندوومان دەکا

زۆرداریيەک جەستە دەخاتە لەرزین
سترانیش یادەوەری دەکۆڵێ
بووکەکانی چیا
بە دەوری کانیاوەکاندا دەلەیزن
بوونەوەری ناکاو
لە لێژاییدا کەیلن ، بەلادا دێن..
خۆت ڕاگرە! بەهێزبە!
خەریکە لە ڕووناهی نزیک دەبینەوە.
لێم مەپرسە دەست بە سیمای کێدا دێنم
ئەوە ئەو خەندەیەیە دەیبینی
دەڵێی ئەفسانەیە ڕۆژگار دەبڕێ..

2004/8/1

(36)

چیتە بەسەر بڵنداییە ڕک و خاوەکان
لە شەقەی باڵ دەدەی؟
چیت بەسەر هاتووە؟
بێ ئەوەی ئەو کەنارانە سەرنجت ڕابکێشن ؛
سۆزیان لێ دەبێتەوە
ئەو فرمێسکانەی بەقەد دڵۆپەی بارانن
هیچیان بۆ نەماوەتەوە،

لەوەی بەدەر بەدوای هەورە کۆچەریەکانەوە بن..
چیت بەسەر هاتووە ڕکابەر؟
وامزانی تۆ ڕووبارێکی
کەنارەکانی ڕووناهی دەدێری
بەڵام داخەکەم وێنەی شەرەنگ
بە ناخمدا تێپەڕی..
چیت لێ هاتووە؟
حەز بە ژوورە تاریکەکان دەکەیت و
ڕقت لە خۆرە!!

کەواتە ژیانی خۆش و گومڕایی و ونبوونت خۆش!!
خشتەی مەکرۆییانەی ڕۆژانەت خۆش!
ڕۆژگاری تۆ بەسەرچوون

زەمەنی قسە و نیگای بەتاڵ..
ئەو خۆشەویستیەت خۆش
کە هەرگیز ،

ڕۆژێ لە ڕۆژان تێی نەگەیشتوویی و تێی ناگەی...

2004/8/8

(37)

جوامێر لە هیوا هەڵکێشرابوو..
شتێکی لە سنگدایە ئەو پیاوە
لە هاواری سۆزێک ئەکا
وڵاتی تەی کردووە..
شوێنێکی نەدۆزیەوە
ئەو سۆزەی تێدا بەڕەڵا کا..

ئەو پیاوە کە سواری هەور بوو دەبارێ
بڕیاریدا هاوڕێیەتی پاسەوانەکان بکات،

بچێتە ناو شار.. بێهوودە..
ئەو تەنیا شایەتێک بوو
لە کەنارەکانی نوورەوە هاتبوو
بەڵام دیاربوو شار نووری نەدەویست
شار نووری ناوێ
شار سۆزی ناوێ..
ڕۆژگار چی لێ کردوون ،
تارماییان پەسندتر بکەن؟
وەک چراوگان لە تاریکیدا بۆڵەبۆڵتانە.
ئەو پیاوە لە هیوادا هەڵکێشراوە
هاوارکە جوامێر..! هاوارکە و
بارەکەت لە چەقی ڕێگای چۆل و بەردراودا لێخە..

ڕەنگە ڕێگاکان
لەو شارانەی
تارمایی لە نوور لەپێشتر دەگرن بەڕەحمتربن
هاوارکە.. برام..!

2004/8/15

(38)

دەبووایە بە دوای ڕێگەی دیکەدا بگەڕێ
هەوڵێک بۆ دۆزینەوەی کەش و هەوایەکی نوێ
مەودای پەلهاوێژ.. وێنەی هێما
وەک نیگەرانی ماڵئاوایی..
ئەوان بە دزیەوە دێن
ڕاپۆرتی بە درۆپۆشراو دەنووسن
وەک دەم و چاوە دەمامکدارەکانیان دەردەکەون
وەک سەرابیش ون دەبن..
هیچ چەمکێکیان
بۆ دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەی نییە..
ڕاستە دیوارەکانی دەوروبەرمان بەرزن
بەڵام پێیاندا هەڵدەزنێین
دەبینی چاوە دەرپەڕیوە ئیرەییزەدەکانیش
دەمانبینن بەرز دەفڕین
هێدمە دەیانگرێ
چیرۆکی باخچە ڕەنگاوڕەنگەکان بەم جۆرە بوو
دەچوونە باوەشی سترانی چیا و دۆڵان..
تا بە شنەیان بسێنەوە
نهێنی بێ تاوانیی تەنها بۆ مانگە ، مانگ
بێداری جاویدان..

2005\5\22

(39)

ئەوەی (دەرکی پێ ناکرێ) م هەڵوێزنی
لە ڕێی درێژ و بە کەند و کۆسپ کە ناوی تەمەنە
تۆ لەگەڵمدا بووی
بۆیە سەفەری ڕووەو نادیاریشم،
پیاسەیەکی ئێواران بوو..
پێخواس بووم ، لە خۆشیدا باز بازێنم بوو
هەستم بە تیشووی بەردان نەدەکرد
کە پێیان بە خوێن دەهێنام
خەونێکمان پێ بوو
ڕووبار و چیا و باخچەی تۆغیانی بەهارێی تیا بوو
بەڵێ ئەو شەوەم هەر لە بیرە
کە پەنجەت بۆ مانگ ڕاهێشت
وەک ئەوەی بڵێی بابیکەینە ماڵی خۆمان
باوابێ خۆشەویستەکەم.. بابیکەین
لەوێ دیوارەکان بە نوور هەڵنراون
ژوورەکانیش بە نوور داپۆشراون..
زەویش نووری لەسەر ڕاخراوە
دەرگاکان.. پەنجەرەکان.. هەمووی لە نوورن
بەم جۆرە نوور ڕوو لە نوور
بەڵام ئایا تۆ بیرت کردووەتەوە چ دەقەومێ
وەختێ نووری تۆیش دەچێتە ئامێزی ئەو نوورانەوە؟

2004/8/29

(40)

لە تەوقی سەرەوە تا نووکی پێ کوژاوەتەوە
وای دێتە بەرچاو
هەنگاو بەرەو خەون.. بەرەو هیوا داوێ
بەڵام ئەو لە ڕاستیدا وێنەی چڵە ڕووتەڵەکانە..
کەس نەمابوو بە لایدا نەڕۆیشتبێ و
جۆللانەی لێ شەتەک نەدابێ
ئەو مارێکە لەنێو زبڵ و زڵکاو خۆی دەپارێزێ
با ی ناو کووچە و کۆڵانان دەبینێ
گوێ بۆ زەردەپەڕی کارەبادار هەڵدەخا
کە ویستی بگری ، دەگری
کە ویستی پێبکەنێ ، پێدەکەنێ
ئەو ئامێرێکە بە دەستی دەڵاڵەکانەوە
هەرگیز ڕێکەوتی خۆشەویستی نەکردووە
هیچیش لە جوگرافیا و مەوداکانی نازانێ
لەوە زیاتر پردێک دەبێ بۆ گەیشتن

بەکەناری گەمە و گومڕایی ..
ئا ئەمەیە نهێنی خامۆش بوونی
نهێنی ئەوەی ڕۆژێ گەشی بەخۆیەوە نەبینێ
دووبارە پیرۆزت بێ ژیانی گومڕایی و ونبوون..
پیرۆزە لیستی ڕۆژانەی درۆ و بۆگەنی پاشەڕۆ..

2004/9/5

(41)

باڵە ماندووەکان هێشتا خۆیان بە بادا دەکێشن
مێرگ زەردهەڵگەڕان تا مێرگی دی سەوز ببنەوە
مەیخانە سەرخۆشیان لە بەرامبەردا کەیلن بەلادادێن..
درەوشانەوەیەک لە وێنەی سەرابدا
(وەجد)ێک وێنەی گریان
لێم گەڕێ کە با هەڵدەکات ماچت بکەم
لێم گەڕێ ماچت بکەم..
ئا ئەوەتا شەقام و شۆستەکان
کەنارگەلێکن بۆ سەرخۆشان
ئێمە لە کوێی نهێنییەکانداین؟
ئێمە لە کوێی کانییەکانی نووردداین؟
لێم گەڕێ با ماچت کەم..
کەس نییە لە خۆم بەدەر بیدوێنم...
کەشتییەک شک نابەم
هونەری ڕۆژگاری بێ وەفایش بەڵەد نیم
هەمووی هەمووی چەند ساڵێکی دیکەیە
کێڵگەی گەنم زۆریان نەماوە بنوون
بنبەستێک بەرەو خۆیم ڕادەکێشێ..
تۆز لە قوڕ هەڵدەستێ
دەبێ بەرائەت ،

لە کۆگاکانی سەردەمی دڵڕەقی ئازاد کەین.

ڕۆژگارێکی بێ ڕەحمە
دەبێ بێگوناهی ئازاد کەین...
مەگەر وانییە؟...

2004/9/12

(42)

ئەوی دی ، ڕێیەکی بنبەستە
با، دەستبازی لەگەڵ گوناهدا دەکا
سروود لە ناوەختدا دەخوێندرێنەوە
بەهێزی هێمایەکەوە گەڕاینەوە
لە باوەشی خۆردا لە دایک بووبوو
نەشونمای کرد بوو
ئەوسا و ئێستاش
چەتری خەونانە..

ئێمە دەمێنین
هەوڵ دەدەین ئاوازێکی جیاواز لێبدەین
لەگەڵ ئیرەیی ئیرەییزەدان و پیلانی بۆرەپیاوان
کە خۆیان لە پاکی و جددیەت مەڵاس داوە..
بێگومان ئاوازێکی جیاواز لێدەدەین
ڕەنگە ناوی لێ بنێین ئاوازی شێتبوون
تەنیا شتیش لە پێش ئەوی دی بێ
هەر ئەوەیە
ڕێی داخراوی بگرێتەبەر ..

2004/9/19

(43)

ئەمشەویش
تۆم لە خەونێکدا بینی لە خەیاڵاندا نەبوو..
تۆم دی نەخۆش و کوژاوە بووی
دەست لە ملی تارمایی
شتێکت بە چرپە دەگوت
تێنەدەگەیشتم..
کە بەرەو ڕووت دەهاتم
لەوە گەیشتم دەتگوت
با سەرلەنوێ دەست پێبکەینەوە و
لە درۆیەکی دیکەدا بژین..
ئەمە ساچمەی سۆزێک بوو
لەگەڵ ڕۆژگاردا پەرش بوون
چیتر گەشبوونەوە ئاساکەی جاران نەما...
کە بانیژەکەمی ڕووناک دەکردەوە
ئەو بانیژەیەی ڕۆژێ لە ڕۆژان
بەسەر ڕێگە نادیارەکانیدا دەڕوانی
بەڵام ئەسەف زۆری پێ نەچوو
خۆم بینی لە خەو ڕاپەڕیم
وەجدێک گرتمی

تەنیا ئەوەم بۆ مایەوە دامە پڕمەی گریان..
بۆچی دەستبازی مەکرۆ
تا لە خەونیش...؟!

2004/9/26

(44)

دوێنێ دوور و
سبەی دوور
بێدەنگی (شاد)ی دواخراویش بەرگەی ناگیرێ
ئەستێرە بردیان
کە لە پێناوی دڵدا بە چۆل و چیایان کەوتوون
جارێکیان کەفافی وتی :
»ڕەنگە ڕووناکی ئازارێکی دی بێ
کێ دەزانێ چەند شتی نوێی دیکە دەردەکەون«
زمانم خەریکە بگرێت
لە کاتێکدا لەبەردەم شوورەی
خەمێکی سەرمەدیدا وەستاوم
ڕامان سیمای ماندوو کردووین
پێویستە ئازار بچێژین
تا هەست بە جەستەمان بکەین..
ئازار.. ئازار
چەمکی ون..
لەو بانیژانەی بە زۆر بەجێهێشتراون..

ئەی شەبەنگی چارەنووس!
پاڕانەوە لە تۆ سترانێکە

نابیسترێ.. دەبینرێ..
گۆرانییەک دوێنێی دوور و
سبەی دوور نزیک دەکاتەوە
شادمانیش ئازاد دەکا
کە لە کلاوڕۆژنەی
ژوورەکەمدا ڕەنگ دەداتەوە
ئەوەی کەوتووەتە ژێر تەپوتۆزی مێژووەوە..
شەبەنگی چارەنووس.!
دەستم دامێنت.

2005/11/4

(45)

شەپۆل دادەمرکێنەوە و لێدەچنەوە
ئەوە ئەو فرمێسکانەن باخچەکانی گوناه ئاو ئەدەن..
سپێدەی لەخاچدراو
لە پشتەوەی چاوە فرمێسکاویەکاندا
چیاکانیش بەرەنگاری سەرکێشی گەرداوان دەبنەوە
ئەو دالانانەی باسیان دەکەی شوێنەواریان نەماوە..
ئەو کێڵگانەی خەونت پێوەبینی ئاسەواریان دیار نییە..
زەمان زەمانی جادە و شۆستەکانە
ڕۆژگاری سەرابی گەشاوەیە لە بیابانبوونی ڕۆح و
لە جوگرافیای ڕێیە نەناسراوەکان
کە مێژوو پشتی تێ کردوون
ئای ئەمڕۆ چەند بە دوێنێ دەچێ
خوێن گوڵ ئەکا و
بێدەنگی گەلا دەگرێ
کێ ئەستێرە دزراوەکانی
سەر بانیژەکەمی پەرت کردن؟
لەو ساوە (ئاوابوون) یەخەم بەرنادا
ئاوابوون یەخەم بەرنادا
ئەی چاوە خەواڵووە دوورەکان
فریام کەون..!

ئەمە ڕۆژگارێکی پیرە و لەوپەڕی تینیدایە
ئەمە زەمەنی جادە و شۆستانە ..
سەرابی گەشی بیابانی ڕۆح
فریام کەون ئەی ئەو چاوانەی
ئاسمان ڕەنگی پێ بەخشیون..

2004/10/10

(46)

چەند هێمایەک
شەوق و ئاوابوون بەرجەستە دەکەن.
لە نێو ئەو لووتکانەی لەچاوەڕوانیدا بێزاربوون
با ژیان وەک ئێوارەیەکی ڕوون ببینین
با ئاگری خەم بکوژێنینەوە و
دارستانی کامەرانی جۆشدەین
ژێیەکان بۆ ژەنین دروست کراون
نهێنیی ساتەکانیش مەملەکەت و ئیمپراتۆریەتیان هەیە
کە شێتی و بەرائەت
لە نێو کۆڵانی شارە بە زۆر قەرەباڵغەکان بڵاو
دەکەنەوە..
باهۆز کەناران دەکەنەوە
یادەوەری هەڵدەکۆڵن.
ئێمە شایەنی باڵین
لووتکەکان ئێمە دروستمان کردن
»پۆڵامان دێرا«
ئێمە شایەنی فرمێسکی نەمرین
بە پەنجەی لە بەفر
خەون ئیتر مەحاڵ نییە
با دارستانی کامەرانی جۆشدەین
خەون ئیتر مەحاڵ نییە..

2004/10/17

(47)

بڕوانە ئێمە لە کوێی
ئەو نامە لاڵانەداین
خواحافیزیش سیحری خۆی هەیە،
سڵاو لە ئاسۆی ساویلکەیی
گەر ئەو قەدەرانەی تێدا بە نەمری بمێنێتەوە
کە ژیانمانی بە بەرائەت و جوانی ڕەنگ کرد.
بڕوانە ئێمە لە کوێی
ئەو ساتە ترسناکانەداین؟
کە بە شیعرێکی دواخراو دەچێ،
ڕووبار و مانگی لە ئامێزدایە
شیعرێک لە چۆلەوانی تەنیایی و ژاوەژاو وەڕس نابێ
تاوی ڕووناکایی
سڵاو لە تارماییەکانی مێژوو و جوگرافیا
کە لە ناو بۆشایی گەردوونی دالانە تاریکەکاندا
دەبریسکێنەوە
سڵاوت لێ بێ نزاکانی سپێدە
پاش ئەوەی بە داوی
شەوی تاریکستانەوە بوو..
بڕوانە ئێمە لە کوێین!

وەک دوورگەیەکی سووتاو جێم مەهێڵە
یادەوەرییەکان هەڵلووشێ ..
جێم مەهێڵە وەکو پەڕەیەکی سپی
هیچ نەنوێنێ..
جێم مەهێڵە وەکو ڕەزمێکی لاسەنگ
جێم مەهێڵە وەک پاییز
بە تەنیا بەرەو ڕووی چارەنووسی ببێتەوە..
ج
ێ
م
مە
هێ
ڵە.

2004/10/24

(48)

سروودگەلێک بۆ پاییز بوو
هەر زوو زستان لە ئامێزی گرتن
پرۆژەی هۆنراوەیەک بوو لە کریستاڵ
ساماڵێک بوونایەتی خۆی بەجێدێڵێ و
پرد بۆ پیاوانی خۆڵەمێشی هەڵدەنێ
ئەوانەی بەسەر یادەوەری لەخاچدراوی
ڕۆژگاری پووچدا وەستاون.
ئا ئەمەیە حاڵ، قەسیدە ئازیزەکەم!
بێدەنگی لە هاوار ڕاستگۆترە
هاوار وای لێهاتووە لە چەقی ڕێگا چۆل و هۆڵەکاندا
بووە بە وەڕین
هەواداری پاڵی بە ئارەزووی جەستەوە داوە
ئەوەی لە ئێواراندا دەمێنێتەوە
جێگەی هەناسەیەکی پڕ بە سییەکانی تیا نییە
ئەوەی دەمێنێتەوە
بەشی ئەوە ناکا ئامێزێت تێوەرێنم
وەک چۆن لە تەلاناندا لە باوەشی ماندووم دەگرتی..
ئەمانە سروودی پاییزێک بوون
هەر زوو
زستان لە ئامێزی گرتن
پرۆژەی قەسیدەیەک

نەخێر پرۆژەی گێژەننووسێک
کە سەرەتا و کۆتایی نقووم کرد
ئەمانە سروودی ساویلکەیی بوون
ئینجا بۆ ئەوەی بژی
دەبینی شەو و ڕۆژ خەونەکانی دەکرۆژێ..

2005/10/30

(49)

بۆرەپیاو
مۆتەکە لە دەمامکە ژەنگ گرتووەکاندا
دروست دەکەن
با زیندوو گۆڕیان جێ بێڵن
ترس لە چی؟
لە ناو تارماییاندا
لە کوشتار و جەنگ بترازێ چیدی هەیە؟
هەنگاومان خستە سەر هەر ڕێگایەک
ڕۆحی شەڕی تێدابوو
جیهانی من ، کە ناوم نابوو گۆشەکەم
تێکەڵوپێکەڵیی جیاوازی لەگەڵ واقیعی
کەوتووەتێ
دڵەڕاوکێی لەزەتمان تێدایە
هەور ، بەداخەوە
چیتر قیسارەی لە چۆلایی فڕێدراودا
وەدەنگ ناهێنێ..
باران ، ئەو باران نییە لە ڕۆح بسوێ
مۆتەکە وەک خەونی خۆش خۆ دەردەخەن!
زەنگی ترسناکیان
لە پاشماوەی جەنگەکان خواستووە.
لە ناو کونەکەندڕاندا

جار نا جار دەیخەنە سەر کیمیای وەجد
مۆتەکە.. مۆتەکە
بۆرەپیاوان لە دەمامکی ژەنگاوی دروستی دەکەن
بەڵام بێگومان شەوگار بەسەر دەچێ
تاڤگەی نووریش
ئەو بوونەوەرە سەمەرانە و
مۆتەکان لەگەڵ خۆی ڕادەماڵێ
من لە گۆشەیەکی دیکەوە قسەت لەگەڵ دەکەم
لە گۆشەی (یوسف) و هەنگاوە ڕووناکەکانی
گۆشەی کێڵگەی کەسک و بەهەشتە والاکان..

2004/1/7

(50)

گەواهییەکانی تامەزرۆیی
بە تەڵەکەبازیەوە ماندوو بوون...
لێم مەپرسە
گوێ بۆ داکۆکیەکانت شل ئەکەم
ئارەقەیان لێ دەچۆڕێ
وا دیارە ڕۆژگاری گەرمبوونەوە و
سرووتی خەرمانی خۆشەویستی
تاهەتایێ بەسەرچوون..
ئەمە قۆناغی لێک دوورکەوتنەوەیە
من دوور و
تۆ دوور
نیشتمانی دووریش
لە ناوماندا دڵەڕاوکێیەتی
ئەمەیە بەڕاستی دەرهاوێشتەی ڕۆژگارێ
گەواهییەکانی تامەزرۆیی شەکەت کردووە..
دەرقوولینی کانییەکانی
بە زۆربڵێی مێزی کافتریا پێنج ئەستێرەکان
سپاردووە.
باران شووشەی پەنجەرەکانیان دەکوتێ
دانی پێدا دەنێم

ئەوەی تۆ بیری لێ دەکەیتەوە
لای من نییە
هەموو ئەوەی لە ڕێدایە
هەست و
دیمەن و سیما و لاوکێکە
چیرۆکی سێوی گەزلێدراو دەگێڕێتەوە
ئەو درەوشانەوانەی
لە کونج و گۆشان ئاخنراون
ئیتر مەملەکەتی ڕۆحم نین
کەنارێک نین بۆ خۆشەویستی
ئیتر تامەزرۆییش بە درۆیان ماندوو بوو.

2004/11/21

(51)

ئەوەتا چرا بە شەرمەوە
لە گۆشان هەڵواسراون
شەو بەسەرچوو..
خەتی کازیوە ڕووی تۆی
کە لە ڕووپەڕی دڵی ماندوومدا داتاشراوە،
شاردووەتەوە..
لێو هەڵدەلەرزن
داڵانی تاریک و دەیجوور
بۆ کوێ دەچێ؟
دارِسانی تەنیایی
وێنەی گەڵای پاییزن.
بە بەر چاوتەوە پەرت دەبن؟
دڵەکوتەی شەوق و تامەزرۆیی گەڕایەوە
گەڕایەوە باڵەکانم ببڕێت..
کە بە زەبری ناپاکی باهۆزەوە خوێناوین..
بۆ قیسارە شکاوەکەم؟!
بۆچی تارماییم؟!
دڵداریە شکست خواردووەکانت
لە جوگرافیای دڵم داوێی
بۆ؟
من زەمەنێکم هەیە، لە دەرەوەی زەمەنی تۆیە

مێژوویەکیش ڕەنگە بۆرەپیاوان
پشتگوێی بخەن
بەڵام بەندەکانی
لە نێو خوڕەی جوێبار و هەناسەی درەخت و
سروودی پاییزدا دەمێننەوە..
ئەو مێژووە بە تەواوی
لە ڕۆژو مانگ و ساڵانی
هەناسەبڕکێ بەدوای سەرابدا جیاوازە
ئا ئەمەشە حیکمەتی چرا هەڵواسراوەکانی
گۆشە و کونجان
بە شەرمەوە هەڵدایسێن..

2004/11/28

(52)

ئەوە بەدبەختیە
تۆ بە بەختیارێکی بێ وێنەی دەبینی..
توولەڕێیەکی ئاڵۆزە، هەنگاوە لەرزۆکەکانت خستۆتە سەری
وەهمێک شک نابەی
بەرەو ئاسۆیەکت ببا
بەدبەختیە، بەختیاری نییە
تونێڵە تاریکەکان جێ دێڵی و
دەستت لە پرچت دەگێڕی
وەک ئەوەی لە کۆستێکدا بێت
ئەوەتا دەبینی
ئەوە ڕووبارە
وێڕای بەدبەختیی
ڕووبارە بە ستراتیژیای پاکبوونەوە دەڕوا..
ئاوازی شەیدای ڕۆشنایی نوور
چرپەی فێنکی دارستانن..
کە پڕ لە خۆشی و کامەرانییە
ئەوەی هەرگیز، هەرگیز تۆ تێی ناگەی
کتکی فێڵباز!

2004/12/5

(53)

ئەوە مەملەکەتی منە،
نیشتمانێک بە ئەستێرەی باڵدار
گەشاوەتەوە پاسەوانی ئاوێنە!
ئەوە مەملەکەتی منە..
ئەوەندەی شەو بە دڵی دانیشتووانی ماندووە
لە سرووتی ڕۆح ، چیمان دەست کەوت
پاسەوانی ئاوێنە!
چیمان لە سووتانی زستان و
بێڵایی شەوق دەسکەوت.. چی؟
چیمان لە هاوکێشە لاسەنگەکان و
سەیرکردنی ئاوێنەدا دووریەوە؟
فرمێسکمان گەرمییان
لە سۆزی کانیاوەکانەوە وەرگرتووە
سێبەری داڵانەکانی مێژوو
لە جوگرافیای ماندوودا
چەند هێماییێکن سیحر و تۆقاندنیان
بەرجەستە کرد
هەور نەوین
تەنیاییێکە بۆرەپیاو تێی ناگەن
ئەوانەی کاتیان

بەو شتانە بەسەر دەبەن
کەسانی دی فڕێی دەدەن..
ئینجا بۆچی سەرسڕمان لە پای چی هاوڕێ؟!
بۆچی سەرسڕمان..؟
کە تۆ بەدزیەوە
هاتیە ناو داڵانەکانی دڵم..

شار بوو بە بەردێکی لاڵ
میری مەیخانە و
پاڵەوانەکانی شەوانی سوور،
خلۆری دەکەنەوە
تەنیاییەک بۆرەپیاوان تێی ناگەن
ئەوە تەنیایی منە..
سەرگەردانییەک »زانایانی تاریکی«
سەرگەردانیی منە، پەی پێ نابەن
شوورەی شەوق و ناکاویان
تەنها ئەوانە دەتوانن لێی بپەڕنەوە
بە عەشق و ئەبەدیەت و
سترانی جودابوونەوە چەکدارن...
ئەوە مەملەکەتی منە، پاسەوانی ئاوێنە!

2004/12/12

(54)

(هاوڕێ و گوڵ و ئەستێرە
هاوڕێ و گوڵ و ئەستێرە نین
ئەگەر هاوڕێ و گوڵ و ئەستێرەیان تێدا نەبینی)

شاعیری ئەرژەنتینی
ئەنتۆنیۆ بۆرکیا

تۆ لە کوێی خۆشەویستی لەوێیە
لە برادەران ، لە سێبەرێکی کز بەدەر هیچیان نەمان
کە لە نادیدەدا ئەدرەوشێنەوە
هاوڕێی ئیتر مانای پەنجە نابەخشێ
کە دەستیان بەسەر ژێیەکانی دڵدا دەهێنا
یا ئەو مژدەیەی
کاتێ دەردەکەوت
خەندەی لە سیمایاندا دەردەخست
(برادەر) لەم سەردەمەدا
لە زڵکاو دەچن
چەند بەهێزتر دەستی بگوشی
بەهێزێکی پترەوە نقوومت دەکا..
گوڵ وای لێهاتووە
بە درک خۆی دەپارێزێ
ئەستێرە قیبلەنمای بۆش دیاریان دەکا
ئەستێرە

شوێنەوارێکیان نەماوە بیانبینی
چ جای ئەوەی
شتێکیان لێ بدۆزیەوە
ئای داخی گرانم.. هاوڕێ..!

2005/12/19

(55)

لە چاوەکانتدا پەرت بووم
ناتوانم خۆم کۆ بکەمەوە
منی وەبەر سەرگەردانی کەوتوو، بە وەجد داچوو..
شەوێکی کەزیدار بوو
لە پشتەوەی تارمایی کەنارێکی ئەرخەوانی
وەک خەرمانەیەک دەرکەوت
ناکاو سەعات و دەققە و ساتە بارگاویەکانی ڕفاندم
لە سرووتێکی بێ کۆتاییدا پەرتی کردم
نەمدەتوانی جیاوازی لە نێوان چاوەکانت و
کریستاڵە هەڵواسراوەکان بکەم
ئەمانە دەرکەوتەی نەناسراوێک بوون
لە دونیادا حاڵی نییە
تەنها تیری نیگا و
مەملەکەتی چاو و
شەپۆلی کەزییە بکوژەکان نەبێ.
چەند ئاسانە لە تاریکدا چرایەک گڕ دەی
چەند ئاستەمیشە شەوە ڕووناکەکان
ڕۆشن کەیتەوە
شەوێکیان بوو بە نوور و وڵاتی نووری ڕووناک کردەوە
لە پاشاندا پەرتی کردم
تا ئێستا نەمتوانیوە خۆم کۆکەمەوە..

2004/12/26

(56)

شەپۆل خۆی بە تەنیایی خۆیدا دەدا..
پەردە لادە بتبینم
ئەو دڕکانەم دێنە پێش
هەڵاڵەی گوڵانیان دزیوە و
خۆیان بە باخچەی هەڵواسراو داناوە..
تەنیایی دڵی شەکەت کردووە..
ئەی شەوگار!
ئەی ئاسایی و لە بەردەستان..
تەنیایی درەوشانەوەی لێ ون کردووە..
پەپوولەیەک نە نشینگە و نە ئاسمانێکی هەیە
کەناری ڕۆحی پارچە پارچەم نەبێ..
پارچەی وا ، لەگەڵ هۆرەی پێپەتی و
ئاوازە ڕەنگاوڕەنگەکان هەڵدەفڕن..
نووزانەوەم لە دەوروپشتی دەموچاوە هەڵبزرکاوەکان
باڵەفڕێیانە ..
ئەمانە نزای خواحافیزین
دەبێ خۆمان بدەینە دەست چاوە خەواڵووەکان
موجیزە ئەوەیە تا دواهەناسە بە عاشقی بمێنینەوە
نە بە تەنیا خۆ بنوێنین و هیچیتر..
هەندێ شت هەیە دەڕۆن

هەندێکی دی دەمێننەوە..
تۆیش هەڵبژێرە!
هەڵبژێرە چارۆگەی کەشتیەکەم،
ئاوازی بێدەنگیم! هەڵبژێرە!
ڕۆژگار خەریکە دەگوزەرێ ، بەسەر دەچێ..
سەیری! تەماشام کە!
ئاخر سەیر و تەماشایش
باخچە و کەناری خۆیان هەیە
سەیرم کە!
چەندی تێتدایە سەیرم کە!
ئەی ئەو خەرمانەیەی چاوت ماندووکردم و
یادەوەریەکانت دزیم..

2005/1/2

(57)

ڕێگام لێ بووەتە چۆلەوانی
ژاوەژاوێکی قورس بە جریوەجریوی پاسارییان
سپێدەدەمان
گوزەر بە یادەوەریەکاندا دەکا
گوڵ چوونەتە بازنەی باویشکەوە
بە گەوهەرەکانی تاراوگە گەوهەربارانت دەکەم
کۆست، دڕکی غەوارانی لەسەرەڕێدا
لە بێخەوە هەڵکێشا..
بەدبەختیەکە نەبێتەوە
لە هەیڤەوە بڵاودەبنەوە
ژەنگی بەربەست و ناڵەناڵی ئەستێران
چاودێریمان دەکەن..
لە خەونێک هەڵم مەستێنە
تینوویەتی لە ناسەقامگیریدا دەشکێنێ..
مەگری لە کاتێکدا سرووتەکانت
لەگەڵ گوناهان لەبەریەکڕا دەچن..
هەستەوە، جانتاکانت بپێچەوە
لە نێو قەرەباڵغیدا سەر هەڵگرە!
بە ڕووتی و پێپەتی و پڕ بوون.
هەستەوە!
بۆن و برینگ ، کووچە و کۆڵانی پڕ کردووە

لە خەونێک هەڵم مەستێنە..!
مۆتەکە ناتوانن بیخنکێنن
جیهانیش سیمای گۆڕاوی خۆی هەیە
دەبێ خۆ بدەینەوە دەست دانایی پەپوولەیەک
کاتێک بەسەر گوڵاندا دێ و دەچێ
بەرەو ڕووناکی پەلکێشی دەکەن
بەرەو ئاشکرابوون..
ڕێگام لێ بووەتە چۆلەوانی
ژێیەک دڕک یاری پێدەکەن..
ئەمە ئاواز نییە
ئەمە دڵەکوتێی لاوانەوە و
مەشخەڵی نوورە..
ماندوویەتی و لاوازیی تینی بۆ هێناوە..
ئەمە گەشتێکی لەبیرکراوە
لە کەناری لازووەردیدا دەبریسکێتەوە
بەم جۆرە جارێکی دی
دەست بە گەشتەکەم دەکەمەوە
بە ڕووتی، بە پێخواسی و بە پڕی و
بە خۆدانە دەست حیکمەتی پەپوولان...

2005/1/9

(58)

وەک بڵێی دەنگمان بەردەوام خامۆش دەکرێ
مانگ لە دوای مانگ
ساڵ دوای ساڵ
قسەی قۆڕ
هێماکان دەیڵێنەوە
کە تەنیا لە کوشتنی تیشک و

بڵاوکردنەوەی کلتووری کامەرانیی درۆیین
تووشمان بوو بە تووشیانەوە
بە بۆنی بۆگەنیان
بە کرێگرتە بستەکۆڵەکانیان
بەم جۆرەش وەک دەڵێن
خۆر بە بێژنگ ناگیرێ
لە پڕێکدا بای ئازادی
خۆی بە کونجە تاریکەکاندا کرد
وێڕای تێکدان و وێرانکردن
وێڕای ئەنفال و ڕاگواستن و بەعەرەب و بەعسیکردن
بە عاشقی ماینەوە
سەیری ئاسۆ دەکەین
وەک چۆن بە چەکە ترسناکەکانیان
ڕۆژانە دەیانکوشتین
ئێمە بە چۆڕێک ئازادی ڕەشمان کردنەوە..

2005/1/30

(59)

سەرسوڕهێنە ئەم ژیانە
کاتێ خەم و فرمێسکان دەپۆشێ
سەرسوڕهێنە ئەم دەسماڵە
کاتێ کۆنەبرینان لە خۆ دەگرێ
تیشکێک لە جەستە بە زمان هاتووەکاندا
هەڵدەقوڵێ
جەستەیەک ساچمەی ساڵانی هەڵگرتووە
فرمێسک پێشوازی لە گلێنە مەستەکانم کرد
لە دیدارێکی دۆستانەدا
باسیان لە گریانی هەوران و
سیمای هەڵبزرکاوی غەریبان و
دەرکەوتنی ڕەنگی گوڵانیان لە ڕۆژێکی خۆرەتاودا
کرد...
داخۆ مافی ئەوەمان پێدەدرێ
لەودیوی هەواڵەکانەوە
خەون بەنیشتمانێک ببینین؟
داخۆ مافی ئەوەمان هەیە موجیزان بگرین؟
بەڕاستی ئەم چاوانە سەرسوڕهێنن
تەلیسمان دەشکێنن و
عەزیمەتان بە نوێژی نیوەڕۆیێ تیرۆر دەکەن

ئەم بۆنی سەردەمە
بە هەموو ئەو شێواندن و بێهوودەییەی تێیدایە
خۆمانی لێ دەشێرینەوە..
ئەمە تەنها بایە و بە تۆڕیدا ڕەت دەبێ و هیچیتر...

2005/2/6

(60)

دەشێ تۆز و گەرد
لە هەرای شەوانی سوورەوە هاتبێ
جەنگێک بوو ، بۆنی نهێنی لێ دەهات
سەدایەک لەگەڵ باڵـی
نەورەسە ماندووەکاندا دەفڕێ
بـا باوەش بە گۆشەگیری و دوورەپەرێزیدا بکەین
بنەوشەیش
بڕیاری دا باخچە و مێرگان بەجێبێڵێ..
هەموو هەوڵدەدەن دونیا کۆبکەنەوە
بە مێژوو و جوگرافیاوە لە گیرفانێی بنێن
ئێستا (ڕەنگە) و (لەوانەیە)
بووەتە ڕاستییەکی زەق
کۆڵان و جادان تەی دەکا
(جادە بە جادە
کۆڵان بە کۆڵان)
ئەوەی بێتە پێشی پێی پیا دەنێ
خۆشەویستیت شێوێندراوە..

بۆچی چاوت پشتگوێ خستوون و
هێشتووتە بە نیانییەکی پووچەوە
تیرۆر بکرێن؟
بەسە ئیتر شێوێنەر .. بەسە!
ئیدی ناهێڵم
تۆزی شەوە سوورە بە ژاوەژاوەکان
میزاجم تێکبدەن..

2005/3/13

(61)

شاش مەچوو بمانەوێ و نەمانەوێ
هاتووینە ڕۆژگارێکی دی
چۆن چاو بنووقێنین.. ؟
چاتر وایە بۆ من و بۆ تۆیش
شێوازەکە بگۆڕین
ئێمەش گیرۆدەی ئەستێرانین
هەواداریمان خۆش دەوێ
عاشقین..
لەبەرداین شتە بە مرۆڤبووەکان
بە مرۆڤ بکەین
چیتر...؟
تۆ سەرەتا ، هی خۆت بوو
من هەڵخەڵەتاو..
ئەمە حکایەتێکی دیکەیە
گەر بەشداری تەنیاییم نەکەی
منیش هاوبەشی تەناییت نابم

گەر ڕاست دەکەی با بەردەوام بین
ڕێگا ، لێژایی
هێڵی وای تێدایە، لێک نادرێنەوە...
بۆت نادرکێنم چیم لەگەڵتا هەیە
ئەمەیش سەربردەیەکی جیاوازە
دەبێ خەونەکان بەدی بێنین
چاری دی نییە..

2005/2/20

(62)

تا ئێستاش کلیلیان لە گۆشەیەک فڕێداوە..
لە تەمومژدا دەبریسکێتەوە
ئازارکوتی خەونبین
ئازارکوت لە تیۆر و تیۆراندن و
قاڵبە ئامادەکان بێزار بووە..
ئازارکوتی خەونبین لە ئاوێنە فێڵبازەکان بێزارە..
چەند کەسێک بوون
ئێستا بوونەتە سوپایەک لە داهێنەرانی ڕق و کینە
لەوانەی خۆیان لە چڵپاودا حەشارداوە و
وەک شەمشەمەکوێرە ڕووناهی
چاوی دەرپەڕیوی ڕقاوییاوی کوێر کردوون
دەنگیان بە هاوار هاوار گڕبووە.
ڕۆژێک چەشەیان لە خەو نەبینیوە
باوەشیان بە ڕێژنەی بارانێکدا نەکردووە
وایان دێتە بەرچاو ڕوو لە هەورازن
ئەوان ڕاستە ڕوویان لە هەورازە..
بەڵام بەرەو خوار سەردەکەون..
تۆڕی وا دەچنن
جاڵجاڵۆکە سەری لێ دەرناکەن..
خەم بۆ ڕەنگی زەردی مانگ ناخۆن
ئەستێرە گەشەکانی ئاسمان دڵخۆشیان ناکا

ئەوانە گورگن لە بەرگی مرۆڤدا
هاوڕێیان
با شتێک بکەین
نابێ لێ بگەڕێین گورگ سەربکەون.

2005/2/27

(63)

دواجار لەنگەرم لە بەندەری ئەودا گرت
منی کەشتیی
لە شارێکی بە خۆشەویستی و
داری تامەزرۆیی پەرژینکراو
بوارم دا
بە ساچمە بکوژەکانی یادەوەری تەختم کا
بەڵام ئەگەر تۆش لە جێی من بای
چیت دەکرد..؟
ئەو فریشتە نەبوو..
ئەو لە زڵکاودا نقووم بوو
هاواری بۆ ئەو لێشاوانە دەبرد
لە بێئاگایی ڕۆژگاردا هاتبوون ، بێ هوودە..
ئەو لێشاوانە خلۆریان دەکردەوە
پێچیان بەجەستەی دەدا
بە خۆشەویستی تینوویەتی ناشکێ
خۆی بە ژنەمیری بەندەرە بە ژاوەژاوەکان داناوە
ون بووە و لێچووەتەوە..

2005/2/6

(64)

چۆن بووی هەر وابە!
ئاخر زۆربەی پیاوان لەبارەی پیشەسازی فریودان
لە سەرسڕمان زیاتر نازانن...
دوای ئەوەی ڕۆییشتی
چۆن بووی هەروا بە!
لەبەر ئاوێنەدا گەمە دەکا و
تا خوا دەڵێ بەس ، یارییان پێدەکا
چرایەکی هەڵواسراو خەو لە چاوی دەتۆرێنێ
لەگەڵ ئەوەشدا
وەک خانمێکی قددیس لە هەواڵەکان دەردەکەوێ
بە عەتر و بخوور دەستنوێژ هەڵدەگرێ
بەڵام لە ڕاستیدا ئەو
جەستەیەکە بە وەرزەکان تێر نابێ..
چۆن بووی هەروا بە!
بۆچی وا نەبی؟!
مەودایەک لە نێوان هاوار و ستراناندا..
لە نێوان ساوی ئاوریشم و ساوی تێلدڕدا نەماوە!
چۆن بووی هەروا بە!
ژنی هەوەسباز
کە بە پۆشاکی فریشتانەوە خۆت دەنوێنی...

2005/3/13

(65)

نەغمەیەک لەم بەهارە پێشوەختەدا
باوەش بە ڕۆحمدا ئەکا
یادەوەری منداڵی.. دەنگدانەوەی وەنەوشە
چیت لە هەورێکی ئاوتێگەڕاو دەوێ
کە لە ئاسۆوە دیارە..
شکستێکی جوان و خۆبەدەستەوەدانێکی جوانتر
کاتێک گوڵ لەو دڵۆپە ئاوانە دەپاڕێنەوە
لەوەی لە ڕێیاندا دەیانپڕژێنێ..

دڵ لەو مەمکانە نزیک بوو
گەردوون دەشارنەوە..
لەسەرخۆ ئەی ئەو شازادەیەی
میرنیشینەکەی لە دەست چووە.. لەسەرخۆ!
ئێوارە بە کراسێک قورس بووە
شایانی دڕکەڵانیش نییە..
بە گوناهێک لە خەیاڵاندا نەبوو
ئازارێکی گەرمم بە دەماراندا دەڕوا
ئاسۆیەک وێنەی سەراب.. بێ ڕوانگە
نەغمەیەکی فریودەر
ڕۆحم لە ئامێز دەگرێ.

لە ئێستاوە ئیتر منداڵی لای من شتێک ناگەینێ.
چیتر خەمی منداڵیم نییە
شازادەی ساختە..

2005/3/20

(66)

ئەوەندەی ناوی تۆیان هێنا
پیتەکانم پەرش و بڵاو بوونەوە
هەمووم لە تۆدا توایەوە
ڕۆژهەڵاتم.. ڕۆژئاوام
باکوورم.. باشووورم
کاتی باوەش بەیەکداکردن ،
سووتان.. نەهاتووە؟...
ژنە سەوزەکە.. ئافرەتی حەربا!

سپێدە خۆی لە بانیژەم دەسوێ
گوڵە زونبووقەیەک تازە دەمی کردووەتەوە..
نەخشەیەکی تازە بکێشێ
بۆ نیشتمانێک بە هەناسەبڕکێوە بەسەر ڕووتدا دەڕوانێ..
فرمێسکێک لەسەر ڕوومەتتدا ڕاکشاوە
چەند سرووتێک بوون
بە ناچاری جێمان هێشتن
چەند ماچێک لەناو ترسدا مت بوون
بە فرمێسک پیرۆزم کە! بکوژێمەوە..
من بە شێوە و ناوەرۆکەوە دەسووتێم
ساتێکە لە هەڵاتندا ئەی حەربا..!

کە شەوگار بە تاریکییەوە بەسەر جێگەماندا دەدا
ئای کە ساتێکی گەرمۆکەیە
وەختێ تەسلیمی سێوی گوناه دەبین.

2005/4/3

(67)

بێدەنگی وای لێهات
بچێتە ڕیزی شتە دەگمەنەکانەوە
ئازاری خۆلێکسوین
ڕۆژگاری دێرینمان دێنێتەوە یاد
ڕۆژگاری دەسماڵ و نهێنی ماچی شەرمن
کە تێکڕای گەردوونی گڕدەدا
ئیتر سپێدە فریامان ناکەوێ..
لە ڕۆژگارێکدا
گوڵەگەنم لە ترسا دەلەرزن و
ئاسمان لە عەشقدا دەگری..
سیمای تۆ ،
لەگەڵ ئەو ڕووناییەدا دەردەکەوێ
لە شارە پێخواسەکانا هاتووە
سرووت لەو کەنارانە دەچن
ڕووبار جێدەهێڵن..
شادی لەسەر چەند پەڵەیەکدا ڕاکشاوە
هەناسەسوار
لە زبڵدانی مێژوو و جوگرافیادا کۆیان کردووەتەوە.
من بۆی دەردەچم..
باڵ دەگرم..

با مۆم لەسەر تەپۆلکەکاندا پێبکەین..
زەوی شەوگار دەپۆشێ
مەمکی تۆیش، بە ئاهەنگی ئاخان دەلەنگێنەوە
پێخەفێکی خاڵی
خشەخشی گەڵای تێدا گڕ دەگرێ..
خامۆشیی شەوگار
فرمێسک چەند هەنگاوێک لە دوور ئێمەوە دەڕژێن
ناکاو
هەست بە خۆمان دەکەین کوژاوینەتەوە..

2005/4/10

(68)

وێڕای تاریکستانی داخ لە دڵان و
بێژینگی فێڵبازان..
خۆرێک هەیە سەرمان بۆ هەڵدەبڕێ
خۆرێک گوڵەگەنم لە خەو هەڵدەستێنێ
تابلۆ لە چوارچێوە دەردێنێ..
تا شکست خوارد و سەرکەوتووان
ترسنۆک و ئازاکان.. دەربخا....
ئەی خۆری تەنیام!
بمکەرەوە منالٌ.. بمگەڕێنەوە بێشکە
تا جارێکی دی لە کلاورۆژنەی ماڵمانەوە بتبینمەوە..
تۆز و گەردێک سەما دەکا و
شەوگار دەسڕێتەوە...
ئەی خۆرەکەم!
ئەی ئەو خڕۆکەیەی بە نیشتمان دەچێ و
بە دیماهی نەهاتووەوە نووساوە
تونێڵ هەیە
هەزار بەر هەزار تژی نهێنی و
پڕ لە شوێن پێ
ماندوومان دەکا..
ئیتر تینمان تێدا نەماوە

بیانسڕینەوە خۆرەکەم!
لە ڕوخسارێک هەڵدێراوە
یادەوەرییەک بە گوشین دەمگوشێ و
ڕووناییەک خەواڵوویی ڕاوی دەنێ
هانا بۆ تۆ دەهێنم..
خۆرەکەم!
ئەمانە چەند وەرزێکن پێش ڕۆژگاری خۆیان کەوتوون
خۆری من!
ئەی ئەو خرۆکەیەی بە نیشتمان و
چاوی خۆشەویستم دەچێ...

2005/4/17

(69)

پڕ فرت و فێڵ
لە زڵکاودا ڕۆچوو
کراسی کچێنی لەبەر کردووە و
دەچێتە نێو شارێک
کەوتووەتە ژێر قامچی جەنگ و بازرگانی
خەریکە خۆی لە پیرییەتی دەوروبەری بسوێ..
پرچێکی بۆیەکراو
برژانگی دروستکراو
لێوی ئەستوور کراو
لێواری بە بۆیە دیاریکراوە
ڕوخسارێکی ون..
بەڕاستی دەدرەوشێتەوە..
بەڵام وەک گوڵی دەستکرد
لە لەناو فێڵدا پیر بووە
منداڵی فڕێی داوەتەوە کەندەڵانان
ئەفسانەیش لە ژماردن نایەن
بەرگی کچێنیش پێویستی بە پینەکردن هەیە
خانم هەر خۆی پێویستی بە پینەکردن هەیە..
کەواتە با بەسەرمەستی زەردەپەڕ و لێوارەکانی ئاسۆ و
ونبوونی مانگ ڕابوێرین..
با بە قورسایی خۆمان ڕابوێرین و

پڕ بە سییەکانمان هەناسە بدەین
لە ناو مەملەکەتی مەمکی هاوبەش بۆ هەمووان..
پڕ بە دەمیش هاوار بکەین
بژی مەمک
بژی گەڕانەوە بۆ خاک و کچێنی خاک و
ڕوونایی لە ئاوێنەدا هەڵاتوو..

2005/4/24

(70)

ئەوەی خەو بەڕەهاییەوە دەبینێ
ڕوخسارە شکست خواردووەکانی نایاتەوە یاد
کە هەمیشە لە بەخشندەیی خەمی تیشکاوێژەوە
هەڵدێن..
وەک مانگ بە تریفەی
درەخت و گیا دادەپۆشێ..
ئەوەی خەو بە ڕەهاییەوە دەبینێ ،
نە هەژموونی ساتە درۆیینەکان لە ئامێز دەگرێ
نە جۆشی مێگەل لە پێکداهاتنیاندا..
دواجار زانیم
ڕوانینە شینە سێرەگرەکانت لە کوێدا هەڵدەکەن
زانیم چۆن دەنگت لێدەچێتەوە..
کاتێ دەچییە ناو دارستانی گوناهەوە..
فرمێسکێک ڕژا..
تا بیخەیتە چاوتەوە
چاویش بخەیتە جۆگە و
جۆگە بخەیتە ڕووبارەوە..
ئەی دەریا باوێیتە کوێ؟
دەریا خۆی بە چیدا بدا؟
بەدڕەفتار!
کە لە بۆنی ئاگر و

شڵپە شڵپی لێشاو و سووتانی پەپوولانەوە هاتووی
لە دۆڵی وادا هیچیان لێ شین نابێ..
چەند دێرێک خەونبینان نەخشی دەکەن
تەنانەت لەسەر ئاویش
چەند سرووتێک دەگوترێن
لێم گەڕێ با لەگەڵ خەمی جوان و
ئازارە شیرینەکانمدا بژیم..
کە لە هیچ شتێک ناکەن
لە تاڵە تیشکان نەبێ..
لەو کاتەی بیر ، یادی بەخێر
لە ڕەهایی خۆشەویستیمان دەکاتەوە
کە لە خۆی زیاتر بە هیچ ناچێ..

2005/5/1

(71)

دەنگ ڕووە و قووڵایی ئاسمان بەرزبوونەوە
خوێن ئاسۆ ڕەنگ ئەکا
ئەوە منم ڕۆڵەت.. شەپۆلی چۆلپەرستان
جار ناجار هەڵیدەلووشێ..
ئەوە منم هەولێر
پشت و پەنا..
ئەوان دەیانەوێ مێژوو لە هەموو شتێ دابماڵن
شەقامی دڵان دابخەن
کە بەو هەنگاوانە ماندوو بوون
لە ناو باڵی تاریکیدا جێوەڕێیانە..
مۆڵگەی بە ژاوەژاوی گەوادان
پێخەفەکانیان بۆگەنی لێ دێ..
ئای هەولێر
ئەی ئەو شارەی مێژوو
بە پۆلی پەپوولە و
هەورازو نشێوی ڕەنگڕێژ کردووە،
گەلەگورک هێشتا
لەگەڵ خەوناندا لە ژواندان..
وێڕای کینەی داخ لە دڵان
خەون چارنییە دێتە دی..
شتێک لە ئاڵتوونی خۆر و

زیوی مانگ دەخوازم
تا ئاسمان و زەویی بەخێروبێرت ڕەنگ بکەم و
لەوانەت بپارێزم نایانەوێ
وەکو شار بتبینن....
کە گەرمی و خۆشەویستی دەبەخشێ و
خراپکاران شکست پێدێنێ
ئەوانەی لە چڵپاودا نقووم بوون.

2005/5/8

(72)

شەڕێک لە نێوان باڵی نەورەساندا بوو
هاوڕێکەم وای دەگوت
لە کاتێکدا وەسفی برژانگە تەڕبووەکانی
بە فرمێسکی تیمساحان دەکرد
وەرز مژدەی گەڕانەوەی خانمی پیرۆزیان پێ نییە
پرووشەیەک لە بۆن
بەسەر هەورە کۆچەریەکاندا ڕاکشاوە
بۆن ، دەبینرێ.. هەڵنامژرێ
سەردەم ، سەردەمی بینینە..
شتگەلێک دەبینین ، بۆن دەکران..
هی دیکەش بۆنیان دەکەین ، دەبینران..
ئێستە زانیم چی لە شەوێکی ساردا
نووقمی کردووی و
بە دزیەوە ماچی بە هەناسەبڕکێوە
ئێستە تێگەیشتم
بۆچی ماندووی؟
خۆت بۆ چەند..... داوێیە باوەشانەوە،
کەچی هیچ لە مانای ئامێز ناگەی
چ زەمانێکی بێ ئەمەکە، ئەم ڕۆژگارەی ئێمە
لە ئاسۆیدا پەیکەرێکی هەڵکۆڵدراو

لەگەرد و لە ڕووناییی پێکەوە
ئای کە سەیرە!
ئەم ڕۆژگارە بێ ئەمەکەی ئێمە
لە تێکشانێکەوە بۆ تێکشکانێکی دی ،
پشیلەی دەسباز...
دەمانبا و دەمانهێنێ.

2005/5/15

(73)

ئاشکراگۆیی ، قسەلەڕوویی
دڵ بۆ یەکتر کردنەوە
چیتر بە کەڵکی ڕووبار نایەت
کە لەسەر ڕێگەکاندا نەخش کراوە و
هاوتەریب لەگەڵیدا دەڕوا...
هەموو ئەوەی دەریا تووڕیان دەدا
لە گوێپێدان زیاتر نییە.
شتێکیش لە نیاز
درۆ ماندووی کردوون..
لەمڕۆوە چیتر بیرت لێ ناکەمەوە
ڕووباریش بێ بیرکردنەوە ڕێ دەگرێ
ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە بە هاواری درەختی کەناران و
هانای ماسییە شێتەکانەوە بێت
سەرسڕمان!!
ئەو لێشاوەی لە نادیارەوە هاتووە
ئینجا سەرسڕمان بە کەڵکی چیمان دێ!
ئێمە کە بێگەردیمان بەجێهێشت
چۆن بە نیازی ئاخاوتن دەگەین
کە سەدای خۆیان بەجێ هێشتووە..
هەواڵەکان وا دەگەییێنن
ڕووبار هێشتا هاوتەریب

بە نەخشەکێشراوی سەر ڕێگا بەڕێوەیە
ڕێگا ئاماژە بە نادیار و ئارەزووی نەمرییە
وەک حەزێک لە مانا دیار و نادیارەکانیدا
لە ڕۆژێکی خۆرەتاو دەچێ..
دەستم لە بازنەکە سوی
وێڕای ڕێکردنی ڕووبار و
فیغانی پنجەداران
هاواری ماسییانیشم بیست..

2005/5/22

(74)

کات ئاراستەی خۆی هەیە
شوێنیش ئاراستەی خۆی..
هەنگاوەکانی بە تاو نین
ئەویش لەو سەرجێیەوە بۆ ئەوی دی ،
خەیاڵی وایە بۆ خۆشەویستی دەچێ
گەوواد بە هەموو جۆرەکانیانەوە
کۆبوونەتەوە ڕێگەکان بگرن
جەستە ماندوو
دڵیش
مەپرسە..
بە درێژایی ڕۆژگار دەسووتێ
قەبارەی شوێن ،
جەنگێک بوو
جەنگێک بە هیچ جەنگێکی بەرپاکراوی
ڕووی ڕەنگ سپێدە و
تیشکدانەوەکانی شەوی بنەوشەیی نەدەچوو
ئەمە جەنگی هەنگاو و ئاراستەکانە
جەنگی بەر دەست کەوتن و
یاریکردن بە نەناسراوان
کە وەهمی جاویدانی شێوێندراوی تێدا چاوەڕوانە
گەلگامێش تا ئێستا لە خەونەکانی ئەنکیدۆدا
ئازار دەچێژێ..

کە لەسەر شۆستەکانی (ئوور) و
مەیخانەکانی (لەگەش)دا بەجێ هێشتراون..
چیت چنگ کەوت جنۆکەی مەکرباز
پاش ئەوەی دڵت بەجێهێشتم
چیت دەستکەوت؟
پاش ئەوەی وەک ژنێکی پیرۆز
خۆت دایە دەستی گورگانەوە؟
لە دواییشدا وەکو کۆڵانێکی لاچەپ بەجێیان هێشتی
کە هەموو ڕێبوارێک لێی دەچێتە ژوورەوە
شارەزا و نا شارەزا
چیت دەست کەوت
کە تۆ هێشتا لە شوێنکاتدا بەڵەد نی...

2005/5/29

(75)

نەسیم هەڵدایسێ
نوور هەڵدەکا..
ژیان بێ ڕوانگە..
لەگەڵ هەژموونی سواڵکردنی پۆست مۆدێرنەدا
سواڵکردن ، تەنانەت لە خۆشەویستی و ڕقیش
بازاڕەکانیان تەنیوەتەوە
ئازاری ڕۆژگاری پێ داپۆشرێ
نادیار بەدوای خۆیاندا بەجێبێڵێ..
مەمکی وای تیا دەلەرێنەوە
ئێستاش مژدەی بەهارێکی دییان پێیە..
پەنجەرە داخراون
هۆزگەلێکیش خەریکی پێکهێنانی تاریکین
لە گۆشەیەکدا نیشتەجێن
لە هەموو شتێک داماڵدراوە
ڕۆژگارێکی نوێ بێگومان دێت
کە خەریکە ئێمە بە زۆری بچینە ناویەوە
کەچی خەڵکی تر خەریکن بەجێی دێڵن..
کۆمپانیای بەرهەمهێنانی وەهمیش
خاوەنی لێپرسراویەتی بێ سنوور ...
ئیدی لە کوێوە نەسیم هەڵدەکا
بە چ ئاراستەیەک ڕووناکی تیشک داوێ

کە شەوق
بە ڕق و فێڵ دەورە دراوە
ئای هاوڕێکەم!
بەداخەوە
ئازارەکانی ڕۆژگار هەند زۆرن ، نایەنە ژماردن...

2005/6/6

(76)

خەیاڵی خەم بکە
بە پارکەکاندا دەسووڕێتەوە و
سەما دەکا و وێنەی باران دادەکا...
خەیاڵی هەوری بەهاران بکە
بەسەرسڕمانەوە وێڵە
خەیاڵی ڕوانینیان بکە..
سەداگەلێک چرپە و خەمیان هەڵگرتووە و
هەنگاو بۆ کۆکردنەوەی دڵە وێڵەکان دەنێن
کە بوونەتە پەنای فێڵ و درۆ
ئاماژەگەلێک لە ئاوێنەکەمدا ڕەنگیان دەدایەوە
تەماشا!
ئەوە منم لەو شەڕە نابەرابەرەدا
دان بە شکستی خۆمدا دەنێم
باهۆز ،
لە بێگەردیی بەرزاییەکانی بەرائەتدا هاتووە
لە بەرابەر بەرزی و نزمی شاردنەوە و گۆشەگیرییە..
ژووانە گومانلێکراوە هەقدراوەکانیش
لە تاریکیدان..
ئەی ئەوەی نوقمی ژەهری جێخەوانی و
چاونووقاو بۆ چڕنۆکی بتەئادەمییان

کە داندراون سەرەتایان دوایی پێ بێنن و
خەم و خەفەت بە شەقام و باخچاندا بڵاوبکەنەوە..

2006/5/31

(77)

کەف و کوڵ
وەک جاران دەیبردم
ڕاپێچی نەدام
هەر کاتێ دەتبینم کەزییەکی خاو
ڕۆحم دەسوێ
خەمی چەندین ساڵەت لەبەرکردم
کە پۆلە مەلی کۆچەر و
وەحشەتی جیابوونەوە حووکمی تیا دەکەن
تێکشکان.. چەپڵە نەکووتان..
تۆ خۆت بینیوە؟
وەک من دەتبینم..؟
تۆ ڕووتـی..
ڕەوی هەوەسبازان ڕیزیان بۆ بەستووی
من هەموو شتێکم بۆ ڕوون بووەوە
هەموو شتێکم بینی
دارستانی گوناه
باڵـی ئامێزی درۆیین
لە پێناوی.....
چیایەک لە غەدەر
بۆ هەر کوێیەک بچی لەگەڵتدایە
ئەمجارەیان کووڵ لەگەڵ خۆی نەبردم
تۆم بینی ڕوویەکی تێکشاوبووی ،

هەڵدەهاتی
هەنگاوت تێکدەئاڵان..

کاتی ئەوە هاتووە نامەکانت لە حەشارگە دەربێنم
لۆچەکانی ڕۆحت دەرکەون
ئینجا بۆ نا؟
خەندە و وشەت بریندار کردم
چیتر ماوە بیکەی.. ؟

2005/6/21

(78)

ئەوەتا جارێکی دی گەڕایەوە بتبینم...
یادگاری منداڵی و لاوییەتی
بۆ هەزارەمین جار بمگووشێتەوە..
بەڵێ گوندە بێکەسەکەم
لەوەتەی هەی دەبەخشی و وەرناگری
تەنها دەبەخشی و هیچی تر
حکوومەتێک هات و یەکی دی ڕۆیی
تۆش دەبێ تەنها ببەخشی
دوێنێ پایتەختی ئازادی بووی
خەمەکانت وەکو ڕێگەیەک ڕادەخست
کەژاوەی شادی بەسەردا بڕوا..
ڕەوی باڵندان لە ئاسمانی ئازادی تۆدا
بەیەکدا دەهاتن
بەڵام داخ
هەموو بە بەشی خۆیان هاوبەشی لەوەدا کرد
بە تەنیا جێت بهێڵن..
وەک پیرەمێردێکی لە خۆگەڕاوەی بەویقار
کە ترس و تۆقاندن هاوڕێیەتی دەکا و
لە بیرکردن و هەڤاڵینی..
بۆچی ئازیزم!
تۆ چیت کردبوو تا بە تەنیایی

لە بەرابەر حەقیقەتە تاڵەکاندا جێت بهێڵن
بۆ دەبێ تا هەی هەر ببەخشی
بۆ دەبێ تا هەی (گەڵاڵە)
ئەی ئەو گوندەی تەنیا ئەوانە تێتدەگەن
بە ڕاستی
لە سپێدە بنەوشەییەکانت و
شەوگارە هەڵایساوەکانتدا ژیاون..
هیچ مەڵێ لەڕۆژگارێکدا
شتەکان تێکەڵ بە یەک بوون و دەبن
بێدەنگی لە هەموو شتەکان ڕاستگۆترە...
تەنانەت لە قیژە و هاواریش.
ئەوەش بەسە!

2005/6/28

(79)

چارەنووسمان ڕووەو گوڵە زونبوقەکانە
کە بە ئاسۆی سپێدەدەمان خۆیان دەشۆن
شیعرەکانمان ئارەزوو دەکەن
پیت و وشەیان جێبهێڵن
تیشکی ڕاوەدوونراو
تاریکاییەک خۆی بەسەر
سەرینی حەسانەوە داداوە.
چەندی چیرۆک و حیکایەتان دەپشکنم
حیکمەتێک نابینم
یارمەتیم بدا دەستم بە بازنەی ترس ڕابگا..
ڕووت لە منە
ڕووبارێکی شێت
ڕێژنەگەلێک لە سۆز تێری دەکەن
مەملەکەتیش
گوێ لە خششەی گەڵا و
ناڵەی ڕێگا و
ئاخ و ئۆفی ڕووبار و دۆڵان ناگرێ..
گۆشەکانی وەجد شوورە دەورەی داون.
ماچی ساختە لەسەر شۆستە و شەقاماندا
بێ تام و بۆ..

ئا ئەوەیە بەشێک لە دەنگوباسی
ڕۆژگاری سپڵە و
سەردەمی شادیی مردوو و
ئازادیی ڕازاوە و
نیشتمانی حەیران
لە نێوان ئاو و کارەبادا..

2005/7/5

(80)

من کە نە ماڵ و نە نیشتمانم هەیە..
داوای پەنابەریم
لە مەملەکەتی مەمکەکانت کرد
نیشتمانی من جەستەی تۆیە..
ڕەوە گورگیان تێدا نیشتەجێیە..
ژنی شینی حەربا...
بڕیارم دابوو چیتر مێرگی نیگاکانت جێنەهێڵم
کە پڕن لە نائاسایایەتی..
چرپە..
لۆچی ڕۆژگاری سپڵە دەرمان دەکەن
ڕۆژگاری گومڕایی وشە و
پۆشینی ژاکان
ڕۆژگارێک ،
ڕۆژانە بەشێک لە بێ گوناهیت دەکرۆژێ..
وشە ون بوون
مەملەکەتی جەستەیشت
ئەوەندەی گازی لێ بدرێ شێوێندراوە
وەک جاران نەماوە..
بەم جۆرە و لە کۆتاییدا بڕیارم دا:
بە لاتی بژیم

داواکەم لە مەملەکەتی مەمکت بکێشمەوە
کە ڕەوە گورگی دڕندە
لە دەور و پشتیاندان..
نۆشت بێ..!
کازیوە و
نیوەڕۆی درۆزن و
شەوە ئەموستەچاوەکان
لە باوەشی هەوەسبازاندا..
نۆشت بێ ژنی حەربا
ژنی .... !

2005/7/12

(81)

سێوێک لە برژانگیدا کەوت
ڕەنگە پرسیارێکی بێهوودە بێ
بەڵام ئەمەیە واقیع..
جارێ بە چەشەیەکی بێسنوورەوە دەیکرۆژێن
جاریش هەیە فڕێی دەدەینەوە..

بەتەنیا باران دەبینم
سپێدەکانم ڕوون کاتەوە
پەپوولە دەفڕن
وەک ئەوەی نەخشەی زەمەنێکی تازە بکێشن
چاوم نووقاند
ئەو سێوەی لە برژانگیەوە کەوتبوو هەڵگرمەوە
بێهوودە بوو..
تابلۆی لە تاریکیدا هەڵواسراو سەرسامم دەکا..
لە پڕێکدا باڕێزە
خۆی بە دەموچاوما دەکێشێ
چاو دەکەمەوە تەنها سەراب دەبینم
بێهوودەیی دوای بێهوودەیی...
بە ناو جادە و شۆستەکاندا دەخوولێتەوە..
بەدوای بۆنی خۆشەویستیدا دەگەڕێ

بەڵام کوانێ خۆشەویستی؟
لە کەش و هەوایەک بە دەسبڕی داپۆشراوە..
بە بۆرەعاشقان تەنراوە..
منیش تەنیا ئەوەم لە دەست دێ
بگەڕێمەوە و
جارێکی دی چاو بنووقێنم و
تابلۆی لە تاریکیدا هەڵواسراو لە ئامێزێ بگرمەوە.

2005/7/26

(82)

بێباکی لە ناومانی برد
خەمساردی کوشتمانی
پەراوێزی کردین...
وەک دەبینی سەردەم سەردەمی خەمساردییە
هەناومان دەخوا و
یاریی بە خەونە دواخراوەکانمان دەکا
چەند ئاماژەیەک هێشتا لە ئاسۆڕا دیارن
مانگ ڕەنگ زەرد..
سەدای بەندەرانیش
بە ناو درک و ئەستری خەمساردیدا تێدەپەڕن..
منداڵیی شتان،
شەوقێک لە چەقی ڕێگەدا تیرۆرکراو..
ئاڵای داگیراو
بێهوودە دەشەکێتەوە..
چەند هەنگاوێک دوورتر
جێوبالنگانی جووتبوون
پێخەفی وا ، بۆنی لێ دێ
پەنجەرەکان داخراون
نوور هێشتا لەبێشکەدایە..
ژیان بێ ڕوانگە..

گەلەدەنگێک لە لووتکەوە خلۆر دەبنەوە..
هی تریش لەگەڵ هەوراندا لێ دەچنەوە..
گێژەنێکیش خۆی بە تەلانان سپاردووە
ڕەنگ هێمای خۆی هەیە..
خەمساردی و گوێ پێنەدانیش
چەندان هێما..

با ئەم ڕووبارە جێ بێڵین
جوانی ئەبەدی بدۆزینەوە و
شکست بە خەمساردی بێنین
لە هەموو حاڵەتێکدا خۆرێک هەیە
ڕۆژانە هەڵدێ..

2005/8/2

(83)

حیکایەتەکان لەگەڵ ئەو نەخشانەدا درێژ دەبنەوە
بۆ پیاسەیەک دابەشمان کردن..
سۆزێکی ڕووت.. هەستی پێ دەکەم
بەو شیعرانە دەگەن
برووسکەی عەشقێکی گەرم ڕفاندبوونی
شەپۆلگەلێک لە سپێدە و ئێوارەمان لە بۆسەدان..
گوڵەگەنم لەژمارە نایەن..
گوڵ ناژمێردرێن
پەپوولە ناژمێردرێن..
بێگومان خۆشەویستیش نایەتە ژماردن..
پۆشاکێک لە ڕەنگی پیرییەتی
(خانەی بکوژ) تێم ناگا
من کە سرووتی پیرۆز بە خوێندنەوە دەخوێنمەوە..
نیشتمانێک لە نێوان هەنگوین و ژاڵەدا
نیشتمانێک لە نێوان بێدەنگی و هاواردا
لە نێوان ڕاستی و درۆدا
بەرەو کوێ دەچین؟
دادپەروەری بووە بە کەمالییات
ئارەزووبازی لە خۆشەویستی بەهێزترە..
ساتێکی شەرمنە
خەونەکانمان بە پێی پەتی لە شەقاماندا ڕادەکەن..

ساتێکی شەرمنە..
هاوین ئەو مەمکانە دەشارێتەوە
بۆنی یاسەمەنیان لێ دێ..
لەم ڕۆژگارەدا
پیشەسازییەکی چەند قورسە،
پیشەسازی خۆشەویستی..

2005/8/9

(84)

سپێدە باڵـی بە ڕوومەتی گەشی تۆ دەکردەوە
تیشک هەوراز و نشێوەکانی داپۆشیبوو
دەسبازیی لەگەڵ ژێیە لە چۆلایی فڕێدراوەکاندا
دەکرد..
ئەمە نرخی سەرهەڵگرتنە
بە بێدەنگی و بە چرپە دەیدەین
چارەنووسمان تارمایی پەرییان ڕادەکێشێ
ئەوانەی بەبێ خواحافیزی ڕۆیشتن..
باڵندەی ئازاد لە ئاسمانێکی نادیارا
بە دڵی ماندووەوە..
لە کونج و ڕێگاکانی هەواداریی هەڵگرتووە.
لێشاو لە قرچەی هاویندا
لە بەردەم کاروانی پێخواساندا
هەناوگەلێک تەنها بەتاڵیی تیا دەبینی
سەرەتا وەک کۆتایی دەردەکەون
ئا ئەمەیە دونیابینی پەنجەرە تەنیاکە
کە هەر ئەوەندە حاڵییە
مۆسیقا
لە بەردەم چاوە خەواڵووەکا لێبدا..

2005/8/23

(85)

هێشتا خەون
گەمە لەگەڵ ئاوێنە هەڵخەڵەتێنەرەکاندا دەکا
کە ئاسۆی وا عەکس دەکەنەوە
شایانی ڕوانینە شینەکانی تۆن..
ڕۆژگار بە هەناسەبڕکێوە
وەک فرمێسکی ئەو ئەشکەوتانەی بەکەزییەکانت
شەختەلێدراو ، شۆڕبوونەتەوە..
جەستەیەک کەڵبەی وا کێڵاویانە
شتێک لە زانستی ساو و لێککەوتن نازانن
هەندێک جار گوێ نادەمێ
لە برینە خوێن لێ چۆڕاوەکانم دەخۆمەوە و
زەنگت بۆ لێدەدەم
لە بێدەنگی زیاتر نابیسمەوە..
بۆ هەرکوێیەک دەچم تەنیایی هاوڕێمە
شەو سارده.. سارد
منیش پڕم لە نائاساییەتی
نەمدەویست سێبەری مەمکەکانت جێ بێڵم
بەڵام تۆ هاتی ناخی ناخمت هەڵکۆڵی
هەموو مۆمەکانت کوژاندنەوە
ناچارت کردم شانۆگەریەکە کۆتایی پێبێنم و

پەردە دادەمەوە..
بێ دەستخۆشی.. بێ ئافەرین..
لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا
لە ئاسۆدا هەمیشە خۆرێک هەیە
ئێوارەکانم ڕۆشن دەکاتەوە و
بە کەزییە زێڕینەکانی دامدەپۆشێ..

2005/8/30

(86)

هەندێ جار لە بێ ئاگاییەکی کپدا
دەنگت بەسەرم دادەدا
دەمبینی پاڵی پێوە دەدەم
هەورێکی دووگیان
ئازارەکانم دەگووشم
بۆ هەر کوێ دەچم لەگەڵمدان
ئومێد لە ڕێگەدایە..
خۆزگە نەمدیبای
تاکاتێ رقم لێت دەبێتەوە
بە هێوری ڕقم لێت بێتەوە..
بە پێچەوانەی ئەو ڕۆژانەی
بە هێزەوە خۆشم دەویستی..
کە خۆشم ویستی بە توندییەوە خۆشم ویستی
خەیاڵێکم لە بۆنی گوڵانەوە بۆ دێ
کە لە یەکەم پێکگەیشتن مابوونەوە
وێنەکەت ئەوەتا لە تەمومژەوە دەردەکەوێ
ڕووەو برینان دێ
هەوڵ دەدەین ڕۆژگار بگەڕێنینەوە دواوە
غەریبین و لە تاریکیدا ڕادەکشێین
نمەی باران تەڕمان دەکا

لە تەنیاییەکی بێ سنووردا سەوڵ لێدەدەین..
جێوبالنگانمان
کە بە جێخەوی فریشتان دەچێ...
سەوڵ لێدەدەین..
منیش بە گوێتدا دەچرپێنم.. خۆشم دەوێی
دەنگ دێتەوە.. خۆشم دەوێی
ئای خۆشەویستم!
بە وەهم دەستمان پێکرد
بە وەهمیش وەهمەکانمان بەردەوام بوون
بە وەهمیش خواحافیزیمان لەیەک کرد
تەنها لەو کاتەدا زانیم
کە ڕەنگە ڕق هێرش بەرێتە سەر
هەموو بازاڕ و کووچە و کۆڵانان..
ژیان بێ ڕوانگە خۆی ئەنوێنێ..

2005/9/6

(87)

ئەم ژنە
هەر چەندە ماندووە
بەڵام وێنەی گەردەلوول
بە دوای سەرابدا ڕادەکا...
ئەم ژنە،
وا پێدەچێت واز لە هەست ناهێنێ
هەمیشە تێیدا دەگەشێتەوە..
هەندێ جار هەستی دەیترسێنێ
جاریش هەیە سەر ئێشەی پاڵکەوتن
شەرمەزاری دەکا..
لە شەڕێکی گەرمدایە
وەک بڵێی بەرەو ڕووی شکست بووبێتەوە..
ئەم ژنە،
وەک گەردەلوول بە دوای سەرابدا ڕادەکا
لە پێخەفێکەوە بۆ ئەوی دی
سەر لە دارستانی تاریکی دەدا
لە شتێک دەگەڕێ
باناوی بنێن سەرمەستیەکی کاتیی
وەک کەسێ جگەرەیەک دابگیرسێنێ
یا لە هەندێ شتی سەیر ورد بێتەوە

کاتێ لە بانیژەیەکەوە
ڕۆژگاری هەوەسبازی
بۆمبا چێندراوەکان و
ئۆتۆمبێلە مینڕێژکراوەکان..

بەم جۆرە.. ئەو ژنە تەنیایە
لە دەرەوەی پۆلدا دەخوێنێ..
خۆی بە بارانێ دەشوا
وەک گەردەلوولیش بە دوای سەرابدا ڕادەکا...

2005/9/14

(88)

گوێ بۆ دەنگت ڕادەدێرم
کە ڕۆژێ لە ڕۆژان گرفتاری کردم
ڕوخسارت لە پێشمدا بەرجەستە دەبێ.
بەڵام بەداخەوە سەرەدەرێکی درەنگ بوو
ئەو کاتە هات کە بانیژەم جێهێشتبوو
بە داخەوە..
هیچ لە تۆدا نەگۆڕاوە
تۆ تا ئێستا
لە ناو هەموو کەزییە خاوبووەکانت
کەزییەک لە (وەجد) شک نابەی
هێشتا هەر بە سەرابەوە سەرسامی
وا پێدەچێ من وشەکانم بە فیڕۆ بدەم
کینەو ڕق
وەکو خوێن لە دەمارانتدا دەگەڕێ
سرووتگەلێک هەرگیز لە ماناو جوگرافیایان ناگەی
یاری چاوشارکێ و خۆحەشاردان
لە پشتەوەی گوتاری والاادا..
ئای خۆشەویستم !
ژیان کە بەو چەشنە نییە
بۆ نایەڵی نوور بێتە ژووری

هەمیشە تاریکت
بۆچی نوور بە خۆشییەکی کاتیی دەگۆڕیەوە؟
بۆ درۆ هەردەم شوێنی دانپێدانان دەگرێتەوە؟
تا کەی بەرهەمهێنانی وەهم
من بەڕاستییەکی بێزار خۆشم دەوێی
کە هەر ئەمەشە تاقە گوناهم..

2005/9/20

(89)

داوام لێ دەکەی لەمڕۆوە بە دوا نەنووسم
ئینجا کەست بینیوە داوات لێ بکا هەناسە نەدەی؟
من ئاوەهام.. لە نێو پەنجەکانتدا خۆم دەشارمەوە
کە بتەوێ و نەتەوێ ، بوونەتە قەدەرم
خۆشەویستی سنووری نییە..
خۆشەویستی دیواری نییە..
ئاسۆیەکی بینراویشی نییە..
چەند هێشوویەک لە بازنەی تیشکدا
گەوهەری شتەکان دەشارێتەوە
لەگەڵ ڕۆژگاردا
مۆمێکە بە تێڕامانی کوژاوەمان گڕ دەدرێ..
ئای خۆشەویستم!
چەند ئازارت پێویستە
تا ساتێ سۆزم پێ ببەخشی؟
چەندت لە شەو دەوێ
تا ساتێک لە تیشکی چاوتم پێ بدەی
داوام لێ مەکە واز لە نووسین بێنم
ئاخر نووسینیش
وەک نیگای تۆ بووەتە قەدەرم
ئەی ئەو باهۆزەی ڕووەو من هەڵی کرد و
ئارام نەبووەوە.

2005/9/28

(90)

هێشتا هەر بە دوای کلیلەکەدا دەگەڕێم
زەینڕوونیمان
بەرەو ناوچەی نوێ پەلکێشمان دەکا
بەرەو کەوتنی دەمامک و
پێوەدانی با ..
بەسەر ئەسپێکی قەرەجانەوەت دەبینم
ڕەنگی درەوشاوە بەدوای خۆتدا دەهێنی
دڵنیانیم لەوەی زڵکاو چاوەڕوانت نەبێ
من گومانم لە ئێش هەیە
نەیەتە ڕێگات
هەست بەوە دەکەم
لەوانەیە شنەیەک بەسەرماندا بدات
لەو کاتەی باوەشمان بە یەکدا کردووە
لە بێئاگابوونێکی وەهمیدا
تێکەڵی کەلاوەکان دەبین و
تەوقە لەگەڵ ئاسمانی گێرەشێوێن دەکەین
لەو کاتەدا بێمانایی
وێنەی ڕەشەبایەکی سەرشێت لەدایک دەبێ
ئەوسا پێکەوە

بە دوای فرمێسکێک بۆ چاومان دەگەڕێین
بۆ ڕووبارێک
بەسەر جەستەی شەکەتمانەوە بڕوا
وەک تریفەی مانگ..
وێنەی ئاوازێکی بێکۆتایی بەسەر جەستەتدا.

2005/10/4

(91)

تاریکایی بێنەوە بەرچاو
وەک کەسێ ،
جووت لە کێڵگەی هەناسەی بکا..
خەیاڵی سیماکانی خۆت لەبەر ئاوێنەدا بکە
سیمایەک لۆچی دڵڕەقی تێدا دەرکەوتووە
سیمای دیکە پرووشەی باران دەیشواتەوە
ڕکابەری بەردەوامە..
ژیانیش بێگومان بەردەوام دەبێ...

ڕۆژێ دێ
ویژدانە نوستووەکان بێدار دەبنەوە و
خۆیان بە بەردی چارەنووسا ئەدەن
کە جێی بەزەیی پێدا هاتنەوەن..

دیارە هەموو شتێک دەتوانرێ مینڕێژ بکرێ
لە ئۆتۆمۆبێلەوە تا مرۆڤ
تەنها خۆشەویستی نەبێ
خۆشەویستی ئەگەر هەبێ
لەوانەیە گوڵێک یا فرمێسکێک
بیکاتە ئامانجی خۆی
یاخود خەندەیەک..

بەڵام قەت ناشێ
ببێتە نیشانەی گوللە
یا بە درۆیان بخنکێنرێ.

2005/10/11

(92)

دواجار
پاش هەموو دەردەسەری و
هەڵشاخان لەگەڵ خوود و
دڵی نەفرەت لێکراودا
گەیشتمە ئەوەی
دۆسیەکان دابخەم
کە پەیوەستن بە هێرشی سەر ئیرادە
غەزای ڕق لێبوونەوە..
بۆنی زڵکاو
دەتگوت فرمێسکە بە قووڵایی
لۆچەکانی دەم و چاوتا دێتە خوارێ..
کە لە گۆڕاندا بەردەوامە..
لە کۆتاییدا دەرکەوت
هیچ چەکێکت پێ نەماوە
چەکی لەناوبەر ، چەکی ئاسایی
تا بەبێ ئەوەی بە خۆت بزانی
یا ڕەهەندەکانی لێک بدەیەوە
دوا وشەت ڕاستگۆیانە
بۆ یەکەمین جار لە دەم دەرچوو!
کەواتە باوابێ
ئیتر گوێم لێ ناگری..

بەمەیش بێ ، بێ ئەوەی بزانی
لە دەستی ئاگری خامۆشبووت.. ئازادت کردم..
بەڵام دەبێ ئەوەت لە بیر نەچێ
لە هەموو حاڵەتێکدا خۆرێکی هەمیشەیی هەیە
بۆ هەموو ئەوانەی ڕووناکاییان خۆش دەوێ.

2005/10/18

(93)

من باڵندەم لە ئاسمانی چاوتا دەفڕم
چرپەیەکی سۆزڕێژ
نەورەسی نیگاکانت لە باوەش دەگرم
کە لە نێوان گومان و دڵنیاییدا
سەریان سڕماوە..
چیتە دەڵێی لە ئیرادە داماڵراوی
بە داخەوە تاریکی مەمکەکانتی داپۆشیوە و
لۆچیی هێرشی بۆ هێناون
کە ڕۆژێ ،
لەو کاتانەی تۆ لە دووڕیانێکی نادیارا بووی
دوا پەناگەم بوون.
من باڵندەم
دەفڕم (بەبێ ئەوەی هیچ لە زانستی فڕین و
کەشی بەرزەفڕی و
جوگرافیای جەستەی ڕاکشاوی
ژێر ڕێژنەی بارانی خۆڵەمێشییەوە بزانم)
بۆچی خۆشەویستم؟
چیت لە ڕاکردن بە دوای سەرابەوە چنگ کەوت.؟
چیت لە ژێر باڵـی شێوێندراوەوە دۆزییەوە؟
کە هاتبوو خامۆشت کاتەوە..

وانیشان دەدەی
بە سروەی خۆشەویستیەکی ئەبەدییەوە
هەڵبووی..
لێ داخ ..
برین قووڵە..
شووشە شکاوە
ئیتر کۆ ناکرێتەوە و
پێکەوە نانووسێتەوە....

2005/10/25

(94)

لە ژێر باڵی وادا خۆم حەشاردا
سۆزی زەوی لە فڕینی خستوون
خەواڵوو بووم ، باوەشێک بۆ خۆی ڕاکێشام
ڕاکشاو..
تا ئەو پەڕی گینگـڵم ئەدا
من خووم بەو گرتبوو
ئەویش بەناز و مەکری دەمارەکانمی دەکووتا
بەو ئاڵـوودە بووم
نەمدەزانی ئـاوڕ بەلای ڕاست و چەپدا بدەمەوە
ئەویش لە نێو ئاپۆرەی هیچ و پووچان ڕێی گرتبوو
ئەوانەی بە دەست بەسەرداگرتن،
دەستیان بەسەر ڕۆژگاردا گرتبوو
بە قاوەیەک نایخۆینەوە
بەڵام ئەو ، ئەو ئەوەتا ڕێی گرتووە
لە هەوەسی کاتیی بەدەر..
لە پیاسەیەک ،
کە ئەو بە ئاوازی خۆشەویستی دەزانێ
لە وەنەوزێکی کاتیی زیاتر نییە
لە ژێر باڵـی تاریکیدا چیتر نازانێ..

من لەودا پاشماوەم ماوە
لە چرکەو دەققە و سەعات و
ڕۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵ
لەسەدای هەناسەبڕکێ
لەودا پاشماوەم هەیە
چراوگی بەفرمێسکان دایساو!
باهەرگیز لەو خەیاڵەدا نەبێ
خەم کۆتایی نایێ
ئیتر ئەوکەسەم دۆزییەوە
ببێ بە ئاودەنگ بە هاوخەمم
ڕۆژگاری چەپەڵ بڕۆن وێڵ بن.

2005/11/8

(95)

ئەو پەیکەرانەم هێنانە گۆ
مافیاکانی قاچاخ لە مەزرایێ فڕێیان دابوو
چەندین جار بێهوودە
لە دەرگای پاسەوانانمان دا
ئەوەیە ڕۆژگاری نەخشێنراو
بە درۆ و ڕیا و دووڕوویی
ڕۆژگاری ئەو پاشایانەی
بەسەر گۆچاندا کەوتوون..
کەنارگەلێک تەنانەت گەمییە بچووکەکانیش
لەنگەری تێدا ناگرن
ئەم گەڕەلاوژانە توندوتیژن
لە ئاودا ڕەوانی و
لە زەنگ زرنگانەوە و
لە سیمای غەریبانیشدا گەشایەتی وەردەگرن.
سپێدە لە کازیوەوە
ڕێگەیش لە سەرەتاوە دەڕوخێنن..
ئەوانە داگیرکەری تازەن
خراپەکاری لە زەمیندا بڵاو دەکەنەوە
بێ ئەوەی بزانن بۆ چی و بۆ کێ؟
ئیتر با سنوورێک بۆ ئەو دڵڕەقییە دابنێین

پەنجەرەکانمان لەبەر چاو دەشارنەوە
پەناگەیەک بوون بۆ ڕامان لە هەور...
لە باران ..
با ئاوازی دێرینمان لێبدەینەوە..
ئاوازی خۆشەویستی و دەرکەوتن و
درەوشانەوە..

2005/11/15

(96)

ئەوە ساچمەی شادییەکی لە ناکاوە
لە پەنجەرەڕا ، تاکە ڕێی ڕووناهی.. دێتە
ژوورەکەمەوە..
گۆی مەمکان لە خۆشەویستیدا سەما دەکەن
سەرمەستییەکی سەیر ، نەمدیوە
وێنەی تەم دەخزێتە پێخەفم
کەشوهەوا مژدەی بەهارێکی دیکەی پێیە
منیش هاشەی ڕەشەبایەکی سەرشێت دەمترسێنێ
چاوم بەشی ڕوانینم ناکەن
گەر بمەوێ ئێشی شادی کۆکەمەوە..
باوەشم لەوە تەنگترە
ئەو بەژن زراڤە بە خۆیەوە بگرێ.
سنگیشم لەتوانایدا نییە
لەگەڵ ئەو هەموو ساچمانەدا بێتەوە
هێرش لە پەنجەڕایە
تاکە ڕێی ڕووناهی
من چی بکەم؟
لەو بەریش
مێگەلێک هەوەسباز

بەهاناسەبڕکێ و
هێدمەی نائاساییانەوە
لە بەرامبەر پەنجەرە ئاساییەکەم دان..
کە یەک بە دوای یەک
ساچمەی پێدا دێنە ژوورێ..

2005/11/22

(97)

هەندێک جار بێداری دەمترسێنێ
من بە وەنەوزەوە ڕاهاتووم
ڕەنگە بۆ تۆزێکیش بێت
لە دڵڕەقیی هەڵوێستە هەرزانەکان دوورم دەخاتەوە
کە گێژەنی ڕۆژگارە دەمامکدارەکان تووڕی دەدەن
بۆرە پیاوی
لەگەڵ سۆز و باراندا هەڵگیرساندووە
پەپوولە
باڵیان کردووە بە قوربانی بایە سەرشێتەکان
لە ترسی ئەوەی نەبادا
بیانخەنە ناو بازنەی تیشکە بکوژەکان..
تاریکی دەست لەگەڵ
چەهرەی لۆچاوی مانگی خەمبار
تێکەڵ کردووە..
چرپەیەک ، نازانم لە کوێوە دێ
خەندە و پێکەنینم بریندار ئەکا
هەنگاوم تێکدەئاڵێنێ
دەنگێکی کز بانگم ئەکا
ئاوڕ لە ڕاست و چەپی خۆم ئەدەمەوە
کەس نابینم

وشەکانم باڵ دەگرن ، دەفڕن و
لە تەنیاییدا
لەگەڵ پۆلی سەدادا جێم ئەهێڵن
ڕێژنەیەک لە ئاوازی ساردوسڕ
هەنگاوم.. تێکدەئاڵێنێ..
پاشان..!

2005/11/29

(98)

خۆشەویستی وا نییە
لە بێبەشی و دووریدا تێرم بکەی
ئەمە دڵڕەقییەکە، هیچ دڵڕەقییەک نایگاتێ
کەزییەکانت
بۆ ڕەوی قەلەڕەشان ڕادەخەی
تێدەپەڕن ..
تۆش لە زەویدا ڕاکشاوی
بێی ئەوەی بەزەییت پێدابێنەوە
باڵت نییە..
بچن لە نێو گەڵای درەختێکی هەمیشە سەوزدا
جێگیر بن
ئێش و ئازاری ڕۆژگاریش لە دڵمدا کەڵەکە دەبن
سیما ڕۆچووەکانمان لە نێو مانا و بێمانایيدا
ماندوومان دەکەن
ئێمەش لە ژێر قیبلەنومای خۆڕازاندنەوە
شەڕ لەگەڵ (بـا)دا دەکەین
ڕێوڕەسمی ڕق لێبوونەوەیش
لە بەردەم ئاوێنەکی هەڵواسراودا
دەستی پێکردووە..
شێواندن لە ئێمەیە یا لە ئاوێنە؟
چاوی ڕاستەت هەڵدەگڵۆفی

لێ لە ئاوێنە وا دەردەکەوی وەکو ئەوەی
چاوی چەپت بێ
لێدانێکی لە هیکەوە
وەک هەمیشە لە پشتەوە..
ئای خۆشەویستم..
ڕۆژگار ڕۆیی و ئێمە نەکەوتینە باوەشێک
یا گوڵەگەنمێک
خوێن و دەمامک تەمەنی کورت کردینەوە
ڕامانمان لە دووتوێی
پەنجەرەیەکی پشتگوێخراو
ئەوەی بە تەنیا
دوای ئەو هەموو بوومەلەرزانە
هێشتا ماوەتەوە..

2005/12/4

(99)

ئاوڕ لە دواوە مەدەوە
ئێمە لە هەڵایسانی مێژوو و جوگرافیاوە نزیکین
با بەشێک لە ڕووناییی فرمێسک و
بۆنی گوڵە کێویلان وەربگرین
کە بۆ چارەنووسی خۆیان بە جێهێشتراون
بێ بەهایە..
بێ بەهایە ئەو گێژەنەی
لە وشکاییەوە هاتووە و
بە نێو لۆچاییەکانی چەهرەماندا دەڕوا و
پەنچەرە دەرکێشراوەکانمان دەکووتێ

ئاوڕ مەدەوە..!
منم لەبەر خۆمەوە گۆرانی دەڵێم و
دڵنەوایی دوا سەرەتاکان دەکەم
شەپۆلی لمیش سەراب تووڕی ئەدا
بە ئیجازەی خۆت!
دەکرێ خۆشەویستیمان. هەڵنێینەوە؟
کە بە بوومەلەرزەی درۆیان داڕماوە؟
داوای لێبووردنت لێ دەکەم.. دیارە کە ناکرێ..

وشە و تیپەکانم هەمووی لێ ون بوون
هیچم بە دەستەوە نەماوە
ئەوە نەبێ لەبەر خۆمەوە گۆرانی بڵێم
ڕەنگە گۆرانی بەخۆداگوتن
لە ڕۆژگاری نابیستان
زۆر چاتر بێ
لە زۆربڵێیی و درێژدادڕی..

2005/12/20

(100)

وەختێ بە دەست لێکووتان دەمدیتی
پەپوولەکانی غوربەت
لەسەر درەختی کەناراندا کۆدەبوونەوە
بە هەناسەی باهۆز و تەموتومان سەمایان دەکرد
ژنێکی ماندووش وەستاوە لێیان ورد دەبێتەوە و
فرمێسک دەبارێنێ..
بۆ سەنگەری شادی ، لە هەموو شتێک بەتاڵ
لە شوێنی پێی نەبێ..
کە وەهم جێ دێڵێ و دەڕوا...
ئێش و ئازاری زەمانە دوایی نایێ
لەگەڵ ئەوەشدا ژیان هەمیشە جوانە..
هەمیشە پڕە.
ئەمە ئاوازی بوونە
لە گوێماندا دەزرینگێتەوە و
بە جەستەی شەکەتمانەوە دەنووسێ..
منیش بە دەست لێکووتان دەتبینم..

2005/12/27

(101)

کەمەندێک لە نادیارییەوە شۆڕ دەبێتەوە
چارەنووسم وایە
لە تەلانی وێکنەچوونەکانەوە پێی بگەم
چاوم هەڵگڵۆفم
لە کاتێکدا
خەریکم جگەرە بە جگەرە دادەگیرسێنم
لەولاش ، لەو دیوەوە
دڵێک لێدەدا..
دەڵێی کاتژمێرە..
لە قووڵایی ڕووبار لێدەدا
ئەمە ئەو بێدارییەیە
بۆ خۆیمان ڕادەکێشێ
کە هەندێ جار
بە خۆشەویستی ناوی دەبەین
هەندێ جاریش هەواداری
گریانمان لە ناودا دەچێنێ
چەند شتێکیش لە ژیان و مەرگ..
بێ دەستی خۆمان پێی ڕاهاتووین
لەوانەیە بتەمرۆڤ بن
یا سێبەری جەستەی شاراوە

لە ژێر باری درِندایەتیدا بناڵێنن..
ئەو ، تەنانەت خۆیشی
لە بەردا نییە
جار هەیە ناوی دەبەین
هەندێ جاریش بێ ناو بەجێی دێڵین
ئەمە بێداربوونەوەیە
یا ڕەنگە وەنەوز بێ ، جیاوازی نییە
بێ ویستی خۆمان ڕاماندەکێشێ.

2006/1/3

(102)

مانگ لە ڕیزی ئەستێرە خەواڵووەکاندا
باهۆزی دڵەڕاوکێ خلۆری دەکاتەوە
لێ داخ
مانگ بە ورشەی
لە زۆنگاوەکەدا هەڵبەز و دابەزیەتی
من هەڵنایێم
دەرگا و پەنجەرەکانیشم داناخەم..
شەڕەکان بوون شادییان تیرۆرکرد
تا خۆڵەمێش دەربخەن..
دان و ڕەگ بە ڕووتـی
بەسەر باڵتۆی کۆنمدا تێدەپەڕن
جاری وایە پاساو بە پێچانەوەی خەمەکانم دێنمەوە و
ڕێگا بە پێچ و گەوەکان دەگرمەبەر
هەندێ جاریش
سەر بە گاشە بەردێکدا دەکێشم
تا ئەو شتانەی تێیدایە بزرنگێنەوە
کە بە ناشوێن و ناکات دەچن
هەندێ جار دەبریسکێمەوە
ئاخرمنیش
زۆنگاو بۆ خۆیم ڕادەکێشێ

کە مانگ بە تریفەی هەڵبەز و دابەزی تێدایە
ژنێک ،
ئەویش ڕەنگە بچێتە ناو زۆنگاوەوە
لەوانەیە بۆ ماوەیەک
بە قەد ماوەی
داگیرساندنی جگەرەیەک و کوژاندنەوەی
هەڵدێر ڕامانەدەکێشێ
ئێمەش بەداخەوە سەرمان سڕماوە
بەرهەستیمان جێ ناهێڵین
تاریکستانیش بەرەو نادیارمان دەبات
داخۆ دەبێ چیتر
پاش هەڵوەرینی دەمامکەکان
داخۆ بۆمان هەیە
بڵێین »ئێمە بە هیواوە حووکم دراوین؟«

2006/1/24

(103)

ئەی هەوری دوور و نزیک
لێمان گەڕێ بەتەنێ بین
با بە تەنیا شووره و سنووران
تێکبشکێنین و
بەسەر دڵمانی دابدەین
پەناگەیەک نەما داڵدەمان بدا
خاکێکی سەیرە
ڕێگەی وێڵی لەسەر کێشراوە
ڕۆح تێکشکاوە
لە یادیشدا پاشماوەی کاوبا
ناومان ناوە خۆشەویستی
کە لە ڕاستیدا
لە جانتای پیاسە زیاتر نییە
هەموو ئەو شتانەی تێدا دەشارینەوە
پەیوەندییان پێوە هەیە
سۆزم ژنێکی شینی مەکرباز ونی کرد
وێنەی سەرابێک بە دوویدا ڕادەکەین
نە بۆ ئەوەی بیگەینێ
بەڵکو بۆ ئەوەی بیخۆینەوە
ئەی هەورەکە! گوێ ڕادێرە..
بڕوانە کۆنە هەواران

تەماشا چڕنووکی ڕۆژگاری بێ وەفا
بە زوڵم و تاریکستان تیژ دەبێتەوە
ئای.. خۆشەویستم!
ئێمە وەک دەیبینی نزیکین
لەو ملوانکانەی
بە شەوقەوە لە عەشقدا دەبریسکێنەوە
قەسیدەکانیش
لەژێر دڵڕەقی ڕووناهیدا ناڵەناڵیانە..
چەندان جارە لە دارمانی سەراب و
بەخۆداگوتنی پێشمەرگ
لە پێناوی چاوەکانتدا
لە پێناوی چرکە ساتێکدا
کە بەسەرمدا مەستانە دەبارێ
وەک خۆ لە جەستە سووینت
ئا ئەوە ئەو هەورە بوو
بەتەنێی نەهێشتینەوە
شوورە و سنووران تێکبشکێنین.

2006/1/28

(104)

ئەگەر باران بەم توندوتیژییەوە
ناکاو بۆردومانمان بکا
چی لەگەڵ بێهوودەیی ئیرەییزەدە و
مێگەلی هەوەسباز و
هەستە ڕەشەکانیان بکەین؟
چی لەگەڵ لۆچی پێکەنینە مردووەکانیان بکەین؟
بەڵام.. نا
باران خیانەت لە هاوڕێیانی ناکا.
ئەو تەنها ئەوەیە جاروبار ختووکەمان ئەدا
تا هەست بە حەقیقەتی خۆمان بکەین..
ئەوە پیاسەیەکی زستانی
هەژار و نەدارانی نیشتمانەکەم بوو
لە سەردەمی بۆمبی تەوقیتکراو و
ئۆتۆمبێلی مینڕێژکراودا
سەردەمی مێژووی لە جوگرافیا دوور و
جوگرافیای ژێر باڵی باڵدارە ئەنفلەوەنزاگرتووەکان
شێردراوەتەوە..
ئای بارانی تووڕە
چەند گیانی بێ تاوان و
کۆنە پاتاڵت دەوێ

لە دۆڵاب و باول و
جلی شڕی پینەکراو..
کە هەر ئەوەندەش
لە دارەتی دونیایێ شک دەبەن...
بە چەند نیگای شەکەتی منداڵان
کپ دەبیەوە؟
ئای باران
» هەتا تۆیش..«

2006/2/7

(105)

ها نەژاد خەریکی چیت
لەگەڵ هەموو ئەو ئەگەرانەی
جێی بەزەیی پێداهاتنەوەن و
بازاڕیان تەنیوە؟
چی لەگەڵ مانگی سارد و سڕدا دەکەی؟
لەو شەوانەی شنەبا هەڵدەکەن
کە لە ئازاری ڕۆژگارەوە هاتوون؟
هەزار بە هەزاری مەمکان..
لە ڕۆژگاری ڕق و کینەدا
لە خڕۆکەی نوور دەچوون..
چی لە (ڤاڵنتایین) دەکەی
هەژموونی سواڵکەرە پۆستمۆدێرنەکان
کە تێڕوانینە خامۆشەکانییان
وێنەی شمشێری دارین دەخەنە ڕوو
بە دوای لووتکە و بەفرەوەن..

ها نەژاد!
چی لەگەڵ مانگی سارد و سڕ و
بۆرەپیاوە سەرخۆشەکان دەکەی
کە لە هەڵایسانی پێک ناگەن و
بەخۆڵەمێشی بۆگەنیان

خۆشەویستی مینرێژ دەکەن..
چ دەکەی نەژاد؟
لەگەڵ ڕۆژگاری سپڵە
کە بووەتە جێی پووچیی و
زڵکاوی ئەستێرە خەمبارەکان.
چییان لەگەڵ دەکەی نەژاد.. براله؟

2006/2/14

(106)

لێمان گەڕێ با نەختێ باس لەو دارستانانانە بکەین
تەنیا ،
لە ڕۆژانی نەمانی سووتەمەنیدا
بە بیرمان دێنەوە..
ئەوانەی
تاریکی و نووریان پێکەوە لێ دەژین..
لێمان گەڕێ نەختێ قسەیان لێ بکەین
ئەو ڕۆژانەی بە زۆر پێیاندا دەڕۆیشتین
بە زۆریش لێیان دەهاتینەدەر
سڕیی ئەو گەرمییەی باسیان دەکرد
نایدۆزیتەوە
لە سێبەری ئەو درەختە پیرانە نەبێ...
با چاوەکانمان هەڵگڵۆفین و پێیاندا بڕۆین
وەک ئەسپێکی سەرشێت
پێخواس.. پاک پێیدا دەڕوا
بۆمان هەیە (مەزمووری) نوێ بنووسینەوە
لەوێ لەو زەوییە دەست لێ نەدراوەدا
کە خێڵی دزوجەردانی نەگەییوەتێ
هەر لەوێشدا بۆم هەیە خۆم
لە ژێر باڵەکانتدا بشارمەوە تیشکی گەشاوە
تەنیا لەوێدا...

2006/2/21

(107)

سیمات ماندووە
وەختێ لە ژێربارانی چاومدا خۆت دەشۆی
وەک ئەوەی لە شتێک بگەڕێی
وەهمی دەنگ بەسەرتدا ئەدەن
بێهوودەیش لە گوێتا دەزرنگێتەوە
بۆ سەرت سڕماوە
دوا شکست لە جەنگی جێخەوی سووردا
بنکۆڵ کرا.
هەموو ئەوەی دەیبینی و نایبینی
گەرداوی ژیانە...
درەختی سەرەڕێیان
بەلیتاو دادەپۆشێ و
چەهرەت بە لۆچیی و کەندڕان دەسپێرێ
خۆشەویستی لای تۆ پەنجەرەیەکە بە ڕەنگی دیوار
زۆر دوورە لەوەی هیوا بخوازین بیبینین
لای منیش ئاوازێکە بەڕەنگی ئاو
بێدەنگی و سەدا پاک دەکاتەوە.
جارێکی دی خۆشم دەوێی
لە بێ ئاگایی ڕق و کینە و
چاو لە چاوبڕیندا
کاتێ دەرک بە کات دەکەی

کە لە نێو ئەو ئامێز و ئەوی دیدا ون دەبی
ئای ژنە شینەکە!
لە سەردەمی بێ پەردەییدا
جورئەت بدە خۆت و چاو بنووقێنە
ئێمە لە جەنگێکداین سوێندم خواردووە
لە دەرەوەی ڕوانینەکانیش بێ
بیگەیێنمە سەر.

2006/4/26

(108)

لە دواییدا نەژاد
پاش ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆژگارێکی درێندە
کە لەبەر دەمتدا ڕاکشابوو
پاش ئەو هەموو بۆگەن و ڕق و کینە و
هەلپەرستییە...
کە هەمیشە دەتویست بە خۆشەویستی چارەسەریان
بکەی
ئەو بوونەوەرەی پێدەچێ
لە بەرەکانی جەنگی شاراوەی ترسنۆکان
بێخەبەر چووبێ..
ئەوە تۆی نەژاد؟
لە کۆتاییدا گەیشتیە ئەوەی دادگایی بکرێیت
بە تاوانێک ڕووی نەداوە!!
سەدای وێڵ
بە دوایی شتێکدا دەگەڕێ..
لە ناو.....
ئەوەتا من لێرەم نەژاد
ئەی کۆپییەکی ماندوو لە خۆم...
بێداریی
ئەوەتا بەرەو ئاراستەی تێکدانی وەهم دەچێ..
کلیلی خۆری هەڵاتوو لە دەستی مندا

هەر دەبێ تاریکی بە دەوری خۆیدا گرمۆڵە بێتەوە
وێنەی باڵۆنە کون بووەکان
ئیتر کۆمپانیای دروستکردنی وەهم
بێ سوودە..
فایلەکانت هەڵگرە و بڕۆ
بڕۆ نەژاد..
بڕۆ...

2006/3/1

(*) ئەوە دوای دادگاییکردنم نووسرا ، لەسەر بڵاوکردنەوەی هەواڵێک لە ڕۆژنامەی (خەبات) ناحەقی تێدا خرابووە ڕوو کە ئەوسا من سەرنووسەری بووم .

(109)

بارگەیان تێکناو نەهاتنەوە..
دەنگی نووساو
لە شەوقی شەقامە ساختەکاندا
وا دەردەکەوێ ئومێدی چاکبوونەوەی نەبێ..
لە گەڕەلاوژەی سەدای زەنگەکانا
پێناچێ
لەگەڵ غوربەت ڕاهاتبێ
بۆنێک بەسەر سەداماندا دەدا ..
دەنگی نووساو..
هیچ لە ئارکیۆلۆژیای تەمەن و
سەدای بینین نازانێ..
لەگەڵ شوێندا پێکدا ئەدەن
بەڵام دان بەشکستیان ناهێنن
دارستانێک.. دووان.. سێ
لەگەڵ دەوروبەری خۆمدا دەدوێم
لەوە بەدەر شک نابەم
بۆ مەملەکەتی خۆشەویستی و دەروشانەوە بگەڕێمەوە
چوون دەنگی نووساو
لە شەوقی شەقامە تاریکە ساختەکاندا تواونەتەوە

تەنها ئەمەم بەدەست ماوە پێیان بڵێم
کە هەر ئەوەش دیدی منە
(ئێوە کوردستانی خۆتان هەیە و
منیش کوردستانی خۆم..)

2006/3/8

(110)

دەشێ ئەم (بانیژە)یە
بانیژەی خواحافیزی بێ
یا دەست ڕاوەشاندنی
خواحافیزی بەسەر بانیژەیەکەوە
بە بێدەنگی خۆمان هەڵماننا و
بەشنەی با نەخشاندمان
کە هەندێکیانمان لە ڕەنگی سپێدە دزی و
هەندێکی دیکەش لە چرپەی شەوگار
زۆرجار بە وڕێنەیەک دەچوو
کەس لای لێ نەدەکردەوە
سۆزێک لە ناخەوە دەردەچێ
وەفای تێچووە،
ئەو بوونەوەرە نامۆیە
یا گوڵێک لەجیاتی چرا
لە وێستگە خەمبارەکان هەڵیدەواسم
قەت ڕۆژێک ڕوانینی ڕێبوارانم
بەلاوە گرنگ نەبووە..
ئەوە وەسوەسەی من بووە...
وەسوەسەی مرۆڤێک
بۆ درەوشانەوە و نوور

ژیاوە و دەژی
بەم جۆرە دووبانکەکەم جێ دێڵم و
پەردە دادەدەمەوە
مانگ و ئەستێرانیش
بۆ ئەوانە لێ دەگەڕێم
سترانیان بۆ دەچڕن...

2006/6/21

هەوڵەچاپکراوەکانی

نەژاد عەزیز سورمێ

1) لە بواری لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسیدا:

- ـ ڕۆژنامەگەریی کوردی و ڕۆژنامەنووسی کورد ـ 1984 ـ چاپی یەکەم بە ناوی خوازراوی (پاکزاد محمد کریم)، بڵاوکردنەوەی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان (لە شاخ) 1984.
  ـ چاپی دووەم بە ناوی سەریحی نووسەر ، هەولێر چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین 1991.
- پرۆژەیەک بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بە کوردی ـ لێکۆڵینەوە ـ گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) بەغدا، پاییزی 1986.
- هەڵەی چاپ ، ئەمڕۆ و ئاسۆی دواڕۆژ ـ لێکۆڵینەوە ـ بە دوو بەش، ڕۆژنامەی (هاوکاری) بەغدا 1988
- وێنە و کاریکاتێر و تایپۆگرافیا و بەکارهێنانیان لەڕۆژنامەگەریی کوردی دا ـ لێکۆڵینەوە ـ بەسێ بەش، (گۆڤاری کاروان ژمارە 85و86و87)ی ساڵی 1990.
- برایەتی: یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانە لەمێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی دا. (لێکۆڵینەوە و بیبلۆگرافیا)
  ـ یەکەم گۆڤاری (یەکگرتن) ـ هەندەران (دانیمارک) 1991.
  ـ چاپی یەکەم بەکتێب چاپخانەی خەبات1991 ـ چاپی دووەم چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ هەولێر 1997. چاپی سێیەم 2021 بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی (خەبات).
- ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان (ئاداک ـ ADAK)
  ـ پرۆژەی دامەزراندن و بەڕێوەبردن ـ لێکۆڵینەوە ـ ڕۆژنامەی (برایەتی) بەسێزدە ئەڵقە1993.

- چاپی یەکەم بە کتێب هەولێر1993،
- چاپی دووەم بەکتێب چاپخانەی خەبات دهۆک1997.
- چاپی سێیەم هەولێر2005.

- درەختی بنکۆڵ کراو: پەنجەنمایێکی ڕۆژنامەنووسییانە بۆ باری ڕووناکبیری و کلتووریی کوردی (1975 ـ 1994)
- چاپی یەکەم کوردستان1995
- چاپی دووەم سوید1996
- چاپی سێیەم ـ هەولێر2006.

- ئازادی لە بەهاری تەمەنیدا ، وتار لە بارەی ڕۆژنامەنووسییەوە، چاپی یەکەم هەولێر ـ 2005.

- ڕۆژنامەگەریی کوردی ـ چەند سەرەقەڵەمێک لەبارەی تەکنیک و هونەرەکانی ـ چاپی یەکەم هەولێر1999.
- چاپی دووەم 2006.

- شار لە هەڵبوون و کوژانەوەیدا ـ وتاری ڕۆژنامەنووسیی ـ چاپی یەکەم 2005.

- میدیای کوردی لە بازنەی گەمەکانی سیاسەتدا چاپی یەکەم ـ 2020.

2) شیعر :

- ئەوشەوانەی خەوم نایێ: چاپخانەی (النعمان) نەجەف ـ1977

- تاڤگەی مەند. چاپخانەی (شفیق) بەغدا ـ 1987.

- چەند کۆتەڵێکی جەنازەیی: چاپی یەکەم ئیتاڵیا 1994، چاپی دووەم کوردستان دهۆک 1995 .

- هەندێ لەوشوێن پێیانەی بەسەرشەختەدا مابوونەوە ـ چاپی یەکەم کوردستان 2005.

- تاڤگەی مەند و ئەوانیتر ـ کۆی 4 کۆشیعر پێکەوە ـ چاپی یەکەم کوردستان2005.

- بەو ڕێیانەدا تێپەڕیم ... لەو کانییانەم خواردەوە ـ

چاپی یەکەم2010.

- ئەوەی لە دواخوانی برایاندا نەگوترابوو ـ
چاپی یەکەم 2015.
- کەویە بەفرەکانی دۆزەخ ـ
چاپی یەکەم کوردستان 2016
- تەلارساز و هەندێ لە زیندەخەونەکانی ـ چاپی یەکەم 2018
- کاژە بەژن بڵندەکانی ڕۆژهەڵات ـ چاپی یەکەم 2020 .
- (شرفة) بەزمانی عەرەبی، چاپی یەکەم چاپخانەی خەبات دهۆک 1998، چاپی دووەم بەکوردی بەناوی (گەمە شاراوەکانی با) بەوەرگێڕانی ڕەوانشاد نەجات حەمید ئەحمەد و پێداچوونەوەی نووسەر 200 .
- (وطن في حبة رمان) کۆشیعری هەڵبژاردە ـ بە وەرگێڕانی: محەمەد حسێن ئەلمهندس بۆ عەرەبی . چاپی یەکەم 2021 .

3) لە بواری وەرگێڕاندا :

- نووستووی بەرباران: شیعرلەفارسییەوە ـ چاپی یەکەم بەغدا چاپخانەی (عەلا) 1980، چاپی دووەم بەزیادکراوییەوە ـ هەولێر ـ 2005.
- ڕێگاوبان ، پێنج چیرۆکی درێژ و شانۆییەک لە نیکۆلای خایتۆفەوە ـ چاپی یەکەم ، چاپخانەی (الحوادث) بەغدا1983بڵاو کردنەوەی کتێبخانەی (حەیدەری) .
چاپی دووەم هەولێر ـ دەزگای موکریانی2005
- سەرەتاییێک بۆتێگەیشتنی هونەری شێوەکاری.
ـ چاپی یەکەم چاپخانەی(حسام) بەغدا 1986.
ـ چاپی دووەم ـ هەولێر ـ دەزگای موکریانی2005.
ـ چاپی سێیەم ـ هەولێر2015.
- چەند نامەیەک بۆ تارانتابابۆ: نازم حیکمەت .
وەرگێڕان لەعەرەبییەوە .چاپی یەکەم ـ
چاپخانەی (الزمان)بەغدا1990،چاپی دووەم ـ سوید ـ
کتیبخانەی ئەرزان. چاپی سێیەم کوردستان2005 .

- دایکی کورد ـ دانیێل میتران (بەشێک لە یاداوەرییەکانی) وەرگێڕان لەعەرەبییەوە،چاپی یەکەم1996، چاپی دووەم2011 .
- شوانی بۆشایی ـ شیعر ، چاپی یەکەم ـ کوردستان2010 .
- سترانبێژی شەقام ـ شیعر ـ چاپی یەکەم 2016 .
- خەونمان بۆ زستان دی ـ شیعر ـ چاپی یەکەم 2018 .
- (ئێمە کە بەخێرایی شەڕ گەورە بووین) ـ شیعر چاپی یەکەم 2022

4) پیشانگاکانی کۆلاژ ـ ناوەرۆکی 6 پیشانگا

- پاییزی چاوەکان، کۆلاژ لەتاراوگەی شیعردا وەزارەتی ڕۆشنبیری ـ هەولێر1998
- چاوەکان هەمیشە چاوەکان ، کۆلاژ لەشەختەدا ، وەزارەتی ڕۆشنبیری1999
- دیسان چاوەکان ـ چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری2005 .
- ساوی شتان لەفۆتۆگراف دا ، چاپی یەکەم2008 .
- هونەری کۆلاژ ـ مێژوو .. تەکنیک .. ئەزموون ـ چاپی یەکەم کوردستان 2018.
- دیدار لەبارەی شیعر و ڕۆژنامەنووسییەوە ـ چاپی یەکەم 2018 .
- بێجگە لە دەیان شیعری وەرگێڕدراو و نووسینی دیکە لە کات و شوێنی جیاجیادا بە کوردی و عەرەبی.

●

نـــاوەڕۆک

شەوبا 5
گارنیکا 8
بەفـر 12
ئاواییە خەمبارەکەم 13
لێت نابمەوە 14
بێپەروایی 17
توانەوە 22
هەیوە شەوێ 24
پەلکەگیای نەورۆز 26
ئاودەنگی 27
دەربەند 31
(.....) 34
هەڵایسان 36
ڕێبوارێ 38
تاڤگەی مەند 40
پووشی بەرهەتاو 45
پاردە 48
ئەم زریانە شێتە (1) 49

ئەم زریانە شێتە (2) 52
سپیبوونەوە 54
پەیوەندی 57
ئەزموون 59
وڵاتی ناو دەنکە هەنار -1- 69
وڵاتی ناو دەنکە هەنار-2- 70
کەش و هەوا 74
خــەون 76
شتێک لەمێژووی ئاوابوون 78
پەراوێــز(1) 83
پەراوێــز(2) 86
خەرەندی گوێیەکان 91
کوژانەوەی سەرچاوەکان 93
تـــۆ 96
چەند کۆتەڵێکی جەنازەیی 99
باویشکەکانی مێژوو 103
لە ترپەی دڵ کورت تر 110
خەونێک لەنیوەڕۆدا 112
پایز بێ و پەنجەرەت بەسەر گۆلی قورینگان بڕوانێ 117
پاسەوانەکانی ناخ 120

ئایندەی پایز 126
بەرەبەیانێک دەگەڕان مێژوو بکڕن 133
ئەشقیا 137
لەپرسەی (نا) دا 141
دەست لەکارکێشانەوەی ئەستێران 143
خۆشەویستی بەپێوانەی ڕێختەر..... 146
تێلنیشان 151
هەندێ لەو شوێن پێیانەی بەسەر شەختەدا مابوونەوە 156
ئاوازە ماندووەکانی یەکتەنی 165
مرۆڤێک لەبیری دەچێ بژی 189
تارای باران.. شەقامی تارمایی..دۆت کۆم 195
ڤاڵسی شەوە خاپینەکان 199
زەریی بێشەڵان..... 206
ژمارەیەکی دی لەو شوێن پێیانەی بەسەر شەختەدا مابوونەوە 210
لە باسی سەفەر و گەڕانەوەدا..... 219
ڕوومەتی بەفر..... 221
2 ڕۆژ لە ئەستەمبۆڵێ 229
بەخێر بێی شەهلای شووشەیی 231
بەو ڕێیانەدا تێپەڕیم لەو کانییانەم خواردەوە 234
پەراوێزێک بۆ نیشاپور..... 255

هەندێ وردە تێبینی 258
دوا هەواڵی ئەستێرە تەنیاکە 263
بکوژی باران 267
زەماوەندی هەورە بابردووەکان 275
لەیادمانی گوڵە بڵێسەدارەکانەوە 283
لە ژێر قوببەی ئومێددا 293
بەرپابوونەوەی شەو 301
ئەوەی لە دواخوانی برایاندا نەگوترابوو 308
کەویە بەفرەکانی دۆزەخ 326
جەنگلە بێستانی تەماتە سپییەکاندا 359
وانەیەک لە سپێدەوە 375
ئاماژە پرسیارپێچەکانی شوێن 385
زەردە لە سەران بێ لە سیما قەوزەدارەکان زیاتر نەبینی 395
یوسف بۆ براکانت خستە بیـر و وتت گورگ خواردنی؟ 400
مۆنیۆمێنتێک بۆ لەبیرچوونەوە 405
تەلارساز و هەندێ لە زیندەخەونەکانی 413
نیشتمانە باڵدارەکان 423
کچ و کوڕانی ڕێبەندان 431
گوڵی ئاگر..خەونی هەمیشەیی 441
کاژە بەژن بڵندەکانی ڕۆژهەڵات 453

ڕووی شـاراوە ئەبستراکـتی جەنـگـەڵ 469

گەمە شاراوەکانی با 475

هەوڵەچاپکراوەکانی نەژاد عزیز سورمێ.....667

نـاوەرۆک 671

ڕیـزبەندی و پـاش و پـێشپێکردنی هەندێ لە دەقـەکان
بەپـێی مێـژووی نووسینیان پەیـوەندی بە دەرهێنانی
هونەرییەوە هەیە.

دەزگای فام
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

لیستی کتێبەکانی دەزگای فام

بیرەوەری و ژیاننامە

1- پێگەیشتن، بیرەوەرییەکانی میشێل ئۆباما/ میشێل ئۆباما/ لە ئینگلیزییەوە: هێما ئەحمەد.

2- نیل بە سارای سیناوە، گەشتنامە/ کەریم کاکە.

3- ژووری ڕووداوەکان، یادەوەرییەکان لە کۆشکی سپییەوە، بیرەوەری/ جۆن بۆڵتن/ لە ئینگلیزییەوە: کۆمەڵێك وەرگێڕ.

4- زۆرە و هەرگیزیش بەش ناکات، ژیانی تایبەتیی دۆناڵد ترەمپ لەسەر زاری برازاکەیەوە/ ماری ئێڵ ترەمپ/ لە ئینگلیزییەوە: یادگار ئیسماعیل و کۆڤان ڕزگار دۆڵەمەری.

5- ئەو ڕۆژانەی مەرگی خۆمم بینی، کۆڕەوی ساڵی 1991 بە گێڕانەوەی منداڵی، بیرەوەریی کۆڕەو/ هەژار مەجید.

6- گوڵەستێرەکان کوژانەوە، بیرەوەری/ کەریم کاکە.

7- مەلا تایەری یاروەیسی جاف، دیرۆکی هەشتا و پێنج ساڵ تەمەن، بیرەوەری/ ئامادەکردنی: سەرحەد یونس محەمەد.

8- لە دووگردکانەوە بۆ بنی دونیا، بیرەوەری (دوو بەرگ)/ هۆمەر دزەیی. (دوو چاپ)

9- بیرەوەرییەکانم، بیرەوەری/ مووسا عەنتەر/ لە تورکییەوە: محەمەد عزەدین. (دوو چاپ)

10- موجەتەبا میرزادە، شانازیی میوزیکی کوردی/ دلێر سەلیم.

11- یەکەم هەنگاو بەرەو ڕابوون (1979-2001ز)، بیرەوەری/ نازم عەبدوڵڵا.

12- ژێربەڕەکەم لە بیست ساڵدا (1983-2003ز)، بیرەوەری/ وەرزێر حەمەسەلیم.

13- یادەوەرییەکانی دکتۆر مستەفا مەحموود/ ئەلسەیید حەڕانی/ لە عەرەبییەوە: ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی.

14- دیدەنی تاران، گەشتنامە/ کەریم کاکە.

15- بە هەردوو دیوی بۆسفۆردا، گەشتنامە/ نووری بێخاڵی.

16- من دێگۆی خەڵکم، بیرەوەرییەکانی مارادۆنا/ لە عەرەبییەوە: ئەرسەلان عەبدوڵڵا.

17- لەدەو خەرەندی ئەحەسێمۆ، بیرەوەری و ڕۆژانەی سەڵاح ڕەفیق ڕواندزی/ هەڤپەیڤین و نووسینەوە: شێرزاد هەینی.

18- پیاوە بێجامە شینەکە، بیرەوەرییەکانی جەلال بەرزنجی/ جەلال بەرزنجی.

19- ڕۆژگاری من، سەرجەم یادداشتی دوکتۆر مارف خەزنەدار و ئەرشیفی نامەکانی لە چوار بەرگدا/ دوکتۆر مارف خەزنەدار.

20- ئەرشیفی نامەکانی مارف خەزنەدار/ کۆکردنەوە و ئامادەکردن و

پەراوێزنووسینی: بنیاد خەزنەدار.

21- ڕۆحی پەپووولەیەك، بیرەوەرییەکانی موحەممەد عەلی کلای/ موحەممەد عەلی کلای و هانا یاسەمین/ لە ئینگلیزییەوە: سەنگەر حەسەن نەجم.

22- بیرەوەری و ڕوانینەکانی مەلای گەورە/ کۆکردنەوە و ڕێکخستن و پەراوێزی: هێمن عومەر خۆشناو.

23- یەکەمین دەرمانسازی شۆڕشی کوردستان، بیرەوەرییەکانی دکتۆر ئەمیر چەلەبی/ هەڤپەیڤین و نووسینەوە: شێرزاد هەینی.

24- ژیانی مەلا سەعیدی کوردی (سەعید نوورسی)/ عەبدوڕەحمان نوورسی/ لە تورکییەوە محەممەد عزەدین.

25- کورتەی ژیانم/ ئەکرەم جەمیل پاشا/ لە تورکییەوە: محەممەد عزەدین.

26- بە ڕێی کۆچبارا/ کەریم کاکە.

ڕۆمان

1- زازانا/ کامەران خۆشناو.

2- سێ کچەکەی حەوا/ ئەلیف شەفەق/ لە تورکییەوە: فەرهاد چۆمانی.

3- تەونی بریا/ فەرهاد چۆمانی.

4- مرۆڤ زەوی نەدۆزیوەتەوە/ دڵزار حەسەن.

5- ژنەکانی ناو پیاو پیاوەکانی ناو ژن/ دڵزار حەسەن.

6- چەواشە، ڕۆمان/ عەزیزی مەلای ڕەش.

7- دەبمە کۆچەری، نۆڤێت/ سەلیم عوسمان.

8- وەرزی تەنیایی/ جەلال بەرزنجی.

9- یاداشتنامەی قوتابییەك، ڕۆمانی وێنەدار/ جێف کینی/ لە ئینگلیزییەوە:

کەوسەر تەها.

10- تسۆکۆرۆ تازاکیی بێڕەنگ و ساڵانی نامۆبوونی/ هارۆکی مۆراکامی/ لە ئینگلیزییەوە: سۆزان جەمال.

11- دوا هەناسە، ئایا ژیان شایەنی بەردەوامییە لە ڕووبەڕووی مەرگدا/ پاوڵ کەلانسی/ لە ئینگلیزییەوە: ڕۆژە محەمەد سالار.

12- پەروانەی بێ شەم/ زریان ڕەحیم.

13- نانی ڕووت/ محەممەد شوکری/ لە فەرەنسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا

14- کە خۆر هەڵات بوو بە شەو/ ڕزگار مەحموود.

15- گڕی سەهۆڵ/ کامەران خۆشناو.

16- هۆتێل جان لە کووچەی خان/ سوارە نەجمەدین.

17- خەوی پساوەی قەندیل/ کەریم کاکە.

18- پشتئاشان/ عامر حوسێن/ لە عەرەبییەوە: ڕابەر ڕەشید.

کۆمەڵە چیرۆك

1- شەهرەزاد وەئاگا دێتەوە/ کۆمەڵێك نووسەر/ لە عەرەبییەوە: سەنگەر زراری.

2- شینبوونی بەرد/ موحسین ئەحمەد عومەر.

3- دروشمی شار/ کۆمەڵێك نووسەر/ لە ئەڵمانییەوە: باهۆز مستەفا.

شیعر

1- ناوی تۆ ئیمزای منە/ تەڵعەت تاهیر. (دوو چاپ)

2- لە سەمای بەفری ئێوارانەوە بۆ هەردەمەی لە شوێنێك هەمیشە لە ماڵەوە/ کۆشیعر (١٩٧٦-٢٠١٩)/ جەلال بەرزنجی.

3- بێدەنگیی گەورە/ دڵشاد عەبدوڵڵا.

4 – بەو ڕێیانەدا تێپەڕیم ... / نەژاد عزیز سورمێ
(کۆبەرهەمی شیعری) 1977 – 2023

ئەدەبیات

1- ڕازەکانی گێڕانەوە، خەیاڵی مێینەیی و زمانی ژمانە لەناو ڕۆماندا، ئەدەبی/ نووری بێخاڵی.

2- حەکایەتی کوردی، ئەفسانەی کوردەواری/ م. ب. ڕوودینکۆ/ وەرگێڕانی: ڕەنجدەر ئازاد عەزیز.

3- کورتەچیرۆك و مەرجە هونەرییەکانی، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی/ کۆمەڵێك نووسەر/ لە عەرەبییەوە: سەنگەر زراری.

4- ڕۆژگاری وشك و چاوی تەڕ، دونیابینیی ئەدەبی/ تەڵعەت تاهیر.

5- ئەو گوڵەگەنمانەی بوونە گسك/ تەڵعەت تاهیر.

6- دنیای تارمایی کاراکتەرە پەنهانەکان، گێڕانەوەکانی یوسف عزەدین، لە خوێندنەوەیەکی ئیشراقییانەدا/ هۆشەنگ شێخ محەمەد یوسف.

7- ڕابەری کێشی شیعری عەرووزی کوردی/ دکتۆر عەزیز گەردی (حەفت بەرگ).

8- کیمیای عیشق، شرۆڤەی دکتۆر دینانی لەسەر نەینامە و چوارینەکانی مەولانا/ ئامادەکردنی: کەریم فەیزی/ لە فارسییەوە: فاتیمە محەمەد زەڵمی.

9- برینا ڕەش، شانۆنامە/ نووسینی: مووسا عەنتەر/ لە کورمانجییەوە: محەمەد عزەدین.

10- ڕشتەی زمڕووت، حیکمەت و سەرگوزشتە و نەزیلە خۆشەکانی مەولەوی/ پەیجۆر و ئامادەکردنی: سۆران شێخ عەلی.

زانست و زانیاری

1- دواهەمین کاتژمێری ئێمە، زانستی (فیزیا)/ مارتن ڕیس/ لە ئینگلیزییەوە:

بنار جەبار.

2- ڕێگاکانی ڕێگریکردن لە دووگیانی، تەندروستیی پزیشکی/ نووسین و ئامادەکردن: ڕۆشنا خەتتاب جەوهەر و ئەمیرە کەریم مام ڕەش.

3- ئەو دەمەی کیمیا دەدوێ/ مونجید سەقڕ/ لە ئینگلیزییەوە: کاروان حەسەن عەزیز.

4- مێژووی زانستی نەخۆشییەکانی دڵ، زانستی پزیشکی/ نووسینی: د. عوسمان شوان ئەمین.

5- ئایا کەچەڵ پێویستی بە شامپۆ هەیە؟ وەڵامی پرسیارە سەرسوڕهێنەرەکانی ڕۆژانە/ د. ئەحمەد عەبدولمەلیك/ لە عەرەبییەوە: ئیلهام عومەر.

6- بنەماکانی ئابووری و بازرگانی بۆ قوتابیان و بازرگانان/ مەریوان سەدرەدین عەلی.

7- XYZ ـی ئایینی / ئامادەکردنی: سەلاح سەعید.

8- پوختەی 50 کتێبی گرنگی دەروونزانی/ تۆم بۆتلەر-باودۆن/ لە ئینگلیزییەوە: هێما ئەحمەد.

9- نیگارە کاریکاتێرییەکان لە ڕۆژنامەگەریدا/ مەمدووح حەمادە/ لە عەرەبییەوە: هەندرێن خۆشناو.

گەشەپێدانی مرۆیی و ژیاندۆستی

1- ئەو پرسیارە سەیرانەی لە کتێبفرۆشان دەکرێن. باس و بەسەرهات/ جێن کامپڵ/ لە ئینگلیزییەوە: سەنگەر حەسەن نەجم.

2- هێزی ئێستا، ڕۆحانی/ نووسینی: ئێکهارت تۆلێ/ وەرگێڕانی: بنار جەبار. (سێ چاپ)

3- ئاشتی لە هەموو هەنگاوێکدایە/ نووسینی: تیك نیۆت هان/ لە ئینگلیزییەوە: بنار جەبار.

4- سەما لەگەڵ ژیان/ مەهدی ئەلمووسەوی/ لە عەرەبییەوە: ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی.

5- دەمەوێ بژیم/ مەهدی ئەلمووسەوی/ لە عەرەبییەوە: ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی.

6- مرۆڤی نوورانی/ مەهدی ئەلمووسەوی/ لە عەرەبییەوە: ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی.

7- چوار ڕێککەوتنەکە، پەرتووکی ژیرییەتی شارستانییەتی تۆڵتیکەکان/ دۆن میگێڵ ڕیز/ لە ئینگلیزییەوە: کاژین ئەحمەد.

8- ئەقڵیەت، گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوەت بۆ گەیشتن بە ئەوپەڕی تواناکانت/ کارۆڵ دوێك/ لە ئینگلیزییەوە: بنار جەبار. (دوو چاپ)

9- بازنەکەی دایکم/ علی بن جابر الفیفی/ وەرگێڕانی: ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی.

10- مرۆڤی بێخود/ د. عەلی شەریعەتی/ لە فارسییەوە: بەڵێن ئەنوەر.

11- بە بەتاڵی بمرە/ تۆد هێنری/ لە ئینگلیزییەوە: کۆمەڵێك وەرگێڕ.

12- تیۆری فستق1/ فهد عامر الاحمدي/ لە عەرەبییەوە: ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی. (سێ چاپ)

13- تیۆری فستق2/ فهد عامر الاحمدي/ لە عەرەبییەوە: ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی. (دوو چاپ)

14- چیرۆکی سەرکەوتن (100 کەسایەتی)، ژیاننامەی ناوداران/ محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری.

15- 8 کەس پێویستە لە ژیانی خۆت بیانخەیتە دەرەوە/ تەهانی ئەلهاجەری/ لە عەرەبییەوە: ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی.

16- بە مردنی تۆ جیهان چ زیانێکی پێ دەگات؟ (هونەری دروستکردنی ژیان و جێهێشتنی جێپەنجەت تیایدا)/ خزر بن سالم بن حلیس ئەلیافعی/ لە عەرەبییەوە: ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی.

17- داکشان، فێرت دەکات چ کاتێك پاشەکشە بکەی و چ کاتێکیش

سوور بی لەسەر هەڵوێستەکانت؟!/ سیس گۆدین/ لە ئینگلیزییەوە: کاروان حەسەن عەزیز.

18- فیزیای بەختەوەری، یاساکانی ژیانت ڕێك بخە بۆ ئەوەی دوور بی لە شکست/ سەعید ئەلنەوبان/ لە عەرەبییەوە: ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی.

19- ١٠١ ڕێگا بۆ بوون بە فرۆشیارێکی سەرکەوتوو/ ڕابەر کەریم بەکر.

20- لەودیو دەرگا داخراوەکانەوە، نهێنییەکانی بوون بە بەڕێوەبەرێکی مەزن/ جۆهانا ڕۆزمان و ئیسەر دێربی/ لە ئینگلیزییەوە: عەبدوڵڵا ئیبراهیم عەزیز.

21- پۆڕن، تەڵە مەترسیدارەکە/ سەربەست بورهان قادر.

22- بەر لەوەی ببمە بیست ساڵ پێویستە بیانزانم، هەڵەی کەسانی دیکە دووبارە مەکەوە/ تینا سیلیگ/ لە ئینگلیزییەوە: بورهان عومەر. (دوو چاپ)

23- ڕامانگەلێك لە بەختەوەری و ئەرێنیبوون/ موحەممەد ڕاشد ئال مەکتووم/ لە عەرەبییەوە: ماهر حەسەن.

24- پاسی وزە، 10 ڕێسا بۆ یارمەتیدانی ژیان و کردار و تیمەکەت بە وزەی پۆزەتیڤ/ جۆن گۆردن/ لە ئینگلیزییەوە: کۆمەڵێك وەرگێڕ.

25- دیدەنیکار، ڕێبەرێك بۆ: دۆزینەوەی کار - ئامادەکردنی ڕووپەڕی کەسناسی (CV) - چاوپێکەوتنی کار بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە/ کامەران خۆشناو.

26- گەشتی لێخۆشبوون/ نووسینی: خلوود بادحمان/ لە عەرەبییەوە: پڕشنگ کامەران.

27- بێدەنگی، هێزی دەروونگەراکان لە جیهانێکی زۆربلێدا/ کارۆڵ دوێك/ لە ئینگلیزییەوە: بنار جەبار.

28- خەڵاتی شکست، جڵەونەکردنی منداڵەکانمان ڕێگای سەرکەوتنیانە/ کارۆڵ دوێك/ لە ئینگلیزییەوە: بنار جەبار.

پەروەردە و فێرکردن

1- زانکۆ بەخێرهاتنت دەکات، ڕێبەر بۆ فێرخوازانی زانکۆ/ جاسم بن هارون الهارون/ لە عەرەبییەوە: ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی

2- سمینارم هەیە، فێرکردن/ د. فەرهاد عەلی مستەفا.

3- برەو، بنەما و سەرچاوەکانی پەروەردەیەکی دروست/ ئەحمەد فاتیح کەرکووکی.

4- پۆلەکەت بەرەواژ بکەوە، بۆ گەیشتن بە هەموو قوتابییەك لە هەموو پۆلێك و هەموو ڕۆژێکدا/ جۆناسان بێرگمان و ئارۆن سامز/ لە ئینگلیزییەوە: هیمداد عەبدولقەهار موحەممەد.

5- مەلەی دژەڕەوت: پەروەردە لە ڕوانگەیێکی ڕەخنەییەوە/ عەبدوڕەحمان ئەحمەد وەهاب.

6- پەروەردەناسیی ڕەخنەیی: پەروەردەی دیمۆکراتی و کۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی/ عەبدوڕەحمان ئەحمەد وەهاب.

7- دەروەندروستیی قوتابی، ڕۆڵی مامۆستا لە بەرزکردنەوەی ئاستی دەروەندروستی لە قوتابخانەدا/ بۆنی میللەر/ د. ڕێدار محەممەد ئەمین.

8- بنەماکانی دەروەندروستی و ژیانێکی بەرهەمدار/ د. زانا ئەحمەد قەساب. (چوار چاپ)

9- سیستەمی ئینگلیزیی ئاسان. ئینگلیزی بە جۆرێك فێربە، کە وەك خەڵکی ئینگلیز قسە بکەی/ نووسینی: ئەی جی هۆگ/ لە ئینگلیزییەوە: ئازاد مەحموود.

10- ژیان بە ئامانجەوە/ ئەرسەلان محەمەد.

11- 2000 ڕێنوێنی بۆ مامۆستایان/ نووسینی: نیک پاکارد - فیل ڕەیس/ لە ئینگلیزییەوە: کۆمەڵێك وەرگێڕ.

12- منداڵەکەت چ کاتێك سەیری شاشە بکات؟ تەلەڤزیۆن، مۆبایل، ئایپاد، لاپتۆپ و یارییە ئەلیکترۆنییەکان/ نووسینی: ئانیا کامێنێتز/ لە ئینگلیزییەوە: کاروان حەسەن عەزیز.

13- مامۆستایەتی لە باخچەی منداڵان، شێوازی وانەگوتنەوە و ناسینی منداڵان/ نووسینی: سومەیە عەدنان.

14- لێگۆ، بە یاریکردن پاڵپشتی لە فێربوون بکە/ کارزان ئەفەندی.

15- 100 ڕێنوێنی بۆ وانەگوتنەوە/ پێنی ئوور/ لە ئینگلیزییەوە: هیمداد عەبدولقەهار موحەممەد.

16- فەلسەفە بۆ گەنجان، 40 پرسیار هاوکارت دەبن بۆ ئەوەی پرسیار لە بارەی هەموو شتێکەوە بکەیت/ دەیڤد ئەی وایت/ لە عەرەبییەوە: سەرهەد حەسەن.

ئەتەکێت

1- ئەتەکێتی سەردەمییانە، چۆنییەتی هەڵسوکەوتی ڕۆژانە بۆ گەیشتن بە لووتکە، ئەتەکێت/ دۆرسیا جۆنسن، لیڤ تایلەر/ لە ئینگلیزییەوە: کۆمەڵێك وەرگێڕ.

2- ڕێکخستن، هونەری ژاپۆنییەکان بۆ نەهێشتنی ئاڵۆزی و ڕێکخستنی ماڵ، هونەری ڕێکخستنی ماڵ/ ماری کۆندۆ/ لە ئینگلیزییەوە: هێما ئەحمەد.

سیاسی و ئایینی و فیکری

1- کوردستان لە سیاسەتی ڕۆژئاوادا، خوێندنەوەی ستراتیژی/ سەروەر حەمە ئەحمەد.

2- پێغەمبەر و پێغەمبەرناسی، ئایینی/ سەرحەد یونس محەمەد.

3- پوختەی 50 کتێبی گرنگی سیاسی/ تۆم بۆتلەر-باودۆن/ لە ئینگلیزییەوە: هاوکار عەبدوڵڵا.

4- مامە سام چی دەوێت؟!/ نوام چۆمسکی/ پەراوێز و وەرگێڕان: سەنگەر حەسەن نەجم.

5- ژیان لە سایەی کۆمپانیاکاندا/ نوام چۆمسکی/ پەراوێز و وەرگێڕان: سەنگەر حەسەن نەجم.

6- ڕۆژهەڵاتناسی، ڕۆژهەڵات داهێنراوی ڕۆژئاوایە/ ئێدوارد سەعید/ لە فەرەنسی و ئینگلیزییەوە: موحسین ئەحمەد عومەر.

7- وێنا و ئایدیا، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی/ موحسین ئەحمەد عومەر.

8- مێژووی شار، لە ئورکەوە بۆ یوتۆپیا پاشان بۆ شاری مۆدێرن/ جووتیار ئەحمەد.

9- مەکتووب بۆ ئەتاتورك/ جەلادەت عالی بەدرخان/ لە تورکیی عوسمانلییەوە: محەمەد عزەدین.

10- دیپلۆماسی و هزری سیاسیی کوردستانی/ ئامادەکردنی: نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە فەڕەنسا.

منداڵان

1- زنجیرەی ڕەوشتە باشەکان، منداڵان (8 کتێب)/ لە ئینگلیزییەوە: کەوسەر تەها

2- زنجیرەی خێزانەکەم، منداڵان (4 کتێب)/ لە ئینگلیزییەوە: کەوسەر تەها.

3- شیاو، چیرۆکی پەروەردەیی بۆ منداڵان/ هەوار وشیار.

4- زنجیرەی مەلا مەشهوور/ ماری مەتەڕ / لە عەرەبییەوە: سەنگەر زراری.

5- ماڵی ماسییەکان/ داناز کامەران.

6- (50) چیرۆکی پەروەردەیی بۆ منداڵان، ڕێبەرێك بۆ دایك و باوك و مامۆستایان، لە؛ ماڵ، باخچەی ساوایان، قوتابخانە/ د. عەبدوڵڵا محەمەد و د. سەید عەبدولعەزیز/ لە عەرەبییەوە: ئاواز ئاغا حسێن.

Nazhad Aziz Surme

I Passed by These Roads…

Contemporary Kurdish Poems

FAMpubliction
First Edition
Kurdistan – 2023